# دیالۆگ

ژمارە (٣) (ڕێبەندان-٢٧٢١) (کانوونی دووەم-٢٠٢٢)

گۆڤارێکی ئەدەبی هزری ڕۆشنبیری وەرزییە،
ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری دیالۆگ دەریدەکات

سەرنووسەر:

زاهیر شکور
٠٧٧٠١٥٨١٤٤٠

بەڕێوەبەری نووسین:

هەڤاڵ دارا

**دیزاین:** ئومێد محەمەد
**تیراژ:** ٥٠٠ دانە
**نرخ:** ١٥٠٠ دینار
**چاپ:** چاپخانەی تاران

هەموو ئەو بابەتانەی بڵاودەکرێنەوە:
- گوزارشت لە بۆچوونی نوسەرەکانیان دەکەن.
- مافی گۆڤارەکەیان بەسەرەوەیەو دەتوانێت بەکاریانبهێنێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# پێڕست


نووسین و گۆڕانکاریی......هەڤاڵ دارا......٧

هێگل و کانت......ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل......٨

ڕەوتی مێژووگەرایی عەقڵی یۆنان......نزار محەمەد سابیر......٢٦

ڕۆشنگەریی چییە؟......و: موعتەسەم موحەمەد شوانی......٤٦

بیرۆکراسیزم......عەبدولرەحیم سەرەڕۆ......٦٢

جۆرج تەرابیشی......و: سەباح ئیسماعیل......٧٠

شاروبینین شاروئاوەز......لەتیف فاتیح فەرەج......٨٧

لە غیابی ڕەخنەی بونیادنەردا......جەوهەر مەحمود داراغا......٩٤

سەدەی ٢١ قەیرانی گەورەی ئەمریکایە؟!......نەوزاد مەلا عمر......١٠٠

پەیوەندییەکی مۆلەق......پێشەوا کاکەیی......١٢١

دەروازەکانی شوێن لە هۆنراوەی......عەلی شێخ عومەر......١٣٢

پوختەی مێژووی شیعری لوڕی......رزگار جەباری......١٥١

پێکهاتەی وشە لە شیعرەکانی صابریدا......پ.ی.د. لەیلا جەلیل عەباس......١٦٠

جیهانە شاراوەکانی هاروکی مۆراکامی......و: گوڵان مەحموود......١٧١

بەختیار عەلی و دۆخی کۆچ و کۆچبەران......شێرکۆ شەریف......١٩٠

بنەماکانی داهێنان......موعتەسەم ساڵەیی......١٩٤

نووسەرە پێشەنگەکانی بواری ئەدەبیاتی بەندیخانە......ستار جەباری......٢٠٢

کەرکوک لە ڕوانگەی هاوچەرخانەوە......زاهیر شکور......٢١٠

سروشتی مەزندەیی هونەری......و : سەرتیپ ئاغا واحد بەگ......٢٢٤

گرفتار کاکەیی بناسن......٢٣٠

هەواڵنامەی کتێب

# سەروتار

## سەروتاری یەکەم..

ئاڵۆزی ڕەوشی سیاسی عێراق، ململانێی هێزە سیاسێکان، کاریگەریەکی ئێجگار سلبی لە سەر کایە ڕۆشنبیریی وهونەری وجولانەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بەجێهێشتوە. جێ داخە سیاسەت باڵی سلبی کێشاوەتە سەر هەموو کاییە وجولانەوەکانی تر، لە ڕاستیدا جوڵەی سیاسی لە ١٤ تەموزی ساڵی ١٩٥٨ وە لە عێراق ولە دوای ١٩٦١ یشەوە لە کوردستان جولانەوەی رۆشنبیری ئیفلیجکردوە وسیاسەت وئینتمای حیزبی وسیاسی بوەتە پێوەر بۆ هەموو هەڵوێستێکی مرۆڤەکان.

بەدرێژای پەنجا ساڵی رابردو وزیاتریش، هەموو ڕۆشنبیران وقەڵەم بەدەستەکانی کورد لە دوو پێگەی سیاسیدا خۆیان بینیەوە، چەپ وچەپگەرای یان ڕۆیشتن بەلای مارکسیزمدا، رەوتەکەی دیکەیش رەوتی کوردایەتی ونەتەوە پەرستی یان بە کوردێکەی قەومچێتی زۆرێک لە نوسەر، تا ئەندازەی ئەوەی چیرۆک وشیعر وهونەر ودواتریش ڕۆمان بە ئێستاشەوە هەمووی لەدەریایی سیاسەتدا مەلەدەکات وبوارێکیان نەهێشتەوە بۆ داهێنان وهەنگاونان بەرەو پەرینەوە لە سنورەکانی کوردستان بۆ ئەدەبێکی زانستی یان بەرهەمهێنانی مەعریفە.

زاهیر شوکر
سەرنووسەر

هەواڵنامەی کتێب

# نووسین و گۆڕانکاریی..

نووسین بۆخۆی پرۆسەیەکی مەعریفی زۆر پێویستە بۆئەوەی بتوانین بەرهەمهێنان دروست بکەین, هەر خۆی هەستکردن بەوەی ڕێگەیەک هەیە کە دەتوانێت پەیوەندی دروست بکات و کاریگەری لەسەر مرۆڤەکان جێبهێڵێت, قۆناغێکی زۆر گەورەی دۆزینەوەکانی مرۆڤە, واتە سەرەتای گشت سەرەتاکان ڕێگەیەک بووە بەهەستکردن و هەوڵێک بووە بۆدۆزینەوەی ڕازێکی نەزانراو, ئەم ڕازەش کە نووسینی بەرهەمهێناوە و هەتاوەکو گەیشتۆتە قۆناغێک زمان هەڵگری گشت کۆدەکانی ژیان بێت, لەڕێگەی هەڵوەشانەوە یان دروستکردنی پەیوەندیی, ئەم هەڵوەشانەوەیە بووتە کەرەستەیەک بۆئەوەی مرۆڤایەتی بچێتە قۆناغی گەورەبوونی گەڕانەکانی بەدوای دۆزینەوەی ڕازەکانی ژیان, قۆناغ دوای قۆناغ ئەرکی زمان زۆر قورس بوو تەنیا لەئاستی پەیوەندی نەما بەڵکو هەڵگری کۆمەڵێک پرسیاری گەورە بوو, ئەمەش هاندەربوو هەتاوەکو مرۆڤ لەڕێگەی زمان و نووسینەوە بەتایبەتی ئەڵوەدای گەڕان و دۆزینەوە بێت, واتە نووسین چووە ئاستێک کە دەتوانێت ئەوەی کە هەڵگرییەتیی کاریگەرییەکی زۆر بەهێز بخاتە نێوان مرۆڤەکانەوە, نووسین و مەعریفە لەپەیوەندییەکی زۆر پتەودان و هەردەم مەعریفە ئەو پردە بەهێزەیە کە نووسین بە خوێنەر یان پێدراوی دەبەخشێت, واتە مەعریفە و گۆڕانکاریی ڕێگەیەکی زۆر درێژیان پێکەوە هەیە و نووسینیش بۆخۆی ئەو گۆڕانکارییە دروست دەکات, نووسین بۆخۆی گشت کاتێک کە هەڵگری مەعریفە بووە, ئەو مەعریفەیەش تەنیا لە ناو وێنەکانی مرۆڤ , وێنەی نوێ دەگۆڕن, لێرەدا شەڕی نێوان وێنەی نوێ و وێنەی تازە دێتە ئاراوە, ئەم شەڕی وێنانە لەڕێگەی نووسینەوە بۆخۆی پڕاوپڕی ئەرکی نووسین و مەعریفە و گۆڕانکاریی پێکەوە کۆ دەکاتەوە و دەیگۆڕێت, واتە نووسین لە ئێستادا گەورەترین جەنگی لەژێر سەردایە و مرۆڤایەتی شەڕی پێ دەکات.

هەڤاڵ دارا
بەڕێوەبەری نووسین



# هێگل و کانت

## ئەزموونی فەلسەفی دوو مامۆستا[1]



ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل

(١)

لێرە لەم بەشەدا، هەوڵدەدەین ئەزموون و ڕوانینی دوو مامۆستای فەلسەفە بخەینە ڕوو. لەلایەک جیاوازی و ناکۆکییەکانیان بخەینە ڕوو، لەلایەکی تریش تەبایی و تێگەیشتنی هاوبەشیان دەخەینە ڕوو، بە ڕەچاوکردنی یەک تێبینی گرنگ، کانت مامۆستای زانکۆ بوو، لە قۆناغەکانی دواتریش سەرپەرشتیاری تێزەکانی دکتۆرا بوو، بەو مانایەی لەئاستێکی ئەبستراکت و بەرزترەوە تەماشای پرۆسەکە دەکات. هێگل ئەو کات کە مامۆستای ئامادەییە لە قۆناغێکی نزمترەوە تەماشای پرۆسەکە دەکات. ئەو کات، هێگل تەنیا ئەزموونێکی چەند ساڵەی کەمی هەیە لە زانکۆ، بەهەمان شێوە ئەزموونێکی چەند ساڵەی کەمیشی هەیە لەگەڵ قوتابیانی ئامادەیی و گەنجانی هەرزەکار. هەردوو ئەزموون بۆ هێگل گرنگن، چونکە لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە، لە میانەی دوو تێگەیشتنی جیاواز تەماشای پرۆسەکە دەکات.

ئەگەر ئێمە بتوانین بگەڕێینەوە سەر بۆچوونە سەرەتاییەکەی هێگل لەبارەی کانت، باشتر لەوە تێدەگەین چۆن هەوڵدەدات لە میانەی ڕوانگەی فەلسەفی خۆیەوە، خوێندنی وانەی فەلسەفە لەنێو پرۆگرامی قوتابخانەی ئامادەیی پێشقەببات، ئەوەش لە میانەی ڕەتکردنەوەی لە یەکتری جیاکردنەوە و دابڕاندنی نێوان فێربوونی پرۆسەی فەلسەفەکاری و فەلسەفە. هەوڵی هێگل لە سایەی وێناکردنی دیالیکتیکی خۆی، توانی لەو شوێنەدا سەرکەوێت کە کانت تێیدا وەستا بوو، بەو مانایەی هێگل چرکەساتی کانتی دەبەزێنێت، بەڵام ئەمە چۆن ڕوودەدات؟ هەوڵدەدەین بە شێوەیەکی وردتر ئەو پرسە بخەینە ڕوو.

کانت دەنووسێت:» بە هەر حاڵ، هەموو مەعریفەیەکی عەقڵی بریتییە لە مەعریفە لەبارەی چەمک، یا لە میانەی چەمکەوە بە دەست دێت، ئەوەی یەکەمیان ناودەنێین فەلسەفی، ئەویتریشیان ناودەنێین ماتماتیکی. من پێشتریش لە بەشی یەکەمدا، باسی جیاوازی جەوهەری نێوانیانم کردووە. تەنیا یەک مەعریفەی دیاریکراو دەتوانێت بابەتییانە فەلسەفی بێت. لەگەڵ ئەوەش، دەبێتە خودی و مێژوویی، وەکو ئەوەی لەلای زۆر لە قوتابییان و ئەو کەسانەش هەیە کە هیچ شتێک لە دەرەوەی قوتابخانە بەدی ناکەن و تاوەکو لە ژیاندا ماون هەر قوتابین. کەچی لەگەڵ ئەوەش، دەبێت تێبینی ئەوە بکەین دەشێت مەعریفەی ماتماتیکی خاوەنی بەهایەکی خودی بێت، جا ئێمە بە هەر شێوەیەک فێری بوو بین، بەو مانایەی مەعریفەیەکی عەقڵییە و بوار نییە لە ناوەوەیدا هەمان ئەو جیاکارییە ئەنجام بدەین کە لەنێو مەعریفەی فەلسەفی ئەنجامی دەدەین. هۆکارەکەش ئەوەیە، سەرچاوەی ئەو مەعریفانەی تەنیا مامۆستا دەتوانێت بە کاریان بێنێت، لەنێو پرنسیپە ڕاستەقینەکانی عەقڵ بوونیان هەیە، کەواتە قوتابی ناتوانێت لە شوێنێکی تر بیانهێنێت، یا بە ئارەزووی خۆی ڕەتیان بکاتەوە، لەبەرئەوەی لێرەدا بە کار هێنانی عەقڵ ئەگەرچی بە شێوەیەکی پێشینەییش بێت، بەڵام مەلموس

# هێگل



ئەگەر ئێمە بتوانین بگەڕێینەوە سەر بۆچوونە سەرەتاییەکەی هێگل لەبارەی کانت، باشتر لەوە تێدەگەین چۆن هەوڵدەدات لە میانەی ڕوانگەی فەلسەفی خۆیەوە، خوێندنی وانەی فەلسەفە لەنێو پرۆگرامی قوتابخانەی ئامادەیی پێشقەیات

نییە، واتا حەدسێکی پەتی نییە بێ هەڵە بێت، ئا لەو بە کار هێنانەدا هەموو وەهم و هەڵەیەک بەلاوە دەنرێت. کەواتە لەنێو هەموو زانستە عەقڵییە پێشینەییەکان، تەنیا ماتماتیک هەیە دەکرێت فێری بین، نەوەکو فەلسەفە کە دەبێت بە شێوەیەکی مێژووییانە فێری بین. بەڵام سەبارەت بە عەقڵ، ئێمە لەوە زیاتر ناتوانین کە فێری فەلسەفەکاری بین. بە هەر حاڵ، سەمتی هەر مەعریفەیەکی فەلسەفی بریتییە لە فەلسەفە، دەبێت بە شێوەیەکی بابەتییانەش قبووڵی بکەین، ئەگەر لەوەوە تێگەیشتین تەقدیری هەموو هەوڵەکانی فەلسەفەکاری بکەین، تەقدیرێک دەبێت لە بڕیاردان لەبارەی هەموو فەلسەفەیەکی خودی بە کار بێت، کە زۆر جار بونیادەکەی فرەیە و لە گۆڕاندایە. بەو شێوەیە بێت، ئەوە فەلسەفە بریتییە لە بیرۆکەیەکی سادە لەبارەی زانستێکی مومکین، بە شێوەیەکی مەلموس لە هیچ شوێنێک نییە، بەڵام ئێمە بە ڕێگای جیاواز هەوڵدەدەین لێی نزیک بکەوینەوە، تاوەکو ئەو تاکە ڕێگایە بدۆزینەوە کە پێی دەگەین، بەڵام حەساسییەتێک هەیە ئەو ڕێگایە دادەخات، ئێمەش سەرکەوتوو نابین لە گەیشتن پێی، تەنیا بەو ڕادەیە نەبێت کە خەڵک هەوڵدەدەن ئەو نوسخە ناتەواوەی هەیە، وای لێبکەن تەواو لە ئایدیاکە بچێت. تا ئێستاش ناتوانین فێری هیچ فەلسەفەیەک بین، لە کوێیە، کێ خاوەندارێتی دەکات، ئایا دەتوانین بیناسین؟ ئێمە تەنیا دەتوانین فێری فەلسەفەکاری بین، واتا مومارەسەکردنی بەهرەی عەقڵی لە پراکتیککردنی پرنسیپە گشتییەکانی بەسەر هەندێک هەوڵ کە پێش دەکەون، لەگەڵ بەردەوامی پاراستنی مافی ئەوەی عەقڵ سەرلەنوێ لە سەرچاوەکەیانەوە لەو پرنسیپانە بکۆڵێتەوەو مافی ئەوەشی هەبێت جەختیان لەسەر بکاتەوە یا ڕەتیان بکاتەوە».(٢)

بەم شێوەیە بە وردی دەبینین جەختکردنەوەی هێگل لەسەر ئەو پلەبەندییە کانتییە و ڕەتکردنەوەی لێکجیاکردنەوەی نێوان فێربوونی فەلسەفەکاری و فەلسەفە، لە بنەمادا لەسەر بەزاندن و ڕەتکردنەوەی وێناکردنی کانت بۆ خوێندنی فەلسەفە و پرۆسەی فەلسەفەکاری بونیادنراوە.

هەواڵنامەی کتێب

(٢)

بیرۆکەی سەرەکی هەڵوێستی کانت بیرۆکەی خودی فەلسەفەیە. بەپێی بۆچوونەکانی کانت و شیکردنەوەی گشتی خۆی بێت لەنێو کتێبی (ڕەخنە لەعەقڵی پەتی)، ئەوە فەلسەفە بوونی نییە، تەنیا وەکو بیرۆکەیەکی سادەی زانستێکی مومکین نەبێت، هەموو فەلسەفەیەکیش بریتییە لە هەوڵی خودی بۆ نزیکبوونەوە لێی، بەڵام هەر بە هەوڵ و کۆششێکی پڕ لە گۆڕانکاری و فرەیی دەمێنێتەوە، چونکە کانت خۆی وا دەڵێت و جەخت لەسەر ئەو پرنسیپە دەکاتەوە.

فەلسەفە وەکو ماتماتیک نییە کە دەکرێت مرۆڤ فێری بێت، مرۆڤ دەتوانێت لە میانەی هەندێک هەوڵی کەم، ڕۆبچێتە نێو بابەتی ماتماتیکی، چونکە سروشتی ماتماتیک وایە، ڕێگا بە مرۆڤ دەدات بە هەردوو مانای خودی و بابەتی فێری بێت. ماتماتیک جیاوازە لە بیریاری و فەلسەفەکاری، چونکە لەسەر بنەمای کۆمەڵێک پرنسیپ و بنەمای جێگیر وەستاوە، زۆر جاریش قابیلی شرۆڤە نییە، چونکە ئەنجامەکان وەکو شتێکی کۆنکریتی دەردەکەون.

لە هەمان کاتیشدا، ئێمە دەزانین کە مرۆڤ ناتوانێت لە میانەی خوێندنی مێژووی ماتماتیکەوە ببێتە ماتماتیکزان، خوێندنی مێژووی ماتماتیک ناتوانێت ببێتە بنەمایەک بۆ فێربوونی سیستەمی ماتماتیکی، چونکە دابڕانی مەعریفی گەورە لەنێو مێژووی ماتماتیک هەیە، وەکو چۆن مرۆڤ لە میانەی خوێندنی مێژووی فەلسەفەشەوە هەر ناتوانێت ببێتە فەلسەفەکار، چونکە مێژووی فەلسەفە خۆی شتێکە و، بابەتی فەلسەفیش شتێکی ترە. بەڵام، شارەزایی لە مێژووی فەلسەفە، دەشێت ببێتە بنەمای تێگەیشتن لە فەلسەفەکانی دواتر، فێربوونی باکگراوندی فەلسەفی، یارمەتیدەرە بۆ شارەزایی لەبارەی قۆناغی دواتر.

فێربوونی خودی لەلای کانت وەکو چالاکییەکی عەقڵی حەدسی وایە، چونکە بونیادنانی چەمک لەسەر بنەمای حەدسی هەستی پەتی دەبێت کە دەشێت وەکو حوکمێکی هاوبەش لەنێوان هەر یەک لە ماتماتیکزان و فێرکاردا تەماشا بکرێت. ئەوەش ڕێگا بە فێرخواز دەدات سەر لەنوێ بە شێوەیەکی خودی چەمکەکە بەرهەم بهێنێتەوە و لەنێو بواری ماتماتیکدا بچێتە پێشەوە.

بۆیە دەشێت مرۆڤ فێری ماتماتیک بێت، بەڵام ناتوانین بڵێین دەکرێت فێری فەلسەفە بێت. فەلسەفە لە چالاکییەکانی خۆیدا پێویستی بە بەرزەفتکردن و دیسپلین هەیە، تاوەکو ئەو بەرزەفتکردنە بچێتە ژێر باری ئەو سیستەمەی کە ڕەخنەی کانتی دەیخوازێت.

ئەگەر فەلسەفە لە میانەی کۆمەڵێک پرنسیپ و دیسپلینەوە ئیش بکات، ماتماتیکیش کۆمەڵێک هاوکێشە و بنەمای تایبەت بە خۆی هەیە، کاتێک مرۆڤ دەتوانێت لە بنەمای هاوکێشەکان تێبگات، دەتوانێت بە ئاسانی ڕۆبچێتە نێو ماتماتیکزانییەوە. لە باری فەلسەفە، ڕەوشەکە سەختترە، فەلسەفە هاوکێشەی ئامادەی ماتماتیکی و کۆنکریتی نییە، لەسەر بنەمای چەمک و



ئایدیا دادەمەزرێت، ئەو چەمک و ئایدیایانە شرۆڤە و ڕاڤەی جۆراو جۆر لە خۆ دەگرن. مەگەر مێژووی فەلسەفە خۆی، بریتی نییە لە مێژووی ململانێی نێوان ئایدیا جیاوازەکان؟!

(٣)

فەلسەفە لەلای کانت بریتییە لە بیرۆکەیەکی سادە، زانستێکە لە ڕووی تیۆرییەوە مومکینە و لە ڕووی کردەییشەوە ئەستەمە. کەواتە سیستەمە فەلسەفییەکان، تەنیا بریتین لە هەوڵێکی بونیادنەر بەرەو ئەو ئایدیایەی کە مومکینە بەدی بهێنرێت و دەستگیر بکرێت. دواتر، ناتوانێت ڕەهاش بناسێت، چونکە لە دەرەوەی مەرج و ئیمکانییەتەکەیدایە. کەچی بەپێی چەمکی قوتابخانەیی بۆ فەلسەفە، فەلسەفەکار بریتییە لە «هونەرمەندی عەقڵ ـ Artiste de La raison» و یاسادانەری، بەپێی چەمکی گشتی ـ گەردوونی، بەڵام فەلسەفەکار وەکو حەکیمێک هەر تەنیا بیرۆکەیە و نایەتە دی.[٣]

ئەگەر لەو ڕوانگە و ئەو مانایە تەماشای ئەم پرسە بکەین، ئێمە فێری فەلسەفە نابین، بەڵکو تەنیا فێری مومارەسەکردنی توانا و بەهرەی عەقڵی دەبین، بەسەر ئەو هەوڵانەی کە سیستەمە فەلسەفییەکان نوێنەرایەتی دەکەن. توانای عەقڵیمان بۆ پراکسیس بەسەر سەمت و سیستەمە فەلسەفییەکان، بەسەر ڕێباز و ئایدیا فەلسەفییەکان، لەلای ئێمە هەوڵێکە بۆ فەلسەفەکاری، بەو مانایەی ئێمە فەلسەفەکاری دەکەین، بەڵام مەرج نییە فێری فەلسەفە بین ـ بە چەمکە گشتییەکەی ـ چونکە شتێک نییە ناوی فەلسەفە بێت، ئەوەی هەیە کۆمەڵێک سیستەم و ڕێباز و سەمتی فەلسەفی جیاوازە.

پرۆسەکە خۆی لەو خاڵەدا زۆر ئاڵۆزە. بۆ نموونە، ئێمە کاتێک دەڵێین فێری فەلسەفە بووین، یەکەم پرسیار کە لێمان دەکرێت، بریتییە لەوەی: فێری چ فەلسەفەیەک بوویت؟ فێری چ سیستەمێکی فەلسەفی بوویت؟ لەبارەی چ قۆناغێک و چ مێژوویەکی فەلسەفەوە دەزانیت؟ فێری چ جۆرە فەلسەفەیەک بوویت؟

کانت لەبارەی ئەگەری فێربوونی فەلسەفەوە دەڵێت:» چۆن دەتوانرێت فەلسەفە فێری خەڵکی بکرێت، ئەگەر هەر تەنیا فێرکردنێکیش بێت؟ هەموو بیریارێک لەنێو کایەی فەلسەفە، هەوڵدەدات کارەکەی خۆی لەسەر پاشماوەی کارێکی تر بونیادبنێت و دابمەزرێنێت. هیچ یەکێک لەو کارانە نەیتوانیوە لە هەموو بەشەکانی، ببێتە کارێکی جێگیر. لە ئەنجامدا، مادام نییە، بۆیە ئێمە ناتوانین فێری فەلسەفە بین. خۆ ئەگەر گریمانی ئەوەشمان کرد فەلسەفەیەک هەیە، بەڵام هیچ کەسێک لەوانەی فێری دەبن، ناتوانن بە فەلسەفەکار دابنرێن، چونکە مەعریفەکەیان بەم فەلسەفەیە، مەعریفەیەکی مێژووییە».[٤] کەواتە، ئێمە فێری مەعریفەیەکی مێژوویی دەبین لەبارەی فەلسەفە، نەک خودی فەلسەفە خۆی.

(٤)

بە ڕای کانت شتێک نییە ناوی فێرکردنی فەلسەفە بێت، بەڵکو ئەوەی هەیە بریتییە لە پرۆسەیەکی مێژوویی، مادام هەموو بیریار و فەلسەفەکارێک دێت بەردێک دەخاتە سەر دیوارێک کە پێش ئەو بونیادنراوە، بۆیە هیچ یەکێک لەمانە، خۆیان نەیانتوانیوە بە تەنیا ئەو دیوارە بونیاد بنێن و دروست بکەن، کەواتە لێرەوە کانت ئەو هەنگاوانە بەوە وەسف دەکات کە هیچ بیریار و فەلسەفەکارێک نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی دیوارە جێگیر و گەورەکەی بیرکردنەوەی فەلسەفی. باشە ئەدی مەسەلە چییە؟ ئەنجامەکە چۆن تەماشا دەکرێت؟ لەلای کانت ئەنجامەکە ڕوونە، «ئێمە ناتوانین فێری فەلسەفە بین».

ئەدی ئەگەر زانیمان کۆمەڵێک سیستەمی فەلسەفی هەن، هەر لە مێژووی زۆر کۆنەوە دەستیان پێکردووە، بەشێکیان تا ئیمڕۆش بە شێوە و فۆڕمی جۆراو جۆر بەردەوامن. لەپاڵ ئەو سیستەمە کۆنانە، کۆمەڵێک سیستەمی فەلسەفی تازە لە سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمی ڕۆشنگەری و قۆناغی مۆدێرن و پۆست مۆدێرن سەریان هەڵداوە، باشە ئەو سیستەمە فەلسەفییانە دەکەونە کێندەری ئەو بۆچوونەی کانت؟!

ئەو پێی وایە ئەو قسەیەی ئێمە گریمانەیە، بۆیە لەسەر ئەو گریمانەیە قسە دەکات و جەخت لەوە دەکاتەوە و دەڵێت:» ئەگەر گریمانی ئەوەشمان کرد فەلسەفەیەک هەیە، بەڵام هیچ کەسێک لەوانەی فێری دەبن، ناتوانن بە فەلسەفەکار دابنرێن، چونکە مەعریفەکەیان بەم فەلسەفەیە، مەعریفەیەکی مێژووییە». دەشێت پرسیارەکەی ئێمە لێرەدا بریتی بێت لەوەی: بۆچی نابێت مەعریفە لەبارەی فەلسەفەیەکی دیاریکراو، مەعریفە لەبارەی سیستەمێکی فەلسەفی دیاریکراو، مەعریفە لەبارەی قۆناغێکی فەلسەفی دیاریکراو، بریتی بێت لە

کانت



بە ڕای کانت شتێك نییە ناوی فێرکردنی فەلسەفە بێت، بەڵکو ئەوەی هەیە بریتییە لە پرۆسەیەکی مێژوویی، مادام هەموو بیریار و فەلسەفەکارێك دێت بەردێك دەخاتە سەر دیوارێك کە پێش ئەو بونیادنراوە، بۆیە هیچ یەکێك لەمانە، خۆیان نەیانتوانیوە بە تەنیا ئەو دیوارە بونیاد بنێن و دروست بکەن

مەعریفەیەکی فەلسەفی لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراو؟!

کانت پێی وایە خوێندنی مێژووی فەلسەفە، بە هیچ شێوەیەک یارمەتیمان نادات بۆ ئەوەی بتوانین گوتارێکی فەلسەفی بەرهەم بێنین لەسەر بنەماکانی ڕەخنە و پرسیارکردن دامەزرابێت، چونکە مێژووی فەلسەفە فێری فەلسەفەکاریمان ناکات، بەڵکو یادگەیەکمان پێدەدات، هاردێکمان دەخاتە بەردەست بۆ ئەوەی تەماشای ناوەڕۆکەکەی بکەین و بزانین چەند سیستەم و ڕێبازی تێدایە، لە کاتێکدا گوتاری فەلسەفی لەسەر بنەمای شیکر و شرۆڤەی عەقڵی دادەمەزرێت، نەک یادگە و یادەوەری.

لێرەوە بانگەشەکردن بۆ عەقڵ و عەقڵانییەت، مانای بەلاوەنان و دوورخستنەوەی هەموو مەعریفەیەکی مێژوویی ئامادەکراوە، مانای پشت بەستنە بەدەنگی عەقڵ و ڕەخنەی عەقڵی و پرسیارسازی. ئەمانە بنەمای بەرهەمهێنانی گوتاری فەلسەفین، بۆیە پێویستە قوتابی فێربکرێت و بزانێت چۆن بە کاریان دێنێت.

(٥)

ئەگەر فێربوونی فەلسەفە و پێناسەکردنی فەلسەفە سەخت و دژوار بێت، بەڵام وەسیلەیەکی تر هەیە ڕێگامان پێدەدات چییەتی فەلسەفە دەستنیشان بکەین، ئەو شتەش لەنێو هەموو فەلسەفەکان هەیە و بریتییە لە پرۆسەی فەلسەفەکاری. ئەگەر بەپێی قسەکەی کانت نەتوانرێت فێری فەلسەفە بین، چونکە فەلسەفەیەک نییە بۆ ئەوەی فێری بین، بەڵام شتێک هەیە وای لێ دەکات مومکین بێت، ئەویش بریتییە لە بیرکردنەوە و فەلسەفەکاری بەپێی پێویستییە فەلسەفییەکان. لێرەدا هەمیشە پرۆسەی فەلسەفەکاری پەیوەست بووە بە پێویستییە فەلسەفییەکان.

کاتێک مرۆڤی بەرایی لە قۆناغە هەرە کۆنەکانی مێژوودا، دەست بە پرۆسەی بیرکردنەوە دەکەن، مرۆڤەکان بۆ ئەوەی بیرناکەنەوە چونکە بیرکردنەوە خۆشە، یا لەبەرئەوەی چێژ لە بیرکردنەوە دەبینن، بەڵکو بۆیە بیر دەکەنەوە لەبەرئەوەی پێویستییان بە بیرکردنەوە هەیە. لێرەدا ئەو دوو پرۆسەیە هاوشانی یەکتری دەبن.

فەلسەفەکاری بوارو کایەیەکی بێکۆتاییە بۆ بە کار هێنان و ڕاهێنانی عەقڵ لەسەر پرۆسەی بیرکردنەوە و ئایدیاکاری، چونکە لەم ڕێگایەوە تیۆرو سەمت و سیستەمە فەلسەفییە جیاوازەکان بەرهەم دێن. دیارە ئامانج لە خوێندنی فەلسەفە بەپێی تێگەیشتنی هێگلیش، فێربوونی فەلسەفە و فەلسەفەکاری نییە، وەکو گوتمان ئەوە قۆناغێکە دواتر دەشێت بێتە دی، ئامانجی خوێندنی فەلسەفە لەنێو قوتابخانەی ئامادەیی فێربوونی بیرکردنەوەی فەلسەفی و لۆژیکییە. ڕەنگە هەر تەنیا فێربوونی پرۆسەی بیرکردنەوە و ئایدیاکاری، خۆی لە خۆیدا دەستکەوتێکی گرنگی خوێندنی وانەی فەلسەفە بێت لەنێو پرۆگرامی قوتابخانەی ئامادەییدا.

بە پێچەوانەی کانت، دەبینین هێگل پێی وایە فەلسەفە بریتییە لە زانست ـ لۆژیک. «فینۆمینۆلۆژیای گایست»

هەواڵنامەی کتێب

یش ڕێگای بۆ ئەوە خۆشکرد فەلسەفە وەکو لۆژیک و زانست بخرێتەڕوو، بواری بەمەدا، لە کۆتاییشدا ئەو دابڕانەی نێوان خود و بابەتی ئیلغا کردەوە و یەکێتی نێوانیانیشی وەکو جیاوازی خستە ڕوو.

ئێمە پێشتریش ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد ئەو کات کە هێگل بەڕێوەبەرایەتی ئەو قوتابخانەیەی گرتبووە دەست، مامۆستا بوو، وانەی فەلسەفەیشی دەگوتەوە، لەژێر پاڵنەری سیستەمێکی فەلسەفی کە خەریکبوو فۆرمۆلە دەبوو، ئیشی دەکرد و ڕاپۆرتەکانی خۆی دەنووسی و بەرزی دەکردنەوە. قۆناغێکی گرنگی سیستەمە فەلسەفییەکەی تەواو کردبوو ـ مەبەست فینۆمینۆلۆژیای گایستە ـ سەرقاڵی تەواوکردن و نووسینی بە شێکی تری قۆناغەکە بوو ـ لۆژیکزانی ـ بۆیە هەموو بۆچوونەکانی هێگل، لەم چوارچێوەیە دەخوولێتەوە.

جیاوازی ڕوانگەی هێگل بۆ چۆنییەتی ڕەفتارکردن لەگەڵ خوێندنی مێژووی فەلسەفە، خۆی لە بنەچەدا، پێوەندی ئیشکردنی مێژووییانەی هێگل هەیە لەنێو فەلسەفەدا. فەلسەفەی هێگل لە دەرەوەی تەقلیدی ئەو فەلسەفەیە نییە کە سەرچاوە و ڕەوایەتی خۆی لە مێژووی فەلسەفە وەردەگرێت، چونکە ئەو فەلسەفەیە خۆی ئەنجامی کێشە فەلسەفییە کۆنەکانە، لە بەتاڵ و بۆشاییەوە نەهاتووە، بەڵکو لەسەر میرات و پاشماوەی فەلسەفەکانی پێش خۆی دامەزراوە، بە تایبەتیش ـ کانت، یاکۆبی، فیشتە، شلینگ ـ جگە لە فەلسەفەی گریکی کۆن. بۆیە هەموو سیستەم و ڕێبازو فەلسەفەیەکی تازەو نوێ، بیرکردنەوەیەکی تازەیە لە هەمان کێشە و پرسە فەلسەفییە کۆنەکان. لێرەوە هێگل دژی ئەوەیە فەلسەفە لە مێژووی خۆی داببڕێندرێت. هێگل پێی وایە ئەو دابڕاندنە لە بنچینەدا ئەنجامی خراپ خوێندنەوە و تێنەگەیشتنە لە فەلسەفە و مێژوو.

## (٦)

مەعریفەی ڕەها لەلای هێگل، مەعریفەیەکی بە دەستهاتووە و مۆرکێکی سەمتگەرایی وەرگرتووە. سەمتی هێگلیش تەنیا هەوڵ نییە، بەڵکو بەدیهاتنی ڕاستەقینە و کردەیی ئەو مەعریفە ڕەهایەیە. بەو مانایە بێت، توێژینەوە لە سیستەمی هێگلی، بریتییە لە توێژینەوە لە فەلسەفە وەکو فەلسەفەیەکی پەتی کە تاوەکو کۆتایی هەڵگری هەوڵی چەمکگەراییە. بەشێکی زۆری ئەو چەمکانەی هێگل ئیشیان لەسەر دەکات، بۆ نموونە چەمکی وەک ڕەها، یا گایست، هەرگیزاو هەرگیز بە یەک مانا بە کار ناهێنێت، بەڵکو ئەو چەمکە هەڵگری هەموو ئەو مانایانەی پێشووتری خۆیەتی، هەڵگری هەموو مانا کۆنەکانی خۆیەتی، هەر لەگەڵ گریکەکانەوە تا دەگاتە سەردەمی هێگل خۆی. لەو حاڵەتەشدا ئێمە دووچاری کێشەی ئاڵۆزی تێگەیشتن لە چەمک و زاراوەکانی دێین.

ئەو کارە لەلای هێگل، پێوەندی بە کۆمەڵێک پرنسیپی تایبەت بە خۆی هەیە. لەلایەک، چونکە ئەو بەردەوام بایەخێکی زۆر بە مێژوو دەدات، بە تایبەتیش بە مێژووی



فەلسەفە، بۆیە لە میانەی هەڵهێنجان و ئیشکردنی لەسەر فەلسەفەی کۆنی گریکی و قۆناغەکانی دواتر فەلسەفە، تا دەگاتە دیکارت و کانت و یاکۆبی و فیشتە و شلینگی هاوڕێی، پێی وایە ئەو چەمکەی پێشتر لەلایەن فەلسەفەکارانەوە بە کار هاتووە، ئەگەر ئەم خۆیشی بە کاری بێنێتەوە، مانایەکی تازەیشی پێبدات، بەڵام دەبێت لە هەمان کاتدا هێشتا بتوانێت هەڵگری ماناکانی پێشووتری خۆی بێت وەکو چەمکێک، ئەمە یەکێکە لەو دیسپلینە فەلسەفییەی هێگل خۆی پێ بەستابۆوە و پێڕەوی لێ دەکرد.

هێگل ئەگەرچی دێت مانایەکی تایبەتی خۆی بە هەندێک لەو چەمکانە داوە، بۆ نموونە بە چەمکی گایست، بەڵام دیسان گایست هێشتا هەڵگری هەموو ماناکانی خۆیەتی لەنێو کولتووری زمانی ئەلمانیدا. بێگومان کاری لەم شێوەیە، دەبێتە هۆی دروستکردنی کێشە و ئاڵۆزی لەلای خوێنەر و لێکۆڵەر و تەنانەت وەرگێڕەکانی هێگلیش.[٥]

لێرەوە دەکرێت بڵێین پرسی چەمکی فەلسەفی و گرنگی چەمک، یەکێکە لە کلیلەکانی تێگەیشتن لە باکگراوندی فەلسەفی هەڵوێستی هەر یەکێک لە هێگل و کانت لە پێوەندی فەلسەفە لەگەڵ فەلسەفەکاریداو بۆچوونیان لەبارەی خوێندنی فەلسەفە. ئەوە خاڵێکی هاوبەشە لەنێوان کانت و هێگل، خاڵێکە هێگل ڕەتیناکاتەوە، بەڵکو ئیشی لەسەر دەکات و پەرەی پێدەدات.

وێناکردنی هێگل بۆ خوێندنی وانەی فەلسەفە لەنێو قوتابخانەی ئامادەیی و، چۆنییەتی خوێندنی ئەم وانەیە، لە ڕوانگەی هێگل خۆی سەرچاوە دەگرێت لەبارەی فەلسەفە. فەلسەفەی هێگل بەشێک بوو لە تەقلیدی فەلسەفییانە کە پشت بە باکگراوندی مێژووی فەلسەفە دەبەستێت. بۆیە ئەم بۆچوون و وێناکردنە لە بۆشایی نەهاتبوو، بەڵکو لەسەر میرات و پاشماوەی فەلسەفەکانی پێشتر دامەزرا بوو. بۆیە پێی وابوو نابێت فەلسەفە لە مێژووی فەلسەفە داببڕێت، چونکە ئەو پرسە پێوەندی بە پێدراوە مێژووییەکانی فەلسەفە و دیالیکتیک و لۆژیک هەیە.

بۆیە دەبینین هێگل دەنووسێت:» ئەگەر مێژوونووسانی فەلسەفە ڕێبازە فەلسەفییەکان وا دەخەنە ڕوو وەکو ئەوەی هەر تەنیا بریتی بن لە بە دوایەکدا هاتنی بۆچوونە جیاوازەکان، بە شێوەیەک پێیان خۆشە هەندێک لەم ڕێبازانە، بە شێوەیەکی ڕیشەیی بخەنە بەرانبەر هەندێک ڕێبازی تر، ئەوەش دەبێتە هۆی خستنە ڕووی ئەنجامی گومانکار». لێرەوە هێگل لەنێو کتێبی (چەند وانەیەک لەبارەی مێژووی فەلسەفە) دەنووسێت:» ئەو ئایدیایانەی لە میانەی پاڵەوانانی ئایدیا و بیرکردنەوەوە ئاراستەکراوە، بریتییە لەوەی ئەو سیستەمانەی نمایشکراون، وەکو قۆناغی بە دوایەکداهاتنی یەک پێشکەوتن تەماشا بکرێت: ئەمە پێشکەوتنی هزری مرۆییە کە لە میانەی سەردەمەکانەوە بە شێوەیەکی دیالیکتیکییانە پێش دەکەوێت».[٦]

هەواڵنامەی کتێب

(٧)

چەمک لەلای کانت، وێنەیەکی لۆژیکییە لەنێو ئەو خودە دێتە بوون کە دەیخاتە سەر ئەو شتانەی بوونیان هەیە، بەبێ چەمک نە جیهان بوونی هەیە و نە شتەکانیش. هەموو پرۆسەیەکی فەلسەفی لەسەر بنەمای چەمکسازی دادەمەزرێت، هەموو ڕێباز و قوتابخانەیەکی فەلسەفی لەسەر بنەمای هەندێک تێگەیشتن و شرۆڤەی هەندێک چەمک دادەمەزرێت. چەمک لەلای کانت ڕێکخەری جیهانی هەستناکە وەکو جیهانێک کە لە دەرەوەی ئێمە بوونی هەیە، چەمک وێنە و سیستەم بە مۆرکە هەستییەکان دەدات، ئەوە وێنەیەکە ئەزموون ڕێکدەخات.

ئەو تێگەیشتنە کانتییە بۆ ڕۆڵی چەمکسازی لەنێو پرۆسەی بیرکردنەوەی فەلسەفی، تا ئێستاش بە شێوازی جیاواز لەلای ڕێباز و قوتابخانە و سیستەمە فەلسەفییەکان دەردەکەوێت. دەستنیشان کردنی مانایەکی تازە بۆ زاراوە و وشەیەک، داتاشینی چەمکێکی تازە، کارێکی ئاسان نییە، چونکە جیل دولوز لە کاتی پێناسەکردنی فەلسەفەکاریدا، جەخت لەوە دەکاتەوە کە بریتییە لە چەمکسازی و داتاشین و داهێنان و دروستکردنی چەمک.

لێرەدا کاتێک کانت ئەوەندە جەخت لەسەر ئەم پرسە دەکاتەوە، ئینجا دەبینین هێگلیش چەمکە کۆنەکان بە کار دێنێتەوە و مانای تازەیان پێدەبەخشێت، بە تێگەیشتنی تازە و مانای تازە بە کاریان دێنێتەوە، لەو باوەڕەدایە فەلسەفەکار دەبێت بە قووڵی ڕۆبچێتە ناو ئیشەکەی خۆی، بە قووڵی ڕابمێنێت و فەلسەفەکاری بکات.

خۆ ئەگەر ئەمەی بۆ نەچووە سەرو نەیتوانی بەو شێوە قووڵە لەنێو خۆی ڕابمێنێت، پێویست دەکات لەسەری چاودێری وشە و چەمکەکان بکات، مێژووی وشە و چەمکەکان بزانێت و بناسێت، باکگڕاوندەکەیان شارەزا بێت، بزانێت چۆن و کەی و لە کوێ و لەسەر دەستی کێ



هێگل

جیاوازی ڕوانگەی هێگل بۆ چۆنییەتی ڕەفتارکردن لەگەڵ خوێندنی مێژووی فەلسەفە، خۆی لە بنەچەدا، پەیوەندی ئیشکردنی مێژووییانەی هێگل هەیە لەنێو فەلسەفەدا . فەلسەفەی هێگل لە دەرەوەی تەقلیدی ئەو فەلسەفەیە نییە کە سەرچاوە و ڕەوایەتی خۆی لە مێژووی فەلسەفە وەردەگرێت

گەشەیان کردووە و مانای تازەیان وەرگرتووە و گۆڕاون، فێربێت لە کوێ دەتوانێت بە کاریان دێنێت.

نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت لەلای کانت دابڕانێک هەیە لە نێوان خود و بابەت، ئەو دابڕانەی جێکەوتەکەی دەگاتە سەر چەمک و سروشتەکەی دەستنیشان دەکات، چەمکی کانتی چەمکێکی نا زەمەنی و نا مێژووییە، ئەوە چەمکێکی بێ ئەزموونی سەیرورەتە. هەر ئەوەشە وا دەکات هەستەکان بگۆڕێن بۆ تێگەیشتن، تێگەیشتنیش ببێتە عەقڵ، عەقڵیش ببێتە گایست، ئەوە وەرچەرخانێکە هەرچەندە ئەستەمە، بەڵام لەلای کانت هەیە.[٧]

## (٨)

هێگل پێی وابوو خود هەرگیز ناتوانێت جێگر بێت، چونکە خود خۆی بریتییە لە جووڵە و بزاڤ و مێژوو، هەرگیز لە بابەت دانابڕێت. لێرەدا ئەو چەمکە لەلای هێگل دوو مانای دوالیزمییانەی هەیە، لەلایەک بریتییە لە چرکەساتی گەڕانەوەی بیرکردنەوە بۆ نێو خودی خۆی، بیری ئازاد کە وشیارە بە پێویستی. لەلایەکی تریش نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت ئەو چەمکە بەشێک و شتێکی سەربەخۆ نییە لە دەستنیشان کردنەکانی تری هێگل لەبارەی بوون و چییەتی. ئەوەی هێگل لە کانت جیا دەکاتەوە، ئەوەی هێگل دۆزیویەتییەوە، بریتییە لەوەی بابەتگەرایی بۆتە گرنگترین تایبەتمەندی بۆ فەلسەفەکاری و فەلسەفەش.[٨]

بۆچوونی هێگل لەبارەی خوێندنی مێژووی فەلسەفە، وەکو پرنسیپێک دانپێدانانە بەوەی سیستەمی فەلسەفییانەی کانت، مەرجدارە بەلایەنی مێژووییەوە و، ئێمەش ناتوانین لەم فەلسەفەیە تێبگەین، ئەگەر بەراوردی نەکەینەوە لەگەڵ ئەو ڕێباز و سیستەمە فەلسەفییانەی لە پێش کانت لە ئارادا بوون. بەم شێوەیە فەلسەفە دەبێتە بەرهەمێکی مێژوویی. بەرهەمی مێژوویی بە مانای بە دوایەکداهاتنی سەردەم و کاتەکان نایەت، بەڵکو بریتییە لەو پێشڤەچوونەی لە سایەی پێویستییەکی لۆژیکی عەقڵ بە هەموو دەستنیشانکردنە فرە و جیاوازەکانی، ئەوەش لەلای هێگل لە سایەی لۆژیک یا سروشت یا چەمکی گایستەوە بەرجەستە دەبێت.

هێگل جەخت لەوە دەکاتەوە فەلسەفە بەرهەمی مێژوویێکی پڕ لە لۆژیک و دیالیکتیک و پێشکەوتنی گایستە، بۆیە هەوڵدەدات ئەو پرۆسەیە لە میانەی نموونەیەک شرۆڤە بکات. ئینجا هێگل بۆ ڕونکردنەوەی ئەم پرسە، دێت وەکو نموونەیەک باسی گوڵ دەکات. کاتێک گوڵ دەپشکوێت، خونچە نامێنێت و تەواو دەبێت و کۆتایی دێت، چونکە فۆڕمی خونچە گۆڕاوە بۆ فۆڕمێکی تازە کە برتییە لە گوڵ. کاتێک مرۆڤ تەماشای گوڵ دەکات، خونچەکە نەماوە و کۆتایی هاتووە، بۆیە لەو چرکەساتەدا هیچ خونچەیەک لەئارادا نییە، ئەوەی هەیە بەرهەمی خونچەکەیە و گۆڕاوە و بۆتە گوڵ.

حەقیقەتی تازەی گوڵ، دەبێتە هۆی ڕەتکردنەوەی حەقیقەتی پێشتری خونچە، هەر یەکێک لەو دوو قۆناغە،

هەواڵنامەی کتێب

دوو حەقیقەتی تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام گوڵ بەرهەم و ئەنجامی حەقیقەتی خونچەیە. لێرەدا حەقیقەتی تازە تەواو جیاوازە لە حەقیقەتی کۆن، بەڵام مانای ئەوەی نییە حەقیقەتە کۆنەکە وێنەیەکی ساختەی بوونی حەقیقەتە تازەکەیە.

ئەو پرۆسەیە هەمان پرۆسەی دیالیکتیکی هێگلییە. قۆناغەکان دەگۆڕێن، لەگەڵ گۆڕانی قۆناغەکانیش حەقیقەتی تازە سەرهەڵدەدەن، ئەو حەقیقەتە تازانە بەرهەم و ئەنجامی حەقیقەتە کۆنەکانن و لەسەر بنەمای ئەو حەقیقەتە کۆنانە دەپشکون. بۆیە حەقیقەتی کۆن پێویستە، تاوەکو حەقیقەتی تازە سەرهەڵبدات و لەسەری بونیاد بنرێت. هێگل لە میانەی ئەو شرۆڤەیەوە دەگاتە ئەو بڕوایەی هەموو فەلسەفەیەکی تازە و مۆدێرن، فەلسەفە کۆنەکانی پێشتر لە خۆی دەگرێت، بۆیە پێویست دەکات ئەو سەیرورەتەی پێشکەوتن و پێشڤەچوونی فەلسەفە بخوێنرێت.[٩]

لێرەوە هێگل پێی وایە بۆ خوێندنی وانەی فەلسەفە، دەبێت وانەی مێژووی فەلسەفەش بخوێنرێت، چونکە هەموو فەلسەفەیەک کە دەخوێنرێت، ڕەگوڕیشەی خۆی لە مێژووی فەلسەفە وەردەگرێت، پێچەوانەش هەر ڕاستە. وانەی فەلسەفە و وانەی مێژووی فەلسەفە هەردووکیان ئاوێنەی یەکترین و یەکتری ئاوەژوو دەکەنەوە. بۆیە پێی وایە خوێندنی مێژووی فەلسەفە خۆی لە خۆیدا، بریتییە لە خوێندنی فەلسەفە.

(٩)

ئێمە دەزانین لەلای هێگل، هەر فۆڕمێک لە فۆڕمە جیاوازەکانی مەعریفەی وەکو: هەست، تێگەیشتن، عەقڵ، ڕوح، گایست... تاد، بریتین لە مێژووی دەستنیشان کردنی ئەو فۆڕمانە خۆیان. هەر فۆڕمێک لەو فۆڕمانە لە میانەی تێگەیشتن لە خۆی، وەکو چەمکێک دەبنە خاوەنی مێژوویێکی تایبەت و جیاواز بە خۆیان. لێرەوە ئەو فۆڕمانە دەبنە خاوەنی ڕەهەندی زەمەنی - مێژوویی تایبەتی خۆیان، زەمەن وەکو سەیرورەتی نەفیکردن دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو فۆڕمانە بچنە نێو قۆناغی وەرچەرخان و بگۆڕێن و پەیوەستی یەکتری ببن، لە میانەی ئەم پەیوەستبوونەوە پرۆسەی سەیرورەتی مێژوویی گەشە دەکات.

ئەگەر کانت لە ڕێگای شۆڕشی کۆپەرنیکییەوە هەموو دەستنیشان کردنەکانی بۆ خودی عارف گێڕایەوە، بابەتیشی کردۆتە ملکەچی چۆنییەتی مەعریفە بوون پێی، ئەوە هێگل پێی وایە خود خۆی ناتوانێت جێگیر بێت، ئەو خۆی بریتییە لە بزاڤ و مێژوویێک کە هەرگیز لە بابەت دانابڕێت. لەلای هێگل، چەمک خۆی شتەکان دەستنیشان و دیاری دەکات، بگرە خۆی بریتییە لە بزاڤی شتەکە. چەمک ئەو شتە نییە کە لە مێشکمان هەیە، نمایندە و نواندن نییە، ئەو بەشێک نییە لە سایکۆلۆژیا، بەڵکو بریتییە لە چالاکی و وێنەیەکی ڕێکخراو، وێنەیەکی کارا و بزاڤکار، وێنەیەک هەڵگری پرێتی بابەتە. هەوڵی چەمک بریتییە لەو بەدیهاتنە بابەتییەی لە ناوەوە، هێدی هێدی دێتە



دی، بزاڤێک کە نایەکسان بوون دەبەزێنێت.

ئەگەر ئێمە زانیمان ڕوانین و بۆچوونی هێگل بۆ فەلسەفە بریتییە لەوەی «وەزیفەی فەلسەفە بریتییە لە توێژینەوە لە ئێستا و دۆزینەوەی توخمی عەقڵی نەمر لەنێو ئەو ئێستایەدا، ئەو توخمە عەقڵییە، بریتییە لە گوڵێک لەنێو دڕکەکانی واقیعی کردەییدا».[١٠] ئینجا لە درێژەی ئەم پێناسەیەدا، هێگل پەنا دەباتە بەر بە کار هێنانی چەمک و وشەی (خاچی ئێستا) وەکو گوزارشتێک لەو ئێش و ئازار و تلانەوەیەی لەنێو ئێستادا هەیە، بۆیە پێی وایە سەرەڕای هەموو ئەو ئێش و ئازار و تلانەوەیە، ئیدراکی عەقڵی دەبێتە شتێکی خۆش و شاد، چونکە هەر چەندە ئێستای کردەیی بە ئێش و ئازارو کێشەش بێت، عەقڵ هەر بە ڕاستی بەدی دێت، عەقڵ دەتوانێت چێژ لەم ڕەوشە ببینێت، لەبەرئەوەی خۆی تێدا دەبینێتەوە.

ئەو بزاڤەی هێگل باسی لێوە دەکات، گوایە لە میانەی توێژینەوە لە واقیعی ئێستا و دۆزینەوەی توخمی عەقڵی نەمر لەنێو ئەو ئێستایەدا، دیسان هەر خۆی لە میانەی چەمکەوە بەرجەستە دەکات، بۆیە ئەوە بزاڤێکی گشتگیرە. بزاڤێک نییە تایبەت بێت بەخود، بەڵکو بزاڤی خود و بابەتە پێکەوە. ئەوە بزاڤی خودە کاتێک ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە بابەتە، لەگەڵ بزاڤی گەڕانەوەی بابەت وەکو خودێک. بەو مانایە ئەو وێنەیەک نییە بۆ تێگەیشتن، بەڵکو وێنەیەکە بۆ بوون و تێگەیشتن و نەفیکردنەوە. بیرکردنەوەی چەمک هاوشانی بابەتە، ئەو دوو بزاڤە پێکەوە هەردووکیان یەک بزاڤن. ئەو ئەنجامەش مانای وایە ناکرێت لەلای هێگل لە یەکتری جیاکردنەوە لە نێوان خود و بابەتدا بکرێت.[١١]

ئەزموون بریتییە لە دۆزینەوەی ئەو یەکێتییە، وەکو چۆن ناکرێت جیاکاری بخرێتە نێوان بزاڤی چەمک و پێکهاتەی زانست وەکو سەمتێک. سەمتگەرایی بە مانا هێگلییەکەی، ناکاتە ئەو مۆرکە خودییەی کە بابەتی بۆ ملکەچ کراوە. دەستنیشان کردنەکان لەنێو قووڵایی پەیوەندییەکە هەڵدەقووڵێن. هەر ئەنجامێکیش هەڵگری سەیرورەتەکەن. ئەوەش وا لە مەعریفەی فەلسەفی دەکات بە شێوەیەکی ڕیشەیی مەعریفەیەکی جیاواز بێت لە مەعریفەی ماتماتیکی، کە هەر وەکو چالاکییەکی خودی پەتی دەمێنێتەوە کە بزاڤی خود و ناوەڕۆک چەقگیر دەکات.

کاتێک ناوەڕۆک دەردەکەوێت، بەڵگەی بەیەکگەیەنەریش بەرەو ئەنجام ون دەبێت. لێرەوە دەبینین والتەر ستەیس لەبارەی پوختەی فەلسەفەی هێگل دەڵێت:» ئەگەر ئێمە بمانەوێت بە ڕاستی لە هێگل تێبگەین، پێویستە فێربین بە شێوەیەکی ئەبستراکت بیربکەینەوە. ئازادانە لە نێوان ئایدیا پەتییەکان بسووڕێینەوە، وێنە هەستییەکان لە زەینی خۆمان دەربکەین و فڕێیان بدەین، بەلایەنی کەم لەگەڵ ئایدیا پەتییەکان تێکەڵاویان نەکەین».[١٢]

(١٠)

هەواڵنامەی کتێب

دەشێت بگوترێت بواری ماتماتیک، بە مانا هێگلییەکەی، بواری ئەستەمی چەمکە، هەمان خاسییەتە وا لە مەعریفەی فەلسەفی دەکات تەواو پێچەوانەی مەعریفەی مێژوویی بێت، کە لەسەر لێواری ئەنجامی ڕووت دەوەستێت، بۆ ئەوەی لەنێو پێویستیدا چوارچێوەگیری بکات، تەنیا ئەو ئەنجامە مێژووییە دەکاتە حەقیقەتێک کە مەعریفەی فەلسەفی ببەزێنێت، هەر یەکێک لە مەعریفەی ماتماتیکی و مێژوویی و دۆگمایی، چونکە لەسەر بنەمای یەکلاکردنەوە بونیادنراون، ئاوەژووبوونەوەی تایبەت بە خودی ناوەڕۆک و خودی مادده. ئەو بنەمایەیە کە پێویستی دەکاتە پێویستییەکی ناوخۆیی، نایکاتە توونده تیژییەک خود لەژێر ناوی جیا جیادا ئەنجامی بدات ـ جیهانی ماتماتیک، دۆگمایی، مێژوونووس، ئەوەی بڕوای بە حەدس هەیە. پێویستە جەخت بکرێتە سەر ئەو ئەنجامە، چونکە، وەکو ئەوەی هێگل دەڵێت:»حەقیقەت بریتییە لە بزاڤی خودی خۆی، لەنێو خۆیدا».[١٣]

ئەوانەی خرانە ڕوو، هەندێک پێدراوی پەیوەست بوون بە باکگراوندی فەلسەفییانەی هەڵوێستی هێگل لەبارەی بانگەشەکردنی فەلسەفەکاری، بەبێ پشت بەستن بە ناوەڕۆک. هێگل ئەو لێکدابڕانەی پووچەڵکردەوە کە لەنێو پرۆژە ڕەخنەییەکەی کانت کارێکی زۆر ڕەوا بوو، بەڵام دوای ئەوەی هێگل ئەو پرۆژەیە و هەموو فەلسەفەکانی پێشووتر و هاوچەرخی خۆی تێپەڕاند، ئیتر ئەو ڕەوشە گۆڕا.

لەگەڵ ئەوەش، ڕەتکردنەوەی لێکجیاکردنەوەی پرۆسەی فەلسەفەکاری و فەلسەفە لەلای هێگل، مانای ئەوە نییە کە لەنێو قوتابخانەی ئامادەییدا مومارەسەی ئەو جۆرە فەلسەفەکارییە بکرێت. ئاسان نییە بتوانرێت لەنێو پرۆگرامی خوێندنی قوتابیخانەییدا ئەم پراکسیسە فەلسەفییە بەرجەستە بکرێت، لەلایەک هێشتا قوتابیان بەگشتی بۆ ئەو قۆناغە ئامادە نەکراون، لەلایەکی تریش ستافی مامۆستایانی وانەو بابەتە فەلسەفییەکانیش پێویستییان بە ڕاهێنان و ئامادەسازی هەیە.

هێگل باسی مەترسی بەش بەشکردن و پارچە پارچەکردنی فەلسەفە دەکات، دوورخستنەوەی فەلسەفە لە مێژووی گەشەکردن و پێشکەوتنی خۆی، چونکە پێی وایە ئەو پرۆسەیە دەبێتە هۆی ئەوەی فەلسەفە لە مانای هەمەکی خۆی دوور بخاتەوە، لەبەرئەوەی ئەو دابڕاندن و جیاکردنەوەیە دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ نەتوانێت لەو بزووتنەوە مێژووییە تێبگات کە پێویستی عەقڵی سەپاندوویەتی. لێرەوە دەتوانین لەوە تێبگەین بۆچی هێگل ڕەخنە لەو بۆچوونەی کانت دەگرێت و پێی وایە «هەڵەیەکی گەورەی کردووە، کاتێک جەختی لەوە کردۆتەوە مرۆڤ فێری فەلسەفە نابێت، بەڵکو فێری فەلسەفەکاری دەبێت، وەکو ئەوەی مرۆڤ فێری پیشەی دارتاشی بێت، بەڵام نەزانێت کورسییەک یا مێزێک دروست بکات».[١٤]



## کانت

کانت دەیەوێت پرۆسە کردەییەکانی عەقڵ کارا بکات، گەشەیان پێبدات وەکو: لە لێپرسینەوە و شیکردنەوە و شرۆڤە و ڕاڤەکردن و لێکدانەوە و ڕەخنە و هەڵهێنجان و . . . تاد. بۆیە میشێل توزی پێی وایە ئەو وێناکردن و بۆچوونەی کانت لەبارەی خوێندنی فەلسەفە، کە ئەو ناوی دەنێت **paradigme problématisant** کێشەی پارادیگم لە فەلسەفەدا

هەڵوێستی هەردوو فەلسەفەکار، کانت و هێگل لەبارەی کێشە و ئاستەنگەکانی خوێندنی فەلسەفە لەنێو پرۆگرامی قوتابخانەی ئامادەیی، ڕەنگدانەوەی دوو وێناکردن و بۆچوونی جیاوازە بۆ خوێندنی وانەی فەلسەفە. لە کاتێکدا کانت بایەخ بە پرۆسەی فەلسەفەکاری دەدات بە هەموو میکانیزمەکانی لە لێپرسینەوە و شیکردنەوە و شرۆڤە و ڕاڤەکردن و لێکدانەوە و ڕەخنە و هەڵهێنجان و... تاد، ئەوە دەبینین هێگل بایەخ بە ناوەڕۆکی وانە فەلسەفییەکان دەدات وەکو تێزە فەلسەفییەکان و هەڵوێستی فەلسەفی و چەمکەکان و... تاد. بەڵام ئێمە ڕەچاوی ئەوەش دەکەین ئەم دوو پرۆسە فەلسەفییە، بۆ دوو قۆناغی جیاوازی تەمەن و خوێندن ئامادە کراوە.

لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین هەڵوێستی هەردوو فەلسەفەکار ئەوها پۆلێن بکەین: هەڵوێستی کانت ڕەنگدانەوەی کێشەی پارادیگمە paradigme problématisant لە فێربوونی فەلسەفەدا. هەڵوێستی هێگل ڕەنگدانەوەی کێشەی پارادیگمی مێژووییە paradigme historique لە فێربوونی فەلسەفەدا.[١٥]

بێگومان ئێمە دەزانین هەردوو فەلسەفەکار ـ کانت و هێگل ـ ئەلمانین، بۆیە ئەو وتووێژە لەنێو فەلسەفەی ئەلمانی و لەنێو پرسی پرۆگرامی خوێندنی فەلسەفە لەنێو ئەلمانیادا بەڕێوە دەچێت. لە ڕاستیدا ئەمە وتووێژ نییە، چونکە کانت پێشتر قسەی خۆی کردووە، ئەوە هێگلە دێت دەیەوێت ڕوانینی کانت لەبواری خوێندنی فەلسەفە ببەزێنێت و ڕوانینێکی تازە جێگیر بکات.

ئینجا گرنگە ئەوەش بزانین، لێرەدا کاتێک کانت جەخت دەکاتە سەر فێرکردنی فەلسەفەکاری و خوێندنی فەلسەفە بەلاوە دەنێت، یا کاتێک هێگل پرۆسەی فەلسەفەکاری بەلاوە دەنێت و جەخت دەکاتە سەر خوێندنی فەلسەفە، هیچ یەکێک لەو دوو فەلسەفەکارە، هیچ یەکێک لەو لایەنانە فەرامۆش ناکەن، هیچ یەکێکیان لە پرۆسەی خوێندنی فەلسەفە، یا پرۆسەی فێرکردنی فەلسەفەکاری کەم ناکەنەوە، بەڵکو پرسەکە لەلای ئەوان بریتییە لە شێوازی ڕێکخستنی ئەولەوییەتەکان لەنێو

پرۆگرامی خوێندنی فەلسەفەدا. بەڵام ئەو کێشەیە، کاتێک چووە نێو فەلسەفەی فەرەنسی، گۆڕا بوو بە کێشەیەکی فەلسەفییانەی قووڵ و وتوویژی زۆریشی بە دوای خۆیدا هێنا.

(١٢)

کانت دەیەوێت پرۆسە کردەییەکانی عەقڵ کارا بکات، گەشەیان پێبدات وەکو: لە لێپرسینەوە و شیکردنەوە و شرۆڤە و ڕاڤەکردن و لێکدانەوە و ڕەخنە و هەڵهێنجان و... تاد. بۆیە میشێل توزی پێی وایە ئەو وێناکردن و بۆچوونەی کانت لەبارەی خوێندنی فەلسەفە، کە ئەو ناوی دەنێت paradigme problématisant کێشەی پارادیگم لە فەلسەفەدا، لەگەڵ توێژینەوە تازەکان لە فەرەنسا دەگونجێت بۆ پرۆسەی خوێندنی وانەی فەلسەفە، چونکە ئامانجی فێرکردنی فەلسەفەکارییە. بۆیە پێی وایە ئەم شێوازە لەسەر بنەمای ئازادی بیرکردنەوە دامەزراوە، ئازادی بە کار هێنانی توانا عەقڵییەکانی قوتابی، چونکە فەلسەفە خۆی لە بنچینەدا، بریتییە لە ڕامانی ڕەخنەیی و لە دەرەوەی حەقیقەت، ئینتیمای بۆ هیچ پرسێکی تر نییە.[١٦]

کەواتە، ناسنامە و حەقیقەتی فەلسەفە، هەموو ئیمکانییەتێک بۆ خوێندنی فەلسەفە ڕەت دەکاتەوە ـ کانت، بەڵام چییەتی فەلسەفە، دەخوازێت فەلسەفە بخوێندرێت ـ هێگل. فەلسەفەی کانتی لە میانەی وتاری ڕۆشنگەرییەوە خۆی نمایش دەکات، چونکە خوێندنی فەلسەفە لەسەر بنەمای سەربەخۆیی و ئازادی، وا دەکات قوتابی بتوانێت عەقڵی خۆی بە شێوەیەکی ئازاد بە کار بێنێت، لەو ناکامییە دەربچێت کە لە هەموو لایەکەوە گەمارۆیانداوە.

(١٣)

کانت لەنێو وتاری (ڕۆشنگەری چییە؟) دەنووسێت:» سەردەمی ڕۆشنگەری چییە؟ بریتییە لە دەرچوونی مرۆڤ لەحاڵەتی ناکامی[١٧] خودی، کە خۆی بەرپرسیارە لە مانەوەی تێیدا. کەمتەرخەمی بریتییە لە حاڵەتی نەبوونی توانای بە کار هێنانی عەقڵ لەلای مرۆڤ، دوور لە سەرکردایەتی و ڕابەرایەتی خەڵکانی تر. مرۆڤی ناکام خۆی بەرپرسیارە لە ناکامییەکەی خۆی، چونکە هۆکاری ئەم ناکامییە، ئەوە نییە کە هزر ئامادەیی نەبێت، بەڵکو لە نەبوونی توانای بڕیاردان و، لە دەستدانی ئازایەتی بە کار هێنانییەتی، بەبێ ئەوەی کەسانی تر سەرکردایەتی بکەن ـ Sapere aude.[١٨] با ئازایەتی ئەوەت هەبێت هزری خۆت بەکاربێنی: ئەوە دروشمی سەردەمی ڕۆشنگەرییە.[١٩] تەمبەڵی و ترسنۆکی، دوو هۆکارن شرۆڤەی هەبوونی ژمارەیەکی زۆری خەڵک دەکەن کە سروشت ماوەیەکی زۆرە ئازادی کردوون (naturaliter majorennes)[٢٠] لە دەست

سەرکردایەتییەک کە ــ نامۆیە ــ لە خۆیان، بەڵام ئەوانە هەر بە خۆیان و بە ڕەزامەندی خۆیان، بە درێژایی ژیانیان ناکام ماونەتەوە، بە جۆرێک ئاسان بووە خەڵکانی تر دەسەڵاتی خۆیانیان بەسەردا بسەپێنن، چەندە ئاسانیشە مرۆڤ ناکام بێت[٢١]».[٢٢]

کانت لە ڕوانگەیەکی قووڵی فەلسەفییەوە تەماشای ئەم پرسە دەکات، ڕوانگەیەک زیاتر بە لایەنی پیداگۆجیدایە، چونکە پێی وایە ئەگەر زەحمەت بێت قوتابی فێری فەلسەفە بکرێت، لەبەر ئەوەی هێشتا یەک فەلسەفە نییە، یا هێشتا یەک فەلسەفە نەبووە بۆ ئەوەی بخوێنرێت، مادام زۆر فەلسەفە و زۆر سیستەمی فەلسەفی هەن، مادام زۆر ڕێباز و قوتابخانەی فەلسەفی هەن، ئەوانەش هەمیشە لە ململانێ و ناکۆکیدان، خوێندنی فەلسەفە لەم حاڵەتەدا دەبێتە هۆی دووبارەکردنەوە و لاساییکردنەوە و ملکەچکردن، چونکە تەبایی و یەکانگیری لە ئارادا نییە.

کانت دەڵێت:» توانای لاساییکردنەوە جیاوازە لە توانای دۆزینەوە، تەنیا ڕەخنە هانمان دەدات ببینە خاوەنی ڕوحی فەلسەفەیەکی ڕاستەقینە».[٢٣] کەسی لاساییکەرەوە ناتوانێت لە میانەی عەقڵی تایبەتی خۆیەوە مەعریفە بە دەست بێنێت، ڕاستە کەسێکە دەتوانێت باش تێبگات، باش ئەزبەر بکات، بەڵام ناتوانێت داهێنان بکات.

پەراوێزەکان:

) ئەم نووسینە بەشێکە لە کتێبی (هێگل، مامۆستای ئامادەیی) کە هێشتا چاپ نەکراوە.

) فەلسەفەی هێگل، کۆمەڵێک نووسەر، وەرگێڕانی: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٤٠٩.

) فەلسەفەی هێگل، کۆمەڵێک نووسەر، وەرگێڕانی: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٤١١.

) الفلسفه فی تونس، منوبی غباش، منشور فی مجله مؤمنون بلا حدود، (١١/١٢/٢٠١٥)، ص٤١.

) هێگل و فەلسەفەی گایست، نووسینی: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، کتێبێکی دەستنووسەو هێشتا چاپ نەکراوە.

) تدریس الفلسفه: أهو تدریس للتفلسف أم تدریس لتاریخ الفلسفه؟ محمد المغراوی، دراسه منشوره فی موقع فیلوکلوب الفلسفیه علی الانترنت.

) فەلسەفەی هێگل، کۆمەڵێک نووسەر، وەرگێڕانی: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٤١٢.

) فلسفه الاستاذ فی مقابل استاذ الفلسفه کانگ، هیغل، نیتشه، عبدالقادر بودومه، مجله مرکز الدراسات الانیروبولوجیه والاجتماعیه، ص٤٥.

) تدریس الفلسفه: أهو تدریس للتفلسف أم تدریس لتاریخ الفلسفه؟ محمد المغراوی، دراسه منشوره فی موقع فیلوکلوب الفلسفیه علی الانترنت.

) اصول فلسفه الحق، المجلد الاول، ترجمه: امام عبدالفتاح امام، دار التنویر، بیروت، الگبعه الثانیه، ١٩٨٣، ص٨٩.

) فەلسەفەی هێگل، کۆمەڵێک نووسەر، وەرگێڕانی: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٤١٤.

هەولێرنامەی کتێب

) التربيه عند هيجل، د. عبدالفتاح الديدى و د. عصام الدين هلال، دار المعرفه الجامعيه، اسكندريه، الگبعه الاولى، ١٩٩٣.

) فەلسەفەی هێگل، كۆمەڵێک نووسەر، وەرگێڕانی: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٤١٥.

) تدريس الفلسفه: أهو تدريس للتفلسف أم تدريس لتاريخ الفلسفه؟ محمد المغراوى، دراسه منشوره فى موقع فيلوكلوب الفلسفيه على الانترنت.

) هيجل وتعلم الفلسفه، د. بربزى عبداله، موقع انفاس على الانترنت، العدد: ٢٠١٢/٩/٢٢.

) اى براديغم للدرس الفلسفى بالتعليم الپانوى؟ د. محمد ميلان، موقع كوه على الانترنت، العدد: ٢٠١٩/١١/٢٨.

) ناكام – mineur – unmündig وەكو چەمک و زاراوە لە زمانی ئەلمانیدا، بریتییە لەو حاڵەتەی كە تێیدا مرۆڤ، هێشتا بایی ئەوەندە پێنەگەیشتووە لەلایەنی عەقڵییەوە، تا بتوانێت خۆی بڕیار لەبارەی ژیانی خۆی بدات.

) لە زۆر شوێندا ئەم گوزارشتە هەر وەكو خۆی بەزمانی لاتینی نووسراوەتەوە كە بەمانای (ئازایەتی بەدەستهێنانی مەعریفە بكە)، وەكو دروشمی ڕۆشنگەریش لەلایەن كانت بە كار هاتووە. بۆیە ئێمەش وەكو ئەمانەتێک پێمان باشبوو هەر وەكو خۆی بینووسینەوە و لێرە لە پەراوێزەوە ڕوونكردنەوەی لەبارەیەوە بدەین.

) لێرەدا كانت ئاماژە بۆ دروشمی ڕۆشنگەری دەكات، وەكو بانگەشەیەكی ئەخلاقی بۆ پیویستی بە كار هێنانی عەقڵ و، بڵاوكردنەوەی ئەم دروشمە. بە مانای ئەوەی كاتێک مرۆڤ ئازایەتی بە كار هێنانی عەقڵی خۆی دەكات، ئەوە دەتوانێت لە حاڵەتی ناكامی خودی خۆی بێتە دەرەوە و وەكو مرۆڤێكی پێگەیشتوو ڕەفتار بكات كە بەرپرسیارە لەرەفتارەكانی خۆی و ئازادە لە پیادەكردن و مومارەسەكردنیاندا، نەوەكو بەسەریدا سەپێنرابێت.

) ئەم زاراوەیە هەر وەكو خۆی لە زۆربەی دەقەكان بەلاتینی بە كار هاتووە، مانای تەواوی دەكاتە (ئەوانەی بە سروشتی پێگەیشتوون). لێرەدا كانت دەیەوێت بڵێت ئەو خەڵكانە خۆیان وەكو سروشت لەلایەنی ڕوحی و جەستەییەوە تەواوو پێگەیشتوون، گەیشتوونەتە حاڵەتی پێگەیشتن، بەڵام لەلایەنی عەقڵییەوە هێشتا ناكام و پێنەگەیشتوون. لێرەدا ڕۆڵی عەقلانییەت دێت لە دروستكردن و پێشخستنی قۆناغی گواستنەوە لە حاڵەتی ناكامییەوە بۆ حاڵەتی پێگەیشتن، بە جۆرێک هاوشان و تەریب بێت لەگەڵ پێگەیشتنی جەستەو سروشتی مرۆڤەكاندا.

) لێرەدا كانت ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە زۆر ئاسانە مرۆڤ ناكام بێت، چونكە مرۆڤی ناكام ناچار نییە بیرو هزرو عەقڵی خۆی بە كار بێنێت، تەنیا ئەو شتانە جێبەجێ دەكات كە لێی داوا دەكرێت. لە كاتێكدا كانت پێی وایە سەردەمی ڕۆشنگەری، سەردەمێكی تازەیە، مرۆڤەكان هان دەدات عەقڵ و هزرو بیركردنەوەیان خۆیان بە كار بێنن و، كۆت و پێوەندی هەموو جۆرە دەسەڵاتێک فڕێبدەن و لەناوی ببەن. بێگومان ئەمە ئاماژەیەک لەسەرئەوەی كە زۆر جار كەسەكان و كۆمەڵگەكان، خۆیان ئەم حاڵەتی تەمبەڵییە هەڵدەبژێرن، خۆیان تاقەتی ئەوەیان نییە بچنە نێو قۆناغی پێگەیشتن و، تەحەمولی بەرپرسیارێتی ڕەفتارەكانی خۆیان بكەن.

) ڕۆشنگەری چییە؟ ئیمانوێل كانت، وەرگێڕانی: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، دەزگای ئایدیا، سلێمانی، چاپی یەكەم، ٢٠١٧، لـ٢٦.

) اى براديغم للدرس الفلسفى بالتعليم الپانوى؟ د. محمد ميلان، موقع كوه على الانترنت، العدد: ٢٠١٩/١١/٢٨.



# ڕەوتی مێژووگەرایی عەقڵی یۆنان

نزار محەمەد سابیر

عەقڵی یۆنان لە قۆناغی میتۆلۆژیادا عەقڵی دەوڵەتشارە، لە ئەلیازە و ئۆزیسەدا دوو دەوڵەتشاری دوو نەتەوەی جیاواز، ئەسینای یۆنانی و تەروادەی لیدی بەشەڕ دێن. لە کۆتاییدا بە فێڵی ئەسپی تەروادە، دەوڵەتشاری ئەسینا جەنگەکە دەباتەوە، بەم شێوەیە هۆمیرۆس داستانی ئەلیازە و ئۆزیسەمان لە قۆناغی میتۆلۆژیادا بۆ تۆمار دەکات.

هەر لە ئەسینای وڵاتی یۆنانی کۆندا، فەیلەسووفانی وەک سۆکرات و ئەفلاتوون و ئەرستۆ، بەرەنگاری عەقڵی میتۆلۆژیا، عەقڵی فرەخودایی، عەقڵی فرەدەرویشی و فرە کەهەنووتی بوونەوە، ئەم عەقڵی فرەخودا و فرە پەرستگاییە، سۆفستاییەکانی بەرەو ئازادیی فیکری و ئازادیی ڕاو نیمچە پرۆسەیەکی دیموکراسییانە برد. بە درێژایی قۆناغی میتۆلۆژیا، عەقڵی گەردوونگەرای ئەزەلیی ئەبەدی، عەقڵی خودایەکی موتڵەقی ڕەهای خاوەن بەهەشت و دۆزەخ، لای میسرییە کۆنەکان و ئاینی باخۆسی و ئۆرفیۆسی و دیۆنیسیۆسی، هاوکات لەگەڵ عەقڵی خاوەن پرۆسەی دۆنادۆن و یەکێتیی بوون(پانسێییزم)وەک ئەنتیتێزێک خۆی مات دابوو، تا لەسەر دەستی ئەفلاتوون گەشەی پێدرا و ئەرستۆ گەیاندییە لوتکە و ڕێگەی بۆ ئەسکەندەر پاک کردەوە تا بۆ یەکەمین جار ئیمپڕاتۆرییەتی سەرتاسەری جیهانیی گەردوونگەرایی دامەزرێنێت و، زیۆسی خودای خوداکانی یۆنان بەسەر پەرستگەکانی ئەو ئیمپڕاتۆرییەتەدا بسەپێنێت. ناڵێین لە قۆناغی میتۆلۆژیادا زلهێز نەبووە، بەڵام لەڕووبەری جوگرافیای زلهێزەکانیشدا فرە پەرستگایی و فرەکەهەنووتی...هتد بەردەوام بوون. لە قۆناغی مێتافیزیکادا(قۆناغی غەیبانیەتی ئاینی و خودای ئەزەلیی ڕەهاگەر)، وردە وردە ئەو فرەییە ڕووی لە نەمان کرد.

**قوتابخانەی مەڵتییا:**

کە باسی مێژووی فەلسەفە دەکرێت، وا باوە فەلسەفەی یۆنان لە تالیسەوە، کە بە یەکەمین فەیلەسووفی قوتابخانەی مەڵتیا هەژماردەکرێت، دەستپێبکات. شاری مەڵتیا لە ڕووی جوگرافییەوە، پەیوەستە بە شار و شارۆچکە و دوورگەکانی دەریای ئیجەوە، کە دەکەونە ڕۆژهەڵاتی وڵاتی یۆنانی ئێستا و بەرەو ڕۆژئاوای خاکی ئاسیای بچووک(تورکیای ئێستا) درێژەی هەیە. هەر خۆی شاری مەڵتیا یەک لە شارەکانی ئاسیای بچووکە و لە مێژوودا ئەم پێگە جوگرافییایە بە ئەیۆنیا ناسراوە، دواتر گوایا لە لایەن تورکەکانەوە کاتێک کە بۆ یەکەمجار ڕووبەڕووی خەڵکی ئەم ناوچەیە بوونەتەوە، وشەی ئەیۆنیایان هەڵاوگێڕکردۆتەوە و ناوی ئەو گەلەیان بە یۆنانی ناودێرکردووە. شایانی وتنە ناوی گریکیش لەلایەن ئیمپڕاتۆرییەتی ڕۆمانیاوە بە باڵای ئەم میلەتە براوە، بەڵام یۆنانییەکان ناوی خۆیان بە (ئێلین) ناودێرکردووە و وڵاتەکەیشیان بە ئێلازا، کە وشەی ئێلینیش لە سەرچاوە لاتینی و ئینگلیزییەکاندا بووە بە (هێلین). لە تالیسەوە

ميتۆس(ئەفسانە) کە مۆرکی زاڵی قۆناغی میتۆلۆژیایە کۆتایی پێدێت و لۆگۆس(فەلسەفە) کە ئەدگاری سەرەکیی قۆناغی مێتافیزیکایە دەستپێدەکات. وەکو وتمان لە قۆناغی مێتافیزیکادا ئیتر دەبێت گەردوون بەرەو تاکگەرایی هەنگاو بنێت و دەست لە فرەیی بکێشێتەوە، بۆیە تالیس ئەسڵی ژیانی بۆ یەک توخم ئەویش کە ئاوە دەگەڕاندەوە. دوای تالیس فەیلەسووفی دووەمی قوتابخانەی مەڵتیا ئەنەکسیماندەرە کە ئەصڵی ژیان و هەموو شتێکی بۆ ئاو ڕەتکردەوە و بۆ توخمێکی نادیاری دەگەڕاندەوە، کە ئەو توخمە نادیارەیش بێکۆتا و نەمرە و هیچ سنوورێکی زەمەنیی نییە، ئەنەکسیماندەر ئەم توخمە نادیارەی بۆ ئەسڵی هەموو جیهانەکان دیاریکردبوو، چونکە ئەم جیهانەی خۆمانی بە یەک لە جیهانەکان دادەنا. سێیەم فەیلەسووفی ئەم قوتابخانەیە ئەناکسیمانسە، کە ئەسڵی ژیانی بۆ هەوا دەبردەوە و یەکەم فەیلەسووفە دركی بەوە کردووە کە دۆخی هەڵمی و شلی و ڕەقی سێ دۆخن بەسەر زۆر لە مادەکاندا پەیڕەو دەکرێن. بۆ نموونە توخمی هەوا کە بێسەروبەر(مخلخل) دەبێت دەگۆڕێ بە ئاگر، هەر ئەم هەوایە چڕبۆوە دەبێتە ئاو، چڕتر بێت دەبێتە خۆڵ و بەردەوام بێت لە چڕی دەبێتە بەرد. لەمەوە بۆمانڕوون دەبێتەوە، فەیلەسووفانی قوتابخانەی مەڵتیا، کە بە فەیلەسووفانی خاکی ئەیۆنیا ناسراون، فیزیۆلۆژیست بوون و ئەسڵی ژیانیان بۆ یەک لە توخمە سروشتییە فیزیاییەکان دەگەڕاندەوە. بۆ دواجار ئەمپادۆکلیس یەک لە فەیلەسووفانی قوتابخانەی ئیلییای باشووری ئیتاڵیا، کە لە سەدەکانی پێش زایینی کۆلۆنییەکی یۆنانی بوو، توخمە سەرەکییە لەبەر چاو و دیارەکانی، لە چوار توخمی بنەڕەتیدا کە ئاو و با و خاک و ئاگرن کۆکردەوە

**ئەرستۆ**



هەر لە ئەسینای وڵاتی یۆنانی کۆندا، فەیلەسووفانی وەك سۆكرات و ئەفلاتوون و ئەرستۆ، بەرەنگاری عەقڵی میتۆلۆژیا، عەقڵی فرەخودایی، عەقڵی فرەدەرویشی و فرە کەهەنووتی بوونەوە، ئەم عەقڵی فرەخودا و فرە پەرستگاییە، سۆفستاییەکانی بەرەو ئازادیی فیکری و ئازادیی ڕاو نیمچە پرۆسەیەکی دیموکراسییانە برد

و بە چوار توخمی سەرەکیی ئەسڵی جیهان و ژیانی دانان.

بە پێویستی دەزانین کورتە تاریفێکی دوو فەیلەسووفی تر بکەین، کە یەکیان هیراکلیتۆسە و ئەیۆنییە، ئەوەیدیکەیان دیمۆکریتیسە و خەڵکی تراکیایە کە دەکەوێتە باکووری یۆنان و سنوورە لەگەڵ وڵاتی ئەیۆنیا. بە پێی بەڵگە مێژووییەکان هیراکلیتۆس لە ساڵی پێنجسەدی بەر لە زایین لە ژیاندا بووە، لە سەرێکەوە وەک فەیلەسووفانی قوتابخانەی مەڵتیبا فیزیۆلۆژیست بووە و ئەسڵی ژیانی بۆ توخمی ئاگر بردۆتەوە و بە توخمێکی نەمری داناوە، لە لایەکی ترەوە سۆفیمەشرەب بووە، بەڵام بەشێوەیەکی تایبەت، ویستوویەتی تەوافوقێک لە نێوان فەلسەفەی فیزیۆلۆژیستەکان و تەسەوفدا بە شێوەیەک لە شێوەکان بکات. هەر لە وتەکانییەوە دیارە هەموو شتێک لە ئاگرەوە هاتووە و ئاگریش ئاگری ئیلاهییە، ژیان و مەرگ و نەمری و فەنای بە بڵێسەی ئاگر چواندووە، کە دەڵێت:((هەموو شتێک وەک بڵێسەی ئاگر وایە، کە بە مەرگی ئەویتر لە دایک دەبێت، فەناداران نەمرن، نەمرەکانیش هاوەڵانی فەنادارانن، هەموو کەس دەژێت بە مردنی یەکێکی تر و دەمرێت بە ژیانی یەکێکی تر، تەنها لەم جیهاندا کە بریتییە لەیەکەیەک و کۆی پێکدژەکانی لە خۆیدا گرتۆتەوە، هەموو شتەکان پێکرا لە یەکێک دەکەونەوە، یەکیش لە هەموو شتەکاندا بەدەردەکەوێت، بەڵام زۆرینە لە یەک کەمتر واقیعیترە کە ئەویش خودایە)).

ئەم پەرەگرافەی کە خستمانەڕوو، پوختەی فەلسەفەی هیراکلیتۆسە و لەو هەوڵە سەرەتاییانەی قۆناغی مێتافیزیکایە بۆ کۆکردنەوە و ڕێکخستنی پەرتەوازییەکانی قۆناغی میتۆلۆژیا. پێدەچێت هیگڵ لۆژیکی دیالێکتیکەکەی لە تێز و ئەنتیتێز و سینتێزدا لە فەلسەفەی پێکدژەکانی هیراکلیتۆسەوە وەرگرتبێت، ئەوەی لە فەلسەفەی هیراکلیتۆسەوە بۆمان ماوەتەوە، بەزۆری خۆیان لە چەند وتەیەکدا دەبیننەوە، تێکڕا گوزارشتن لەوەی کە هەموو شتێک لە ئاگرە و بۆ ئاگر دەگەڕێتەوە، ئاگریش خوداییە یان هەر بە خۆی خودایە، وەک:

((ئاگر لە پێشدا دەگۆڕدرێت بۆ دەریا، ئەوجا نیوەی دەریاکە دەبێتە خۆڵ و، نیوەکەی تریشی بۆ با))

((ئەم جیهانەی کە لای هەموان یەکە، نە خودا، نەمرۆڤ ئافراندوویەتی، بەڵام هەر هەیە و هەر هەبووە، وە هەتا هەتا هەر بە عینوانی ئاگر دەمێنێتەوە و هەرگیز ژیانی تێدا دانامرکێتەوە، بۆیە کەمۆکێک پێدەکات و کەمۆکێکی دیش دەکووژێنێتەوە))

**لە وتە سۆفیگەراییەکانیشی:**

((هەموو شتێک بۆ خودا بریتییە لە دادپەروەری و چاکە و ڕاستی، بەڵام ئەوە خەڵکن هەندێک شت بە نادروست و هەندێکی تر بە دروست دەبینن))

لەو وتانەی لایەنگیریی ئەو گریمانەیەن، کە جیهان بەردەوام لە گۆڕاندایە لە فەلسەفەکەیدا، ئەوەیە کە دەڵێت:

((تۆ ناتوانیت بە ڕووبارێکدا بۆ دووجار تێپەڕبیت، لەبەرئەوەی ئاوێکی تر بەسەرتدا و پیاتدا هەڵقوڵیوە)).

دیمۆکریتیسیش لەگەڵ لۆکیبۆس بە دامەزرێنەری ڕێباز و فەلسەفەی گەردەکان دادەنرێن، بەڵام لەبەر ئەوەی لۆکیبۆس لە ڕووی بەڵگەی مێژووییەوە ژیان و وتەکانی نادیارن، بۆیە تەنها باسی دیمۆکریتیس دەکەین کە خەڵکی تراکیای باکووری یۆنانە و لە سەدەی پێنجەمی بەر لە زایین ژیاوە. دیمۆکریتیس گەشتێکی تووڵانیی بە وڵاتەکانی باشووری یۆنان و خاکی فارس و میسر کردووە، ماوەیەکیش لە شاری ئەسینای بردۆتە سەر و بۆ دواجار تا کۆتایی ژیانی گەڕاوەتەوە بۆ زێدی خۆی لە شاری ئەبدارای ناوچەی تراکیای باکووری یۆنان. دیمۆکریتیس فەلسەفەکەی لەبارەی گەردەکانەوە، هەمان فەلسەفەی زانایانی زانستی کەلامی ئەشعەریی عەرەبە کە پێدەچێت زانایانی عەرەب لە سەردەمی وەرگێڕانی بەرهەمە فەلسەفییە یۆنانییەکان، ڕەچاوی فەلسەفەکەی دیمۆکریتیسیان کردبێت، کە پچڕپچڕانە لە سیاقی ئەو کتێبانەی دراونەتە پاڵ ئەرستۆ خراونەتەڕوو. لای دیمۆکریتیس هەموو شتێک لەم جیهانەدا لە گەردەکان پێکهاتووە، بچووکترین گەردیش قابیلی بەشکردن نییە، گەردەکانیش لە بۆشاییدان و ئەزەلیی و ئەبەدی و نەمرن و بەردەوام لە جووڵەدان. ئەمە هەمان ڕای زانایانی کەلامی عەرەبە تەنها ئەوەیان جیاوازە کە زانایانی کەلامی عەرەب پەروەردگاریان بە ئافرێنەری ئەو گەردانە لە قەڵەمداوە.

قوتابخانەی ئیلییا((کۆڵۆنیی یۆنانی لە باشووری ئیتاڵیادا)):

بە پێچەوانەی قوتابخانەی مەڵتیاوە، فەیلەسووفانی ئەم قوتابخانەیە ڕۆحی زانستییان نەبووە و تا ڕادەیەکی زۆر فەیلەسووفانی ئەم قوتابخانەیە بوون، کە ڕۆحی گەردوونگەراییان کردە مۆرکی زاڵی قۆناغی مێتافیزیکا. بە گشتی هەوڵی ئەوەیان دەدا پەرتەوازەیی گەردوون کۆبکەنەوە و لە ژێر چەمکگەلی موجەڕڕەدی لاهووتی و عیرفانی و زانستی پەتی(ماتماتیک) ڕێکیبخەنەوە. یەک لە بەرجەستەترین فەیلەسووفانی ئەم قوتابخانەیە فیساگۆراس بوو، کە لە سەدەی شەشەمی بەر لە زاییندا ژیاوە، هەرچەندە لە دایکبووی دوورگەی سامۆسی نزیک ئاسیای بچووکە، بەڵام لەبەر باروزرووفی سیاسیی ناوچەکە، گەشتێکی بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتی میسر کرد و دوا جار بەرەو باشووری ئیتاڵیای کۆڵۆنیی یۆنانی کۆچیکرد و لەویا بە ئێجگاری گیرسایەوە. فەلسەفەی فیساگۆراس جیهانی دەرەوەی واتا ئەو شتانەی لە جیهاندا هەن پەیوەست کردبوو بە ژمارەکانەوە، دەیوت هەموو شتێک ژمارەیە و لەگەڵ مۆسیقادا لە هەماهەنگیدایە، گەردوونێک بریتییە لە ژمارەکان و لە هەماهەنگییەکی مۆسیقیدایە و ژمارەی (دە)شی بە پیرۆز دادەنا، چونکە گەردوون لە زەوی و هەوت هەسارە گەڕۆکەکە و ئەستێرە جێگیرەکان و گەردوونی چێوە پێکهاتووە کە کۆی ئەمانە دەکاتە دە. بەو شێوەیە هەموو شتێک لەم جیهانەدا بە

ژمارەکانەوە بەندە و پێمانوایە هەماهەنگیی مۆسیقیشی لە ژێر کاریگەریی ئاینی باخۆسی و ئۆرفیۆسی و دیۆنیسیۆسییەوە وەرگرتووە، کە ئەو ئاینانە شێوەی سەرەتایی ئاینی گەردوونگەرایی عیزفانیزم بوون، کە لە کاتی ئەنجامدانی نۆرم و سرووتی ئاینییاندا لە شوێنە بەرزەکاندا بە ڕووتی و بە سەرخۆشی سەمایاندەکرد و بەرەو کەشکەڵانی فەلەک دەنگیان بەرز دەکردەوە. فیساگۆراس بە پێی وتەی بێرتراندرەسڵ یەکەم کەس بوو مەعریفییانە و فەلسەفییانە تەوافوقێکی لە نێوان تەسەوف و ئاین و فەلسەفەدا کرد و هەماهەنگییەکی مۆسیقیی پێبەخشین و لەگەڵ ماتماتیکدا پەیوەستی کردن، کە هەتا سەدان ساڵیش پاش خۆی فەلسەفە نەیتوانی لە کۆتی لاهووت و عیرفانیزم و ماتماتیکدا ڕزگاری ببێت، بە تایبەتی یەک لە ڕێبازە فەلسەفییەکانی عەقڵی ئەنگلۆساکسۆنیش بەناوی پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی پێدەچێت ڕەگوڕیشەی بۆ فەلسەفەی فیساگۆراس بگەڕێتەوە، کە یەک لە دوو بنەما سەرەکییەکانی ئەو فەلسەفەیە بێجگە لە فیزیا کە ئەزموونی واقیعی دەگرێتەوە لۆژیک و بیرکارییە، کە ئێمە پێمانوایە گەشەسەندنی لۆژیکیش دەرەنجامی فەلسەفەی فیساگۆراسە. بۆیە دووبارەی دەکەینەوە و دەڵێین، فەیلەسووفانی قوتابخانی ئیلییا کۆکەرەوە و ڕێکخەری پەرتەوازەیی گەردوونن، کە ئەو پەرتەوازەییە و فرەییە یەک لە خەسڵەتەکانی قۆناغی میتۆلۆژیا بوو، واتا ئەم فەیلەسووفانە تا توانیویانە ئەسڵی ژیانیان بۆ یەک شت و یەک دیاردە گەڕاندۆتەوە. ئەوەتا یەکێ تر لە فەیلەسوووفانیان بە ناوی بارمیندیسەوە کە لە سەدەی پێنجەمی بەر لە زایین ژیاوە جیهانی بە نەگۆڕ داناوە، ئەو نەگۆڕییەیشی بە تەنها بوونەوەری راستەقینە داناوە کە ناویناوە(یەک)، هەموو فرەشتییەکیش کە لە ڕێگای هەستەکانمانەوە درکیان پێدەکەین بە وەهمی



داناون. گەردوونگەرایی بارمینیدس گەردوونگەراییەکی زۆر سەیر و سەمەرەیە، بە هیچ شێوەیەک بڕوای بەگۆڕان نییە، بە بۆ چوونی ئەم فەیلەسووفە ئەو شتەی لە بارەی ڕابوردووەوە باسدەکرێت ڕابوردوو نییە، چونکە ئەگەر ڕابوردوو بێت ئێستا بۆچی باسی دەکەن و باس دەکرێت. من کە باسی یەکێک و یادی کەسێک دەکەم و وەختی خۆی بۆ نموونە بەر لە بیست ساڵ ناسیومە، ئێستا ئەو کەسە لە ژیاندا نەماوە دەچێتە دۆخی ڕابوردووەوە، بەڵام لای بارمینیدس ماوە و ئێستایشی لەگەڵدا بێت ئەو کەسە حوزووری هەیە، چونکە شتێک نییە نەبووبێت دوای ئەوە دروست بووبێت و هەمدیس نەمێنێتەوە، کە من یادی ئەو کەسەی بەر لە بیست ساڵ دەکەم، مانای وایە لە هەموو کات و زەمەنێکدا هەیە و حوزووری هەیە، شتێک نەبووبێت و دوای ئەوە ببێت و هەمدیس نەمێنێتەوە لای بارمینیدس گریمانەیەکی پووچە، ئەوەی هەیە هەر هەبووە و ئەوەی نیشە هەر نەبووە. تەنانەت ئەرستۆ بارمینیدسی بە دێوانە و شێت ناوزەدکردووە، کە زۆر جار دیاردە و دۆخی دێوانەگی لە عیرفانیزمدا بەدیدەکرێت. پێم وایە ئەم فەلسەفەیەی بارمینیدس کۆکردنەوەیەکی سەیروسەمەرەی شتە تێکەڵ و پێکەڵ و پەرتەوازەکانی قۆناغی میتۆلۆژیا و پێش میتۆلۆژیایە، ویستوویەتی دال و مەدلولەکانیش فەلسەفییانە نەک فیزیکییانە و حیسییانە پێکەوە گرێبدات، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر ئیفراتییانە و توندڕەوانە.

**ئەوجا بابێینە سەر سۆفستاییەکان.**

لە سەدەی پێنجەم و چوارەمی بەر لە زایین، کۆمەڵێک فەیلەسووف لە شاری ئەسینای پایتەختی ئێستای وڵاتی یۆنان هەبوون، کە هاوچەرخی فەیلەسووفانی سێکوچکەی یۆنان و ئەسینا سۆکرات و ئەفلاتوون و ئەرستۆ بوون. ئەم فەیلەسووفانە لە شارەکانی تری ئەسیناوە هاتبوون و لە ئەسینا گیرسابوونەوە. سۆفستایی واتا بنەڕەتییەکەی مامۆستا دەگرێتەوە، بەڵام بە تێپەڕینی کات ئەم زاراوەیە وەسفێک بوو بۆ درۆزن و دیماگۆگی بەکارهێنرا. بە حوکمی ئەوەی زمانی یۆنانی یەک لە زمانەکانی گرووپی ئارییە ئەم گرووپە زمانییەش یەک لە خەسڵەتە گرنگەکانی سوڵتەی مانایە و لەفز قاوغێکی وشەیە و گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، بۆیە بەردەوام لە زمانی یۆنانی و زمانەکانی تری ئەم گرووپە مانا لە گۆڕاندایە. وەکو وتمان یەکەم مانای ئەم وشەیە مامۆستا و فێرکاربووە، بەڵام دوایی بووە سیفەتی ئەو تاکانە لە کۆمەڵدا کە درۆزن و هەڵخەڵەتێنەر و تێکدەر و ئاژاوەچی و کەسانی پووچن. ئێمە لە دید و گۆشەنیگای خۆمانەوە وایبۆدەچین کە ئەم سۆفستاییانە چونکە لە شارە دوورەکانی تری خاکی یۆنانەوە هاتبوون، هەڵگری پاشماوەی قۆناغی میتۆلۆژیا بوون، لە ڕێژەگەرایی و فرەیی و فرە کەهەنووتی و فرە خودایی و دانەنانی یەک شت، یەک دیاردەی سروشتی، یەک بە حیساب حەقیقەتێک بە حەقیقەتێکی ڕەها، تەنانەت ئەوپەڕی باوەڕیان بە فرە خوداکانی ئۆڵیمپی هەبوو، دیموکراتخوازیش بوون

## پرۆتاگۆراس



پرۆتاگۆراس و گۆرگیاس دوو لە بەرجەستەترین فەیلەسووفانی بەرەی سۆفستاییەکانن، کە کەوتوونەتە دیبەیت و مشتومڕ لەگەڵ سۆکرات و ئەفلاتووندا . کاتێك ئەمان ڕەهاگەرایانە باسی یەك حەقیقەتێکیان کردووە، ئەم دوو فەیلەسووفە سۆفستاییە، لە وەڵامیاندا بە ئاشکرا دیارە کە بە هیچ شێوەیەك بڕوایان بە حەقیقەتی موتڵەق نەکردووە و هەموو شتێکیان بە ڕێژە داناوە .

کە یەک لە دەرهاویشتە و دەستکەوتەکانی قۆناغی میتۆلۆژیایە. بۆیە فەیلەسووفانی سێکوچکەی ئەسینا، سۆکرات و ئەفلاتوون و ئەرستۆ، کە هەر لەم بەشەدا دێینە سەرباسکردنیان، بەرەنگاری پرۆسەی دیموکراتی و ئەو فرە خوداییە بوونەوە و بە فەلسەفەکانیان لە هەوڵی ئیستیبدادییەت و تاک خوداییێتیدا بوون بۆ جیهان.

پرۆتاگۆراس و گۆرگیاس دوو لە بەرجەستەترین فەیلەسووفانی بەرەی سۆفستاییەکانن، کە کەوتوونەتە دیبەیت و مشتومڕ لەگەڵ سۆکرات و ئەفلاتووندا. کاتێک ئەمان ڕەهاگەرایانە باسی یەک حەقیقەتێکیان کردووە، ئەم دوو فەیلەسووفە سۆفستاییە، لە وەڵامیاندا بە ئاشکرا دیارە کە بە هیچ شێوەیەک بڕوایان بە حەقیقەتی موتڵەق نەکردووە و هەموو شتێکیان بە ڕێژە داناوە. یەک لە وتە گرنگەکانیان ئەوەیە، کە هیچ حەقیقەتێک بوونی نییە، مرۆڤ خۆی پێوەری هەموو شتێکە کە ئەمە وتەی پرۆتاگۆراسە، هەرچی گۆرگیاسیشە دەڵێت((هیچ شتێک وجوودی نییە، گەر بوونیشی هەبێت ئیمکانی زانینی نییە هەتا گەر هاتوو جەدەلییانە گریمانەی بوونی شتێکمان کردو، کەسێکیش توانی ئەو شتە بزانێت و بیناسێت، ستەمە بتوانێت بۆ کەسێکی تری بگوازێتەوە،)). ئێمەش لەلایەنی خۆمانەوە ئەم گریمانەییە مەنزووریەمان لا تۆکمە دەبێت کە دەڵێین بۆچی لە مێژوودا بەدەر لە سێکۆچکەی فەلسەفە و ڕەواقییەکان و ئەبیقوورییەکان و فەیلەسووفانی مەڵتیا و ئیلیا، تەنها سۆفستاییەکانن کە ناو و ناتۆرەی ناشیرینیان لێنراوە و گۆڕونیش کراون؟.

لە مێژوو و مێژووی فەلسەفەدا گەر ناویشیان هاتبێت بە باشە نا بەڵکو بە قێزەونترین وەسف ناویان هاتووە، بۆیە لەسەر ئەو بڕوایەین کە سۆفستاییەکان پاشماوەی قۆناغی مێتۆلۆژیا بوون و دەیانویست لە قۆناغی مێتافیزیکادا فەلسەفیانە و موحافیزەکارانە، واتا وەک فەیلەسووفی موحافیزەکار بەرگری لەو قۆناغە بەسەرچووەدا بکەن و دواجار لە سەدەی نۆزدەدا پراگماتیستەکانی عەقڵی ئەنگلۆساکسۆن دیسانەوە ئەم فەلسەفەیەیان لە سەردەمی مۆدێرنێتەدا زیندووکردەوە.

## فەلسەفەی سێکوچکەی ئەسینا:

پێش هەموو شتێک و پێش ئەوەی لەبارەی ئەم سێکوچکەیەوە دەستپێبکەین، ئەمانەوێت ئەوە بڵێین کە موستەڵەحی سێکوچکە ئیسمێکی بێ موسەممایە، چونکە هیچ دەقێک و نووسراوێکمان لە سۆکراتەوە پێنەگەیشتووە، پێدەچێت سۆکرات بە خۆی یان شاگردەکانی دوای خۆی هیچیان دەقەکانی سۆکراتیان تۆمار نەکردبێت، ئەوەیشی ماوەتەوە لە قوتابییە سەرەکییەکەیەوە کە ئەفلاتوونە پێمانگەیشتووە. لەبەرئەوە ئێمە لە باسی فەلسەفەی سێکوچکەدا تەنها عەرزی فەلسەفەی ئەفلاتوون و ئەرستۆ دەکەین. ئەفلاتوون بە خۆی ئەسینایییە و لەو شارە چاوی بە ژیان هەڵهێناوە. ڕەگوڕیشەی فەلسەفەی ئەفلاتوون بێجگە لە مامۆستاکەی سۆکرات کە ئەمیش پێشتر دەگەڕێتەوە بۆ بارمینديس و فیساگۆراس، ئەگەر لەوە زیاتریش بچینە قووڵایی مێژووەوە، دەڵێین کە بنەمای فەلسەفەی ئەفلاتوون بە ناخی قۆناغی مێتۆلۆژیادا تا دەگاتە ئاینی باخۆسی و ئۆرفیۆسی و دیۆنیسیۆسی، شۆڕدەبێتەوە. لەو قۆناغەدا ئەو ئاینە وەک ئەنتیتێزێکی گەردوونگەرایی خۆی لە تێزی فرەخودایی مێسۆسدا دەبینێتەوە کە لەسەر دەستی ئەفلاتوون و دوای ئەویش ئەرستۆ لە میانەی سینتێزدا بەدەرکەوت،کە ڕێگا ئامادەکردن بوو بۆ دەستەڵاتێکی گەردوونگەرایی مەعریفی و ئەوجا لە ژێر قەڵەمڕەوی ئەسکەندەری مەکەدۆنیدا بۆ دەستەڵاتێکی سیاسیی جیهانی. واتا قۆناغی فرەیی مێتۆلۆژیا تێزە، لەو قۆناغەدا ئاینی باخۆسی و ئۆرفیۆسی و دیۆنیسیۆسی ئەنتیتێزە و سەردەمی سێکوچکەی ئەسینایش لە قۆناغی مێتافیزیکادا سینتێزە.

## ئەفلاتوون و ئەرستۆ:

با هەوڵی ئەوە بدەین لەو وەسفە تەقلیدییە فەلسەفییە باوەی کە بۆ ئەم دوو فەیلەسووفە دەکرێت و لە هەموو کتێبێکی مێژووی فەلسەفەدا دەیخوێنینەوە و وەک قەوان لێدەدرێت و بۆمان دووبارە دەبێتەوە، دەرچینە دەرەوە. ئێمە دەمانەوێت بە گوزارشتێکی تر و بە ستایلێکی تر لە پێشدا باسی دەرەنجامەکانی فەلسەفەی ئەم دوو فەیلەسووفە بکەین کە هەر بۆ خۆیشی لە سیاقی ئەو دەرەنجامانەوە کە ڕوونی دەکەینەوە، خۆیان لە خۆیاندا عەرزکردنی فەلسەفەکەیشیانە.

دوو ئاژەڵ هەن کە بە هاوڕێی فەرمیی مرۆڤ لەقەڵەمدراون، ئەو دوو ئاژەڵەیش پشیلە و سەگن، وا زانایان لە هەوڵی ئەوەدان مشکیش بخەنە ڕیزی ئەو دوو ئاژەڵەوە، بۆ ئەوەی ببێتە هاوڕێی فەرمیی سێهەمین بۆ مرۆڤ. باشە چی دەڵێیت کاتێک کە زانیت هەرچی پشیلە و سەگ و مشکی سەر گۆی ئەم زەوییە هەن بە زیندوو و تۆپیوەوە ڕاستەقینە نین، بەڵکو وێنە ڕاستەقینەکەیان لە ئاسماندایە. بۆ نموونە هەرچی سەگی زیندوو هەیە و سەگی تۆپیو هەبووە لەسەر زەویدا سێبەرن و نوێنەرایەتیی یەک سەگی ڕاستەقینە دەکەن کە لە ئاسماندایە، ئەم نموونەیە نەک بەسەر دوو ئاژەڵەکەی تر پشیلە و مشک، بەڵکو

هەولێرنامەی کتێب

بەسەر هەموو دیاردەکانی ئەم سروشتەوە بە خودی مرۆڤیشەوە پیادە دەکرێت. تەنانەت هەموو کورسییەکان و ئەو سیسەمانەی کە دروستکراون و بەردەوام لەلایەن دارتاشەوە دروستدەکرێن، سێبەرن و نوێنەرایەتیی یەک کورسییەکی ڕاستەقینە و یەک سیسەمێکی ڕاستەقینە لە ئاسماندا، دەکەن. ئەمە ئەسڵی فەلسەفەکەی ئەفلاتوونە کە ناوی تیۆری فۆڕمەکان یان ئایدیاکانی لێنراوە. ئەفلاتوون کۆی فەلسەفەکەی لە تاریکایی ئەشکەوتێکدا کۆکردۆتەوە، لە ناو ئەشکەوتێکدا کۆمەڵێک مرۆڤ بە دەست و پێ کەلەپچەکراوی و زنجیرەوە بەرامبەر بە دیواری ناوەوەی ئەشکەوتەکە بەستراونەتەوە و ڕووبەڕووی دیوارێکی ڕەق و تەق کراونەتەوە، لە پشتەوەیان پێش ئەوەی بگەیتە دەمی ئەشکەوتەکە ئاگرێک کراوەتەوە، هەروەها لە نێوان ئەم کۆمەڵە کەسە و ئاگرەکەیشدا ڕێڕەوێک هەیە. لە دەرەوەی ئەشکەوتەکەدا خۆر لە چەقی ئاسماندایە و بە تیشکەکانی دونیای ڕووناک کردۆتەوە. بە کورتی بیبڕێنینەوە، ئەم مرۆڤە بەندییانە تەنها ئەو شتانە و ئەو بوونەوەرانە لەسەر دیوارەکەی بەرامبەریان دەبێنن، کە بە ڕێڕەوەکەدا تێپەڕدەبن و ئاگرەکە وەک سێبەرێک هەواڵەی دیواری بەرامبەر بەندییەکانی دەکات. واتاکەی ئەم مرۆڤانە دوورن لە حەقیقەت و چاویان بە شتی ڕاستەقینە ناکەوێت. ئەشکەوتەکەی ئەفلاتوون گوزارشتە لەم دونیایەی کە ئێمە تیایدا حوزوورمان هەیە. ئینجا با بێینەوە سەرئەوەی لە سەرەتادا باسمان لێوەی کرد، ئەم دونیایەی کە تیایدا دەژێین، هیچی ڕاستەقینە نییە بە خودی خۆشمانەوە. فۆڕمە ڕاستەقینەکانمان لە ئاسمانن، کە لە لایەن پەروەردگاری تاق و تەنیاوە ئافرێنراون. بۆ ئەوەی بگەینە ئەو فۆڕمە سەرەکییانە پێویستە لەسەرمان ببینە فەیلەسووف و لە دەمی ئەشکەوتەکەوە بێینە دەرێ و خۆری حەقیقەت بە چاوانمان ببینین، بەڵام نەک بەو چاوەی کە لە سەرووی ڕوخسارماندایە و بەهۆیەوە سێبەرەکان دەبینین، بەڵکو بە چاوی زیهنەوە کە لەرێی عەقڵەوە درک بە مەعقووڵاتەکان دەکات. فەیلەسووف لە زمانی یۆنانیدا بە (فیلۆسۆفۆس) تەڵەفوز دەکرێت و چاوگەکەیشی (فیلۆسۆفیا)یە و بە پێی تەفسیری خودی ئەفلاتوون لە دوو وشە پێکهاتووە یەک(فیلۆ) واتا خۆشەویست یاخود هاوڕێ، هەر بە خۆی لە زمانی یۆنانیدا هاوڕێ خۆشەویستە و خۆشەویستیش هاوڕێیە، دووەم(سۆفیا) کە ماناکەی حیکمەتە. باشە کێ خاوەنی حیکمەت و هەر بە خۆی خودی حیکمەتە؟ گومان لەوەدا نییە کەتەنها خودای پەروەردگاری تاق و تەنیا لە ئاسماندا. بە پێی وتەی جۆرج تەڕابیشی یۆنانییەکان وشەی (سۆفیا)یان لە (شافیم)ی فینیقییەوە وەرگرتووە کە یەک لە زمانە سامییەکانە و نزیکە لە زمانی عەرەبی و عیبری و کلدانی و ئاسووری و سوریانی و ئارامی و زمانەکانی تری گرووپی زمانیی سامی. (شافیم) هەمان واتای شیفائی عەرەبیی هەیە، کە بە زمانی کوردی دەبێتە شیفایەتکەر(ساڕێژکەر) بەگشتی مانای فەیلەسووف دەبێتە خۆشەویستی خودا، کە هەر بەخۆی خاوەنی حیکمەت و

شیفاکاریشە. پاش ئەم کورتە تاریفەی بۆ موستەڵەحی فەیلەسووفمان کرد و بۆمان دەرکەوت کە لە ڕووی ئەتیمۆلۆژیاوە بنەماکەی لە چییەوە هاتووە، بۆمان دیاری دەبێت کە ئەفلاتوون بۆچی دژایەتیی توندی خوداکانی یان ڕاستییەکەی زیاتر خودامرۆڤەکانی ئۆڵیمپی کردووە، کە لە داستانی ئەلیازە و ئۆدیسەی هۆمیرۆسدا هاتوون و هسیۆدیش باسی کردوون. ئەفلاتوون لە کۆمارەکەیدا کە لە زمانی سۆکراتەوە دەیگێڕێتەوە خودای بە خێری موتڵەق داناوە، ئەم خودایە پتر لەگەڵ تیۆری ئایدیاکان و خودی فەیلەسووف دەگونجێت، وەک لەگەڵ خودامرۆڤەکانی ئۆڵیمپی کە یەک پارچە خراپەکارین و بەردەوام چ لە نێوان خۆیاندا و چ لەگەڵ مرۆڤەکاندا خەریکی کوشتن و بڕین و دزی و تەلەکەبازین. خودامرۆڤەکانی ئۆڵیمپیی یۆنان و گشت خودامرۆڤەکانی قۆناغی میتۆلۆژیا بەرامبەر بە قەدەر دەستەوسان بوون، واتا قەدەر هێزێک و ڕێسایەک بووە لەسەرووی خوداکانەوە، کە بە هیچ شێوەیەک ئەم خەسڵەتانە لەگەڵ خودایەکی ڕەهای گەردوونی ڕێکناکەوێت کە ئەفلاتوون لە هەوڵی ئامادەکردنی بوو. ئەفلاتوون هەموو بەهایەکی لە ژیانی هەنووکەیی سەندەوە و ژیانی ڕاستەقینەی بەو فەیلەسووفە خاوەن هێزە زیهنییەی کە حەواسە هەڵخەڵەتێنەرەکان ناتوانن لە خشتەی بەرن، بەخشی. لای ئەفلاتوون بوون بە فەیلەسووف لە قۆناغی منداڵییەوە دەستپێدەکرێت، بریتییە لەوەی ئەو منداڵە لە خوێندنەوەی داستانی ئەلیازە و ئۆزیسەی هۆمیرۆس دووربخرێتەوە و مێشکی گۆش بدرێت بە مۆسیقا، کە لە فەلسەفەی فیساگۆراسەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆ ئەوەی مێشکی درک بە هەماهەنگیی گەردوون بکات، فێری ماتماتیکیش بکرێت، چونکە هەموو شتێک لە جیهاندا ژمارەیە و لە ژمارە پێکهاتووە، بۆیە زانینی



ماتماتیک کە تەنها زانستی پەتییە عەقڵ پەتیتر و تۆکمەتر دەکات. گرنگترین شت لای فەیلەسووف زمان و عەقڵە، کە بەم دوو هێزە دەتوانێت لەلایەکەوە خۆی لە مەیلە جەستەییە توندو تیژەکان و لەلایەکی ترەوەیش لە مەیلە جەستەییە چێژبەخشەکان بەدوور ڕابگرێت، یان بەلایەنی کەمەوە بتوانێت لە ژێر بەلانس و کۆنترۆڵی عەقڵدا چاودێرییان بکات. لە فیساگۆراسەوە درک بەوە کراوە کە ئەسڵی شتەکانی جیهان ژمارەن و پەیوەستی کردووە لەگەڵ هەماهەنگیی مۆسیقیدا کە ئەفلاتوون ئەمانەی پاش ڕێکخستنیان لە فەلسەفەکەیدا لە فیساگۆراسەوە وەرگرت، فەلسەفەی ئەفلاتوون تەواوکەری فەلسەفەی فیساگۆراسە کە بریتییە لە:

**عیرفانیزم + ماتماتیک + مۆسیقا + لاهووت(ئاین)**

ئەفلاتوون بە سێ ڕەگەزیی ڕۆحی لە مرۆڤدا قایلە، کە ئەم سێ ڕەگەزە ڕۆحییە لە کەسایەتیی هەموو مرۆڤێکدا هەن و حوزووریان هەیە. جیاوازیی لە نێوان مرۆڤەکانیش بەرمەبنای ئەوەیە کە لە کەسایەتیی ئەو مرۆڤانەدا کامە ڕەگەز زاڵە. ئەو ڕۆحەی کە عەقڵ تیایدا زاڵە ئەو ڕۆحە دەتوانێت ببێت بە فەیلەسووف و لە دەمی ئەشکەوتەکە بێتە دەرێ، خۆری حەقیقەت ببینێت و شایانی ئەوەیە حوکمی وڵاتی پێبسپێردرێت، ئەو ڕۆحەی ئیرادە و قودرەت تیایدا زاڵە، پێویستە ببێت بە جەنگاوەر و بەرگری لە وڵات بکات، ئەو ڕۆحەیشی مەیلی حەز و چێژوەرگرتنی جەستەیی تیایدا زاڵە با ببێتە کاسبکار و بازرگان و دەبێت لە مەیدانی بازاڕ و کایەی ئابووریدا سوودی لێوەربگیرێت.

بنەمای دەسەڵاتی سیاسیی ئەفلاتوون کە لە مێژوودا هەڵیهێنجاوە هەر ئەوەیە کە پاش خۆی ئەرستۆ و هۆبز و ژان ژاک ڕۆسۆ و...هتد باسیان لێوەی کردووە و تا ئێستایش هەر ئەو چەمکە سیاسییانە و ئەو جۆری حکووماتانە بەردەوامن و تەداول دەکرێن و لە ڕەوڕەوەی مێژوودا بە دەستکارییەکی کەم تا زۆر دووبارە و چەندبارە دەکرێنەوە و هەڵگری دوو ڕەهەندی پۆزەتیڤ و نەگەتیڤن، کە بریتین لە:

(ئەمەی کە دەیخەینەڕوو سەددەرسەد ئەو سیستەمی دەسەڵات و جۆری حکوومەتانە نین، کە ئەفلاتوون باسی لێوە کردوون، بەڵام بە گشتی دەتوانین بڵێین، کە ئەفلاتوون یەکەم فەیلەسووفە سیستەماتیکییانە کلاسبەندیی کردوون).

١-مۆنارخی(پۆزەتیڤ)، ڕەهەندە نەگەتیڤەکەی (تیرانی)یە.

-مۆنارخی وشەیەکی یۆنانییە واتا، پاشایەتی، تیرانی وشەیەکی یۆنانییە و بە واتای ئیستیبداد دێت.

٢- ئەریستۆکراتی(پۆزەتیڤ)، ڕەهەندە نەگەتیڤەکەی(ئۆلیگارشی)یە.

-ئەریستۆکراتی لە دوو وشەی یۆنانی پێکهاتووە، ئەریستۆ واتا(مومتاز)کراتی، چاوگەکەی(کراتۆس)ە واتا(حکوومەت).

ئەریستۆکراتی، حکوومەتی توێژی مومتاز.

ئەفلاتوون جارناجار بە لە جیاتی ئەریستۆکراتی موستەڵەحی (تیمۆکراتی)ش بەکاردەهێنێت و جیاوازییەکی ئەوتۆ کە شایانی باس بێت لە نێوانیاندا ناکات.

تیمۆکراتی، لە دوو وشەی یۆنانی پێکهاتووە،(تیمۆ، تیمۆس)واتا شەرەف، شەرەفمەندی، کراتۆ، کراتۆس وەکو وتمان واتا حکوومەت.

تیمۆکراتی: حکوومەتی شەرەفمەندان

– ئۆلیگارشی، تەڵەفوزە راستەکەی لە زمانی یۆنانیدا(ئۆلیگارخیا)یە و لە دوو وشە پێکهاتووە، (ئۆلی) واتا(کەم، کەمینە) (گارخیا) هەمان مانای حکوومەت و دەستەڵات دەگرێتەوە.

ئۆلیگارشی: حکوومەتی کەمینە کە دەستیان بەسەر کاروباری داراییەوە گرتووە.

٣– دیموکراتی(پۆزەتیڤ)، ڕەهەندە نەگەتیڤەکەی(ترۆمۆکراتی)یە.

–دیموکراتی، تەڵەفوزە راستەکەی بە یۆنانی(زیمۆکراتی)یە، زیمۆ، زیمۆس واتا جەماوەر، کراتۆ، کراتۆس(حکوومەت).

دیموکراتی: حکوومەتی جەماوەر.

– ترۆمۆکراتی، لە دوو وشەی یۆنانی پێکهاتووە، ترۆمۆ، ترۆمۆس، واتا ترساندن و تۆقاندن، بە هەمان شێوە کراتۆ، کراتۆس حکوومەتە.

ترۆمۆکراتی: حکوومەتی ترس و تۆقاندن.

ئەفلاتوون تا لە توانایدا بوو، قۆناغی مێتافیزیکای بەرەو قووڵایی کەشکەڵانی فەلەکدا برد و ونی کرد، کۆمارەکەی کە لە مێژوودا بە کۆماری ئەفلاتوون ناسراوە، ئەوپەڕی یۆتۆپیاییە و هیچ دەستەڵاتێکی سیاسیی قۆناغی مێتافیزیکا نەیتوانیوە پەیڕەوی بکات. تەنانەت داستانە شیعرییەکانیشی((داستانە شیعرییەکان لە یۆنانی کۆندا بریتیبوون لە دوو بەش: تراجیدیا و کۆمیدیا، تراجیدیا لە (تراگووزییا)ی یۆنانییەوە هاتووە، واتا کارەساتبار و هەولناک و سامناک، تراگووزییا لە یۆنانیدا هەر لە وشەی (تراگووزی)یشەوە نزیکە کە گۆرانی دەگرێتەوە، چونکە ئەو داستانە شیعرییانە لە شانۆکانی شاری ئەسینادا بە گۆرانیش نمایشکراون و وتراونەتەوە، کۆمیدیایش لە (کۆمیکی)ی یۆنانییەوە هاتووە، بە واتا هەزەلی و پێکەنیناوی))، کە لەلایەکەوە بۆ تەمجیدی خوداکانی ئۆلیمپی و لە لایەکی دیکەشەوە بۆ خستنەڕووی خراپەکاری و هەڵسوکەوتە قێزەونەکانیان کە شانۆکارانی وەک یورپیپدس و ئەسخیلۆس و سۆفۆکلیس نووسیبوویانەتەوە و لە شانۆکانی شاری ئەسینادا نمایش دەکران، لە کۆمارە یۆتۆپیاکەی دەرکردە دەرەوە. هەروەها وێنەکێشەکانیشی تووڕهەڵدایە دەرەوە، چونکە ئەفلاتوون پێی وابوو کە ئەوان بەو کارانەی ئەنجامیدەدەن، تەنها لاساییکردنەوەی سێبەرەکانە و، کارەکەیان دەرەنجام دەبێتە سێبەری سێبەر. بۆیە فەلسەفەی ئەفلاتوون پێویستی

بە فەیلەسووفێکی تر بوو بۆ ئەوەی ئەو فەلسەفەیە تا ڕادەیەک لە ئاسمانی مێتافیزیکادا بێنێتە خوارەوە، یاخود هەرچۆنێک بێت هەر لە ئاسمانی غەیبانییەت و مێتافیزیکادا بمێنێتەوە، بەڵام بەرگێکی واقیعی بە باڵادا ببڕێت، بێگومان ئەو فەیلەسووفەیش ئەرستۆیە کە یەک لە بەرجەستەترین قوتابیانی خودی ئەفلاتوونە.

دوا فەیلەسووف کە لەم بەشەدا باسی دەکەین ئەرستۆیە، ئەم فەیلەسووفە لە ڕەچەڵەکدا مەکەدۆنییە و ساڵانێکی زۆر لە شاری ئەسینادا ژیاوە، هەموو ژیانی لە سەدەی چوارەمی بەر لە زاییندا بردۆتە سەر، مامۆستا و ڕاوێژکاری سەرەکیی ئەسکەندەری مەکەدۆنی بووە. ناو و ناوبانگی ئەرستۆ لە فەزای چین و توێژی خەواسەکان(مەعریفەخوازان) دەرچۆتە دەرەوە و بۆتە وێردی سەرزمانی عەوامەکانیش(زۆرینەی خەڵکی نەخوێندەوار). ئێمە ئەرستۆ بە چاکسازیکاری فەلسەفەکەی ئەفلاتوون دادەنێین و خاڵ بە خاڵ فەلسەفەکەی ئەرستۆی لەگەڵدا بەراورد دەکەین، بۆ ئەوەی گریمانەکەی خۆمان کە فەلسەفە و لۆژیکی ئەرستۆ لە چاو فەلسەفەی ئەفلاتووندا فەلسەفەیەکی ئیسلاحییانە و تەعدیلکارانەیە، تۆکمەتر بکەین و بیسەلمێنین. ئەرستۆ سنووری نێوانی سێبەر(ژیانی ئەم دونیا) و فۆرمەکان، ئایدیاکان(ژیانی نموونەیی ئاسمان)ی پووچەڵکردەوە و بە دونیابینییەکەوە پەیوەستەی کرد، کە دواتر لە فەزای مەعریفیی مێژوویی و گشتیدا بە کۆزمۆلۆژیی ئەرستۆ، ناسرا. ئەرستۆ جیهانی زەوی تا دەگاتە مانگ بە جیهانیی کەون و فەساد و گۆڕان و لە ناوچوون لە قەڵەمدا، ئەگەر بەبەراورد لەگەڵ فەلسەفەکەی ئەفلاتووندا داینێین، دەڵێین ئەمە دونیا یان جیهانە سێبەرئاساکەی ئەفلاتوونە کە ئەرستۆ تەعدیلیکردۆتەوە، بۆ پرۆسەی کەون(دروستبوون) و گۆڕان و لە ناوچوونیش ئەرستۆ چەمکی بۆشایی کە لای فەیلەسووفانی پێش خۆی باوی بوو، پووچەڵکردەوە و ئەو بۆشاییەی بەو چوار توخمە سەرەکییەی کە ئەمپادۆکلیس ڕیزبەندییانی کردبوو، پڕکردەوە. واتا ئەم چوار توخمە(با، ئاگر، ئاو، خاک)، چوار توخمیی سەرەکیی جیهانی کەون و فەسادن، کە فەلەکی خوار مانگ بە زەویشەوە دەگرێتەوە. با ئەوەیش نەبوێرین کۆزمۆلۆژیی ئەرستۆ لە داهێنانی خودی ئەرستۆ نییە، بەر لەو بە سەدان ساڵ بابلییەکان و چینییە کۆنەکان کە تەماشای ئاسمانیان کردووە بە تێپەڕبوونی وەرزەکانی ساڵ درکیان بە جووڵەی حەوت دیاردە یاخود حەوت بوونەوەری ئاسمانی کردووە، کە دوایی بە حەوت هەسارە گەڕۆکەکە دیاریکران ئەو حەوت هەسارەیەیش بریتین لە: مانگ، عەتارد، زەهرە، خورشید، مەریخ(بارام)، موشتەری، زوحەل(کەیوان). بۆ هەر یەک لەم هەسارانەیش حیسابی گەردوونێک کراوە، واتا بە تەخمینی خۆیان هەر یەک لەو هەسارانە لە گەردوونێکدا دەخولێتەوە کە لەگەڵ گەردوون بە گشتیدا یەکانگیرە. بێگومان درککردن بە گەردوون و جیهان بەردەوام لە گۆڕانکاریدا بووە، بابلییەکان زەوییان بە موسەتتەح

داناوە، گوایا یەکەم کەس کە وتوویەتی زەوی خڕە فیساگۆراسە، هاوکات لە سەرووی ئەمانەوە درکیان بە کۆمەڵێک ئەستێرەی نەبزوێن کردووە، کە ناوی ئەستێرە جێگیرەکانیان لێناون، دواجاریش گریمانەییانە سنووری بێکۆتایی ئەم گەردوونە لە بننەهاتووەیان بە گەردوونی چێوە دیاریکردووە، کۆی ئەمانەی کە ناومان هێنان دەبێتە نۆ، کە بە نۆ فەلەکەکە ناسراون و لە سەدەی دووی پاش زایین لەسەر دەستی فەلەکناسی یۆنانی بەتلیمۆس بوون بە بابەتی سەرەکیی کتێبەکەی بە ناونیشانی مەجەستی(مەجەستی لە وشەی مێگاسی یۆنانییەوە هاتووە، واتا مەزن)، ئەو کتێبە تا پتر لە هەزارساڵ تەنها سەرچاوەی سەرەکیی بەردەستی فەلەکناسان بوو. پاش ئەم کورتە تاریفەی مێژووی بەرەوپێشچوونی فەلەکناسی کە لە بابلییەکان و چینییە کۆنەکانەوە بگرە لەوانەیە لە پێش ئەوانیشەوە دەستپێکردبێت، دەڵێین ئەوەی ئەرستۆ ئەنجامیداوە، تەنها فەلسەفاندنی بابەتی گەردووناسی بوو. ئەرستۆ سەرووی فەلەکی مانگ تا فەلەکی چێوە لە چوار توخمە سەرەکییەکەی خوار فەلەکی مانگ بەتاڵ دەکاتەوە و بە لە جیاتی ئەوە گریمانەی مادەیەکی ئەزەلی و ئەبەدیی لینجق دەکات، کە هەڵگری توخمی تیاچوون نییە و ناوی نا ئەسیر(ئەسیر وشەیەکی یۆنانییە، بە واتای ڕەوان و جەرەیان دێت)، ئەم مادەیە کە ناوی ئەسیرە سەدان ساڵ لە زیهنی زانایان و فەیلەسووفاندا هەروا مایەوە تا لە سەدەی نۆزدەدا کە سەدەی دۆزینەوەی گەردەکان و پێکهاتەی گەردەکانە لە نیۆترۆن و ئەلیکترۆن و پڕۆتۆن و مەوجاتی تیشکی کە بە فۆتۆن ناسراون، پووچەڵکرایەوە. کۆزمۆلۆژیی ئەرستۆ بە ئەسانسێری هەسارەکاندا سەردەکەوێت تا دەگاتە هەڕەمی گەردوون کە بە فەلەکی چێوە ناسراوە و جێنشینگەی جووڵاوەی یەکەمە، جووڵەکەیشی لە بزوێنەری یەکەمەوەیە کە نابزوێت. ئەم بزوێنەری یەکەمە لای ئەرستۆ خودی پەروەردگارەکەی ئەفلاتوونە و چاکسازی تیا کراوە بەوەی ئیتر خوڵقێنەری جیهان نییە و بۆ پاداشت و سزایش ئافرێنەری بەهەشت و دۆزەخ نییە، بەڵکو لە هەموو سەڵاحیەتێک ڕووتکراوەتەوە تەنها ئەوە نەبێت کە بزوێنەری گەردوونە و هۆکاری جووڵەکەیشی خودی خۆی نییە، بەڵکو عاشقبوونی هەموو گەردوونە بۆی، کە ئیتر ئەوە گەردوونە یان ئیتر ئەوە جیهانە لە تاو عەشقیدا هەڵوەدایەتی و بۆی دەبزوێت.

میتافیزیکای ئەفلاتوون زۆر ئاڵۆزە، بە حوکمی ئەوەی فەلسەفەکەی لاهووتیی عیرفانیزمانەیە بە تایبەتی سەرچاوەکەیشی بۆ ئاینی باخۆسی و ئۆرفیۆسی و دیۆنیسیۆسی، هەروەها بۆ فەلسەفەی فیساگۆراس دەگەڕێتەوە، دوای خۆی لە جیهانی لاتینزماندا لەلایەن ئەفلۆتین و زۆرێک لە فەیلەسووفانی تر کە بە فەیلەسووفانی ئەفلاتونیزمی نوێ ناسراون، پێدەچێت دەستکاری زۆر کرابێت. بۆیە فەلسەفەکەیمان زۆر بە ئاڵۆزی پێگەیشتووە و ئەستەمە بتوانین سەرەداوەکانی بە تەواوی بدۆزینەوە و لە یەکتری جیایکەینەوە،

هەرچەندە فەلسەفەی ئەرستۆش گۆایا بـەزۆری دوای خۆی دراونەتە پاڵی و كۆنترین ڕۆنووسی دەستنووسی بەرهەمە فەلسەفییەكانی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دەی پاش زایین، واتا هەزار و سێسەد ساڵ پاش خۆی بەڵام هێشتا لە فەلسەفەی ئەفلاتوون ڕێكتر و پوختتر و تۆكمەترە. بە شێوەیەكی گشتی دەتوانین ئەوە بڵێین، كە ئەفلاتوون بڕوای بە نەمریی ڕۆح هەبووە و لەلایەكی ترەوە سەر بە ئاینی دۆنادۆن و بڕوای بە بەهەشت و دۆزەخی ئەو دونیایش بووە، كە ئەمانە لای ئەرستۆ ببڕاییبڕ فەرامۆشكراون. بە لە جیاتی نەمریی ڕۆح ئەرستۆ وەك شاریحەكەی ئیبن ڕوشد دەڵێت بڕوای بە نەمریی عەقڵ هەبووە، بەڵام نەك بە نەمریی عەقڵی تاكەكان بەڵكو بە نەمریی عەقڵ بەگشتی. عەقڵ لای ئەرستۆ دیاردەیەكی كردارەكییە و سەرتاپای جیهانی گرتۆتەوە، واتا كردارەكییانە ئەرستۆ ئایدیاكانی ئەفلاتوونی هێنایە سەر ئەرزی واقیع و سیفەتی یەك سوڕەتی نەمریی پێبەخشین، كە ئەو سوڕەتە قیدەمە واتا لە ئەزەلەوە هەیە و ئەبەدییە، واتا بۆ هەتا هەتا دەمێنێتەوە، لەلایەكی دیكەوە سێبەرەكانی ئەفلاتوون بە گوزارشتێكی تر دیاردە مەترِیالەكانی كە ئەفلاتوون بە سێبەر و بێنرخی دادەنان ئەرستۆ سیفەتی هەیوولا، یەك مادەی ئەوەڵی پێبەخشین كە هەمدیس ئەو هەیوولایە قیدەم و ئەزەلی و ئەبەدییە. لای ئەرستۆ عەقڵ كە نەمرە گەر تەنها لە سوڕەتدا بمێنێتەوە كردارەكییە و لە مادەدا بمێنێتەوە هێزەكییە، بەو شێوەیە ئەرستۆ بە سوڕەت و هەیولا چاكسازییەكی سەرەكیی لە سەر فۆڕمەكان و سێبەرەكانی فەلسەفەی ئەفلاتووندا ئەنجامدا. ئەرستۆ هەموو كار و پیشەیەكیش كە ئەفلاتوون بێنرخی كردبوو و بە سووك تەماشای دەكرد، بە چوار هۆكارەكە دیسانەوە قیمەتی پێبەخشییەوە، چوار هۆكارەكەی ئەرستۆ بریتین لە:- هۆكاری بكەری، هۆكاری وێنەیی، هۆكاری مادی، هۆكاری غائی. دارتاشێك كەدەیەوێت كورسییەك لە تەختە چێبكات بە خۆی هۆكارە بكەرییەكەیە و ماهییەتی كورسییەكەیش لە پێشدا لە مێشكییایەتی، ئەمە هۆكارە وێنەییەكەیە، ئەو مادەیەی كە بۆ دروستكردنی كورسییەكە بەكاریدەهێنێت بریتییە لە مادەی تەختە، ئەمە هۆكارە مادییەكەیە و مەبەستیش لە دروستكردنی كورسییەكە بۆ دانیشتنە، ئەمەیش هۆكارە غائییەكەیە. كە بە پێچەوانەوە لای ئەفلاتوون خودی دارتاشەكە و كاری دارتاشییەكەی لە كۆمارەكەیدا بە لاساییكردنەوەی سێبەر لە قەڵەمداوە واتا بە سێبەری سێبەری داناوە. بۆیە بە ئەرستۆ دەڵێن فەیلەسووفی واقیعی، هەرچەندە ئێمە لەگەڵ ئەو ڕایە نین و دەڵێین فەلسەفەكەی بۆ ئەو سەردەمە لە چاو فەلسەفەكەی ئەفلاتووندا واقیعی دێتە بەرچاو. بەو شێوەیە بە پێی ئاستی مەعریفیی سەردەمەكەی، فەلسەفە واقیعییەكەی ئەرستۆ دۆنـادۆن و نەمریی ڕۆح و بەهەشت و دۆزەخی ئەفلاتوونی پووچەڵكردەوە، كە هەرچەندە وەكو وتمان فەلسەفەی ئەفلاتوون پێناچێت بەو شێوەیە بووبێت و بە حوكمی سیاسەتی سەردەم لە ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانیادا

که پشتگیریی له بێنرخی ژیان دەکرد، مەعریفەخوازانی ئەو سەردەمە دەستکاریی فەلسەفەی ئەفلاتوونیان بە ناوی ئەفلاتوونیزمی نوێوە کردووە.

پاش تاریفکردنی سوڕەت و هەیولا، کە بەشی سەرەکیی مێتافیزیکای ئەرستۆن، ئەوجا بابێینە سەر کاتیگۆرییەکانی، ئەفلاتوون کە دەڵێت هەموو مرۆڤێکی سەر ئەم زەمینە بە مردوو و زیندووەوە سێبەرن و نوێنەرایەتیی تاکێک مرۆڤی ئایدیا کە فۆڕمی سەرەکییە لە ئاسماندا دەکەن، ئەو مرۆڤە لای ئەرستۆ دەبێتە جەوهەر هەروەها دار، کورسی، سەگ، پشیلە، مشک، ئەمانە کەلای ئەفلاتوون ئایدیان لە ئاسماندا، ئەرستۆ دەیانهێنێتە خوارەوە و دەیانکاتە چەمکی هەمەکی و بە ناوی جەوهەرەوە ماهییەتێکی گشتییان پێدەبەخشێت کەلای ئەرستۆ جەوهەر و ماهییەت(چییەتی) جیاوازییان نییە، جەوهەر چییەتییە و چییەتیش جەوهەرە. لە دونیا سێبەرئامێزەکەی ئەفلاتوونیش سیفەتیی گشتی عەرەزەکان وەک کەی و لە کوێ و زەمان و مەکان و خاوەندارێتی.... هتد هەڵدەهێنجێت، ئەرستۆ لە لۆژیکەکەیدا کە بە لۆژیکی ئەرستۆ ناسراوە و سەدان ساڵ بگرە لای زۆرێک لە فەیلەسووفانی ئێستایش تەنها لۆژیکی زاڵە، بە تەواوەتی فەلسەفەکەی ئەفلاتوونی کە بە فیلتری کاتیگۆرییەکانی تێپەڕاند، کردە ئەمری واقیع.

**لۆژیکی ئەرستۆ:**

هەموو مرۆڤێک فانییە، پێشەکیی گەورە

ئەمە لای ئەرستۆ ماهییەتە ناوی ناوە پێشەکیی گەورە، لای ئەفلاتوون تێکڕای مرۆڤی سەر ئەم زەمینە فانین و سێبەرن، مرۆڤی ڕاستەقینە مرۆڤی ئایدیایە لە ئاسماندایە و خودا ئافراندوویەتی، ئەرستۆ لە پێشدا بە بەندی یەکەمی کاتیگۆرییەکانی تەوافوقێکی لە نێوان مرۆڤی سێبەر و مرۆڤی ئایدیادا کرد و بە یەک جەوهەری دانان و بەم پێشەکییە گەورە لۆژیکییەیشی چەمکی مرۆڤی لەسەر ئەرزی واقیعدا گشتیتر کرد.

**سۆکرات مرۆڤە، پێشەکیی بچووک**

یەک لەو مرۆڤە سێبەرانەی ئەفلاتوون ناوی سۆکراتە حوزووری هەنووکەیی هەیە ئەرستۆ ئەم مرۆڤەی، کە ناوی سۆکراتە لە چەمکە بە گشتیکراوەکەدا هەڵێنجا و تایبەتمەندییەکی پاژەکیی پێبەخشی، کە هەر بە خۆی واقیعە و حوزوورێکی واقیعیشی هەیە.

**سۆکرات فانییە، ئەنجام.**

ئەرستۆ دەرەنجامی ئەم واقیعە پاژەکییەی پێوتین کە فانییە و دیسانەوە لۆژیکییانە بە پێشەکیی گەورەوە پەیوستی کردەوە بەوەی مرۆڤ، ئایا سۆکرات بێت یان مرۆڤێکی تر بە گشتی فانین. واتا سیفەتی نەمریی لە مرۆڤ سەندەوە و دیسانەوە لە ئەرزی واقیعدا پاش ئەوەی لە




سێبەربوون قوتاری کرد، جێنشینی کردەوە و بۆ جیهانی ئایدیاکانی ئەفلاتوونیش تەنها مەقوولەیەکی هەمەکیی بێ موسەممای هێشتەوە کە مرۆڤ بەگشتی فانین.

یەک لەو هەڵە زەقانەی کە لای ڕۆشنبیرانی خۆماندا باوە ئەوەیە کە دەڵێن، ئەفلاتوون بە یەکجارەکی شیعری لە کۆمارەکەیدا کردە دەرەوە، کە بێگومان ئەمە وانییە، لە سەردەمی فەلسەفەی سێکوچکەدا لە شاری ئەسینا بە تایبەتی و وڵاتی یۆنان بە گشتی، داستانگەلی تراجیدی و کۆمیدی لە لایەن شانۆنووسانەوە شیعرئامێزانە بوو و بە شیعر و نەزم دەهۆنرانەوە، هەر بەو شێوەیەش شیعرئامێزانە و نەزمئامێزانە لە شانۆکاندا نمایش دەکران، کە ئەمە بە خۆی پاشماوەی قۆناغی میتۆلۆژیایە، بۆیە لە بەشی تایبەت بۆ قۆناغی میتۆلۆژیا ئەوەمان وت، کە هۆمیرۆس داستانی ئەلیازە و ئۆزیسەی بە شیعر هۆنیوەتەوە. توڕهەڵدانی شیعر لە کۆمارەکەی ئەفلاتوون پەیوەندیی بە فۆڕمی شیعری و شیعرەوە نییە، بەڵکو وابەستەگیی بە ناوەڕۆکی ئەو شیعرانەوە هەیە، کە خەسڵەتگەلی خراپ و نەگەتیڤ دەدەنە پاڵ خوداکانی ئۆڵیمپی و ئەو خودایانەیش وەکو وتمان خوداگەلی قۆناغی میتۆلۆژیان، زیاتر خودامرۆڤن و هەڵگری دوالیزمەیەکن لە نێوان صیفەتە واقیعییەکانی مرۆڤی ڕاستەقینەی سەر زەوی و سیفەتگەلی وەهمیی خەیاڵی کە دراونەتە پاڵ بە ناو بوونەوەرانی ئاسمانی کە ناوی خودایان لێناون، کە هێشتا لەو دوالیزمەیەدا خودای ڕەهاگەری کامڵ لە مرۆڤی

ڕێژەیی نوقسان جیانەکراوەتەوە.

ئەرستۆ لەم بوارەیشدا چاکسازییەکی بێوێنەی کرد کە کۆمەڵی مرۆڤ لە بواری هونەری و دەروونناسیدا بە ئێستاوەیش سوودی لێدەبینێت. ئەرستۆ پرۆسەیەکی دانا بە ناوی کاسارسیس یاخود کاساریسما(کاساریسما وشەیەکی یۆنانییە واتا پاکژکردنەوە)، ئەرستۆ لەم پرۆسەی پاکژکردنەوەیەدا زیاتر مەبەستی لە داستانە تراجیدییەکان بوو وەک لە داستانە کۆمیدیەکان و لە شانۆکانی یۆناندا نمایشکردنیانی ئازاد کرد. تا ئەو کاتەی لە سەردەمی ئیمپراتۆری بێزەنتی جۆستانیان لە سەدەی پێنجەمدا کە ئاینی خرستیان باڵا دەست و ئاینی فەرمیی دەوڵەت بوو، تێکڕا تەحریمی ئەو شانۆیانە و زۆر بواری تر کرا، کە پەیوەندییان بە شارستانییەتی یۆنانی پێش خرستیانەوە هەبوو و بە یەکجارەکی ئەو بوارانە هەڵگیران و قەدەغە کران. ئەرستۆ وەکو دەرمان سەیری تراجیدیای دەکرد کە لە زمانی یۆنانیدا دەرمان (فارماکۆن)ە و واتایەکی دوالیستییانەی هەیە، فارماکۆن هەم دەرمانە و هەم ژەهرە، زۆر جار ژەهر ڕۆڵی تریاق واتا چاککەرەوە و هێمن کەرەوە دەبینێت، کە لە زمانی موتەداویلدا تلیاکی پێدەڵێن و لە زمانی یۆنانیشدا(ئیخۆر)ە و جۆرێکە لە مادە هۆشبەرەکان. بە پێی وتەی (میلتن)ی نووسەری ئینگلیز ((مەرگەسات(تراجیدیا) لە هەموو جۆرەکانی تری شیعر بە سوودترە))، کە ئەمە هەمان ڕای ئەرستۆیە و میلتن هەر بە خۆی لە بارەی لێکدانەوەی بۆچوونی ئەرستۆ بۆ تراجیدیا و چەمکی کاساریسماوە دەڵێت:((لەبەرئەمە ئەرستۆ دەربارەی مەرگەسات(تراجیدیا)گوتوویەتی، کە میهرەبانی یان ترس یان زەندەق چوون، دەورووژێنێت، ئەو کاتە ڕۆح لەو سۆزانە پاکژدەکاتەوە، واتا تا ڕادەیەکی پێویست کەمیان دەکاتەوە، هێوریان دەکاتەوە، پارسەنگیان دەگرێت)).

## سوکرات



یەك لەو مرۆڤە سێبەرانەی ئەفلاتوون ناوی سۆکراتە حوزووری هەنووکەیی هەیە ئەرستۆ ئەم مرۆڤەی، کە ناوی سۆکراتە لە چەمکە بە گشتیکراوەکەدا هەڵێنجا و تایبەتمەندییەکی پاژەکیی پێبەخشی، کە هەر بە خۆی واقیعە و حوزوورێکی واقیعیشی هەیە.

بەو پێیە بێت ئەرستۆ پێیوایە سەیرکردن و تەماشاکردنی شانۆی تراجیدیا ڕۆحی مرۆڤ ئارام دەکاتەوە، گەر فرۆیدییانە بۆی بچین دەڵێین، ئەو غەریزە مەرگاوییانەی پاڵنەری سەرەکیی کوشتن و تیرۆر و تۆقاندن و ترسن، کە لە دیمەنەکانی مەرگەساتدا دەیبینین، دادەمرکێنرێنەوە و بەتاڵدەکرێنەوە، بە ئێستاوەیش وەکو ئاماژەمانپێکرد، ئەم پرۆسەیە لە بواری هونەریی فیلم و سینەمادا لە ڕووی دەروونناسییەوە سوودی لێوەردەگیرێت و بەردەوامە. بە هەمان شێوە یۆنانییەکان لە بواری پزیشکی و تەندروستیشدا وەکو جۆرە لوقاحێکی سەرەتایی دوو مادەی کیمیاویی چوونیەکیان دژ بە یەک بەکاردەهێنا، بۆ نموونە شتی ترشیان دژی ترشاندنی خواردن لە گەدە بەکاردەهێنا، هەروەها شتی سوێریان بۆ دوورخستنەوەی سوێری بەکاردەهێنا. لەم سەردەمەیشدا ئەو لوقاحەی لە ئەزموونگەکاندا دژی وەبای کۆڕۆنا بۆ نموونە لە هەوڵی بەرهەمهێنانین، هەر دەبێت جۆرێک لە پێکهاتەیەکی ڤایرۆسی کۆڕۆنا، بێت. ئا بەم شێوە بوو کە ئەرستۆ تراجیدیا و کۆمیدیای لە زیندانەکەی کۆماری ئەفلاتوون ڕزگار کرد.

دوا وتەمان بۆ عەقڵی یۆنان ئەوەیە کە، بۆ ئەم سەردەمە و تەحەدیياتی ئەم سەردەمە، عەقڵی یۆنان عەقڵێکە بەرامبەر عەقڵە موغایرەکان هیچی پێنەماوە و دەستەوسانە، تەنها لەبەر هەیبەتە مێژوییەکەیەتی کە عەقڵە موغایرەکان بە تایبەتی عەقڵی ئەنگلۆساکسۆنی ئەمەریکایی و لە چوار چێوەی یەکێتیی ئەورووپایشدا عەقڵی ئەڵمان بەڕێوەی دەبەن. ئەم عەقڵە وەکو سونبولی نەتەوایەتی بە تایبەتی لە لایەن ناسیۆنالیستەکانییەوە تەنها کاوێژی فەلسەفەی کۆنیی بەسەرچووی خۆی دەکاتەوە.

### سەرچاوەکان:-

١-میتافیزیک، ئەرستۆتالیس، وەرگێڕانی: سیدۆ داود عەلی، چاپەمەنی گەنج، سلیمانی ٢٠١٦.
٢- تاریخ الفلسفه الغربیه، الکتاب الاول، الفلسفه القدیمه، برتراندرسل، ترجمە: زکی نجیب محمود، الهیئه المصریه العامه للکتاب، القاهره، ٢٠١٠.
٣- فەلسەفەی گریکی، بەرگی یەکەم، ئیمیل بریهێیە، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، ئاوات ئەحمەد، دەزگای چاپ و پەخشی چراخان، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧.
٤- بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی، لاسل ئابیر کرومبی، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، محەمەد سابیر مەحموود، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکوک، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١١.
٥- نقد نقد العقل العربی، نقریه العقل، جورج طرابیشی، دار الساقی، الطبعه الرابعه، ٢٠١١
٦- کۆماری ئەفلاتوون، وەرگێڕانی، محەمەد کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩.



# ڕۆشنگەریی چییە؟



گرایم سمیث
وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە: موعتەسەم موحەمەد

ئەم پرسیارە ((ڕۆشنگەریی چییە؟)) (What is Enlightenment?) هەندێک لەمێشکە مەزنەکانی مێژووی مرۆڤایەتی سەرقاڵکردووە، لەولیستەشدا گرنگترین فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری دەبینینەوە، بەڵکو گرنگترین فەیلەسوفانی سەردەمی نوێش وەک هەندێکیان جەختی لەسەردەکەنەوە، بۆنمونە ئیمانۆئێل کانت. ئەم پرسیارە جیاوازە لەوەی دەپرسێت ((قۆناغی ڕۆشنگەری چییە؟)) (What is the Enlightenment?) لەبەرئەوەی پرسیاری یەکەم لەبارەی وێناکردنی هزری و ڕووحی ڕۆشنبیرییەوە دەپرسێت کە دیاردەی ناسراو بەڕۆشنگەری دروستکرد، بەڵام پرسیاری دووەم پرسیارێکی ئاساییە و لەبارەی قۆناغی مێژووییەوە دەپرسێت کە بابەتی ئەم نوسینەیە، هەروەها پرسیار لەهزرمەندان ونوسەرانی گرنگی ئەوبوارە دەکات. لەهەمانکاتدا ئەم دووپرسیارە تێکهەڵکێشن. ئەوهزرمەند و نوسەرانەی ئەم ڕووحە نوێیەیان داهێنا بیرۆکەی گاڵتەئامێزانەیان هەبوو کە بووبەهۆکاری ئەوەی ئەوسەردەمە مێژوویە تاڕادەیەک جیاواز دەربکەوێت. لەبەرئەوە لەهەردوو پرسیارەکە دەکۆڵمەوە، بەدەست نیشانکردنی سەردەمە مێژووییەکە دەست پێدەکەم کە بابەتی توێژینەوەکەشە، بەرلەوەی بچمەسەر لێکۆڵینەوە لەڕووحی ڕۆشنگەری.

پرۆفیسۆر پیتەر گای لەمێژووە مەزنەکەیدا کە لەدووبەرگدا بەچاپی گەیاندووە دیاری دەکات کە سەدەی هەژدەهەم سەردەمی بنەڕەتی ڕۆشنگەرییە(١). دوومێژوو دیاری دەکات وەک دووسنوری گونجاو. سەرەتاکەی بەساڵی ١٦٨٨ دیاری دەکات بەشۆڕشی مەزنی ئینگلتەرا؛ کۆتاییەکەیشی بەساڵی ١٧٨٩ و بەشۆڕشی فەرەنسا دیاریدەکات. بەڵام ئەوەواتای ئەوەنییە کە هزری ڕۆشنگەری لەپێش ساڵی ١٦٨٨دا بوونی نەبووە و نەناسراوبووە، هەروەک چۆن واتای ئەوەیش نییە لەدوای شڵەژانە گەورەکە کە شۆڕشی فەرەنسا دروستیکرد ڕۆشنگەری بوونی نەمابێت، ڕەنگە پێچەوانەکەی ڕاست بێت، بەڵام هزرەکانی ڕۆشنگەری بەرلەسەدەی هەژدە هێزی شۆڕشگێڕی نەبوو کە بۆسەردەمە نوێیەکە گرنگی زۆری پێبەخشی، لەدوای ساڵی ١٧٨٩ ڕووحەکە و کەشەکەیش گۆڕانکاری بەسەرداهات. بەڵام کاریگەرییەکانی ڕۆشنگەری لەسەرنەوەکانی ئایندە بەردەوامبوو، ئەوکەشە فکری و ڕۆشنبیرییەی لەقۆناغی یەکەمدا ڕەخساندی گەیشتە کۆتاییەکەی.

پیتەرگای سێ نەوە لەنوسەرانی ئەوسەردەمە دەستنیشان دەکات(٢). ئەوپیاوانە (هەموویان پیاوبوون) ئەوکەسایەتیە سەرەکیانە بوون کە بناغەیان بۆڕۆشنگەری دانا. کارێکی بەسود دەبێت ئەگەر لیستی ناوەکانیان دابنێین بۆئەوەی بزانین مشتومڕ لەگەڵ کێدا دەکەین کاتێک کە باس لەڕۆشنگەری دەکەین. هەژموونی هەریەکە لەمۆنتسیسکۆ(٣) و ڤۆڵتێر بەسەرنەوەی یەکەمی ئەوفەیلەسوفانەوەیە، پشتیان بەکارەکانی جۆن لۆک و ئیسحاق نیوتن بەستبوو کە هێشتا ئەوکارانە بۆ ئەوسەردەمە نوێ بوون ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبوونەوە. نەوەی دووەمیش لەسەرەتای سەدەدا

لەدایک بوون و لەناوەڕاستیدا گەیشتنە قۆناغی پێگەیشتن و هەریەک لەفرانکلین(٤) و هیوم و ڕۆسۆ(٥) و دیدرۆ(٦) و هاوڕێکەی لەئینسکلۆپیدیا بەناوبانگەکەدا دالامبێرت(٧). ئەونەوەیە دیدگایەکی نوێی ڕەسەنیان بۆجیهان داهێنا. نەوەی سێیەمیش بارۆن دۆلباک (هۆلباخ)(٨) و لیسینگ(٩) و جیفرسون(١٠) و کانت و تورگۆ(١١). ئەونوسەر و بیرمەندانە پشتیان بەکاری فەیلەسوفانی پێشتر بەستووە و گەشەیان بەکارەکانیانداوە، ڕۆشنگەریيان بەڕووگەی نوێ بەرەوخانەکانی فەلسەفە و زانست و ئابوری و یاسا و سیاسەت(١٢) ئاراستەکرد. گومانیشی تێدانییە کە لیستەکەی پیتەرگای گومانیشی لەسەربووە.

ڕوونیشە کە ئەونەوانەی ئەوسەردەمە پەیوەندییان پێکەوە هەبووە، بۆیە ئەبینین ڤۆلتێر کۆششێکی گەورەی کردووە لەبڵاوکردنەوەی داهێنان و میتۆدناسیە زانستیەکانی نیوتندا، ئەوتێکۆشانەیش کارێک بووە گاڵتەی پێنەکراوە. کانتیش جان جاک ڕۆسۆی بەیەکێک لەوانە زانیوە کە کاریگەرییان تێیکردووە، وێنەی ئەویشی لەکاتی خوێندندا لەلای خۆی هەڵگرتبوو. هەروەها دۆلباک هیۆمی لەکاتی هێرش کردنەسەر کەنیسەدا بەکارهێناوە، پەیوەندی نێوان ئەوبیرمەندانە لەبەشێکیدا گەشەیی بووە، بەشێوەیەک نوسەرانی نەوەکانی دواتر توانییان پشت بەکارەکانی پێشەنگانی پێشین ببەستن. هەروەک ڕوونمکردەوە بەپێی بۆچوونی پیتەرگای ئەوەکۆدەنگی سەردەمی ڕۆشنگەری بوو. بەوشێوەیە پەیوەندییەکان ئەویەکگرتوویيە گرنگەکەیان جێگیرکرد کە ڕووحی سەردەم دەریخستبوو. بەڵام بیرۆکەی بوونی یەکگرتوويیەکی گەورە لەڕێگای ڕۆشنگەرییەوە کەوتە بەرڕەخنەیەکی توند لەتوێژینەوەکانی ئەم دواییەدا. بەرلەوەی لەوڕەخنانە بکۆڵینەوە پێویستە یەکەمجار لەوکۆدەنگیە تێبگەین کە پیتەرگای بڕوای وایە ئەوسەردەمەی لەسەردەمەکانی دیکە جیاوازتر کردووە.

ئیمانۆئێل کانت لەوتارێکدا بەهەمان ناونیشان وەڵامی ئەوپرسیارەی داوەتەوە ((ڕۆشنگەری چییە؟)) لەساڵی ١٧٨٤دا کە بۆگۆڤارێکی ڕۆشنگەرانەی ناردووە بەناونیشانی ((گۆڤاری بەرلینی مانگانە))(١٣) ((Berlinische Monatsschrifi)). بەو وتارە کانت بەشداری لەمشتومڕێکدا کرد کە ئەوگۆڤارە ڕێکیخستبوو. بڕگەی یەکەمی ئەو وتارەی کانت کورتەیەکی بەناوبانگی ڕووحی ڕۆشنگەری پێشان دەدات و دەڵێت:

ڕۆشنگەری بریتییە لەئازادبوونی مرۆڤ لەوکۆت و بەندانەی کە بەسەرخۆیدا سەپاندووە، کۆت و بەندەکان دەستەوەستانێتی لەبەرامبەر بەکارهێنانی تێگەیشتنیدا بەبێ ئەوەی کەسیش ئاراستەی کردبێت. هەرچی هۆکاری ئەوکۆت و بەندانەشە هۆکاری خودییە لەکاتێکدا ئەگەر بەهۆکاری هەژاری ئەقڵی نەبێت، بەڵکو بەهۆکاری هەژاری لەئازایەتی و بەکارنەهێنانی ئەقڵ بووە بەبێ ئاراستەکردن لەلایەن کەسانی دیکەوە. جورئەتت هەبێت هەوڵ بدە بزانیت(!) (Sapere aude!)، هەروەها ((بائازایەتیت

هەولێرنامەی کتێب

هەبێت و ئەقڵی تایبەتت بەکاربهێنە))، ئەوەدروشمی ڕۆشنگەری بوو(١٤).

ئەو دروشمانە هەستکردن بەمتمانە و ئازادی دەبەخشن لەکاتێکدا هەموو پرۆسەی ڕۆشنگەری گرتبۆوە. ئەومتمانەیەش لەتوانای مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتبوو لەڕووبەڕوو بوونەوەی سروشتدا. چونکە بۆماوەی چەند سەدەیەک ئەگەر نەڵێین لەهەموو مێژووی مرۆڤایەتیدا، مرۆڤ قوربانی سروشت بووە. بەدەست تاعوون و زریان و زەمین لەرزە و نەخۆشی و مردن بەهۆی برسێتیەوە ناڵاندویانە. هەستکردنی بەردەوام و ڕاستەقینەی مرۆڤ بەوەی کارەساتێکی سروشتی لەهەموو وەرچەرخانێکدا بۆی لەبۆسەدایە و چاوەڕوانی دەکات. ئەوەسەرەڕای دڵڕەقی و سەختی سروشت کاریگەری برینەکانی خودی مرۆڤ خۆیان بەهۆی جەنگ و توندوتیژی کە بەرەودوای یەکتر دەبوونەوە لەگەڵ پرۆسەی ئاشتیەکی فشەڵ و ناجێگیردا. هەموو ئەمانە لەگەڵ ڕۆشنگەریدا دەستیان بەگۆڕان کرد. هەڵبەتە ئەوگۆڕانکاریانەیش لەشەو و ڕۆژێکدا ڕوویان نەدا، بەڵکو کاتی زۆری ویست، بەڵام ڕووحێکی نوێ خەریکبوو دەردەکەوت. زانین (مەعریفە) و تێگەیشتن، توێژینەوە و ڕەخنە، بەتایبەتی زانست پێشکەوتنێکی گەورەی بەخۆوە بینی، هەموو ئەوەیش بەواتای ئەوەبوو مرۆڤ بووبە خاوەنی دەسەڵات و ئازادی و خەڵک توانای ئەوەی پەیداکرد کە جڵەو بگرنەدەست، توانییان لەهەندێک لەهێزەکان تێبگەن کە دژیان بوون و جڵەویان بگرنەدەست. چیتر ژیان وەک زنجیرەیەک لەکارەساتی ناڕوون نەمایەوە کە ڕاڤە نەکرێن، زانین و تێگەیشتن و توێژینەوە و ڕەخنە، هەستی ئازادی بەمرۆڤ بەخشی کە پەیوەست بوو بەپێڕەوکردنی دەسەڵاتەوە. ڕووحیەتی ڕەخنە و جورئەتکردن بۆدەستکەوتنی مەعریفە و توێژینەوە و دەسەڵات گرتنەدەست و شیکاری و تێگەیشتن، هەموویان ئامرازی گەشەکردنی مرۆڤ و سەرکەوتنی بوون.



## پیتەر گای



پرۆفیسۆر پیتەر گای لەمێژووە مەزنەکەیدا کە لەدووبەرگدا بەچاپی گەیاندووە دیاری دەکات کە سەدەی هەژدەهەم سەردەمی بنەڕەتی ڕۆشنگەرییە(١). دوومێژوو دیاری دەکات وەك دووسنوری گونجاو. سەرەتاکەی بەساڵی ١٦٨٨ دیاری دەکات بەشۆڕشی مەزنی ئینگلتەرا؛ کۆتاییەکەیشی بەساڵی ١٧٨٩ و بەشۆڕشی فەرەنسا دیاریدەکات

سەردەمی ڕۆشنگەری هەندێک کات بە((سەردەمی ئەقڵ)) ناودەبرا، پیتەرگای ئەوبیرۆکەیە گەشە پێدەدات، خۆی ((سەردەمی ڕەخنە)) بەباشترین پێناسە بۆ ئەوسەردەمە دەزانێت. بەوپێیەی فەیلەسوفەکان پێیان وابوو ئەقڵ تەنیا ئامرازی ڕۆشنگەری نییە، لەبەرئەوەی ئەقڵ ناچار بەکردەوە ناکات و تەنیا ئامرازی توێژینەوەی کاریگەریش نییە(١٥). بۆیە ڕەخنە گشتگیرترە و هەموو ئەوڕۆڵانەش دەگێڕێت. بۆئەوەی ڕەخنەش هەبێت پێویستە دوومەرج هەبن: یەکەم: پێویستە هەست بەئازادبوون لەدامەزراوە و هزرە سەرکووت کەرەکان و ئازادی پێڕەوکردنی ئەزموون و فێربوونی نوێ ودەربڕینی هزری نوێ هەبێت. دووەم: پێویستە کەسایەتی و دامەزراوە هەبێت بۆئەوەی ڕەخنەی لێبگرێت، هەروەها بابەتێک هەبێت بۆڕەخنەکردن. سەدەی هەژدەهەم دوو لەوبابەتانەی دابینکردبوو: ئەوانیش کەنیسە و دامەزراوە سیاسیەکان بوون. ئەم دوو دامەزراوەیە لەزۆربەی کاتتدا ئامانجی ڕەخنەی توندی فەیلەسوفان بوون. ئەویشی ڕۆشنگەری لەپرۆسەکانی دیکە جیاکردەوە، لەڕاستیدا حەزی ڕەخنەگرتن بوو لەئاین و سیاسەت. بەڵام گومانی تێدانییە کە ئەوەیش سەرکێشییە، چونکە لەوانەیە فەیلەسوفەکان و دەسەڵات ڕووبەڕووی یەکترببنەوە و فەیلەسوفەکان بکەونە بەرهەڵمەتی سەرکوتکردن. لەهەندێک دۆخیشدا ناچاربوون لەوڵاتەکانی خۆیان هەڵبێن بۆوڵاتانی دیکە کە ئازادی تیایاندا زیاتربوو. بەڵام بەردەوام بوون لەڕەخنەگرتن لەکەنیسە و دەوڵەت و زۆرجاریش هەوڵ و تێکۆشانەکانیان چەندقات دەکرد.

فەیلەسوفەکان ڕەخنەکانیان لەسەرچاوە کلاسیکی و یۆنانی و ڕۆمانیەکانەوە هەڵدەهێنجا. پیتەرگای فەیلەسوفەکانی بە((بتپەرستانی سەردەمی نوێ)) پێناسە دەکرد. ئەوەی ئەوانە کردیان ئەوەبوو کە مەعریفە کلاسیکیەکانیان کرد بەئامرازێک بۆڕەخنە گرتن لەمەسیحیەت، بەوەیش پێشینە دێرینەکانیان کردە ئامرازێک بۆ ڕزگاربوون لەپاشخانە مەسیحیەکەیان و لەسپاردەیی (وصایة)ی ئاین بەسەریانەوە. لەدوای ئەوقۆناغە دەستبەرداری ئەو خزمەتگوزارییەی

کلاسیکەکەش بوون و ئاراستەی خۆیان گۆڕی و دیدگایەکی نوێیان بۆجیهان بونیادنا. بەوشێوەیە ڕۆشنگەری بریتیبوو لە((تێکەڵەیەکی ناجێگیر لەبەرایی (نەزعەی) کلاسیکی و ئەتایستی و زانست))، هەرئەوەیش کردیانی بەبتپەرستانی سەردەمی نوێ(٦)، ئەوپیاوانە پوختەیەکی ژیرانەیان لەبارەی ڕۆشنگەرییەوە لەمەی خوارەوەدا پێشکەش کردوە:

پیاوانی ڕۆشنگەری لەسەرپرۆگرامێکی ئومێدبەخش تائاستێکی بەرز کۆک بوون. پرۆگرامەکەش پەیوەست بوو بەسکۆلاریزم و مرۆڤدۆستی و هاوڵاتی بوونی جیهانی (Cosmopolitanism) و ئازادی، لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە، هەموو شێوازە جۆراوجۆرەکانی ئازادی: ئازادبوون لەدەسەڵاتی سەرکوتکەر و ئازادی دەربڕین و بازرگانی و ئازادی بەدیهێنانی توانا مرۆییەکان و ئازادی وەڵامدانەوە ئیستاتیکای هونەری، بەکورتی بریتییە لەئازادی ئاکاری (ئەخلاقی) مرۆڤ لەوەدا کە ڕێگای تایبەتی خۆی بگرێتەبەر لەجیهاندا(١٧).

ئێستا مرۆڤەکان تەمەنی یاساییان تێپەڕاندووە، واتە مرۆڤ ئێستا لەڕووی ئەقڵییەوە تەواو پێگەییوە و دەتوانێت ڕێگای خۆی لەجیهاندا ببڕێت، چیتر پێویستیان بەئەفسانە و خورافاتەکانی کەنیسە نییە هەتا دڵنەواییان بکات و ڕاڤەی ژیانیان بۆبکات. هەروەها پێویستیان بەڕاسپاردەی سیستەمە سیاسیە سەرکوتکەرەکانیش نەماوە. مرۆڤەکان ئێستا دەتوانن خۆیان بەدواداچوون بۆئازادی و کاروبارە مەعریفییە نوێیەکانی خۆیان بکەن، هەردەبێتیش ئەوەبکەن. مرۆڤایەتی لەگەڵ ڕووحی ئەوسەردەمەدا بەڕێکەوتبوو، ئامادە بوو بۆئایندەیەکی پرشنگدار کە تیایدا توانا و تێگەیشتنی زیاتر دەبوو. کاتێکیش زانست پێگەی خۆی لەپێشەڕەوایەتیدا وەرگرت ئاین لەزبڵخانەی مێژوودا گۆشەگیرکرا، مرۆڤایەتی بەرەوپێش و ڕوو لەئایندەیەکی گەش هەنگاوی دەنا. ڕۆشنگەری بەوشێوەیەبوو.

یان لانی کەم، ئەوتێڕوانینی ڕۆشنگەری بوو. ڕوونیشە کە هیچ کەسێک باوەڕی بەوەنەبووە توانای بەدیهێنانی هەموو ئەوانەی لەوئانوساتەدا هەبێت. بەدەربڕینە بەناوبانگەکەی کانت، هەمووکەس ڕۆشنفکر نەبوو، بەڵام سەردەمەکە سەردەمی ڕۆشنگەری بوو. وەک پێناسەمان کرد ڕۆشنگەری ڕووحی سەردەمە نوێیەکە بوو. میزاجێکی ڕۆشنگەرانەی خاوەن متمانە هەبوو کە حەزی پێشکەوتنی تێدابوو. بەڵام پێویستە ئەوتێڕوانینە بەبێ توێژینەوە لەهەندێک خۆپارێزی بنەڕەتی نەخەینە بەردەست. خۆپارێزی یەکەم گرنگی کەمتری پێدراوە و پیتەر گای لەتوێژینەوەکەیدا دەریخستووە(١٨). ئەویش پەیوەستە بەدانانن بەبوونی جیاوازی نەتەوایەتی گرنگ لەگەشەکردنی ڕۆشنگەریدا، بۆنمونە؛ فەرەنسیەکان لەڕەوتی شۆڕشەکەیاندا توندبوون لەڕەخنەگرتن لەهەریەک لەکەنیسە و دەوڵەت پێکەوە. لەبەرامبەریشدا؛ ئینگلیزەکان بەگشتی لەدامەزراوە ئاینی و دەوڵەتیەکانیان ڕازی بوون، کەچی زۆرینەی ئەڵمانەکان ((سیاسی



نەبوون)). پیتەر گای جەخت لەوەدەکاتەوە کە ئیتالیەکان حەزیان لەوەبووە کار لەگەڵ دەوڵەتدا بکەن بۆئەنجامدانی گۆڕانکارییەکان. لەبەرئەوە پیتەرگای بەشێوەیەکی گشتی درکی بەبوونی جیاوازییەکان کردووە لەکولتور و مێژوودا کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی کاریگەری لەسەر فەیلەسوفەکان داناوە. بەڵام ئەوجیاوازیانە ئەوەندە کاریگەر نەبوونە کە بەرەنگاری ڕۆشنگەری ببێتەوە. کۆدەنگیەک لەڕووح و ناسنامەی هاوبەشدا هەبووە. لەڕاستیدا؛ هەتا ئەوئاستە ئامانجی هەموویان یەکبووە کە خەڵک فەیلەسوفەکانیان بەیەک خێزان دەزانی، سەرەڕای ئەوەی ئەوخێزانە لەزۆربەی کاتدا مشتومڕیان زۆربووە. ڕووحی ڕۆشنگەری بەڕادەیەک هەژموونی بەسەریاندا هەبوو کە جیاوازییە خۆجەییەکان نەیاندەتوانی ڕووحی سەردەمە هاوبەشەکە پەکبخەن.

لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکانی دیکە باوەڕیان بەیەکگرتوویی ئەوبانگەشانە نەبوو کە بۆڕۆشنگەری دەکران، بەتایبەتیش جەختیان لەوەدەکردەوە کە ئەووێنەیەی لەبارەی ڕۆشنگەرییەوە لەهزرماندا دروست بووە دەستەبژێری و نێرسالارانەیە، لەبەرئەوەی گرنگی بەپیاوانی مەزن و هزرەکانیان دەدات(١٩). ئەوەی نادیدکرابوو ڕۆڵی ژنان و هەژارەکان و خەڵکی ستەمدیدە و دەنگە نارۆژئاواییەکان و بەشدارییەکانیان بوو، بۆنمونە؛ زۆرینەی ئەوئەدەبەی لەسەردەمی ڕۆشنگەریدا نوسران بەشدارنەبوون لەمشتومڕی هزرە گەورە پەیوەستەکان بەزانست و فەلسەفەوە. ئەوئەدەبە بریتی بوون لەکتێب گەلێک کە ڕێنماییان لەکتێب و چیرۆکە میللیەکان و پۆرنۆگرافیا و کتێبی منداڵان و کتێبەکانی فێرکاری مێژووی کلاسیکی وەردەگرت. زۆرینەی ئەوکتێبانەش ئێستا نادیارن. بەڵام بەرهەم هێنانەکەیان بنەمای ئابوری ڕۆشنگەری بوو. میشێل فوکۆ(٢٠) پێناسەی چارەنوسی نەخوازراوە کۆمەڵایەتیەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری دەکات. بەپێی ئەوپێناسەیە، لێکەوتەکانی پێناسەی ئەقڵ و ماقوڵیەت بوو بەهۆکاری دامەزراندنی چەندین دامەزراوە بۆئەوانەی کە پێشتر کۆمەڵگە بەرێکاری کەمتر لەمرۆیانە لەخۆی گرتبوون. لەتوێژینەوەکەی گایدا (پیتەر گای) دان بەوەدا نرا کە هەندێک لەژنان ڕۆڵیان هەبووە، بەڵام زیاتر ڕۆڵەکەیان ڕۆڵی دۆست و هاوڕێی سۆز و خۆشەویستی بووە. هەرچی بەشدارییە فکرییەکانیانە زۆرینەی توێژەران نادیدەیان کردووە. لەکۆتاییشدا؛ ڕۆشنگەری لەلای زۆرینەی خەڵکی کۆلۆنیالە ڕۆژئاواییەکان زۆر جیاواز بوو لەوکەمینە خاوەن بەختەی ئەورووپای ڕۆژئاوا. هەرچی تەکنیکی زانستیشە لێکەوتەی سەرسوڕهێنەری لەجەنگەکان و پاکتاوکردنە بەکۆمەڵەکاندا هەبوو، سەرەڕای سودە پزیشکیەکان کە هیچ گومانێکیان لەسەرنییە. بۆیە ئەووێنە یەکگرتووەی لەلامان دروست بووە بۆ ڕۆشنگەری وەک سەردەمی پێشکەوتنی هزری و زانستی زۆرکەسی گرنگی نادیدەکردووە. ئەوەیش لەکۆتاییدا مێژووی مرۆڤایەتییە و زۆر بەدەگمەنیش

مێژوو ئەمانەتی پاراستووە لەگواستنەوەی ڕووداوەکاندا، ئەوەئەگەر نەڵێین هەرئەمانەتی نەپاراستووە.

پرسیارەکە ئێستا پەیوەستە بەوەی ئەو مێژووە جیاوازانە وابکات کە هەموو هەوڵەکان بۆنوسینەوەی پوختەیەک لەبارەی ڕۆشنگەری و پێناسەکەیەوە بێ ئاکام بێت. ئەوەیش بەجۆرێک لەجۆرەکان ڕاستە. لەتواناشدا نییە سەرنج بخەینە سەر هەموولایەنە جیاوازەکان لەڕووداوەکانی سەدەی هەژدە کە سەدەیەکی نائارام بوو. لەبەرئەوە ئامانجی ئێمە هەوڵدان نەبوو بۆنوسینەوەی مێژوویەکی گشتگیر، ئامانجی ئێمە شیکردنەوەی ڕۆڵی هەژاران نییە لەفەرەنسای شۆڕشگێڕدا. ئەوەی ئێمە گرنگیمان پێیداوە ئەو وەرچەرخانەیە کە هزرەکان لەبابەتەکانی زانست و ئاکار دەگرێتەوە. لەم بابەتانەدا ئەوەندە بەسە سەرنج بخرێتەسەر ئەو وەرچەرخانە لەڕۆشنبیری فکریدا کە فەیلەسوفەکان ئامادەسازییان بۆی کردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا دان بەوەدا دەنێین کە ئەمە تەواوی وێنەکە نییە. ناشڵێم ئەوگۆڕانکاریانە بۆهەموو خەڵک باش بووە و ڕوونیشە کە بەوشێوەیە نەبووە. بەڵام لەم قۆناغەدا سەرنج دەخەمەسەر سروشتی ئەوگۆڕانکاریانە. لەبەشی کۆتاییشدا گرنگی بەهەندێک بابەتی ئاکاری (ئەخلاقی) دەدەم کە کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگەی پاش ڕۆشنگەریمان دەبێت. لەپاش ئەوەی ڕەچاوی ئەومافداریتیە دەکەم بەردەوام دەبم لەتوێژینەوە لەئەقڵیەتی زانستی.

**ئەقڵیەتی زانستی (الذهنية العلمية)**

لەسەردەمی ڕۆشنگەریدا دوو دەستکەوتی دیارهەبوون. یەکەمیان ژیان و سەرکەوتنەکانی ئیسحاق نیوتن بوو. دووەمیشیان ئەنسکلۆپیدیاکەی دەنیس دیدرۆ بوو کە لەسەرەتادا بەهاوکاری دالامبێر (Jean le Rond d›Alembert) ئەنسکلۆپیدیاکەی دانا. ئەوەی ئەوژیانە سەرنج ڕاکێشە و ئەوپەیوەستیە گەورەیە ڕوونی دەکاتەوە بریتییە لەئەقڵیەتی زانستی نوێ کە بەهۆیەوە فەیلەسوفەکان ناوبانگیان دەرکرد. لەم دوو نمونەیەی ڕۆشنگەریدا خورافات و ئەفسانەی کۆن وەلاوەنران بەهۆی تێبینی و توێژینەوەی ورد و شیکارییەوە. لەبەرئەوە دوو دەستکەوتی گرنگی ئەوسەردەمە بوون.

سەدەی هەژدەهەم سەردەمی پێشکەوتن و داهێنانێکی باوەڕپێنەکراو بوو(٢١)، ساموئیل جۆنسۆن (Smuel Jonson) دەڵێت: ((ئەم سەردەمە شێتانە بەدوای داهێنان دەکەوێت. هەموو کارەکانی جیهان دەبێت بەشێوازێکی نوێ تەواوبکرێن؛ پێویستە پیاوان بەشێوازێکی نوێ لەداربدرێن، تەنانەت خودی تیبۆرن (٢٢)یش لەگرۆتینی ئەوداهێنانە پارێزراو نەبووە))(٢٣). نازانین ئاخۆ زیندانیە تۆمەتبار کراوەکان هەستیان بەبەشدارییەکەیان کردووە لەسەردەمی پێشکەوتندا یان نا. بەدڵنیاییشەوە بەشێک بوونە لەئەزمونێکی فراوانتری پەیوەست بەهەموو شتێکی نوێ و گەشەپێدراوەوە. ئەوەی ئەوداهێنان و گۆڕانکارییەی بڵاوکردەوە و سەریخستن ئەوەبوو کە لەدەرئەنجامی

خوێندنەوە و ڕێکخستنەوە پەیدابوون. پیتەر گای پێناسەیەکی جوانی بارودۆخەکە دەکات و دەڵێت:

ئەکادیمیا زانستیەکان کە لەسەدەی هەڤدەدا دروست کرابوون بۆئاسانکاری ئاڵوگۆڕی زانیاری تەکنیکی نوێ و باوەڕپێکراو و بڵاوکردنەوەی، نمونەیەکی پێشەنگ بوو بۆسەدەی هەژدە. سەردەمی ڕۆشنگەری سەردەمی ئەکادیمیاکان بوو؛ ئەکادیمیاکانی پزیشکی و کشتوکاڵ و ئەدەب، هەموو ئەکادیمیایەکیش خەڵات و گۆڤار و دیبەیتەکانی خۆی هەبوو کە بەشداربوویەکی زۆری بۆخۆی ڕادەکێشا. لەوئەکادیمیایانە و لەدەرەوەی ئەوانیشدا، لەکارگەکان و شوێن کارەکان و قاوەخانەکاندا، زۆرجار ژێری خۆی بۆدەرئەنجامە جێبەجێکارەکان تەرخان کردووە، خۆی لەکۆتە نەریت سونەتیەکان دەرباز کردبوو، گوێی بەوەسوەسەی جوانی و کۆتە ئاینیەکان نەدەدا. بەردەوام پەیوەندی بەزانایانەوە هەبوو، بەشداری چاکسازییە تەکنیکیەکانی دەکرد(٢٤).

دەرکەوت ئەوداهێنانە نوێیانەی تۆمار کرابوون ڕێژەیان لە(٦٠) دانەوە لەنێوان ساڵەکانی ١٦٦٠ ـ ١٧٦٠ بەرزببووەوە بۆ (٣٢٥) لەنێوان ساڵەکانی ١٧٦٠ ـ ١٧٩٠. ئەوە سەرەڕای هەستکردن بەوەی کە ژیان و گوزەرانی خەڵک بەخێرایی چاک دەبوو؛ بەدڵنیاییەوە لەهیچ بارودۆخێکیشدا ناگاتە ترۆپکی چاکی، بەڵام بەشێوەیەک کە گومان هەڵناگرێت باشتر ببوو.

چاکترین پێشکەوتنیش لەبواری پزیشکیدا بوو کە لەسەربنەمای زانستی جێگیر بونیاد نرابوو، ئەویش بەوەی لەکاری جادووگەری و پێشبینیە هەرەمەکیەکانی پێشتر و چارەسەری خێزانی و دەستوەردانی پیاوانی ئاینی و پاکمەندان (قدیسین)ی لێ جیاکرایەوە و گیانی ڕۆشنگەری پەیوەست بەتوێژینەوەی ئەزمونگەری لەخۆگرتبوو. زۆرتر ئەوانەی کاری پزیشکییان دەکرد فەیلەسوفەکان بوون و زۆربەی فەیلەسوفەکان یان پزیشکییان خوێند یان پەیوەندی هاوڕێیەتی گەرمیان لەگەڵ پزیشکان هەبوو، پزیشکی ئەوبوارە بوو کە ڕۆشنگەری تیایدا زۆرترین سودی بەخۆشگوزەرانی مرۆڤ گەیاند. چیتر مرۆڤەکان نابوون بەقوربانی نەخۆشیە جەستەییەکانیان. ئەوەیش ئەوەناگەیەنێت کە پێشکەوتنی بواری پزیشکی خاو نەبووبێت و تووشی بەرەنگاری نەبووبێت، فاڵچی و جادوگەری زۆرهەبوون کەسانی نەزان و ساویلکەیان دەخەڵەتاند. هەرچی دامەزراوە پزیشکیە تایبەتمەندەکانیشە کەوتنە ژێر هەژموونی پزیشکانی کۆن کە سڵیان لەسودەکانی زانستە نوێیەکان دەکردەوە. پاشان چاکترین خزمەتە پزیشکیەکانیش زۆرینەی خەڵک نەیاندەتوانی تێچوەکەی دابین بکەن، بەڵام گیانی ڕۆشنگەری پشتیوانی پاشەڕۆژی زانستی پزیشکی کرد. ئەوتەواوکارییەی کە لەنێوان زانستی پزیشکی و فەلسەفە و گیانی ڕۆشنگەریدا دروست بوو یەکێک لەناوادارترین پزیشکەکان نوێنەرایەتی دەکرد، ئەویش هێرمان برهاف (٢٥)بوو. خوێندنگە پزیشکیەکەی ناوبراو لەشاری (لیدن ـ Leyden) بوو خوێندکاری زۆری لەسەرتاسەری ئەوروپا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بۆخۆی کێش دەکرد.

ئەوەی لەپرۆگرامەکەیدا سەرنج ڕاکێش بوو ئەوەبوو کە دەیوت پرۆگرامێکی نیوتۆنیە (مەبەست لەپرۆکرامی ئیسحاق نیوتنە ـ وەرگێڕ). ئەوەیش بالآترین شەرفمەندی سەردەمی ڕۆشنگەری بوو. دواتریش دەست لەهەموو پرۆگرامەکانی ئەفسانەییەکان و تیۆرە میتافیزیکیە کۆنەکان هەلگیرا بۆ بەرژەوەندی پرۆگرامە نوێیەکان و داهێنانەکان. وتەکەی برهاف کە دەیوت نیوتونییە وامان لێدەکات گرنگیەکانی ئەم پیاوە مەزنە بپشکنین.

ئیسحاق نیوتن وەک پالەوانی ڕۆشنگەری دەردەکەوێت، چونکە دانەری زۆرینەی بنەماکانی زانستی نوێ بوو. نیوتن لەساڵی ١٦٤٢ لەدایک بوو، بوو بەپرۆفیسۆرێکی لۆکاسی(٢٦) (Lucasian Professor) لەبیرکاریدا و لەزانکۆی کامبردج لەساڵی ١٦٦٩دا، لەتەمەنی ٢٣ ساڵیدا گەشەی بەبنەماکانی جیاکاری و تەواوکاریدا (Calculuc)، کارە هەرە مەزنەکەیشی کتێبی (پرەنسیپە بیرکارییەکانی فەلسەفەی سروشت (Mathematical Principles of Natural Philosophy کە بەزمانی لاتینی لەساڵی ١٦٨٧دا بڵاوکرایەوە، لەساڵی ١٧١٣شـدا دوای دەستکاری کردن و بژاردەکردنی دووبـارە بڵاوکرایەوە، لەساڵی ١٧٢٦یشدا بۆجاری سێیەم بڵاوکرایەوە، لەساڵی ١٧٢٩شدا بەزمانی ئینگلیزی بڵاوکرایەوە(٢٧). ئەم کارەی نیوتن بەهۆی ڤۆڵتێرەوە ناوبانگی دەرکرد کە وتبوی نیوتن مەزنترین پیاوە. ڤۆڵتێر نوسیویەتی:

ئەگەر مەزنایەتی ڕاستەقینە بەواتای ئەوەبێت کە ئاسمان داناییەکی بەهێزت پێ ببەخشێت، بەواتای ئەوەبێت کە ئەودانایيە بەکاربهێنیت بۆ ڕۆشنفکری خۆت و خەڵکانی دیکە، ئەوەبزانن پیاوێکی وەک نیوتن کە (بەدەگمەن دەسەدە جارێک هاوشێوەیەکی دەردەکەوێت) مەزنێکی ڕاستەقینەیە، هەرچی سیاسیەکان و داگیرکەرانە کە (هیچ سەدەیەک نییە دەرنـەکـەون)، ئـەوان بەگشتی هیچ شتێک نین جگە لەخوێڕیگەلێکی (أوغاد) ناودار(٢٨).

ڤۆلتێر هەرگیز باکی بەوەنەبووە کە زێـدەڕەوی بکات لەناساندنی کەسەکاندا، بـەڵام پێناسەکەی و کارەکەی کە بۆستایش کردنی نیوتن کردی بەدووگەواهی سەبارەت بەگرنگی نیوتن دادەنرێن. نیوتن کاریگەری جیهانی هەبوو،




لەسەردەمی ڕۆشنگەریدا دوو دەستکەوتی دیارهەبوون. یەکەمیان ژیان و سەرکەوتنەکانی ئیسحاق نیوتن بوو. دووەمیشیان ئەنسکلۆپیدیاکەی دەنیس دیدرۆ بوو کە لەسەرەتادا بەهاوکاری دالامبێر (Jean le Rond d›Alembert) ئەنسکلۆپیدیاکەی دانا

لەبەرئەوەی میتۆدە زانستیەکەی و بەکارهێنانە بیرکارییەکانی و ئەزمون و تێبینیەکانی لەهەموو کێڵگەکانی زانستی سروشتی وکۆمەڵایەتیدا لاسایی کرایەوە. ڤۆلتێر جەختی لەوەکردەوە کە ((ئێستا هەموومان خوێندکاری نیوتنین))، دێڤد هیوم هەوڵی دەدا ((نیوتن ببێتە زانستە ئەخلاقیەکان))(٢٩). وێنەی دانای ڕۆشنگەری بۆ نیوتن گونجاو بوو، ئەوکەسێکی ڕەفتار نامۆبوو، سەرقاڵی توێژینەوەکانی بوو، گوێی بەومشتومڕانە نەدەدا کە دەوری داهینانەکانی دابوون. خاوەنی تێڕوانینێک بوو کە کردی بەزانایەک نهێنیەکانی گەردوون بدۆزێتەوە، ئەوچیرۆکانەی لەبارەیەوە دەگێڕدرایەوە خرانە سەر ئەوخەرمانەی دانایيەی دەوری دابوو، بەتایبەتی ئەوەی لەبارەی کەوتنە خوارەوەی سێوەکەوە دەیگێڕنەوە. سەرەڕای ئەوە و دوور لەپێگەی ڕاستەقینەی کارە زانستیەکەی، لەلای ئێمە و لەلای فەیلەسوفەکانی دیکەش کرۆکی ئەوشۆڕشە فکرییە بوو کە لەگەڵ ڕۆشنگەریدا ڕوویدا.

داهێنانەکەی نیوتن بەتایبەتی لەفەرەنسا هەژموونی میتۆدەکەی دیکارتی پۆچەڵ کردەوە، پێویستم بەوەنییە ئەوبابەتە زۆر بەوردی تاوتوێ بکەم، تەنها ئەوەندە بەسە بڵێم کاتێک دیکارت بەڵگەی لەسەر بابەتەکان لەخودی شیکاری بابەتەکان هەڵدەهێنجا بەڵگە و لەبەرگرتنەوە (ئاوەزانی ئینداکتیڤ یان ئیستقرائی - deductive reasoning) بۆ ڕاڤەی دیاردە سروشتیەکان، نیوتن ئەزمونگەر و هاندەر بوو (inductive). دیکارت هەستەوەرەکانی بەکارنەدەهێنا لەتوێژینەوە گەردونیەکاندا. بەڵکو بیرکردنەوە ئەقڵانیەکانی




هەواڵنامەی کتێب

بەکاردەهێنا بۆ دۆزینەوەی جیهانەکەی دەوروبەری خۆی. بەڵام نیوتن توێژینەوەکانی لەوردەکارییەکاندا بوو، بۆیە تیۆرییەکانی لەسەر تێبینی و شیکارییەکانی خۆی بنیات دەنا، هەرئەوەیش نیوتنی لەدووەم کتێب لەبەرهەمە دانسقەکانیدا ئاراستەکرد بۆ شەرمەزار کردنی هەندێک لەشتە پڕوپوچەکانی کۆسمۆلۆجیای دیکارت. بەوشێوەیە نیوتن توانی بەهۆی توێژینەوە ئەزمونیە یەکلایکەرەکانیەوە بیرۆکەکەی دیکارت ڕەت بکاتەوە کە دەیوت گەردوون پڕبووە لەمادde یان هەسارە بەردەوام خۆر کێشی کردوون بۆخۆی لەڕێگای گەردەلوولە گەردوونیەکانەوە، ئەوبیرۆکەیەی بەبێ واتای ناوزەد کرد. زانستەکەی نیوتن تائاستێکی گەورە سەرکەوتووتر بوو لەوانی دیکە. لەپاش نیوتنیش بەڕوونی بۆ هەموو ئەوکەسانە دەرکەوت کە گرنگییان بەبابەتەکە دابوو باشترین ڕاڤە بۆگەردوون بەهۆی یاساکانی کێش کردنەوە بووە. ئەوسەرکەوتنانە لەبواری فیزیا و زانستی گەردوونناسیدا بوو بەهۆکاری ئەوەی هەژمووونی شێوازەکەی نیوتن بەسەر هەموو لقەکانی زانستدا بسەپێت، لەناویاندا زانستی پزیشکی و زانستە کۆمەڵایەتیەکانیش. لەجیهانی زانستی ئەزمونگەریدا لەجیهانی ئەزموون و تێبینیدا، بوار بۆ ئەوتیۆرانە نەمایەوە کە لەسەر بنەمای بەڵگە و لەبەرگرتنەوە بنیات نرابوون.

ئەوسەرکەوتنی ئەقڵیەتی زانستی بوو. بابەتەکە پەیوەندی بەوەوە نییە کە فیزیای نیوتنی کوێرانە تەبەنی بکرێت بەهەموو وردەکارییەکانیەوە؛ تەنانەت خودی نیوتنیش لەبەرامبەر تاقیکردنەوەکانی زەمانەدا خۆڕاگر نەبوو، بەڵکو ئەزمونەکە لەسەر ئاستی میللی بەسەر میتافیزیکادا سەرکەوتنی بەدەست هێنا. بوارە گشتیەکە پێویستی بەڕووداو و ڕاڤەگەلێکە کە پشت بەتێبینی و بەڵگە و ئەزمونگەری ببەستێت. ئەوەیش لەزانستی کۆمەڵایەتی و زانستی سروشتیدا ڕاستە. ئەوە ئەوئەقڵیەتەیە کە هەژمووونی بەسەر کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی سیکۆلاردا هەیە و ئاین لەبەرامبەریدا تێکۆشا بۆئەوەی زامنی مانەوە لەگەڵیدا بکات. هەتا ئێستاش ئاین هەرماوە سەرەڕای هەموو پرسیارەکانی پۆست مۆدێرنێتە.

ئەوەیش دەمباتە سەرخاڵی کۆتایی لەبارەی نیوتنەوە کە پێویستە لەسەری بوەستین(٣٠). ئەوپیاوە بەدرێژایی ژیانی بەمەسیحێتی مایەوە و باوەڕی وابوو کە خواوەند خواوەندی هەمووانە، بەچیرۆکەکانی کتێبی پیرۆزی یەکەم ڕازی بوو، واتا پێنج بەشەکەی موسا کە دەڵێت خودا هەموو خەڵک و هەموو بونەوەرانی ئەفراندووە. هەروەها باوەڕی بەوە هەبووە کە خودا ناهێڵێت ئەستێرەکان بەسەریەکتردا بەرببنەوە ئەگەر بەهۆی یاساکانی سروشتەوە بێت یان بەهۆی موعجیزەوە بێت، هەروەها خودا شێوانی سیستەمی خۆر چاکدەکاتەوە کە بەهۆی کلکدارەکان و تەوەری هەسارەکانەوە تێکدەچن. نیوتن باوەڕی وەهابوو کە خودی یاساکانی سروشتیش خودا ئەفراندویەتی و دەتوانێت چاکیان بکاتەوە و بیانگۆڕێت. خودی نیوتن کەسێکی ئایندارێکی (لاهوتی) شارەزابوو، سەرەڕای ئەوەی گرنگی بەخیمیا (کیمیای کۆن) و کرۆنۆلۆژیای شانشینە کۆنەکان داوە(٣١). شوێنکەوتەکانی



نیوتنیش بەڵگەکانی ئەویان بەکاردەهێنا بۆئەوەی بیسەلمێنن خودا دیزاینێکی ئەقڵانی بۆسروشت کردووە. دەردەکەوێت کە نیوتن باوەڕی ئەقڵی بەخودا هەبوبێت واتا کەسێکی (ڕبوبی Deist) بووبێت. بەڵام پیتەرگای جەخت لەوەدەکاتەوە کە مەحاڵە نیوتن ڕبوبی بووبێت، ئەگەر وەهابوایە بۆچی پارێزگاری لەکورسیەکەی دەکرد لەزانکۆی کامبردج، ئەوەبەسە کە پاشتر کارێکی حکومی سەرکەوتووی هەبێت ئەگەر کەسێکی ئاینداری پەیوەست نەبووبێت. بەوشێوەیە داهێنان و دۆزینەوەکانی نیوتن هەرگیز کاریگەری لەسەر باوەڕە مەسیحیەکەی نەبووە. پێویست ناکات لەوەزیاتر لەسەر نیوتن بدوێین، مەبەستیشمان ئەوەنییە لەپێناوی کێشەیەکی مەسیحیدا کێشمەکێش بەنیوتن بکەین، دەتوانین تێبینی ئەوەبکەین کە نیوتن بەرجەستەی کۆکردنەوەیەک دەکات لەنێوان ئەقڵیەتی زانستی و باوەڕی بەردەوام بەخودا. لەڕاستیدا کارە لاهوتیەکانی نیوتن بێدەنگیەکی گەورەیان لێکرا و پشتگوێ خران. دەتوانین بەکەسێکی سکۆلارستی ڕۆژئاوایی نوێگەری ئەژماربکەین کە خاوەن ئەقڵێکی زانستی و هەندێک باوەڕی ئاینی بوو.

ئەگەر نیوتنی دانا پاڵەوانی ڕۆشنگەری بووبێت، ئەوە ئینسکلۆپیدیای هونەر و زانست و پیشەکان گرنگترین پرۆژەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری بوو. ئەوئینسکلۆپیدیایە پێکهاتبوو لەحەڤدە بەرگ لەدەق و یانزە بەرگ لەتابلۆ هونەرییەکان(٣٢). زۆربەی ئەوبەرگانە لەنێوان ساڵانی (١٧٥٠ ـ ١٧٦٣)دا بڵاوکرایەوە. دەنیس دیدرۆ ئەندازیاری سەرەکی ئەوکارە بوو، دالامبێریش هاوکاری بوو لەسەرەتاوە. بەڵام دیدرۆ زۆربەی ژیانی بۆ ئەوپاشخانە گەورەیەی مەعریفە تەرخان کرد. ئەنسکلۆپیدیاکە کرۆکی خەونی ڕۆشنگەری بەرجەستە دەکرد، زۆرترین مەعریفەی تەکنیکی کۆکردبۆوە و وتارەکانی سوپایەکی گەورەی بەشداربوان نوسیبوویانەوە. پێوەرەکانی بەشداری کردنیش لەونوسینانەدا (لانی کەم ئەوەی ڕاگەیەنرابوو) ئەوەبوو کە زانستی بێت، دیارە مەبەستیش لەزانستی هەموو ئەوشتانە بوو کە تاقیکردنەوەیان لەبارەوە کرابێت. ئینسکلۆپیدیاکە دوو ئامانجی هەبوو، یەکەمیان دژایەتی باوەڕ و ڕەفتارە کۆن و بەسەرچووەکان بوو، دووەمیشیان مەعریفە لەسەر فراوانترین ئاست و بۆدورترین شوێن کە لەتوانادا بێت بڵاوبکاتەوە. ئەوئامانجانەش دەبنە هۆکاری ئەوەی بوار بۆدۆزینەوەی نوێ بڕەخسێت بۆئەوەی تەواوکاری بۆگەشەی زانستەکانی ڕۆشنگەری بکەن. ئینسکلۆپیدیاکە لەڕووی نرخەوە زۆر گران بوو کەچی لەگەڵ ئەوەشدا چوارهەزار دانەی لێ فرۆشرا و بەشێوەیەکی بەرفراوان لەسەرتاسەری فەرەنسادا بڵاوبووەوە.

## دژایەتی مەسیحیەت لەلایەن ڕۆشنگەرییەوە

مشتومڕەکەی پێشومان لەبارەی باوەڕی ئیسحاق نیوتنەوە پرسیارێک دەوروژێنێت لەبارەی قەبارەی هەستی دژایەتی کردنی مەسیحیەت لەپرۆسەی ڕۆشنگەریدا. تا چ ئاستێک نیوتن بەدەربووە لەودژایەتییە یان بناغەی ئەودژایەتیە بووە؟ ئایا فەیلەسوفەکان بەشداری باوەڕەکەیان کردووە یان ڕۆشنگەری

سەردەمێک بوو کە تیایدا کڵێسا و مەسیحیەت بەرهێرشێکی فراوان و بەتین کەوتن وەک ئەوەی زۆرینەی خەڵک گریمانەی دەکەن؟ گومانی تێدانییە وەک لەمەودوا ڕوونی دەکەینەوە کە ئەوفەیلەسوفانەی هەژمونیان بەسەردۆخەکەوە هەبوو ڕەخنەی توندیان لەکڵێسا گرت. شتە پڕوپوچەکانیان ڕوون کردەوە و هێرشیان کردەسەر دۆگماییەکەی، بەڵام دژایەتی باوەڕی ئاینییان لەبنەڕەتەوە نەکرد، بەڵکو باوەڕیان وابوو کە هەندێکجار ڕۆڵێکی شێواز شارستانی دیاریکراوی هەیە، سەرەڕای ئەوەی دەبێت ئەوە لەچوارچێوەی کۆمەڵگەی هاوڵاتی بوونی فرەیی جیهانی ئازاددا بێت.

زۆرجار تورەیی فەیلەسوفەکان لەکڵێسا، ئەوەیش واتای تورەییانە لەکڵێسای کاسۆلیکی لەفەرەنسا و ئیسپانیا و ئیتالیا، بەڵام لەوڵاتانی دیکەی وەک ئینگلتەرا و هۆڵەندا و ئەڵمانیا و وڵاتانی دیکەی ئەوروپای ڕۆژئاوا بابەتەکە گرفتدارتر بوو لەبەرئەوەی ژمارەیەک لەکڵێسای پڕۆتستانتیان تێدابوو. لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێکجاریش وەک لەئینگلتەرا هەبوو بەکڵێسای دەوڵەت ناودەبرا (a state church) بۆئەوەی هێرشی بکرێتەسەر. بەڵام فەرەنسیەکان لەوانی دیکە توندوتیژتر بوون(٣٤). بەدەربڕینی پرۆفیسۆر ڕۆی پۆرتەر(٣٥)، کۆششی زۆریان لەوپێناوەدا کردووە ((ڕاهاتبوون لەسەرئەوەی هەجووی کاهینەکان بکەن و تۆمەتباریان بکەن بەوەی کە تووشی داهـزران بوونە و تۆمەتبار کردنی ئەوانەی خانەی برایەتیەکاندا بوون (friars) بەچاوچنۆکی، هەروەها تۆمەتبارکردنی ڕەبەنەکان بەژن و پیاوەوە بەبەدڕەفتاری و لادانی سێکسی و تۆمەتبار کردنی پیاوانی ئاینی (لاهوتیەکان) بەمشتومڕی بێ بەرهەم و لێکۆڵەرەکانیش بەسادیزم و ئەشکەنجەدانی قوربانیەکانیان، پاپاکانیشیان بەوەتۆمەتبار دەکرد کە شەیدای مەزنگەراییین)). هۆکاری ئەم ڕقەش ئەوەبوو کە کڵێسا دوژمنی ڕۆشنگەری بوو. فەیلەسوفەکان باوەڕیان بەوەهەبوو کە کڵێسا گەندەڵە و بەئەنقەست تێوەگلاوە لە سەرکووتی خەڵک بەبەرنامە. کڵێسا دوڕووە و گەندەڵە لێگەڕاوە خەڵک نەزان بن نوقمی خورافات بن بۆئەوەی دەسەڵاتی خۆیان بەهێزبکەن، وانەیان لەسەر شتی پڕوپوچی نازانستی لەبارەی موعجیزەوە دەوتەوە و هەڕەشەی ئەشکەنجەی دۆزەخیان لەمنداڵان و خەڵکی ساویلکە دەکرد بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی سیاسی خۆیان. لەبەرئەوەی دەسەڵاتیان بەسەر زۆرێک لەقوتابخانەکاندا دەشکا توانای ئەوکارانەیان هەبوو. کوڕان و کچانی گەنجیان لەخەلوەتگەکاندا دەخەڵەتاند، هەموو ئەوانەیش کە لەگەڵ ڕاسپاردەکانیاندا نەگونجایە بەبتپەرستی و هەرتەقە (بیدعەچی) تۆمەتباریان دەکردن. ئەوبابەتەیش بوو بەهۆکاری پەکخستنی گەشەی زانست بەهۆی چەوساندنەوە (گالیلی)یەوە، ئەوتاوانەیش بەتەنها بەسبوو بۆئەوەی فەیلەسوفەکان بەتوندی تورەبکات. بەڵام سەرەڕای ئەوەیش، کڵێسا ویستی سنور بۆئازادی فکر و دەربڕین دابنێت و ئەویش تاوانە سەرەکیەکە بوو لەدیدگای بیرمەندانی ڕۆشنگەریدا. ئەوانە نەیاندەتوانی پشتگیری ڕێکخراوێک بکەن بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە پێشوەختە ڕاستیەکانی لایە.

## پەراوێزەکان:

(1) Peter Gay, The Enlightenment: An Interpretetation, Vol. I: The Rise of Modern Paganism (New York: 1966); Peter Gay, The Enligtenment: An Interpretetation, Vol. II: The Science of Freedom (New York: 1969).

(2) Gay, The Rise of Modern Paganism, p. 17.

(٣) مۆنتیسیکۆ ((Montesquicu)) (١٦٨٩–١٧٥٥): فەیلەسوفێکی فەرەنسییە ویەکێکە لەمەزنترین فەیلەسوفەکانی ڕۆشنگەری ناوبانگی بەتێڕوانینە جیاوازەکانی دەرکردبوو لەنێو فەیلەسوفەکانی هاوسەردەمیدا وەک گرنگیدانی بەچاکسازی یاساکانی تاوان وقەرەبووکرنەوەی دادگاکانی پشکنین بەپەیماننامەیەک کە لیبوردەیی بەسەریدا زاڵبێت، سەرەڕای ئەوەی لەسەرەتاوە بڕوای تەواوی بەوەهەبوو کە ئەگەر ڕۆشنگەری نەچێتە بواری سیاسەتەوە بەنەزۆکی دەمێنێتەوە. Routledge Encyclopedia of Philosophy,) Version. ١,٠ London and New york: Routledge) ,١٩٩٨), p.٥٦٢١). وەرگێڕی عەرەبی.

(٤) بنیامین فرانکلین ((Benjamin Franklin)) (١٧٠٧–١٧٧٠) بزنسمانێکی سەرکەوتوو، سیاسی و دیپلۆماسیێ وزانا وفەیلەسوف وچاکسازێکی کۆمەڵایەتی بوو، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەبوو لەسەربەخۆیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا (Ibid., p. ٢٩١٨). وەرگێڕی عەرەبی.

(٥) جان جاک ڕۆسـۆ((Jean–Jacques Rousseau)) (١٧١٢–١٧٧٨) فەیلەسوفێکی سویسری ویەکێک لەگرنگترین فەیلەسوفەکانی ڕۆشنگەرییە. بەجیاوازی توندی لەگەڵ هاوڕێ ڕۆشنگەرەکانی ناوبانگی دەرکرد، نوسینی گرنگی هەیە لەبوارەکانی فەلسەفەی سیاسی وفەلسەفەی پەروەردەیی وئاکار (ئەخلاق) (Ibid., p. ٧٥٣٠). وەرگێڕی عەرەبی.

(٦) دەنیس دیدرۆ ((Denis Diderot)) (١٧١٣– ١٧٨٤): فەیلەسوفێکی فەرەنسیە وگرنگی بەبواری پەروەردە وئاکارداوە، بەسەرنوسەری ئینسکلوپیدیای هونەر وزانست و پیشەدەستیەکان ناوی دەرکردووە (Ibid., p. ٢١٦٣) . وەرگێڕی عەرەبی.

(٧) جان دالامبێرت ((Jean le Rond D›Alembert)) (١٧١٧ – ١٧٨٣): کەسایەتیەکی سەرەکی بواری ڕۆشنگەری فەرەنسی بوو، هەروەها زانای بواری بیرکاری وهاوکاری دیدرۆ بوو لەئینسکلۆپیدیاکەیدا. (وەرگێڕی عەرەبی).

(٨) بـارۆن دولباک ((Baron D›Holbach)) (١٧٢٣– ١٧٨٩): فەیلەسوف و ئینسکلۆپیدییەکی فەرەنسی بەبنەچە ئەڵمانییە، بەشداری لەئینسکلۆپیدیاکەدا کردووە بەوتار و وەرگێڕانی زۆر لەزمانی ئەڵمانییەوە، گرنگی زۆریشی بەبواری زانست بەتایبەتی داوە. وەرگێڕی عەرەبی.

(٩) گۆتهۆڵد ئیفرایم لیسینگ ((Gotthold Ephraim Lessing)) (١٧٢٩– ١٧٨١): بیرمەندێکی لاهوتی و ئاینی ئەڵمانییە، هەروەها ئەدیب و ڕەخنەگرێکی شانۆیی فەیلەسوفە وکاریگەری بلایبنتز و ولفی لەسەربووە.(Ibid., p. ٤٧٢٦) (وەرگێڕی عەرەبی)

(١٠) تۆماس جیفرسۆن ((Thomas Jefferson)) (١٧٤٣– ١٨٢٦): سیاسیەکی ئەمریکی ویاساناس وبیرمەند وزانا وداهێنەرە، داڕێژەری وتاری سەربەخۆیی وڵاتە یەکگرووەکانی ئەمریکایە، گرنگی بەبواری فەلسەفەی تیۆری پەیوەستنانەی کۆمەڵایەتی و مافی سروشتی داوە. (وەرکێڕی عەرەبی).

(١١) ئان ڕۆبێر جاک تورگۆ ((Anne Robert Jacques Turgot)) (١٧٢٧– ١٧٨١): ئابورپناس وسیاسیەکی فەرەنسی و توێژەری ئابوریيە (وەرگێڕی عەرەبی).

(١٢) دەستەواژەی ((فەیلەسوفەکان - Philosophes)) وەک ناوێکی هاوبەشی گروپێکی ڕەنگاوڕەنگ لەخەڵک لەوانەی بەشدارییان لەپرۆسەی ڕۆشنگەریدا کردووە. پیتەرگای پێناسەیان دەکات و دەڵێت: ((کۆمەڵەیەکی بەتەواوی نارێکخراو و نافەرمی و فراوان لەڕەخنەگران

و ڕۆشنبیران و گومانکەرە ئاینیەکان و ڕیفۆرمخوازانی سیاسی لەئەدەنبرەوە هەتا ناپۆلی و لەپاریسەوە هەتا بەرلین و لەبۆستنەوە هەتا فیلادلفیای لەخۆدەگرت)). ئەوکۆمەڵەیە فەیلەسوفەکانی زانکۆکان و ڕۆژنامەنوسان و زاناکانی بواری ئابوری و ڕەخنەگران و سیاسیەکانی لەخۆدەگرت. لەزمانی ئینگلیزیدا پێناسەیەکی ورد بۆئەوگروپە نییە.

(١٣) ئەو وتارە لە: ((Paul Hyland With Olga Gomez & Francesca Greensides (eds.), The Enlightenment. A Sourcebook and Reader (London: ٢٠٠٣), pp. ٥٤–٥٨.)) لەچاپدراوە.

(14) Ibid., p54.

(15) Gay, The Rise Of Modern Paganism, p. 141.

(16) Ibid., p.8.

(17) Ibid., p. 3.

(18) Ibid., p. 4.

(١٩) دۆریندا ئۆتەردام توێژینەوەیەکی لەبارەی ئەوڕەخنانەوە کردووە لەکتێبەکەیدا بەناوی: Dorina Outram The Enlightemnent, (Cambridge: ٢nd ed. ٢٠٠٥).

(٢٠) میشێل فۆکۆ (Michel Foucault) (١٩٢٦–١٩٨٤) فەیلەسوف و مێژوونوسێکی فەرەنسیە و گرنگی بەئەرکیۆلۆجیای مەعریفە و بابەتەکانی دەسەڵات و سێکسوالیێتی (Sexuality) و شتی تریش داوە (وەرگێڕی عەرەبی).

(٢١) بڕوانە Gay, The Science of Freedom, especially book ٣, Chap. ١, pp. ٣–٥٥.

(٢٢) تیبۆرن (Tyburn) شوێنێکی نزیکی لەندەنە وتایبەت بووە بەسزادان و لەسێدارەدان (وەرگێڕی عەرەبی).

(٢٣) لە (Ibid., p. ٩.)دا باسکراوە.

(٢٤) Ibid., pp. ٩–١٠.

(٢٥) هێرمان برهاڤ (Hermann Boerhaave) (١٦٦٨–١٧٣٨) پزیشک و مامۆستایەکی هۆڵەندییە، یەکێک بووە لەمەزنترین پزیشکان کە زانستی پزیشکییان لەخەمڵاندنەوە گواستەوە بۆ پێڕەوکاری کلینکی (وەرگێڕی عەرەبی).

(٢٦) بەهۆی پەیوەست بوونی بەناوی هنری لۆکاس (Henry Lucas) ەوە کە ئەوپێگەیەی بۆزانکۆی کامبردج نوێکردەوە لەساڵی ١٦٦٣دا (وەرگێڕ).

(٢٧) وردەکارییەکانی پوختەی ژیاننامەکە لەکتێبی: Hyland With Gomez & Greensides, The Enlightenment, pp.١٢٩ دایە.

(٢٨) لەکتێبەکەی (Gay, TheScience of Freedom, p. ١٢٩.)دا باسکراوە.

(٢٩) (Roy Porter, The Enlightenment, Basingstoke: ٢nded. ٢٠٠١), p. ١٥.).

(٣٠) سەبارەت بەوتوێژینەوەیە بڕوانە: (Gay, The Science of Freedom, pp. ١٤١f; Hyland With Gomez Greensides, The Enlightenment, pp. ٣٧–٣٨.)

(٣١) لێرەدا نوسەر ئاماژە بۆگرنگیدانی نیوتن بەمێژووی کۆن دەکات، بەتایبەتی لەکتێبەکەیدا (کرۆنۆلۆژیای شانشینە کۆنەکان The Chronology of Ancient Kingdoms) (وەرگێڕی عەرەبی).

(32) Norman Hampson, The Enligtenment. An Evaluation of its Assumptions, Attitudes and Values (London: 1968), p. 86.

(33) Gay, The Science of Freedom, p. 26.

(34) Porter, The Enlightenment, pp. 2930–

(٣٥) ڕۆی سیدنی پۆرتەر (Roy Sydney Porter) مێژوونوسێکی ئینگلیزە گرنگی بەمێژووی زانست ومێژووی پزیشکی و ڕۆشنگەری ومێژووی کۆمەڵایەتی داوە. (وەرگێڕی عەرەبی).

# بیرۆکراسیزم

## گرێبەستی نێوان تاک و کۆمەڵگەی سەردەمییانە؟

هەواڵنامەی کتێب



عەبدولرەحیم سەرەڕۆ

بیرۆکراسیزم وەک چەمک دەگەڕێتەوە بۆ ماکس ڤێبەر (Max Weber)ی کۆمەڵناس و سیاسەتمەداری ئەڵمانی (١٨٦٤ ــ ١٩٢٠ز) بەوەی کە خۆی بۆ یەکەمجار ئەم زاراوەیەی بەکارهێناوە. ڤێبەر دەڵێت:» بیرۆکراسیزم ڕێکخستنی کاری ئەو نووسینگانەیە کە لەسەر شێوەی هەیکەلی نووسینگەکان پێکدەهێنرێن، واتا نووسینگەیەکی بچوکی بە دەسەڵات سەر بە نووسینگەیەکی لەخۆی باڵاترو گەورەترە، بەو شێوەیە تا دەگاتە باڵاترینی جومگەکانی دەسەڵات. واتا بیرۆکراسیزم ئەو نووسینگانەن کە دەزگاکانی دەوڵەت بۆ ڕێکخستنی کاروباری گشتی بە شێوەی قوچەکی (هرم) لەسەرەوە بۆ خوارەوە ڕێکیان دەخات. نووسینگەکانیش پڕن لەو فەرمانبەرانەی کە بەپێی شارەزایی ڕۆڵی خۆیان لە پیادەکردنی کارەکان دەگێڕن، فەرمانبەران لە خزمەتگوزاری مەدەنیدا (نووسینگەی بیرۆکراسی) لەگەڵ ڕۆژگاردا زیاتر کاراو چالاکتر دەبن لە بواری جێبەجێکردنی کاروبارەکانداو هەربۆیە بۆ ماوەیەکی درێژ هەر بە فەرمانبەری ئەو دەزگایە دەناسرێن.

ڤێبەر دەڵێت:» بیرۆکراسیزم خۆی لە خۆیدا حاڵەتێکی تایبەتی پرۆسەی عەقڵگەرایە کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەمدا هەموو چالاکیەکانی مێشکی مرۆڤی لەخۆ گرتووە. واتا عەقڵگەری ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتی پێداویستیەکی گرنگە تا مرۆڤ توانای کۆنتڕۆڵکردنی هەر دوو لایەنی ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتی هەبێت، بەوەش بیرۆکراسیزم گۆڕانی بەسەر هەموو جۆرەکانی ڕێکخستنە کۆنەکاندا هێناوەو دەرەنجام بەشێوەیەک دارێژراوە کە لەگەڵ ژیانی کۆمەڵگەی نوێدا هاوشان و گونجاوبێت.

بیرۆکراسیزم بەپێی بۆچوونی ڤێبەر، ماشێنێکی تەکنیکی کۆمەڵگەیە کە لەگەڵ چاخی پیشەسازییدا ئێمەی بەرەو قۆناغێکی نوێی مێژوویی گواستۆتەوە، هاوکات ڤێبەر سەبارەت بە بیرۆکراسیزم دەڵێت: «ئەو قەفەسە ئاسنینەیە کە لەگەڵ گەورەبوونی کۆمەڵگەی نوێدا بە شێوەیەکی ڕێژەیی گەورە دەبێت تا دەگاتە ئەو ئاستەی کە مرۆڤ توانای بەرگریکردنی نامێنێت، ئەوەش لە کاتێکدایە کە مرۆڤ دەبێتە قوربانیی «ڕۆتین»ی ماشێنی کۆمەڵایەتی». واتا مرۆڤی هاوچەرخ دەبێتە قوربانی بیرۆکراسیزم و هەست بە دوورکەوتنەوە دەکات لە ژینگە ڕاستەقینەکەی.

ئەو جوتیارەی کە زەوییەکەی بە شێوەیەکی سەرەتایی و سروشتی دەکێڵا، ئێستا دەبێت سەردانی نووسینگەی تایبەت بکات و فۆرمی تایبەت بەو کارە پڕبکاتەوە تا بەپێی مەرجەکان مۆڵەتی ئەو نووسینگە یان ئەم فەرمانگەو فلانە وەزارەتی پێ دەدرێت، بەوەش کاتێکی زۆری دەوێت بۆ ئەو مەبەستە تەرخانی بکات، بە واتایەکی تر جوتیار.. یان کرێکار.. یان فەرمانبەر توانای کۆنتڕۆڵکردنی ژینگەی نامێنێت، بەڵکو دەبێت ملکەچی ماشێنە کۆمەڵایەتیەکە بێت کە ئێمە پێی دەڵێین» بیرۆکراسیزم «کە بۆتە تایبەتمەندییەکی بێ هاوتای سەردەمی نوێ. ڕەنگە وەک دەڵێن (بەڵایەک بێت و لەکۆڵ نەبێتەوە).

لە کاتێکدا کۆمەڵگەی هاوچەرخ ناتوانێت بێ بیرۆکراسیم هیچ هەنگاوێک بەرەو پێشەوە بنێت. ئەو کەسانەی کە نووسینگەکانیان کۆنترۆڵ کردووە، خاوەنی دەسەڵاتی بەرفراوانن کە بۆ بەرژەوەندی خودی بەکاری دەهێنن کە زۆرجار کاری خەڵکە ئاساییەکە رادەگرن یان لە راییکردندا ئاستەنگی تێ دەخەن. واتا بیرۆکراسیزم ئەو رێکخستنە کۆمەڵایەتیەیە کە دەکارێت ئامانجەکانی خۆی بە شێوەی عەقڵانی (Goal-oriented Organisation) دەستەبەر بکات، ئەم رێکخستنەش سەر بە پەیکەربەندیەکی لێوانلێوە لە زانیاری و بڕیارەکان کە ملکەچی پێوەرو یاسایە بۆ دابەشکردنی بەرپرسیارێتیەکان و روخسارو ئامانجەکانی روون و دیاریکراو بن. هەر ئەم رێکخستنە کۆمەڵایەتیەی کە پێی دەوترێت بیرۆکراسیزم دەکارێت بۆ رێکخستن و ئاراستەکردنی چالاکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێکی بەرفراوانی کۆمەڵگە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کۆمەڵگەی سەرەتایی و چۆنیەتی پیادەکردنی دەسەڵاتی ئەو دەمانە.. دەبینین سەرداریکی زۆر زاڵ بە هۆی شمشێرکەی دەستی و ئەسپەکەی ژێریەوە کە برێک پیاوی چەکدارو پاسەوان چاودێریاندەکردو ئەویش دەگەیشتە هەرکوێیەک داگیری دەکردو دەیکردە موڵکی خۆی و دەسەڵاتی دەسەپاند. ئەوسا کەسانێکی دیاریکراو کە خوێندەوارییان هەیە بڕیارەکانی دەنووسنەوە کە دواتر دەبێتە یاساو لە ریی ئەو شمشێرەی کە پاڵپشتی لێدەکات بەسەر هەمووواندا دەسەپێت.

هەر ئەو حاڵەتە نائاساییە لەگەڵ رۆژگاردا پێشکەوتنی بەسەردا هات و بوو بە بیرۆکراسیزم (خزمەتی مەدەنی)، ئەم سەردەمەش حکومەت واتا دەسەڵات لە رێگەی نووسینگەوە ئەو کارانە ئەنجامدەدات کە پاشا کۆنەکان بە شمشێرەکان و پیاوەکانیان راییان دەکرد. بەوەی ئێستا سوپاو هێزەکانی ناوخۆو ئاسایش هەن کە ئەو کارانە دەستەبەر دەکەن و بەپێی پێویست لێپێچینەوە لەگەڵ لە یاسا دەرچووان دەکەن.

ئەوکەسانەی کە لە نووسینگەکان کاردەکەن هیچ موڵکدارییەکیان لەو نووسینگەیە نییە، هیچ کەرەستەو ئامێرێک موڵکی فەرمانبەران نییە، ئەوان فەرمانبەرن و پسپۆرن لە جێبەجێکردنی رێکخستنی راپۆرتەکان (زانیارییەکان)، کە لەبەرانبەردا مووچەیەکی دیاریکراوی بژێوی وەردەگرن، هاوکات لە بیرۆکراسیزمدا.. سۆز بوونی نییە، چونکە ماشێنێکی رێکخراوەییە! بیرۆکراسیزم کارێکی سەر بە رێکخستنی پیشەسازییە کە کاروبارەکان لەسەر بنەمای دابەشکردنی کار (Division of Labour) رێکدەخات، کە ئادەم سمیث لە سەدەی هەژدەهەمدا ئاماژەی پێداوە.

نیشتمانی نەتەوەیی لەسەر بنەمایەکی تۆکمەو بەرفراوانی بیرۆکراسیزم دادەمەزرێت، واتا دەوڵەت بە بێ بوونی بیرۆکراسیزم هەرگیز بەرێوەناچێت، کە بەریتانیا هیندستانی داگیرکرد دەستبەجێ دەزگایەکی بیرۆکراسی دامەزراند تا ناوچە داگیرکراوەکان بە وڵاتی داگیرکەرەوە گرێ بدات و رێگەی ئەوەی بۆ بەریتانیەکان (BRITISH RAJ) خۆشکرد تا بتوانن ژمارەیەکی بەرفراوان و ژمارەیەکی چەند سەد

ملیۆنی لە دانشتوان داگیربکەن. کە هیندستانیش سەربەخۆیی راگەیاندو کۆتایی بە داگیرکاری هێنا، دەسەڵاتدارانی هیند بۆ رابەرایەتی کۆمەڵگە سوودی زۆریان لەو بیرۆکراسیزمە بینی کە بەریتانیەکان لەو وڵاتەدا پیادەیان دەکرد.

بیرۆکراسیزم لەگەڵ رۆژگاردا دەبێتە رۆتینێکی کوشندەو توانای هاندان و داهێنانەکان بەرتەسک دەکاتەوە، رەنگە ببێتە لەمپەڕ یان فاکتەرو ببێتە هۆی سەرهەڵدانی گەندەڵی ئیداری، رەنگە بیرۆکراسیزم لەلای هەندێکمان بە نەرێنی ناوزەدبکرێت، کە دەڵێن «ئەم دەزگایە دەزگایەکی بیرۆکراسیزمە«، واتا ئەو دەزگایە زۆر بەتوندی کارەکانی دەسەپێنێت و دەبێتە هۆی ماندووکردن و راگرتن و دواخستنی راییکاریەکان.

بیرۆکراسیزم سەر بە پەیکەربەندیەکی تۆکمەی پڕ بە بەرپرسیارێتی و کە پاڵپشتی لە زانیاری و بڕیارەکان وەردەگرێت، لەگەڵ سەردەمی ئێستای شۆرشی کۆمپیوتەریدا بیرۆکراسیزم تووشی چەندین گێچەڵ و نەهامەتی هاتووە کە لەگەڵ بنەما سروشتیەکەی خۆیدا ناگونجێت.

زۆرجار باسی جۆرەکانی حکومەتەکان دەکەین، هەروەک جۆرە حکومەتێک هەن پێی دەوترێت حکومەتی پسپۆران«Meritocracy»، بەڵام حکومەتی پسپۆران و تێگەیشتوان نەخوازراوەن بەوەی چینی ئەرستۆکراتی باڵا هەموو ئۆرگانەکانی دەسەڵات دەگرنە خۆیانەوە، هەر بەم هۆیەشەوە ئەمجۆری دەسەڵاتە رەنگە لە هەندێک کۆمپانیا یان دەزگای کۆمەڵایەتیدا رۆڵی هەبێت بەوەی کە حکومەتی نیشتمانی باڵادەست حکومەتی هەڵبژێردراوە، دەکرێت بڵێین بیرۆکراسیزم نوێترین وەرگێڕانە بۆ زاراوەی «پسپۆران»، بیرۆکراسیزم هەر دەمێنێت و کەسەکانی دەوروبەریشی فەرمانبەرانن بە درێژایی تەمەن کاری بۆ دەکەن. تەنانەت لە حکومەتە هاوچەرخ و هەڵبژێردراوەکاندا مشتومڕێکی زۆر هەیە بەوەی وەزیری هەڵبژێردراو دەتوانێت یان ناتوانێت ئۆرگانەکانی بیرۆکراسی کۆنتروڵ بکات کە زۆرجار ناتوانێت ئەوکارە ئەنجامبدات، بەوەش واتا حکومەتی پسپۆران لە دەرگایەکی ترەوە دەست دەخەنە ناو کایەکانی دەوڵەتەوە، ئەمەش کورتەی ململانێ گەورەکانی نێوان سیاسەتمەداران و

ماکس ڤێبەر



بیرۆکراسیزم سەر بە پەیکەربەندیەکی تۆکمەی پڕ بە بەرپرسیارێتی و کە پاڵپشتی لە زانیاری و بڕیارەکان وەردەگرێت. لەگەڵ سەردەمی ئێستای شۆرشی کۆمپیوتەریدا بیرۆکراسیزم تووشی چەندین گێچەڵ و نەهامەتی هاتووە کە لەگەڵ بنەما سروشتیەکەی خۆیدا ناگونجێت .

کارگێڕەکانە، چونکە سیاسیی سەرکەوتوو دەبێت کارگێڕێکی سەرکەوتووش بێت.

بیرۆکراسیزم(ڕێکخستنی کارگێڕی کۆمەڵگە)، لەسەردەمی پیشەسازیدا (ڕێکخستنی کارگێڕی پیشەیی)، بەهۆی پێشکەوتنەکانی زانستی کارگێڕییەوە«Management»، ئەم زانستەش یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی کۆمەڵگەی پێشکەوتوو لەم سەردەمەدا، کارگێڕی ئاسیش زانستێکی بەرفراوانەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پێشدەکەوێت و هەموو لایەنەکان دەگرێتەوە تا کاروبارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی بەڕێوە ببات، زانستی کارگێڕی لەم سەردەمەدا زانستێکی بنەڕەتیە کە وڵاتە پێشکەوتوەکان پیادەی دەکەن و بۆ پەروەردەکردنی نەوەیەکی بەتواناو باڵادەست دەبن بەسەر لەمپەرەکان و دەستەبەرکردنی ئامانجە گەورەو بچوکەکان.

زانستی کارگێڕی پێویستی بە خوێندنەوەی ورد و هەمەلایەن دەبێت، ئەم زانستە هەر لە بنەڕەتەوە مامەڵە لەگەڵ سێ مەسەلەی گرنگ دەکات: (چەمکەکان و چۆنیەتی پێشخستنیان، توانا مادییەکان و چۆنیەتی بەڕێوەبردنیان، توانا مرۆییەکان و چۆنیەتی هەڵبژاردنیان.. ڕاهێنانیان.. ئاراستەکردنیان). بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم سێ مەسەلەیە زانستی کارگێڕی دەکرێتە پێنج بەشەوە: «پلاندان، ڕێکخستن، هەڵبژاردنی کەسان بۆ دامەزراندن، ئاراستەکردن و ڕابەرایەتیکردن، کۆنترۆلکردن لەکارکردندا». ڕوون و ئاشکرایە کە پلاندانەر لەسەرەتاوە پابەندە بە چەمکەکان و چۆیەتی پێشخستنیان، هاوبار بە ڕێکخستنەوەو بە توانا مادیەکانەوە، دامەزراندن و ئاراستەکردن و کۆنترۆڵکردنیش بەندن بە پرۆسەی توانا مرۆییەکان کە لە ڕێکخستنەکاندا ئەو پلانانە ڕێکدەخەن کە لە ڕێی پرۆسەکانی پلاندانانەوە بۆیان دادەڕێژرێت، ڕەنگە بواری تری زۆر لە کارگێڕیدا هەبن. بیرۆکراسیزمی ئاکتیف ئەوەیە کە دەکەوێتە بەر کۆمەڵە پەیڕەوێکی دیاریکراوەوە.. بەنمونە

- پەیڕەوەی ئاراستەکاری سیاسی: ئەمەش بەواتای هەر چالاکییەکی کارگێڕی دەکەوێتە بەر بوارو دەسەڵاتی ئەوکەسەی کە نوێنەرایەتی سیاسی گونجاوی کارەکە دەکات، بیرۆکراسیزم دەبێت ملکەچی سیاسیەتمەداری لێهاتوو بێت کە توانای ئاراستەکاری سیاسی هەبێت، هەر بیرۆکراسیزمیشە کە کۆمەڵگە بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو ئاراستەدەکات.
- پەیڕەوی بەرپرسیارێتی گشتی: بیرۆکراسیزم بەرپرسیاری یەکەمە لەبەردەم بڕیارەکانی یاسای دەستووری و دەبێت ملکەچی لێپێچینەوەی سیاسی بێت کە (کۆمەڵگە/ میللەت) نوێنەرایەتی دەکات، هەر وەک لە بەندەکانی بەرپرسیارێتی و لێپێچینەوەدا ئاماژەی بۆکراوە. لێپێچینەوە دەیەوێت تەئکید بکاتەوە لەوەی کە بیرۆکراسیزم خزمەت بە خۆی ناکات و گەندەڵکار نییەو ئاستەنگ ناخاتە بەردەم کاروباری گشتی خەڵکەوە.
- پەیرەوی پێداویستی: کارگێڕی گشتی مەسەلەیەکە هەر دەبێت ئاراستەیەکی دیاریکراو بۆ کۆمەڵگە دابڕێژێت، کارگێڕی پێویستی بە چەندین کەرەستەی دیاریکراوە تا

کارەکانی راپەڕێنێت و ئەم پێداویستیانەش دەبێت ملکەچی پێداویستی تر بن، واتا ئەوە جێگیربکرێت کە کاروبارەکان گەر پشت بەو شێوازانەی کارگێڕی نەبەستن، بەرێوە ناچن. بەپلە یەک نەمانی ئاستەنگ و نەهێشتنی دواخستنی کارەکانە، هەر شێوازێک گەر بمانەوێت بیخەینە بەرنامەی کارەوە دەبێت لەوە دڵنیا بین کە ئاسانکاری تەواوی تیایەو ئاڵۆزییەکان گەر بەپێی زەرورەتی کارەکان نەبن هەرنابێت جارێکی ترسەرهەڵبدەنەوە.

- پەیرەوی چالاکی: بەوەی کە بیرۆکراسیزم دەبێت لەراییکردنی کاروبارەکاندا زۆر ئاکتیف بێت، تەنانەت گەر کاروبارەکان بەبێ بوونی ئیدارە بەرێوە بچن. کارگێڕی هەمیشە پێویستی بە تواناکان دەبێت و ئەو توانایانەش پێویستی بە دارایی دەبێت، جا ئەگەر ئەو داراییە بە ئەنجامی بەسوود نەگەڕایەوە، بیرۆکراسیزمیش زەرەرو زیان بە هەموو کۆمەڵگە دەگەیەنێت.

— پەیرەوی رێکخستنەکان: بیرۆکراسیزم هەمیشە پێویستیی بە توانای مادی دەبێت بۆ ئەوەی کارەکان بە شێوەیەکی رێکوپێک دابەش بکات تا بگاتە ئامانجە خوازراوەکان، ئەمەش بە بێ بوونی کەناڵەکانی رێکخستنی رێکوپێکی دارایی ناکرێت و بیرۆکراسیزم بەرێوەناچێت.

- پەیرەوی پەیوەندیە گشتیەکان: ئەو کۆمەڵگەیەی بیرۆکراسیزم بەرێوەی دەبات دەبێت هەمیشە شەفافانە مامەڵەی لەگەڵدا بکات، بەوەش بیرۆکراسیزم دەبێت کراوە بێت بەسەر کۆمەڵگەداو هەمیشە ئامادەبێت پاساوی گونجاو بۆ کارەکانی بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی پاڵپشتی لێبکرێت و لێکگەیشتن هەبێت بەبێ ئەوەی پەنا ببردرێتە بەر هێز بۆ ئەوەی کۆمەڵگە ملکەچی بڕیارەکانیان بکەن.

- پەیرەوی پەرەپێدانی کارگێڕی و توێژینەوەی زانستی: ئەرکی کارگێڕی گشتی پێشخستنی تواناو شێوازەکانە بۆ ئەوەی شان بەشانی پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی و تەکنۆلۆژیەکان هەنگاو بنێت بەوەی یارمەتی هەردوولا دەدات



## میشێل كرۆزێ



میشێل کروزێ (**Michel Crozier**) جەختی لەوە دەکرد کە سەرانی بیرۆکراسیزم زۆر بە سەختی دەتوانن ئامانجەکانیان دەستەبەربکەن و بەها مرۆییەکان بەسەر فەرمانبەرانی خوارووی خۆیان بسەپێنن، بەتایبەت لەو بارودۆخانەی کە لەگەڵ کەسە هونەری و پسپۆڕەکان مامەڵە دەکەن.

(بیرۆكراسیزم و كۆمەڵگەی ملكەچ بە بیرۆكراسیزم) تا بە گیانێكی پێشكەوتوخواز و خۆبەخشانە مامەڵە لەگەڵ نوێگەرییەكان بكەن. بە بێ ئـەوەش واتـا (بەبێ بوونی ڕێنماییەكان) بیرۆكراسیزم دەبێتە نەخۆشیەك لە نەخۆشییە كوشندەكانی سەردەم و دەبێت ئەركێكی زۆر بدرێت تا لە دەرهاویشتەكانی ڕزگارمان بێت (لەگەڵ مانەوەمان لە خوارترینی ئاستەكانیدا) وەك پێداویستی ژیاری بۆ ئەو مەبەستە، هەر بۆیە كارگێری ناسی هاوچەرخ یەكێكە لە فاكتەرە باشەكانی چارەسەركردنی دیـاردە نەرێنیەكانی نەخۆشی بیرۆكراسیزم.

وشەی بیرۆكراسیزم بۆ دوو واتا بەكار دەهێنرێت: یان بۆ ناوزەدكردنی كۆمەڵێكی دیاریكراوی كارگێڕییەكان، یان ئەوەتا چەمكێكە باس لە بەهاو هەڵوێست و بیرۆباوەر و ئاكاری تایبەت دەكات كە تایبەتمەندی تەواو بە دەستەی كارگێری دەبەخشێت، ئەو زاراوەیە دەگەرێتەوە بۆ سەدەی هەژدەهەم و لە بنەمادا لە زمانی فەرەنسیەوە وەرگیراوە، ئەم زاراوەیە زۆرجار نەخوازراو ونەرێنی بووە بەوەی باس لە هەڵوێست و ئاكاری نەشیاوی كۆمەڵە كەسێكی كارگێڕی دەكات. بەڵام ماكس ڤێبەر (١٨٦٥ـ ١٩٢٠) ئەم چەمكەی زۆر بە ئیجابی گۆڕییەوە. هەر لەو سەردەمەوە ئەم زاراوەیە چـووە نـاو زاراوەكـانـی فەرهەنگی زانستە كۆمەڵایەتی وسیاسیەكانەوە.

ئەوەی جێی باسە ماكس ڤێبەر بە رەگەز ئەڵمانی بووە، دەوڵەتی ئەڵمانیاو پێشووتر بروسیا بە كارگێڕی ڕێكوپێكی وڵاتەكەیان ناوبانگیان دەركردووە. هیگلیش بیرۆكراسیزمی بە نایابترین جۆری عەقڵانییەت ناوزەد كردووە، (بڕوانە Idealism)، لێرەدا هاوچەشنی ڤێبەر كە بە باشترین كەرەستەی عەقڵانی شەرعی دەسەڵاتەو بە بیرو بۆچوونی ئەو لە هەموو كەرەستەیەكی كارگێڕی باڵاترە. بە هەند وەرگرتنی بیرۆكراسیزم لەلایەن ڤێبەرەوە ئەوە دەگەیەنێت كە رەنگە لە كاروباری دەوڵەتدا بەپێی توانا پێشبینی ئەوە نەكرێت.

بیرۆكراسیزمی (میتاریالیزم) ی ڤێبەر لە كارگێڕیدا هەرەمەكی نییە چونكە ڕێساو یاسای تایبەت بە كاروبارەكان لەخۆدەگرێت، رەنگە چەندین یاسا هەبن بۆ چۆنیەتی مامەڵەكردن لەگەڵ خەڵك و هەر ئەو یاسایانە پەیوەندی نێوان هەموو فەرمانبەران دیاریبكەن و یاسای دامەزراندن و پلەبەرزكردنەوەو خانەنشین كردن، یاسای ڕێكخستنی سنوورەكانی بیرۆكراسیزم

بە گشتی. ڤێبەر بەمشێوەیە عەقڵگەری کارگێڕی دەبەستێتەوە بە نووسینی ئاکارەکان کە سەر بەنووسراوە یاساییەکانن، هەر بۆ بەڕێوە چوونی کارەکان دەبێت لیستی تۆمارەکان لە هەموو نووسینگەیەکی کاگێڕیدا هەبێت. هەر ئەو مەرجانەن کە کەسێتی بیرۆکراسی دیاریدەکەن، بەوەی دەبێت بابەتیانە بێت و بێلایەن و دوور لە سۆزی سیاسی کاربکات و ڕێگری لە گەندەڵی بکات و بانگەشەی وەفاداری بۆ کەسایەتییە باڵاکانی بواری سیاسەت نەکات، ئەگەرچی خۆی لە بنەڕەتدا بڕیاری ئەوان جێبەجێدەکات. بەپێی بۆچوونی ڤێبەر بیرۆکراسیزم هەر سەردەکەوێت بەوەی جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕێکخستنی کارگێڕی بۆ هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگە، بەتایبەت لە هەردوو بواری پرۆژەدانان و خزمەتگوزاری، بەڵام لە دوایین تەمەنیداو بەتایبەت دوای سەربەخۆبوونی جەمهوریەتی ویمار گوزارشتی لە ترسی بەربڵاوبوونەوەی بیرۆکراسیزم کردووە، هەرچەندە بیرۆکراسیزمی ڤێبەر یان وەک هەندێجار پێی دەوترێت (بیرۆکراسیزمی کلاسیکی) دواجار بووە مایەی ئەوەی کە لە لایەن زانایانەوە مشتومڕی زۆری لەسەر بکرێت و ڕەخنەو چاکسازی زۆر لەو تیۆرە کارگێڕیە سەریهەڵدا. یەکێک لەو ڕەخنە نوێیانەی کە لە ڕێکخستنی بیرۆکراسیزمی نوێ گیرا ئەوە بوو کە مەرجەکانی شێوەگەرایی و تواناکاری و عەقڵگەریی تێدا نابینرێت، ئەمەش ڕێک پێچەوانەی بۆچوونەکەی ماکس ڤێبەرە.

میشێل کروزێ (Michel Crozier) جەختی لەوە دەکرد کە سەرانی بیرۆکراسیزم زۆر بە سەختی دەتوانن ئامانجەکانیان دەستەبەربکەن و بەها مرۆییەکان بەسەر فەرمانبەرانی خوارووی خۆیان بسەپێنن، بەتایبەت لەو باروودۆخانەی کە لەگەڵ کەسە هونەری و پسپۆڕەکان مامەڵە دەکەن.

هاوبار ئەنتۆنی داونز(Anthony Downs) باسی لە بیرۆکراسیزمەکان کرد بەوەی ناتوانن پرۆسەی عەقڵگەریی بەکۆمەڵ پیادە بکەن، ئەویش بەهۆی زاڵبوونی عەقڵگەری تاکڕەوی کارگێڕی کە هەوڵدەدەن پلەو پایەی خۆیان بەرز بکەنەوەو دەسەڵاتیان باڵاتر بێت لە ڕکابەرەکانیان و بە بەراوەر لەگەڵ هاوکارەکانیان سامانی زۆرتر دابین بکەن، بەڵام ئەوەشی نەشاردۆتەوە کە ڕکابەری سوودی زۆری دەبێت چونکە ڕێگەیەکە بەرەو داهێنان. هەروەها نیسکانێن (W. A. Niskanen) هەمان ڕای لەسەر وەکالەتە حکومییەکانی ئەمریکا هەبوو کە لەسەر حیسابی خەزێنەی دەوڵەت گرنگی بە بەرزکردنەوەی بودجە دەدەن. چەندین بیرمەندی تری ئەوەیان دووپات کردۆتەوە کە بیرۆکراسیزم ئێستا لە تەوەرە ڕەسەنەکەی خۆی لایداوەو بۆتە ئامێرێک بۆ کۆکردنەوەی داهاتی زۆرو لە ڕۆڵی جێبەجێکاری خۆی دوورکەوتۆتەوە.هەر بەم شێوەیەش تیۆری بیرۆکراسیزم هەنگاو بەرەو تەکنۆکرات دەنێت.

**سەرچاوە:**

ویکیبیدیا الموسوعه الحرة.. المصطلحات والمفردات السیاسیه.

النموذج المثالي عند ماكس فيبر في علم الاجتماع ـ هديل العتوم مجلة العربی ـ ١٤ يناير, ٢٠٢١

# جۆرج تەرابیشی





سەمیر ئەبو زەید
لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل

جۆرج تەرابیشی (١٩٣٩ز)، بیرمەند و وەرگێڕی سووری، بەرگری لە ئیسلامی ژیاری و عەلمانییەتی ئیسلام دەکات، بەپرۆژەی ڕەخنەی ڕەخنە لە ئاوەزی عەرەبی ناسراوە.

## ژیانی

جۆرج تەرابیشی لە شاری حەلەب هاتووەتە دنیاوە، بەکالۆریۆسی لە زمانی عەرەبیدا بەدەست هێناوە، پاشان پلەی ماستەر لە پەروەردە لە زانکۆی دیمەشق. وەکو بەڕێوەبەری ئێستگەی دیمەشق (١٩٦٣–١٩٦٤) کاری کردووە، هەروەها سەرنووسیاری کۆواری «دراسات عربیه» (١٩٧٢–١٩٨٤) بووە، ئینجا سەرنووسیاری کۆواری «الوحده» (١٩٨٤–١٩٨٩).

## بەرهەمە هزرییەکانی

بەرهەمە هزرییەکانی جۆرج تەرابیشی بەوە دەناسرێنەوە، کە هەمە ڕەوتن لە نێوان وەرگێڕانی کارەکانی فرۆید و هیگڵ و سارتەر و پرهێ و گارۆدی و ئەوانی تر، هەروەها نووسین لە بیری ڕاپەڕینی عەرەبی و ڕەخنەی ئەدەبی بۆ ڕۆمانی عەرەبی.

کەرەستەکانی دەروونشیکاری بەسەر ڕەخنە لە ڕۆماندا و ڕەخنە لە ڕۆشنبیری عەرەبی پێڕەو کردووە. ڕووی کردە توێژینەوە لە کلتوور و ئینسکلۆپیدیاکەی «ڕەخنەی ڕەخنە لە ئاوەزی عەرەبی»ی بەرهەم هێنا، کە پێکهاتووە لە خوێندنەوە و پێداچوونەوەی گشت کلتووری فەلسەفەی یۆنانی و ئەورووپی، هەروەها بۆ کلتووری عەرەبیی ئیسلامیی فەلسەفی. لە پێشەکیی گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ جریده الشرق الاوسط «ینایەری ٢٠٠٨»دا هاتووە:

«بۆ قسەکردن لەبارەی توێژەر و بیریاری سووری جۆرج تەرابیشییەوە، پێویستە لەسەرمان لە بەرابەر دەسکەوتە هزرییە گەورەکانی هەڵوەستە بکەین. چونکە وێڕای وەرگێڕانی بەرهەمی گەورە هزرمەند و فەیلەسووفە ڕۆژئاواییەکانی وەک: هیگڵ و فرۆید و سارتەر و سیمۆن دی بۆڤوار، کە ٢٠٠ کتێبیان تێپەڕاندوون، تەرابیشی ژمارەیەک لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی لە بوارەکانی هزر و فەلسەفە و ڕەخنەی ئەدەبیدا ئەنجام داوە، بەرچاوترینیان: «الماركسيه والمساله القوميه»، «المرج بالغرب»، «هرطقات عن الديمقراطيه والعلمانيه والحداثه والممانعه العربيه»، «الله فی رحله نجيب محفوظ الرمزيه»، «شرق وغرب رجوله وانوثه – دراسه فی ازمه الجنس والحضاره فی الروايه العربيه».

کەچی ئینجاش بەرچاوترین پرۆژەی هزری، کە جۆرج تەرابیشی ڕووبەڕووی وەستایەوە، لە میانەی کارە ئینسکلۆپیدییەکەیەوە بوو «نقد نقد العقل العربی»، کە توێژەری سووری عەبدولڕەزاق عید بەیەکێک لەو سێ ئینسکلۆپیدیە هزرییە گرینگانەی دادەنێت، کە باس لە کلتووری هزری عەرەبی –ئیسلامی لە سەدەی بیستدا دەکەن.

لێرەدا ئاماژەکە بۆ ئینسکلۆپیدیای بیریاری میسری ئەحمەد ئەمینە سەبارەت بە»فجر وچحی وڤهور الاسلام» و ئینسکلۆپیدیای هزرمەندی مەغربی محەمەد عابد ئەلجابرییە «نقد العقل العربی».

تەرابیشی بەدرێژایی ٢٠ ساڵ (کە تەمەنی پرۆژەکەیەتی)، کۆشا بەرپەرچی پرۆژەکەی جابری، لە میانەی سەرلەنوێ خوێندنەوەی کلتووری عەرەبی و دواتر مەزراندنی (توڤیف) لە شەڕی مۆدێرنیزمدا بەڕووی بانگەشەکەرانی کۆنەخوازیدا بداتەوە.

## ڕەوتە هزرییەکەی

بەگشتی ڕەوتی هزریی جۆرج تەرابیشی بۆ دوو قۆناغی سەرەکی دابەش دەبێت، هەر یەکە و ڕێڕەوی تایبەتیی خۆی هەبوو. لە قۆناغی یەکەمدا ئایدیۆلۆژیا نوێکانی ڕۆژئاوای لەخۆ گرتبوو هەر لە مارکسیزمەوە تا ناسیۆنالیزم، لەگەڵ دابڕانێکی تەواو لەگەڵ کلتووردا. لە دووەمیاندا بەگشتی ڕووی لە کلتوور و ڕەخنە و بەتایبەتیش لە کارەکانی جابری «نقد العقل العربی – ڕەخنە لە ئاوەزی عەرەبی» کرد.

لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (الحیاە ینایەری ٢٠٠٦)دا دەڵێت:

«دەبێ لە سەرەتاوە دان بەوەدا بنێم، ئەو نەوەیەی سەر بەوم و بەدوای دوو نەوەی ڕاپەڕینخوازدا هات و ناومان نا نەوەی شۆڕش، بەدابڕینێکی تەواوەوە لەگەڵ کلتووردا ژیا و ئێمەش لەگەڵیدا ژیاین. هزر و بیر و بنیاتی زهنیمان بەیەکجار ڕوویان لە ئایدیۆلۆژیای نوێی ڕۆژئاوایی کرد، کە سەرلەبەریان لەسەر دەستی ئێمە بۆ کتێبە پیرۆزەکان گۆڕان، جا ئیتر مارکسی بێت، یا نەتەوەخوازی، یان سۆشیالیستی، یاخود یەکتاخوازی. دابڕانێکی تەواومان لەگەڵ کلتووردا بردەسەر، وامان تەماشا دەکرد جگە لە کتێبێلێکی زەرد هیچی دی نییە. دوای ئەوە لە بەرابەر سەرنەکەوتنی پرۆژەکەمان «نوێخوازی» و شکستهێنانی، لە بەرابەر هەرەسی «شۆڕشەکەمان»، کە سەرنەکەوت بەسووتاندنی ئێمە و خۆی نەبێت، پاشان لە بەرابەر کەوتنی دەنگدەرەوەی ئایدیۆلۆژیاکاندا، کەڕاستیی ئەو ئابڕووچوونەمان بۆ دەرکەوت، درێژەی بە مارکسیزم دا لە ڕێگەی حوکمکردن بەناوەکەیەوە، کە سێ سەدەی خایاند، گۆڕانێکی بناغەیی ڕووی دا، بەتایبەت گشت ئەمانە لە دوای شکستەکەی ساڵی ١٩٦٧ـەوە هات، پاشان درێژبوونەوەی بیری توندڕەوی و توندوتیژی بەناوی ئیسلامەوە.

هەموو ئەمانە وایان لێ کردین، یاخۆ بەلای کەمەوە وای لە خۆم کرد بە پاشخانی ڕۆشنبیریمدا بچمەوە، تا ئەو دابڕانەی لە نێوان من و کلتووردا هەیە بدۆزمەوە.

ئەم دابڕانەم وا هاتە بەرچاو زۆر لەوە گەورەترە، کاتێک جەنگی لبنان ناچاری ڕاکردن و کۆچکردنی کردم

بۆ پاریس، بەتایبەت لەو کوشتارە تایفەییەی لبنان، کە ئەو کات تێیدا دەژیام.

لە بەرابەر گشت ئەمانەدا کارلێککردن لای من ڕووی دەدا و دوور لە بۆچوونی من لە پێوەندیم بەکلتوورەوە، تێیدا ئەڵتەرناتیڤی نیشتمانم دۆزییەوە، کە جێم هێشتبوو. ئا لێرەوە بایەخی من بە پرۆژەکەی بیریاری مەغربی محەمەد عابد ئەلجابری دەستیپێکرد، کە یەکەمین کەس بوو بیرۆکەی ڕەخنەی لە ئاوەزی عەرەبی خستە ڕوو، حەزی دەکرد لە ڕەخنەکەیدا بەپشت بەستن بە میتۆدە نوێیەکان ببێتە ئەپستمۆلۆژی، یەکەمین جار دژ بەو پرۆژەیەی لەسەری ژیام. وەلێ گەشتی سەرسامبوونم بە ئەلجابری زۆر درێژەی نەکێشا....

هەر زوو هەستم کرد ئەم بیریارە ناونیشانەکەی پێکاوە، بەڵام ئامانجەکەی نەپێکاوە. واتا ئەو پرۆسەی ڕەخنەیەی بڕوامان پێی بوو ئەنجامی نەدا. بەڵکو دەستی بەسەر پرۆسەی ڕەخنەدا گرت، لە کاتێکدا زۆر ئاتاجی بووین. لە بەرابەردا لێرە لە ڕۆژئـاوادا، زانیبان ئەم ڕۆژئاوایە هێندەی ڕەخنەی لە خۆی گرتووە هێندە خۆی دەرنەخستووە. ئاوەزی ڕۆژئاوایی ئەوەدەمی ڕەخنەی لە خۆی گرت سەرکەوتنی بەدەست هێنا و بووە ژیارێکی جیهانی.

هەرچی ئێمەین، کە پاشخانێکمان هەیە و بایەخ، یاخود قەوارەی لە پاشخانی ڕۆژئاوایی کەمتر نییە، لەبەر ئەوە



بەگشتی ڕەوتی هزریی جۆرج تەرابیشی بۆ دوو قۆناغی سەرەکی دابەش دەبێت، هەر یەکە و ڕێڕەوی تایبەتیی خۆی هەبوو. لە قۆناغی یەکەمدا ئایدیۆلۆژیا نوێکانی ڕۆژئاوای لەخۆ گرتبوو هەر لە مارکسیزمەوە تا ناسیۆنالیزم، لەگەڵ دابڕانێکی تەواو لەگەڵ کلتووردا. لە دووەمیاندا بەگشتی ڕووی لە کلتوور و ڕەخنە و بەتایبەتیش لە کارەکانی جابری «نقد العقل العربی – ڕەخنە لە ئاوەزی عەرەبی» کرد.

ڕاپەڕینی خوازراو ئەگەر بەهەمان پرۆسەی ڕەخنەییدا نەڕۆین، وەک ئەوەی ڕۆژئاوا پێیدا تێپەڕ بوو. ناتوانین جەنگی تازەگەری ئەنجام بدەین، لە کاتێکدا لە ڕەخنەی ڕاستەقینە ڕووت بووینەتەوە».

ئەم وەرچەرخانانەی هزری تەرابیشیی پێدا تێپەڕ بووە پرۆسەی «گۆڕانکاری» نانوێنێت بۆ بۆچوونی دیاریکراو لە شوێن یەکێکی تر، بەڵکو پرۆسەی ڕەخنە لەخۆگرتنی بەردەوام و کەڵەکەبوون و سەرلەنوێ بنیاتنانەوە دەنوێنێت.

«ئەم کاروانە لە گۆڕانکاریی بەردەوام مانای ئەوە نییە سەرجەم ئەوانەی تێپەڕێنراون ڕەت بکرێنەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، لەمیانەی مێژوو و گۆڕان و پاککردنەوەی حیساب پرۆسەی کەڵەکەبوون و سەرلەنوێ بنیاتنانەوەش ڕوودەدات. ئەگەرچی قۆناغەکانی نەتەوەپەرستی و بوونگەرایی و مارکسیزم و شیکردنەوەی دەروونیم تێپەڕاند، ئەمەش مانای وانییە من ئەم وێستگانەم بەڕەگەزێلێک هێشتا ڕۆڵی خۆیان لە ڕەوتی هزریمدا دەگێڕن، نەپاراستبێت. بەم شێوەیە ئەمڕۆ دەتوانم سوود لە سەرجەم شارەزاییە پێشینەکانم ببینم، تاکو گەشە بەدیدی ئاوێتە و قووڵی ئەو واقعەی تێیدا دەژین بدەم، کە وەرچەرخانێکی نوێ لە ڕەوتی جیهانی عەرەبی دەگەیەنێت، لە میانەی هەڵقوڵانی دیاردەی فەندەمێنتاڵی کە ئەمڕۆ شەپۆلەکەی بەهێزە و هۆیەکی سەرەکی بوو بۆ گۆڕانی هزریم لە ڕەخنە لە ڕۆمانەوە بۆ ڕەخنە لە کلتووری عەرەبیی ئیسلامی، وەکو چۆن لە پرۆژەی «نقد نقد العقل العربی»دا بەدەرکەوت، کە تاکو ئێستاش ڕەهەندێکی ئینسکلۆپیدی وەرگرتووە، کە من خۆم وای بۆ نەدەچووم، هەینێ بەر لە پتر لە ٢٠ ساڵ دەستم پێ کرد».

(گفتوگۆی الشرق الاوسط، ٢٣ی ینایەری ٢٠٠٨)

**پرۆژەی فەلسەفی**

پرۆژەی فەلسەفی لای جۆرج تەرابیشی سێ لایەنی هەیە. لایەنی یەکەم کار لەسەر گواستنەوە و وەرگێڕانی سەرچاوەکانی هزری نوێ و هاوچەرخی ڕۆژئاوا بۆ عەرەبی دەکات.

دووەمیشیان تایبەتە بەڕەخنە لە هزری عەرەبی/ئیسلامیی نوێ و هاوچەرخ.

هەرچی لایەنی سێیەمە ئەوا تەرخانە بۆ توێژینەوە لە کلتوور بەپشتبەستن بەجێبەجێ کردنی ڕەخنەی فراوان بۆ پرۆژەکەی دکتۆر محەمەد عابد ئەلجابری لەژێر ناونیشانی «ڕەخنە لە ئاوەزی عەرەبی».

بەنیسبەت تەرابیشییەوە ئەو کارەی بە ڕەخنە لێگرتنی هەڵدەستێت «ڕەخنە لە ئاوەزی عەرەبی»، تەنیا بۆنەیەکە بۆ جەختکردنەوە لەسەر هەڵوێستە فەلسەفییەکەی و قووڵبوونەوە لە توێژینەوە لە کلتوور. ئەمەش لە پێشەکیی کتێبەکەیدا «نقد نقد العقل العربی-العقل المستقیل فی الاسلام»دا ڕوون دەکاتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

«زیاد لە هاوەڵ و خوێنەرێک سەرزەنشتی ئەوەیان کردم، کە خۆم خستووەتە تەڵەزگەوە (مازق)، کاتێک ئەم هەموو کاتەم (نزیکەی پازدە ساڵ) و گشت تواناکانم (تا ئێستا چوار بەرگ) تەرخان کردوون بۆ بەرپەرضدانەوەی ئەلجابری لە «نقد العقل العربی»، لەبری ئەوەی پرۆژەیەکی کەسێنیی خۆم بۆ خوێندنەوەی کلتووری عەرەبیی ئیسلامی ئەنجام بدەم. ئەم قسەیە ڕاستە و لە هەمان کاتدا ناڕاستیشە. ڕاستە مادامەکی گشت «پرۆژەکەم» (زۆر حەزم بەم وشە نەرگسییە نییە) لە ڕەخنە لە ڕەخنەدا قەتیس ما. وەلێ ئایا بەکردەنی ئەوی کردم تەنیا ئەوەیە «بەرپەرچ»ی ئەلجابریم داوەتەوە؟

بڕوا ناکەم.. لە واقیعدا جابری پاساوێکی دامێ، خاڵی دەستپێکردن، بەڵام نەک وێستگەی گەیاندن. پرۆژەکەم ئەوەندە بوو کە پرۆژەی ڕەخنەی ڕەخنە بێت، تاکو ئەویش بگۆڕێت بۆ سەرلەنوێ خوێندنەوە و هەڵکۆڵین و دامەزراندن. یاخو بەلای کەمەوە ئەمەم دەویست. (العقل المستقیل فی الاسلام ص٩).

### میتۆدی تەرابیشی

جۆرج تەرابیشی لە پرۆژە مەزنەکەیدا پشت بە دوو جۆر یا دوو ئاست لە میتۆد دەبەستێت.

یەکەمیان تایبەتە بە چارەسەرکردنی گرفتە هاوچەرخەکانی کێشەگەلی ڕاپەڕین و تازەگەری، 




دووەمیش تایبەتە بە کێشەکانی کلتوور و پرۆژەی «نقد نقد العقل العربی».

هەرچی کێشە هاوچەرخەکانن ئەوا تەرابیشی میتۆدی دەروونشیکاری بەکاردەهێنێت لەپێناو ڕەخنە لە واقیعی هزری و ڕۆشنبیریی عەرەبی، لەم بارەیەوە دەڵێت:

«پێویستە لە هەر پێشەکییەکدا دوو هەڵوەستە بکەین: یەکیان لای میتۆدەکە، ئەوی تریشیان لای بابەتەکە. هەرچی میتۆدە (کە لێرەدا دەروونشیکارییە) کەم و زۆر لە لێکۆڵینەوەماندا سەبارەت بە ڕۆمانی عەرەبی بەکارمان

هێناوە. ئەم ئەرکەش ئاسان بوو، بەپێتییەکەشی تا ڕادەیەک مسۆگەر بوو.

ڕۆمانی عەرەبی پێشتر و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، لە ڕەوتە بەرینەکەیدا ڕۆمانی ژیننامە بوو. ئێستاش دەروونشیکاری، کە لەگەڵ شیکاری خۆیی ڕووناکیبینی و فرۆید خستە ژێریەوە، تا ئێستاش بەپلەی ناپاب میتۆدێکە بۆ نووسینەوەی ژیننامە، یا سەرلەنوێ خوێندنەوەی.

بەڵام ئەو زەحمەتییەی لە کۆششماندا بۆ درێژکردنەوەی گوتاری هاوچەرخی عەرەبی لەسەر قەرەوێڵەی دەروونشیکاری ڕووبەڕوومان بووەوە، بینای بابەتیی ئەم گوتارە بوو، کە بەڕووکەش بێلایەنە لە خودی بەرهەمهێنەرەکانی، وێڕای ئەوەی بکەری کارەکە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئەم گوتارەدا (واو)ی کۆمەڵە، نەک جێناوی منی قسەکەر. لەم پێشەکییەدا بواری ئەوەمان نییە درێژە بە قسە بدەین سەبارەت بەو چۆنێتییەی وای لێ کردین (بە بۆچوونی خۆمان) زاڵبین بەسەر ئەم زەحمەتییەدا».

(المثقفون العرب والتراث: التحليل النفسى لعصاب جماعي، ص٩).

هەولنامەی کتێب



هەرچی مامەڵەکردنە لەگەڵ کلتووردا لە میانەی پرۆژەی «ڕەخنەی ڕەخنە لە ئاوەزی عەرەبی»دا، ئەوا میتۆدی هەڵوەشانەوەگەرایی بەکار دەهێنرێت لەپێناو سەرلەنوێ چاوخشاندنەوە بە بنەما ئەپستمۆلۆژییەکانی تێکستی ئەلجابری، پاشان هەردوو میتۆدی هەڵکۆڵینی ئارکیۆلۆژی و ڕەخنەی مێژوویی لەپێناو گەیشتن بە بنەما کلتوورییەکەی چەمك و ئەو گوتانەی لە دەقەکەدا هاتوون

سەرەڕای ئەمانەش تەرابیشی پشت بە دووبارە لێکدانەوەی تێکستەکان دەبەستێت لەمیانەی تێگەیشتنییەوە لە چوارچێوەی مێژوویی و جێڕەوتە (سیاق) کۆمەڵایەتییەکەی.

«من تازەگەری وا ڕاڤە ناکەم کە دابڕانە، چونکە دابڕانی ئەپستمۆلۆژی شتێکە و دابڕان لە دەق شتێکی تر، تازەگەرییش دابڕانێکی ئەپستمۆلۆژییە..

ئەی دابڕانی ئەپستمۆلۆژی چییە؟:

دەبێت لەسەر ئاستی دەقەکان و تێگەیشتنیان بێت، لەگەڵ سەرلەنوێ لێکدانەوەی، نەک پشتگوێ خستنی، ئێمە نەتەوەیەکی کلتوورین، هەر لە تەوقی سەرمانەوە تاکو نووکی پێمان کلتوورمان کراوەتە بەر، بۆیە ناتوانین بەڕووتکراوی لەم تێکستانە بچینە ناو تازەگەرییەوە، چونکە بۆ هەر یەکێک لە ئێمە دامەزراوە.

کەواتە بۆ ئەوەی بچینە تازەگەرییەوە پێویست ناکات لە تێکستەکان دابڕێین، بەڵام پێویستە لەسەرمان سەرلەنوێ لێکدانەوەیان بۆ بکەین و دەقەکان بە مێژوو و جێڕەوتەکەیەوە ببەستین و لەبەر ڕۆشنایی پێویستیی خۆمان لێیان تێبگەین نەک وەک ئەوەی پێشینانمان لەبەر ڕووناکیی پێویستییەکانی خۆیان لێی گەیشتوون، وەکو چۆن دەگوترا: ئەوان پیاون و ئێمەش پیاوین».

(حوار اسلام اونلاین، یولیو ٢٠٠٨)

هەرچی مامەڵەکردنە لەگەڵ کلتووردا لە میانەی پرۆژەی «ڕەخنەی ڕەخنە لە ئاوەزی عەرەبی»دا، ئەوا میتۆدی هەڵوەشانەوەگەرایی بەکار دەهێنرێت لەپێناو سەرلەنوێ چاوخشاندنەوە بە بنەما ئەپستمۆلۆژییەکانی تێکستی ئەلجابری، پاشان هەردوو میتۆدی هەڵکۆڵینی ئارکیۆلۆژی و ڕەخنەی مێژوویی لەپێناو گەیشتن بە بنەما کلتوورییەکەی چەمک و ئەو گوتانەی لە دەقەکەدا هاتوون، ئینجا لە دواییدا میتۆدی دروستکردنەوە لەپێناو سەرلەنوێ بنیادنانەوەی ئەم چەمک و گوتانە بۆ وێنە ڕاستەقینەکانی خۆیان لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی ڕەخنە.

### ئیسلامی ژیاری

ئەو هەڵوێستە فەلسەفییە بنەڕەتییەی جۆرج تەرابیشی لە قۆناغی هزریی دووەمیدا بەرگری لێ دەکات دەکرێت ناوی بنێین «ئیسلامی ژیاری». چونکە تەرابیشی لەگەڵ ئیسلام خۆیدا وەکو ئاین مامەڵە دەکات، هەروەها لەگەڵ کلتووری ئیسلامی (بە گشت لایەنە فیقهی و قسەکردن و فەلسەفی و زانستییەکانییەوە) بەوپێیەی هەردووکیان کلتووری خودی عەرەبین. هەروەها ئەو دیدە سەرەکییەیە کە لەم هەڵوێستەدا لێوەی دەست پێ دەکات بۆچوونییەتی لەسەر عەلمانییەتی ئیسلام.

ئیسلام پیرۆزکردنی تێدا نییە قورئانی پیرۆز نەبێت، هەموو ئەو پیادەکردنانەی ناو کۆمەڵگەی ئیسلامیی یەکەم،

واتا بەر لە دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلامی، پیادەکردنی سکۆلاریزم (عەلمانییەت) بوو. نەک هەر ئەمە بەڵکو بۆ ئەم هەڵوێستەی پشت بە تێکستەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر و هەڵسوکەوتی موسوڵمانانی بەرایی دەبەستێت.

ئەمەش تەواو بەڕوونی لە گفتوگۆ جۆراوجۆرەکانیدا دیاردەدات، کە تێیاندا ئەم هەڵوێستەی دەخاتە ڕوو، هەروەها لە شیکردنەوە قووڵەکانیشیدا بۆ کلتوور لە پرۆژەکەیدا «ڕەخنەی ڕەخنە لە ئاوەزی عەرەبی». لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ گۆواری عەرەبیی کوێتیدا (یۆنیۆی ١٩٨٨) بەرگری لەم هەڵوێستە دەکات:

«بەفیعلییش کێشەکە لەوەدایە ئەوە ئێمەین ڕێگە بەوی تر دەدەین بۆشاییی خود پڕ بکاتەوە هێندەی ئەوەی لەم خودەدا بۆشایی و کەلەبەر هەن، وابزانم پێویست بەوە دەکات ئەم کەلێنانە پڕ بکرێنەوە، هەروەها پێویستە ئەوە بزانرێت ئێمە وەکو نەتەوە کۆنترین و گەورەترین کلتوورمان هەیە لە نێوان نەتەوە و گەلانی جیهاندا، تەنانەت کلتووری یۆنانییش لە دوور و نزیکەوە بەراورد ناکرێت لەگەڵ قەوارەی کلتووری عەرەبی و ئیسلامیدا، هندیش بەوکلتووره مەزنەی هەیەتی کەچی ئینجاش لەگەڵ قەوارەی کلتووری عەرەبیدا بەراورد ناکرێت، وێڕای ئەمەش ئێمە تاقە نەتەوەیەکین پەیمانگەیەکی عەرەبیی هاوبەشمان بۆ لێکۆڵینەوەی کلتووری نییە، بڕوام وایە پێویستیی ئەم پەیمانگەیە بەلای منەوە لە مەودای دووردا بایەخەکەی کەمتر نییە لە کۆمکاری عەرەبی (الجامعه العربيه) لە لایەن چالاکییەوە. پێویستە لەگەڵ ئەم مێژووە کۆنەدا ئاشتبینەوە، چونکە ڕۆڵـەی ئەم بەردەوامییە مێژووییەین، کە بەر لە ئیسلام دەستی پێ کردووە، هەروەها ناتوانین لە ئیسلام بگەین بێ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ جاهلیەت (الجاهليه) و پێش جاهلیەتیش، چونکە کلتوورێک هەیە یاریدەمان دەدات لە خۆمان بگەین.

گەڕانەوە بۆ ڕابـردوو یارمەتیمان دەدات ناسنامەی خۆمان بناسین. ئێمە گەشەسەندووی ئەم ڕابردووەین، کە بۆ هەزاران ساڵ بەر لە ئیسلام و دوای ئیسلامیش درێژ دەبێتەوە، ئەو گەلانەشی ڕابردوویان نییە، ڕابردوویەک بۆ خۆیان دادەهێنن.. ئالێرەدا دیسانەوە تێبینیی ئەوە دەکەین لە پرۆسەی بنیاتنانەوەی ڕابردوودا تەنانەت لە ڕابردووشمان داماڵراین و بەرەو ڕۆژئاوا نامۆ کراین و هەر بەکردەنییش بڕوام وایە دۆزی ڕابردوو دۆزێکی بناغەییە، بەڵام مەرجدارە بە خوێندنەوەیەکی نوێ، ئێمە ڕابردوومان دەوێت هاوچەرخمان بێت نەک ببینە هاوچەرخی ئەو، لێرەدا تێبینیی ئەوە دەکـەم ئەو خوێندنەوە تازەیەی پێدراوەکانی نوێگەری و میتۆدەکانی لێوەی دەستپێدەکەن، بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم بەردەوامییە لەگەڵ ناسنامەی کلتووری دەتوانێت خـود دەوڵەمەند بکات، بۆ ئەمە نموونەیەکی سادە بە ئیبن خەلدوون دێنمەوە، کە بە دیدی

من سەرچاوەی بابەتییە بۆ ژیاریی عەرەبیی ئیسلامی، کە گەورەترین کردارە ئەو ڕۆشنبیرییە بەرهەمی هێنابێت و بەهۆی میتۆدی تازەگەرییەوە دۆزرایەوە، دوای ئەوەی لە بوارەکەدا دوور خرایەوە و ژیا، هەروەها ئیبن ڕوشدیش.

دواتر لە هەمان گفتوگۆدا بەرەڤانی لە ژیاری عەرەبیی ئیسلامی و توانای لەسەر گرتنەخۆی ژیارەکانی تر دەکات.

«وەکو توێژەرێک لە لێکۆڵینەوە لەسەر کلتوور، دەگەڕێمەوە بۆ ئەزموونی مێژوویی ئاوەزی عەرەبیی ئێستا، تێبینی چی لەم ئەزموونە مێژووییە عەرەبییە ئیسلامییە دەکەین؟ وەستانەوە بەڕووی گۆڕان و وەڵامدانەوە هەرگیز ڕووبەڕووی ئاوەز نەبووەوە وەکو چۆن بەرەوڕووی ئاوەزی عەرەبیی ئیسلامی خۆی بووەوە، بۆچی؟ چونکە ئەم دەستەیەی یەکەم، کە لە ناوجەرگەی دورگەکەوە دەرچوون، لە حیجاز و نەجدەوە و یەکسەر چوونە دەڤەرێکی کەڵەکەبووی ژیاریی وەک سووریا و میسر و عێراق و فارس، چی ڕوویدا؟ ڕووبەڕووی ژیارەیل و ڕۆشنبیرییەکی دێرین و گەشەکردوو بوونەوە، لە کاتێکدا عەرەبە موسڵمانەکان لە چوونە پێشی یەکەمیاندا لەسەر هەمان ناسنامەی ڕۆشنبیری نەبوون.

ئاوەزی عەرەبیی بەرایی ڕووبەڕووی ئەم پێشبڕکێ ژیارییە گەورەیە بووەوە، ئەی چی ڕووی دا؟ گشت کلتووری ژیاریی نەتەوەکەی هەرس کرد و بووە خاڵی دەرپەڕین و ڕۆشنبیری و ژیارێکی نوێی داهێنا.

نموونەیەک لەسەر ئەمە دێنمەوە، دەزانین عەرەبی جاهلی لە دەریا دەترسان، تەنانەت دوای ئیسلامیش کاتێک عەمرۆ بن عاس ویستی بۆ سەربازە عەرەبەکان شارێک بنیات بنێت، ئەوەدەمی قاهیرەی گرت، عومەری کوڕی خەتاب پێیگوت لەکوێ پێت باشە لەوێ بنیاتی بنێ، بەڵام دەریا نەخەیتە نێوان خۆم و خۆتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەوکات عەرەب سامی لە دەریا دەکردەوە و مامەڵەی لەگەڵدا نەدەکرد، کەچی ئینجاش لە ماوەی بیست ساڵ پتر نا، ئەو معاویەیەی بووە والی بەسەر دیمەشقەوە لە ماوەی هەشت ساڵ لە بەڕێوەبردنی گەمیگەلی دروست کرد، هەر بەم گەمیگەلەش ئابڵووقەی قوستەنتینییەی دا، کەواتە توانای ئەم ئاوەزە مایەی سەرسووڕمانە لەسەر گرتنەخۆی کەڵەکەبوونی ژیاری و پاشان تێپەڕکردنی، هێشتا سەدەی یەکەمی ئیسلام تازە بەسەرچووبوو خەلیل بن ئەحمەد ئەلفەراهیدی زانستی عەرووز و زانستی زمانی لە نیوەی سەدەی دووەمدا داهێنا، دواتر شافعی زانستی فیقهی دانا».

تەرابیشی هەر بەوەندە ناوەستێت بە پشتبەستن بە شیکردنەوەی مێژوویی بە مانا ژیارییەکەی بەرگری لە ئیسلام بکات، بەڵکو لە میانەی شیکردنەوەی تێکستە سەرچاوەییەکانی ئیسلامیشەوە، ئەو نەخشە دەکێشێت ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ دەقی قورئانیدا بکات. واتا بەرەڤانی لەسەر چەمکەکەی لەسەر ئیسلامی ژیاری،

لە سەنتەری هزری ئیسلامیی خۆیەوە، ئەویش قورئانی پیرۆزە.

لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ وارگەی «موقع» ئیسلام ئۆنلایندا – یۆلیۆ ٢٠٠٨، دەڵێت:

«نا من تێکست بەدوور ناگرم، لە کاری داهاتوومدا پرۆژەم ئەوەیە، کتێبە نوێیەکەم کە ئامادەی دەکەم ئەم ناونیشانە گەورەیە هەڵدەگرێت، ڕەنگە بوێرییەکی باشی تێدا بێت، دووریش نییە بەلای هەندێکیانەوە مایەی نیگەرانی بێت، ناویم ناوە «الله والرسول: الشارع والمشرع له» لە قورئاندا شەرعدانان تەنیا بۆ خوا خۆیەتی، تەنانەت پێغەمبەر مافی شەرعدانانی نییە، پشتم بە دەیان ئایەت بەستووە، کە لە هەموو شتێکدا دەست بەڕووی پێغەمبەرەوە دەنێن، مەگەر سرووشی بۆ بێتە خوارەوە، چونکە ئەگەر سرووشی بۆ بێتە خوارێ ئەوا خوا قسەی کردووە، بەڵام ئەگەر پێغەمبەر دووا ئەوا بەهەڵەدا دەچێ و قورئان ئاگاداری دەکاتەوە (ولو تقول علينا بعج الاقاويل لاخژنا منه باليمين پم لقگعنا منه الوتين) «ئایەتی ٤٦ سوورەتی الحاقه»، چونکە پێغەمبەر مرۆڤە ئەمەش نرخێکی گەورەی بۆ مرۆیی پێغەمبەر هەیە، جیاواز لە ئاینەکانی تر کە پێغەمبەریان بە خوا کردووە، وەکو چۆن لە ئاینی مەسیحیدا ڕووی دا کاتێک مەسیحی بە خوا کرد، کەواتە لە قورئان خۆیدا دووانەیەکی گەورە لە نێوان خوا و پێغەمبەری مرۆڤدا هەیە، هەروەها لە نێوان نێرەر کە خوایە لەگەڵ نێرراو کە مرۆڤە، ئەمەش جیاکارییەکەی گەورەیە و بوونی هەیە. ئا لێرەوە من لە دەقی دامەزرێنەر دوور نەکەوتوومەتەوە، بەڵام کتێبێکی تازەم بۆ تەرخان کرد، ئومێدەوارم کات بوارم بداتێ، تاکو ئەو پرۆژەیەی دەستمپێکردووە تەواوی بکەم».

قووڵی مامەڵەکردنی لەگەڵ «ئیسلامی ژیاری»دا لە سەرجەم نووسینەکانیدا دەردەکەوێت، بەگشتی لە قۆناغی دووەمیدا و بەتایبەت لە پرۆژەکەیدا بۆ ڕەخنەی ڕەخنە لە ئاوەزی عەرەبی.

### ڕەخنەی ڕەخنە لە ئاوەزی عەرەبی

«ڕەخنە لە ئاوەزی عەرەبی» پرۆژەیەکی گەورەی دکتۆر محەمەد عابد ئەلجابرییە، پێکهاتووە لە چوار بەش، «تكوين العقل العربی – دروستبوونی ئاوەزی عەرەبی»، «بنیه العقل العربی – بنیاتی ئاوەزی عەرەبی»، «العقل السیاسی العربی – ئاوەزی سیاسیی عەرەبی» و «العقل الاخلاقی العربی – ئاوەزی ڕەوشتیی عەرەبی»، دەکرێت کارەکەی پێشوویشی بخرێتە سەر ئەم بەشانە کە ناونیشانی «نحن والتراث – ئێمە و کلتوور»ە.

ئەم پرۆژەیە شیکردنەوە و وردەکاریی ئینسکلۆپیدی کلتووری عەرەبی– ئیسلامی لەخۆ دەگرێت، کە بەچەند گوتەزایەک کۆتایی هات، گرینگترین و ناوداترینیان دابەشکردنی ئاوەزی عەرەبیی – ئیسلامییە بۆ قوتابخانەی

ڕۆژهەڵاتی و قوتابخانەی ڕۆژئاوایی، یەکەمیان بەیانیی عیرفانییە (واتا ئاینیی ناعەقڵانی) و دووەمیان بورهانییە (واتا عەلمانییەتی عەقڵانی).

پرۆژەکەی تەرابیشی بۆ ڕەخنەی «ڕەخنە لە ئاوەزی عەرەبی» لە گەوهەردا «ئەنتی»یە بۆ بنەما ئەپستمۆلۆژییەکان، کە ئەم پرۆژەیەی لەسەر بنیات نراوە، پاشانیش «ئەنتی»یە بەو ئەنجامانەی پێیان گەیشت.

دەکرێت ڕەخنەکانی لەسەر ئەم کارە دابەش بکەین بۆ ڕەخنە لەو میتۆدەی ئەلجابری پشتی پێ بەستووە،




هەروەها ڕەخنەی ئەو ڕووداوانەی ئەلجابری پەنای بۆیان بردووە.

لەسەر بنەمای ئەم ئاستە هەمەجۆرانە بۆ ڕەخنە، تەرابیشی ئەلجابری بەوە تاوانبار کرد کە «لەسەر ئاستێکی فراوان بەڵگە و بوویەرە زانستییەکان دەشێوێنێت» و لە تێگەیشتنی دروستی بنەما ئەپستمۆلۆژییەکان، کە پرۆژەکەی لەسەر بنیات ناوە بەهەڵەدا چووە، دواییش بە «هەلپەرستی ئەپستمۆلۆژی»ی تاوانبار دەکات، ئینجا بەوەی تاوانبار دەکات، کە بەئەنقەست بۆچوونی ئەپستمۆلۆژیی دیاریکراو بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ئایدیۆلۆژییەکان دروست دەکات.

بەگشتی تەرابیشی وایدەبینێت ئەم پرۆژەیە ناونیشانی «ڕەخنە لە ئاوەزی عەرەبی»ی بەسەردا پێڕەو ناکرێت و لەبری ئەمە ئەم ئامانجەی لەبار برد.

تەرابیشی باسی ئەوە دەکات لە سەرەتادا بە بەشی یەکەمی پرۆژەکە تووشی پەیجووری هات، وەلێ دوای ئەوە بۆی دەرکەوت دژوارییەکانی لە بەڵگەی ساختە دادەڕێژێت، لە گفتوگۆیەکدا بۆ ڕۆژنامەی «الشرق الاوسط» دەڵێت:

«ئەمە تۆمەت نییە، من خۆم چەندین جار نووسیم و ڕامگەیاند، کە لە سەرەتادا تووشی پەیجووری هاتم، ئەفسوونێکی ڕاستەقینە بە کتێبەکەی ئەلجابری «تكوين العقل العربی». لە کاتی خۆیشیدا لە گۆڤاری «الوحده»دا دەربارەیم نووسی، نەک هەر کتێبێکە ڕۆشنبیرت دەکات،

بگرە کتێبێکە دەشتگۆڕێت، بۆیە کێ بیخوێنێتەوە دوای خوێندنەوەی وەک بەر لە خوێندنەوەی نابێت.

وابزانم ئەم ستایشە بۆ ئەلجابری گەورەیە، بەڵام هەر هەمان ئەم ستایشە گواسترایەوە بۆ شوێنی «ڕەخنەی ڕەخنە» هەینێ پێم زانی، ڕەنگە بەرێکەوتیش بووبێت، جابری دژوارییەکانی لە بەڵگەی ساختەوە دادەڕێژێت، بەڵکو لە بەڵگەگەلێکەوە بەئەنقەست ساختەکارییان تێدا دەکات، تاکو خزمەت بەدارشتنی ئەو دژوارییانە بکەن، بە شێوەیەک خوێنەرەکانی ناچار بکات وەڵام بەم دژوارییانە بدەنەوە بە شێوەیەک کە ئەم دەیەوێ بیانداتێ، ئەمەش لە هەڵوێستێکی ئایدیۆلۆژیی دیاریکراو و پێشوەختەوە...

لایەنێکی تر هەیە، لەوەدا خۆی دەنوێنێت کە ئەپستمۆلۆژیا دەخاتە خزمەتی ئایدیۆلۆژیاوە، کە ئایدیۆلۆژیایەکی دەمارگیرە و ناوی ناوە عەقڵانییەتی ڕۆژئاوا دژ بە عەقڵانییەتی ڕۆژهەڵات، هەروەها بەیانی سوننی دژ بە عیرفانی شیعی و لە کۆتاییشدا بۆ ئیسلامی سیاسی دژ بە ئیسلامی ڕووحی. بەڵام با دانی پێدا بنێم، من قەرزارباری ئەلجابریم، چونکە ناچاری کردم بەخۆمدا بچمەوە بەر لەوەی وا لەو بکەم بچێتە ژێر باری بەخۆداچوونەوە.

بەم شێوەیە، جگە لەوەی توانیم سەدان بەڵگە کە ئەلجابری ساختەکاریی تێدا کردوون بدۆزمەوە، بینای ڕۆشنبیریی کلتووریی خۆمم بنیات نایەوە و من وا بۆ پتر لە ٢٠ ساڵ دەچێت لە گەشتی ئەم کلتوورەدام، کە دوور نییە تەمەنێکی تەواوی بوێت نەک چەند ساڵێکی کەم لەو تەمەنەی ماومانە».

هەروەها تەرابیشی هێرشیش دەکاتە سەر ئەو گوتەزا ناوەندییەی لە پرۆژەکەی ئەلجابریدا هەیە. دوای ئەوە هێرش دەباتە سەر «ئەپستمۆلۆژیای ئەلجابری». لە شوێنێکی تریشدا هێرش دەباتە سەر «ئەپستمۆلۆژیای جابریزم» بەو پێیەی ئامانجی تێکشکاندنی یەکەتیی سیستمی ئەپستمۆلۆژیی ئاوەزی عەرەبییە.

### سکۆلاریزم

جۆرج تەرابیشی هەڵوێستێکی جێگیر و نەگۆڕی لە بەرابەر دۆزی سکۆلاریزمدا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئیسلام تاقە ئاینە، سکۆلاریزمیش بناغەی پراکتیکی ئیسلامییە، تەنانەت لە چاخە بەرایییەکانی ئیسلامیشدا. بگرە لەوەش پتر، ئەو وای دەبینێت چەمکی سکۆلاریزم لە ئیسلامدا بەهێزترە وەک لە ئاینی مەسیحی. ئەم چەمکەش لە کلتووری ئیسلامیشدا هەر هەبووە بەر لە دەرکەوتنی لە ئاینی مەسیحیی ڕۆژئاوایی. ئەو زۆر بەتوندی بەرگری لە بۆچوونی بۆ سکۆلاریزمی ئیسلامی و لە ناوجەرگەی هزری ئاینیی ئیسلامی خۆیدا دەکات.

سکۆلاریزم وێڕای ئەوەی شتێکی ئامادەکراو نییە بۆ پراکتیزەکردن، بەڵکو لەسەر کۆمەڵگە عەرەبییە

ئیسلامییەکانە دارشتنەوەی تایبەت بۆ بۆچوونیان بۆ سکۆلاریزم بکەن.

«پتر لە جارێک لەسەر سکۆلاریزمم نووسیوە و ورووژاندوومە، سکۆلاریزم لە جیهانی عەرەبیدا شێوازێکی ئامادەکراو نییە، بەڵکو پێویستە سەرلەنوێ بدۆزرێتەوە و دابهێنرێتەوە و پێشبخرێت، تاکو لەگەڵ واقیعی عەرەبی و داخوازییەکانیدا گونجاو بێت. هەرچی سکۆلاریزمی دەقاودەق وەرگێڕاوە، ئەوا چارەنووسی لەو فەلسەفە عەرەبییە باشتر نابێت، کە ئێستا گوتم بوونی ئەستەمە، چونکە هەر بە فەلسەفەیەکی وەرگێڕاویی مایەوە.

سکۆلاریزم لە ڕۆژئاوا، وەکو لە کتێبی داهاتوومدا «هرطقات٢»، کە بەم زووانە دەردەچێت، لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی دەوڵەت لە ئاین دامەزراوە، هەروەها بوارەکەشی تەنگ کراوەتەوە بە کەرتی گشتیی دوور لە کۆمەڵگە. وەلێ بڕوام وایە بەسبوون بە جیاکردنەوەی نێوان ئاین و دەوڵەت لە گۆڕەپانی عەرەبیدا هەموو شتێک نییە، بەڵکو پێویستە سکۆلاریزم کاری خۆی لە قووڵایی کۆمەڵگە خۆیدا بکات، ئەگینا ڕووبەڕووی تەنگژەیەک دەبینەوە لە شێوەی ئەوەی ئەمڕۆ تورکیا پارچە پارچە دەکات، بەهۆی دابەشبوونییەوە بۆ دەوڵەتێکی بە سکۆلارکراو و کۆمەڵگەیەکی بە ئیسلامکراو، یاخۆ سەرلەنوێ بە ئیسلام کراو».

(حوار الشرق الاوسط يناير ٢٠٠٨).

**ئایندەی ڕاپەڕینی عەرەبی**

جۆرج تەرابیشی وایدەبینێت بەدیهێنانی ڕاپەڕینی عەرەبی پێوەستە بە ڕزگارکردنی ئاوەزەوە بەگشتی و بەدیهێنانی شۆڕشێکی لاهووتی بەتایبەتی، هەڵبەت لە میانەی پرۆسەی ڕەخنەی ڕیشەییەوە لە کلتوور. ئەمەش وادەبینرێت کە هێشتا بەدی نەهاتووە، ڕەنگە تا ماوەیەکیش بەدی نەیەت. تەرابیشی ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی هزری نوێی ڕاپەڕینی عەرەبی بوونەوە، بەم شێوەیە وەسف دەکات:

«پرۆژەی ڕاپەڕینی عەرەبی لەژێر سایەی داگیرکەر لە وڵاتەکەماندا سەری هەڵدا... بۆیە دەبوو ڕووناکبیری عەرەب بڕووخێنێت و لە هەمان کاتیشدا بنیات بنێت، لەسەری بوو دژ بە داگیرکەر بجەنگێت و ڕاپەڕین بنیات بنێت. ئیدی لەو نێوەدا ونبوو، لە پاشدا نە توانی بەسەر داگیرکەردا زاڵ بێت، نەیش توانی ڕاپەڕینێکی هزریی ڕەخنەیی ڕاستەقینە بنیات بنێت. ئێمە بێ نموونە هێنانەوە دەزانین دەیان بیریاری عەرەب لەژێر باری ئەم چەڵەمەیە لەسەر هەردوو بارەکەیان نووسیون. ئەوەش دەزانین نابێت ئەگەر ڕیشەیی نەبێت... من لە لایەنی خۆمەوە دوایی بۆم دەرکەوت چەند پێویستمان بە ڕەخنە هەیە... هەروەها ئەوەشم بۆ دەرکەوت، ئێمە لە هزری عەرەبیدا چەندێک لە داگیرکەر دوور بکەوینەوە، گرێی گۆشەگیری و بەرگری لەخۆ کردنمان لا زیاد دەکات، نیرۆسیسی بەکۆمەڵمان لا

ـشبینی لە واقیعی ئەمڕۆی عەرەبیدا، ئینجاش من بڕێک
، گەشبینی دەپارێزم، چونکە بڕوام وایە بە فەراهەمبوونی
ۆکارەیلێک مایەی گەشبینی بن، سەرەڕای ئەوەی
ـداخەوە هۆکارەیلێک هەن مایەی ڕەشبینین. وادیارە تای
ـرازووەکە بەلای ڕەشبینیدا لادەدات، لەم پارادۆکسە سادە
ساکارەدا تێبینیی ئەوە دەکرێت، ئێمە لە سەرەتای ئەم
ـەدەیەدا لەگەڵ ئەفغانی و محەمەد عەبدە و قاسم ئەمین
کەواکبیدا ژیاوین، ئێمە بە مەراقی ئەوەوە دەمرین بچینە
ـاخ و ژیارەوە». (گفتوگۆی گۆڤاری «العربی»ی کوێتی)
تەرابیشی بڕوای وایە شەڕ لەگەڵ ڕەوتە ئیسلامییەکاندا
ماوەی سەدەی داهاتووش بەردەوام بێت بەر لەوەی لە
ـتاییدا پرۆسەی ڕزگارکردنی ئاوەزی داواکراو بەدی بێت.



جۆرج تەرابیشی وایدەبینێت بەدیهێنانی ڕاپەڕینی
عەرەبی پێوەستە بە ڕزگارکردنی ئاوەزەوە بەگشتی و
بەدیهێنانی شۆڕشێکی لاهووتی بەتایبەتی، هەڵبەت
لە میانەی پرۆسەی ڕەخنەی ڕیشەییەوە لە کلتوور.
ئەمەش وادەبینرێت کە هێشتا بەدی نەهاتووە

هەواڵنامەی کتێب

### ئایندەی فەلسەفەی عەرەبی

ئەوی تایبەت بە فەلسەفەی عەرەبییە، ئەوا وایدەبینێت شتێک نییە ناوی «فەلسەفەی عەرەبی» بێت و ڕەوشەکەش وادەکات دەرکەوتنی ئەم جۆرە فەلسەفەیە زەحمەت بێت. «بابەڕاستییەکی واقیعی دەستپێبکەین، ئەویش ئەوەیە فەلسەفەی نوێی عەرەبی، یاخود هاوچەرخ بوونی نییە. خۆ ئەگەر فەلسەفەیەکی لەم بابەتەش هەبێت، ئەوا فەلسەفەیەکی وەرگێڕراوە، یاخود لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە هاتۆتە کایەوە».

### گرینگترین کارەکانی

١. هرطقات٢: العلمانیه کاشکالیه اسلامیة – اسلامیة ٢٠٠٨.
٢. المعجزه او سبات العقل فی الاسلام ٢٠٠٨.
٣. هرطقات١: عن الدیمقراطیه والعلمانیه والحداثه والممانعه العربیه ٢٠٠٦.
٤. العقل المستقیل فی الاسلام: نقد نقد العقل العربی (ج٤) ٢٠٠٤.
٥. وحده العقل العربی: نقد نقد العقل العربی (ج٣) ٢٠٠٢.
٦. من النهضه الی الرده: تمزقات الثقافه العربیه فی عصر العولمه ٢٠٠٠.



٧. مصائر الفلسفه بين المسيحيه والاسلام ١٩٩٨.

٨. اشكاليات العقل العربى: نقد نقد العقل العربى (ج٢) ١٩٩٨.

٩. نظريه العقل العربى: نقد نقد العقل العربى (ج١) ١٩٩٦.

١٠. الروائى وبطله: مقاربه اللاشعور فى الروايه العربيه ١٩٩٥.

١١. مذبحه التراث فى الثقافه العربيه المعاصره ١٩٩٣.

١٢. المثقفون العرب والتراث: التحليل النفسى لعصاب جماعى ١٩٩١.

١٣. انثى ضد الانوثه: دراسه فى ادب نوال السعداوى على ضوء التحليل النفسى ١٩٨٤.

١٤. الرجوله وايديولوجيا الرجوله فى الروايه العربيه ١٩٨٣.

١٥. عقده اوديب فى الروايه العربيه ١٩٨٢.

١٦. الدوله القطريه والنظريه القوميه ١٩٨٢.

١٧. رمزيه المراه فى الروايه العربيه ١٩٨١.

١٨. الادب من الداخل ١٩٧٨.

١٩. شرق وغرب، رجوله وانوثه: دراسه فى ازمه الجنس والحضاره فى الروايه العربيه ١٩٧٧.

٢٠. الله فى رحله نجيب محفوظ الرمزيه ١٩٧٣.

٢١. لعبه الحلم والواقع: دراسه فى ادب توفيق الحكيم ١٩٧٢.

٢٢. الماركسيه والايدولوجيا ١٩٧١.

٢٣. الاستراتيجيه الطبقيه للثورة ١٩٧٠.

٢٤. الماركسيه والمساله القوميه ١٩٦٩.

٢٥. سارتر والماركسيه ١٩٦٣.

بەزمانی ئینگلیزی:

Woman Against Her Sex: A Critique of Nawal El–saadawi, Saqi Book 1989.

تێکستەکان:

١. الفلسفه فى المدينه الاسلامية – الفصل الثانى من «مصائر الفلسفه بين المسيحيه والاسلام».

٢. ابن سينا، اسطورة الفلسفه المشرقيه – الفصل الاول من «نقد نقد العقل العربى – وحده العقل العربى الاسلامى».

٣. اشكاليه اللغه والعقل – الفصل الثانى من «نقد نقد العقل العربى – اشكاليات العقل العربى».

جۆرج تەرابیشی لە ٢٠١٦/٣/١٦ لە پاریس لە تەمەنی ٧٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

# شارو بینین
# شارو ئاوەز



لەتیف فاتیح فەرەج

سەرەتا:

قسەکردن لە شار قسە کردنە لە بوون و شوناس و سیستم، قسە کردنە لە دنیایەکی پێشکەوتو تر لە ڕووی پەیوەندی گشتی و یاساو ئابوری و هۆشیاریەوە، شار پێکەوەیی لە سەر بنەمای مرۆیی بوون دروستدەکات، بەو مانایەی لە شاردا کەمتر پشت ڕۆڵی پێکەوەیی دەبینێت وەک ئەوەی لە دێهات و ناوخێڵەکاندا هەیە، کەواتە هەر کات شار بە مانا مەدەنیەکەی دروست بوو، کۆمەڵگەش دەچێتە قۆناغێکی پێشکەوتو ترەوە لەوەی شوناس هەر گرێدراوی خێڵ و هۆزو بنەماڵە بێت، لە شاردا هەڵبەت شار بە مانا هەقیقیەکەی نەک مەجازیەکەی لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەوە پێکەوە هەڵکردن گەشە دەکەن، پێناسەی جۆر بە جۆر بۆ شار هەیە و بە شێوەی جیاواز پێناسە دەکرێت، بۆ ئێمە پێناسە هێندەی ئەوە گرنگ نیە بۆ دەمانەوێ هەڵوەستە لە سەر شار بکەین، ئەمە ئەو بابەتەیە کەمن دەمەوێت بە کورتی قسەیەکی لە سەر بکەم.

لای من شار دەروازەیەکە بۆ چوونە ناوەوەی مێژوو، ئێستا ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە تەماشا بکەین و شیعرە بە ناوبانگەکەی شێخ ڕەزای تاڵەبانی ١٨٣١-١٩١٠بێنینە بەرچاو لە بیرم دێ سولەیمانی

لە بەر قاپی سەرا سەفیان دەبەست شێخ و مەلاو زاهید
مەتافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردلا سەیوان بوو
لە بەر تابوری عەسکەر ڕێ نەبوو بۆ مەجلیسی پاشا
سەدای مۆزیقەو نەققارە تا ئەیوانی کەیوان بوو

ئەمە یەکێک لە دیوەکانی شارە، کەواتە شار خۆ خاوەنی دروست دەکات هەر ئەوەی شێخ ڕەزا دەڵێت «نەمەحکومی عەجەم نەسوخرە کێشی ئالی عوسمان بوو «، نمونەی شیعرەکەی شێخ رەزامان بۆ ئەوە نەهێنایەوە کە شار وەک سەربازگە نیشانبدەین، بۆ ئەو جیاوازیەمان هێنایەوە کە بڵێین لە شاردا سیستم و تەناهی و سوپا بۆ پارێزگاری و مانەوە دروست دەبێت، شار دەرگای گۆڕانکاری بۆ بینینی مرۆڤ، بۆ بینینی توانی مرۆڤ دەکاتەوە، بینین لە شاردا کاریگەری زۆری لە سەر باری دەرونی مرۆڤەکان دەبێت، بینین ڕۆڵی دەبێت لە دروستکردنی مرۆڤی ساخڵەم، یان مرۆڤی کەلەلا، کورد تا ئێستا وەک پێویست ئاوڕی لەم بابەتە نەداوەتەوە، ئەوەش هۆکارەکەی هەر ئەوەیە کورد تا ئێستا نەپەرژاوەتە سەر دروستکردنی شار، وەک شوناس و ناسنامە.

## شارو بینین:

دوو جۆر بینین هەیە، بینینی فریو دەرانە، بینینی دەرونئارامی، لە ڕاستیدا هەردوو ناوەکە خۆم دامنا لە بەر ئەوەی نەمزانی چۆن ئاماژەیان پێبکەم، بینینی

هەواڵنامەی کتێب

فریودەرانە، فریودانی چاوە لەڕێی نمایشەکانی دەسەڵاتەوە بێئەوەی بایەخ بە گەشەی ئاوەزو پێشکەوتنی مانابەخش بدات، ئەم بینینە مرۆڤ دەخاتە نێو روکەشێکی پێشکەوتوانەی بێماناوە کە زیاتر یاری کردنە بە چاوی مرۆڤ بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە لە خشتە ببرێت، بەڵام بە هەموو شێوەیەک کار لە سەر هێشتنەوەی مرۆڤ دەکات لە تاریکیدا، یانی نمایشەکە هیچ پەیوەندیەکی بە گەشەی ئاوەزی مرۆڤەوە نیە، لەم بینینەدا چاومان بەریەککەوتن لە تەک تەلارو ڤێللاو شەقامی گەورەو پان و پۆڕدا دەکات، توشی سەراسیمەیی دەبین، لێ لە بنەڕەتا شاربە جۆرێک دەهێلرێتەوە کە تێیدا گۆڕانی ئاوەز، خوێندنەوە، کتێب، سینەماو گفت و گۆی ئاوەزی بە هیچ شێوەیەک گەشە نەکات، دەشێت ئەم بینینە روکەشانەیە بۆ ساتێک مرۆڤ ناچاری هەڵوەستە بکات، بەڵام هەر ئەوەندەی پرسی ئازادی و هۆشیاری و مرۆڤ خاوەنی هاتە پێشەوە ئیدی چیرۆکەکە دەبێتە بڵقی سەر ئاو، کەواتە ئەوەی دەیبینی شار نیە شتێکی ترە، گەرچی دەسەڵاتی فریودەر چاوی خۆتی بۆ لە خشتە بردنی ئاوەزت بە کار هێناوە.

بینینی دەرونئارامی، یان ئەو بینینەی چاوی تێدا فریو نادرێت و ئاوەز بە ڕوونی هەستی پێدەکات، ئەوەیە کە تۆ لە شاردای، شاربە مانانوێیەکەی، بەو مانایەی لیپە لە پێکەوە ژیان و تولەرانس و جیاوازی، بەو مانایەی کە تۆ تێیدا هاوڵاتیت و بە شوناس و ناسنامەی تر تیورێزە نەکراوی، واتە تۆ وەک مرۆڤ ن وەک کەسێکی خاوەن ماف و پێگە شاریت، شارییەک کە میوزیک و هونەرو سینەماو خوێندنەوەو کۆڕو کۆبونەوەو هۆڵ و ئازادی وتن و بیرو ڕات هەیە، تۆ لە تەک ئەوانی تردا لە بەردەم یاسادا جیاواز نیت و وەک هەر تاکێکی تر تۆش بەشێکی گرنگی



شارو بینین

ئەگەر سەیری بەرز بوونەوەی تەلارەکان و کردنەوەی چێشتخانەو مۆڵ و بازاڕەکان بکەین، ئەگەر سەیری شەقامەنوێیەکان و ئازادیە فریودەرانەکەی گەشەی ئابوری بکەین، یەکسەر دەبێت بە بەڵێ وەڵام بدەینەوە، گەشەی خێرا، دەوڵەمەند بوونی خێرا، رژان و پەیدا بوونی پارەی زۆر ئەمانە سیماکانی شاری فریودەرانەن

لە بونی شار، شار بەو جۆرەی هەموومان بەشدارین لە بونیادنانیدا لە پاکەوانێکی بەیانیەوە تا ئەو بەرپرسی یەکەمەی لە سەر کورسی بڕیار دانیشتوە.

### ئایە خاوەنی شارین:

ئەگەر سەیری بەرز بوونەوەی تەلارەکان و کردنەوەی چێشتخانەو مۆڵ و بازاڕەکان بکەین، ئەگەر سەیری شەقامەنوێیەکان و ئازادیە فریودەرانەکەی گەشەی ئابوری بکەین، یەکسەر دەبێت بە بەڵێ وەڵام بدەینەوە، گەشەی خێرا، دەوڵەمەند بوونی خێرا، ڕژان و پەیدا بوونی پارەی زۆر ئەمانە سیماکانی شاری فریودەرانەن، بەو جۆرەی بە قەبارەی ئەو گەشە کردنە جیاوازی نێوان چینەکان زەقدەبێتەوە، بەڕادەیەک کەمتۆین گرانبوونی شمەک نەهامەتیەکی گەورە بڵاو دەکاتەوە، نەهامەتی لێکتر دابڕان، شار تەلارو دوا مۆدێلی ئۆتۆمبیل و نمایشکردنی شاجوان نیە، ئەمە شاری وێرانکردنی مرۆڤە نەک بونیادنانی، شاری وا مرۆڤەکان دەکاتە مرۆڤی دۆزەخی و لە پێناوی تێر بوونی ئارەزودا پەلامار دەدەن، مرۆڤەکان لە مرۆڤی دەکەون و دەبنە زۆمبی، ئەم جۆرە شارە ئاوەزو ڕێزو خۆشەویستی تیا نامێنێ، بە بەر ئەوەی شار یانی دابینکردنی دادگەرانەی پێویستی مرۆڤەکان، لە خانوو، نان، ئازادی و ئاسایش، ئەو شارەی ئێستا بە تەلارو ڤێللاو شەقام و تاوەر فریوی چاومان دەدات شار نیە چونکە تێیدا زەبرو زەنگ و ستەم زیاد دەکات، تێیدا بواری ئاسایش و ئارامی نامێنێت، ئەمە لە مەیامیەوە بگرە تا ریاز ئەکەوێتە ژێر ئەم چواندنەوە، ئەمە شار نیە شتێکی ترە، ڕەنگە سەنتەری کەوی کردن و لە خشتە بردنی مرۆڤەکان بێت و زەمینەی مانەوە بێت بۆ «خاوەن تەلارو عانەکان «ئەوەی کە ئەحمەد هەردی بۆ فاتیمەی نووسیوە، بە کورتی و بە کوردی شار گرێدراوی ئاکار نەبێت ناکرێت ناوی شاری لێبنرێت، لەکوێ ویستت شار ببینی بە دوای ئاکاردا بگەڕێ، ئاکاری سیاسی، کۆمەڵایەتی، دینی، ئابوری، ئاکاری تاک، ئاکاری پەروەردەیی، شار بەس بڵاو کردنەوەی هێڵەکانی ئینتەرنێت و گەشە کردنی فەیس بووک نیە کە کۆمپانیا فریودەرەکان بە جۆرێک مرۆڤ ناچار دەکەن کە بێ وی نەژێت، شار ئاکارە، ئایە ئێمە شارمان هەیە ئەوە هەمان ئەو پرسیارەیە کە چاوی هەقیقی و چاوی فریودەرانە، بینینی هەقیقی و بینینی فریودەرانە بۆمان پێناسە دەکەن، کەواتە بە هەندەی ئەوەی ئێمە پێویستمان بە بینینی هەقیقیە بۆ دۆزینەوەی شار، ئەوەندەش پێویستمان بە بینبنی فریودەرانەیە، تا لە رێی ئاوەزەوە چارێکی تر بە دوای جیاوازیەکاندا بگەڕێین.

### شارو ئاوەز:

بڕیاری ئاوەز لە بارەی شارەوە بڕیارێکی دروستە بە مەرجێک کۆی لایەنە ئاکاریەکانی شاربوون فەرامۆش نەکرێت، گرنگترین لایەنی ئاکاری شار بەتەنگەوە هاتنی یەکترو دەستنەبردنە بۆ ئازادی یەکتر، لە ڕووی ئاوەزیەوە

ئەم بابەتە قسەی زیاتر هەڵدەگرێت، بۆنمونە شارێک بێنە بەرچاوت هەموو دینەکانی تێدا بێت، هەموو دینەکانی سەرگۆی زەوی ئەگەر تێیدا کەس دەستی بۆ ئازادی ئەوی تر درێژنەکرد، ئەگەر تیایدا هەموو بەو جیاوازیە ئاینیەشەوە لە خەمی یەکتردا بوون، ئەو کاتە دەکرێت بڵێی ئەمە شارێکی هەقیقیە، یانی وەک ئەوەی ئەو فرە ئاینیە یەک ئاین بێت، کە مرۆڤ گەیشتە ئەم ئاستە باڵایە لە بینینی ئەوی تردا ئەو کاتە دەکرێت باسی بوونی شار بکەین، بونی شار بەو جیاوازیانەوە کە لە کرۆکدا دەچنە خزمەتی یەکترەوەو یەکتر تەواو دەکەن، ماناو ناوەڕۆکی هەیە دەنا هەرگیز ئەوە شار نیە کە لیپە لە ستەم و نادادی و نائامادەیی ئاوەز.

قسە کردنی ئێمە لە بوونی ئاوەز لە شاردا قسە کردنە لە ئامادەبوونی ئاوەز لە هەست و کەوت و جم و جۆڵ و بزاوتەکانی شار، بەو مانایەی شار رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی جیاوازیە نەرێنیەکان و نان و تەناهیش بۆ هەمووان بێت، بۆ ئەوەی مرۆڤەکان لە خەمی نان و تەناهیدا نەبن هەتاکو بیر بکەنەوە، ئەگەر بەم شێوەیە سەیری شار بکەین کەواتە شارمان وەک شار، وەک شوێنێک بۆ گفت و گۆو بەرخودانی مرۆیی نیە.

دەکرێت رونتر بڵێین تەلارو تاوەر جوانن، لێ جوانتر لەوانە گفت و گۆی چرو هەمەلایەنەیە لە سەر چارەنووس و ئایندەی مرۆڤ، لە سەر ژینگەو مەترسیەکانی سەری، لە سەر ئارامی بینین لە شاری هەقیقیدا، دەرون ئارامی بینین، مرۆڤی ساغڵەم دروست دەکات، ئەو مرۆڤەی دەتوانێ بە ئارامی و بوێری بڕیار بدات و رۆڵی هەبێت لە گۆڕانکاری ئەرێنیدا، کە قسە لە شاری هەقیقی دەکرێت قسە لە سەر قەبوڵنەکردنی نادادی و ستەمیش دەکرێت، قسە لە سەر بەشداری گشتیش دەکرێت بۆ گۆڕینی نادادی و ستەم، شار خەونێک نیە بۆ دەستەبەری دوبەی، دوبەی چراخان و هەمەچەشنە، بەڵام ناتوانی ناوی شاری لێبنەی، لەوێدا لە بری ئاوەز سەرمایە، پارە و کۆمپانیای پارە دارو سەرمایەدارە بیر نەکەرەوەکان هەن، بەڵام بیر کەرەوە نیە، کەواتە لە بری دوبەی پاریس هەڵبژێرە، پاریس شارترە لە دوبەی گەرچی هەردوکیان بۆ مرۆڤی بیرکەرەوە کەم و کوڕی خۆیان هەیە، کاتێ هاشم ساڵحی بیرمەندی سوری فەرەنسی لە تەمەنی سەرو بیست ساڵیەوە لە پاریس دادەبەزێت و دیمەشق بە جێدێڵێت دەڵێت «ئەمڕۆ رۆژی لە دایکبونمە «راستە هاشم ساڵح زیاتر لە بیست ساڵ پێشتر لە سوریا لە دایک بووە، بەڵام ئەوە یەکەمجارە خۆی لە دنیای ئازادا دەبینێ، یەکەم جاریشە شار بە ماناو ناوەڕۆکێکی پێشکەوتوو ترو جیاواز ترەوە دەبینێ، ئەمە ناکاتە ئەوەی هاشم ساڵح دواتر درک بە کەم و کورِیەکانی پاریس نەکات.

پرسیاری ئێمە لە بوونی شارو شارخاوەنی ئەمەیە، بۆیە ئەرکی دەستەبژێری گۆڕینی ئاوەزی شار ئەرکێکی قورس و بەردەوامە، ئەو دەستە بژێرە برینەکان نیشاندەدەن، وێنەکان دەبەنەبەردەم چاوی خەڵک، کاربۆ

بەشداری گشتی دەکەن لە بونیاد نانی شاردا، دەستە بژێر لەو نێوەندەدا کاریان لە چوار چێوەی نیشاندان و ڕێنمایی و جوڵاندنی هزی ئەوانی تردایە، ئەوانی تر لە منالێکەوە کە تازە دەچێتە قوتابخانە تا بە ساڵاچویەکی خانەنشین پێکەوە ڕۆڵ لە بونیاد نانی شاردا دەبینن، جارێکیان لە میترۆیەکی لەندەن پیرە ژنێکی بە تەمەن دەستی کرە بۆڵە بۆڵ لە بەر ئەوەی یەکێک لە ئەسانسۆرەکان شکابوون و جەنجاڵی دروست بووبوو، ئەو بە دەنگی بەرز وێڕای جنێو بە شارەوانی لەو خەڵکەش تورە بوو کە پرسیاری ئەوە ناکەن بۆ چەند ڕۆژە ئەمە چاکنەکراوە، من تێگەیشتم ئەو پیرێژنە بەرپرسیارەتیەکەی بەس لە هۆشیاریەوە نیە، بەرپرسیارەتیەکەی بەشێکی پەیوەستە بە بەسداری ئەوەوەلە بونیاد نانی شاردا، ئایە ئێمە ئەم جۆرە لە بگۆمان هەیە کە خەمی جوانی و پێشکەوتن و بە شار کردنی شاری هەبێت.

**ئاوەز و بینین:**

بۆ ئەوەی لە بینینی فریودەرانە ڕزگار بین، پێویستە لەڕێی ئاوەزەوە هەڵبەت بە هاوکاری چاو شتەکان ببینین، ڕەنگە بپرسن جا شتی وا چۆن دەبێت، ڕاستیەکەی ئەوەیە کاتێک کتێبێک دەخوێنیتەوە، بۆنمونە ڕۆمانێک هەوڵبدە لە ڕێی ئاوەزەوە هەموو دیمەنەکان وێنا بکە، دەکرێت هەوڵبدەی لە ڕۆماننووسەکەش زیاتر ببینی، بەمە دەوترێ بینین لە ڕێی ئاوەزەوە، ئەمە بۆبینبنی شاریش هەر وایە، کاتێک تۆ لە شارێکی وەک ڕۆما دەسوڕێیتەوە لە پڕدا تەلارێکی گەورە دەبینی کە لە بنەوە ڕا بە سەر شانی چەند کرێکارێکەوە یە، ئاوەزت بۆ ژێری ئەندازیارەکە دەچێت و دەنگێک پێت دەڵێت ئەم تەلارسازە دەیەوێت بڵێت لە پارە و کەرەسە گەڕێ ئەوەی ئەم تەلارەی چێکردوەو ئەو کرێکارانەن کە هەر زوو لە بیر دەکرێن، یان لە ساڵێکا ڕۆژێک دەکرێت بە ڕۆژی ئەوان و هیچی تر.

## شارو بینین



زۆر گرنگە مرۆڤ نەکەوێتە ژێر کاریگەری بینینی روکەشانەو فریودەرانەوە، لە سیستمی سەرمایەداری و دۆلارخاوەنیدا مرۆڤ دەکەوێتە نێو هەراو زەنای شارێکەوە کە تەلارو جوانکاری روکەشانەو روناکی و کەرەسەکانی تەکنەلۆژیا خودی مرۆڤ لە بیر خۆی دەباتەوە، بۆ گێڕانەوەی مرۆڤ بۆ دۆخی مرۆیی دەبێت مانا قوڵەکانی شار بون بە شار بیەخشینەوە

زۆر گرنگە مرۆڤ نەکەوێتە ژێر کاریگەری بینینی روکەشانەو فریودەرانەوە، لە سیستمی سەرمایەداری و دۆلارخاوەنیدا مرۆڤ دەکەوێتە نێو هەراو زەنای شارێکەوە کە تەلارو جوانکاری روکەشانەو روناکی و کەرەسەکانی تەکنە لۆژیا خودی مرۆڤ لە بیر خۆی دەباتەوە، بۆ گێڕانەوەی مرۆڤ بۆ دۆخی مرۆیی دەبێت مانا قوڵەکانی شار بون بە شار ببەخشینەوە، کە هەرە سەرەتایترینیان بریتیە لە هەستکردن بە مرۆڤ بوونی خۆت، لە بینینی شاری هەقیقیدا لانی کەم مرۆڤ بە دیمەنە سادەو ساکارەکانی ژیان مێشکی ئاسودەو ئارامە، ئەمە لە شاری درۆزنانەدا زۆر ئەستەمە، بۆیە ئەرکی ئێمەیە مرۆڤ بخەینەوە سەر ڕاستە ڕێی بینینی شاری هەقیقی، نەک شاری چاو خەڵەتێن، ئەم نوسینە زۆر کورتە تەنها بۆ ئەوە بوو بڵێین مرۆڤی شاری ئەو مرۆڤەیە کە دەتوانێ ئەوەی بە چاو ببینێ جارێکی تر لە ڕێی ئاوەزەوە شرۆڤە بۆ بینینەکەی بکات، یانی بە ئاوەزیش ببینێ، راستە شار تەلارو ڤێلا و شەقام و پردیشی دەوێت، بەڵام ژینگە، سەوزایی باخ و پارک و شوێنی پشوو، شوێنی خوێندنەوە، سینەماو کتێبخانە، میترۆو گفت و گۆو بەریەککەوتن، هەست و کەوتی مرۆییانە، بە تەنگەوە هاتنی یەکترئەمانە هەموو شار دروست دەکەن،گەشەی شار گرێدراوی گەشەی ئاوەزی مرۆڤەکانە، ئەگەر شار هەر هەڵکشێت و مرۆڤەکانیش لە شوێنێکدا وەستابن، کەواتە ئێمە لە بری شار شتێکی ترمان دروستکردوە، شتێک کە کەرەسەی لە ئاوەز ترازان و کەوی کردنی مرۆڤە نەک گەشە پێکردنی.

دەکرێت لە سەر کرۆکی ئەم بابەتە گفت و گۆو قسەو باسێکی چڕ تر بکەین، لانی کەم لە پێناوی دۆزینەوەی مانای مرۆیی تردا بۆ شار، چونکە ناکرێت ئەوەمان بیر بچێت کە شار دەبێت ئاسودەیی دەرونی و بەختەوەری بۆ شارستانیەکانی دابین بکات نەک نیگەرانی و جیاوازی، ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت هەمیشە دروستکردنی مرۆڤی نیگەرانی نەرێنی و خەمۆکە، ئەم جۆرە لە مرۆڤیش ناتوانێت ئەفراندن بکات، تەنانەت نانی فڕنی نانەوایەکی گەشبین و بەختەوەر لە نانی فڕنی نانەوایەکی دڕدۆنگ و خەمۆک باشترە، دەکرێت لە دوو هەفتەدا دوو فڕنی لەم جۆرە تاقیبکەینەوە، ئایە کاریگەریەکانی چین، ئەی ئێمە چیمان دەسکەوت، ئەمە ئەو پۆسیارەیە کە دەکرێت دوای دوو هەفتە هەریەکەو لای خۆمانەوە وەڵامەکەیمان دەستکەوێ.

# له غیابی ڕەخنەی بونیادنەردا



جەوهەر مەحمود داراغا

ساڵانــە سەدان کتێب لە بوارەکانی ڕۆمان و, چیرۆک و، شیعر و فەلسەفە و دەروون ناسی وەردەگێردرێنە سەر زمانی شیرینی کوردی و، ئەمەیش فرە وەگیانی کوردان خۆش دەبوو، ئەگەر بە ژێر دەستی بەڕێوەبەرایەتییەکی پسپۆڕ لە بوار و، زمانە جیاجیاکاندا تێ بپەڕیایە! ئەگەر خەمخۆرانێکی خاک و نەتەوە و، زمان سەرپەرشتییان بکردایە و، ڕەگە پۆخڵەکانی خەمساردی و گەندەڵی نەگەیشتایە بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی!

بڕێک لە ئەو کتێبە وەرگێڕدراوانە بە زمانێکی شیرین و جوان نووسراون و، خوێنەر پەلکێشی خۆیان دەکەن! چونکە کەس نکوولی لەوە ناکات، کوردانیش وەرگێڕیەلێکی گەلێک باشیان هەیە و، جێگای ڕێز لێنانن. بەڵام هێشتایش وێنەیان لە نێو نەتەوەی خۆیاندا، گۆران وتەنی: وەکوو وێنەی مانگە، لە نێـو گۆمێکی لیخندا! چونکە هێشتایش ئێمەی کـورد تەنانەت وەکـوو نەتەوە سەردەستەکانی خۆیشمان بۆ ناکرێت و، ڕێز لە گەورەپیاوانی خۆمان نانێین! هێشتا کاری چاپ و بڵاو کردنەوەی کتێب، وەکوو وڵاتانی پەرە سەندوو نەبووەتە بازرگانی! ئەمەیش بە هۆی بە کلتوور نەبوونی خوێندنەوەوە بووە، لە نێو کورداندا.

هونەری وەرگێڕان مێژوویەکی کۆنی هەیە و، سەرەتا بە وەرگێڕانی دەقەکانی کتێبە ئاسمانیەکان، دەستی پێ کـردووە! لێکۆڵینەوەکان دەریـان خستووە، (یاساکانی عیسا) یەکەمین کتێبێک بووە، لە (زمانی عیبریی کۆن) ەوە، بۆ (زمانی کۆنی یۆنانی) وەرگێڕدراوە. وەرگێڕانی هەندێک بەشی کتێبی (تـەورات) بۆ (٣٠٠) ساڵ بەر لە زایین دەگەڕێتەوە!

ڕەخنەی بونیادنەر

هەمووان لەسەر ئەوە کۆکن باشتر وایە بابەتەکان لە زمانی پێ نووسراوەوە وەربگێڕدرێن. بەڵام خۆ ناشکرێت، کوردان ئیتر دەستەوسان دابنیشین و، چاوەڕوانی کەسانێك بین، کە زمانی یەکەم بزانێت، ئەوکات دەست بە وەرگێڕانی بابەتە گرنگەکان بکات!

خۆ بەر لە ئەوەی لە سەدەی پازدەیەمیندا گۆتنبێرگ لە ئەڵمانیا دەزگای چاپخانە دابهێنێت، خوێندن لە کڵێسە و زانکۆکان، بە زمانی یۆنانیی کۆن بووە! لەساڵی (١٦٣٠)م بە دواوە، ئەگەر لە وڵاتی فەڕەنسا، کەسێک داوای مۆڵەتی کردنەوەی کتێبخانەیەکی بکردایە، حکومەتی ئەوکاتی فەڕەنسا، مەرجی ئەوەی بۆ دانابوو، کە دەبوو خۆی ڕۆشنفکرو کتێبناس بوایە!

وەرگێڕان یەکێکە لە کارە پێویستەکانی هەر نەتەوەیەک. ئەوەتا Horace Engdal) سکرتێری ئەکادیمیای سوویدی وتوویەتی،"ئەگەر ئێمە وەرگێڕان وێڵ بکەین، زمانی سوویدی بە هەژاری دەمێنێتەوە! چونکە ئێمە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە، فۆرمۆڵەی زمانی خۆمان دەکەین و تێی دەگەین."

هەمووان لەسەر ئەوە کۆکن: باشتر وایە بابەتەکان لە زمانی پێ نووسراوەوە وەربگێڕدرێن. بەڵام خۆ ناشکرێت، کوردان ئیتر دەستەوسان دابنیشین و، چاوەڕوانی کەسانێک بین، کە زمانی یەکەم بزانێت، ئەوکات دەست بە وەرگێڕانی بابەتە گرنگەکان بکات! چونکە وەرگێڕانیش بڕێک تایبەتمەندیی خۆی گەرەکە، وەکوو باگڕاوندی ڕۆشنبیری و، بە ئاگابوونی وەرگێڕ لە مێژوو و کلتووری زمانی لێوە وەرگێڕدراو و، زمانی بۆ وەرگێڕدراوی خۆی و، گەلێک شتی تریش. بۆیە بڕێک جار ئەدیبان ناچار دەبن: وەرگێڕان لە زمانی دووەمی دەقەکەکانیشەوە بۆ زمانی شیرینی خۆمان بکەن.

ئەوەی بۆ من جێی مەترسییە: چاپ بوونی کتێبەکانی ئێمەی وەرگێڕ، لە غیابی کەسانی پسپۆڕی بواری ڕەخنە و ڕەخنەی ئەدەبیدا، دەکەونە نێو کتێبفرۆش و کتێبخانە گشتی و کتێبخانەی دەزگا ڕۆشنبیریی وماڵەکانەوە و، دواجار بەردەستی خوێنەرانەوە! ئەم دیاردەیەیش بۆخۆی کارەساتە! ئەی بۆ نا؟ ئاخر لە غیابی ڕەخنەدا، زۆرو بۆرییەک لە بەرهەم هێنانی کتێبدا دروست بووە، تێیدا زۆرێکی خوێنەرانی بێ ئومێد و بێ متمانە کردووە و، گومان و دوودڵیی لەلا دروست کردووە، بەرامبەر کتێبەکان! چونکە شێوەزارو زمانپاراویی لە کتێبەکان و، نەبوونی زمانی ستاندارد، بۆ ئەم سەردەمی ئاڵۆزی وسەرقاڵبوونەی کوردان، مۆڵەتی بۆ خوێندنەوەی کتێبی بۆ کۆمەڵگا نەهێشتووەتەوە، تاکوو خۆیان بە نووسینی ئاڵۆزو زمانی شپرزە و، بابەتی بێ ناوەڕۆک و سەرنجکێشەوە گیر بدەن! مەخابن بڕێکی باشی کتێبە چاپکراوەکانی دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی کوردستانی باشوور، لە ئەم جۆرەن! بۆیە من لای خۆمەوە، داوا لە ڕەخنەگرانی پسپۆڕ و ئەکادیمی و خاوەن ئەزموون دەکەم، بە هانای ئەدەبی کوردی و دەقە وەرگێڕدراوەکانی خۆمانەوە بچن، بڕێک لە سەرگەردانیی نووسەران و، وەرگێڕان و، بێباکیی چاپخانەکان کەم بکەنەوە.

بەلای منەوە، ڕەخنە لە خۆیدا پێداچوونەوەیەکی تری وردو ئەکادیمیانەیە، بۆ دەقێک لە دەقەکان و، بەراورد کردنەوەی دەقی لێوە وەرگێڕدراوە، بۆ زمانی وەرگێڕدراو. دواتر خستنە ڕووی لایەنە پەسەند و، ناپەسەندەکانی دەقی بەردەستە. ئەمەیش بە مەبەستی ڕاست کردنەوە و دووبارە نەبوونەوەی هەڵە دیاریکراوەکانە و، ڕووناکتر کردنەوەی ئەو ڕێچکەیەیە نووسەر و وەرگێڕ گرتووینەتە بەر. زمانی ڕەخنەگرو شێوە نووسینی، گەلێک گرنگە. لێرەوە ڕەخنە دەبێت بە دوو بەشی سەرەکییەوە: (ڕەخنەی بونیادنـەر) و (ڕەخنەی ڕووخێنەر).

فرانک کلارک وتوویەتی، »پێویستە ڕەخنە وەکوو بارینی باران بەسەر درەختەکاندا، ئاسان بێت. گەشە بە مرۆڤ بکات و، ڕەگەکانی نەڕزێنێت!«

ڕەخنەی بونیادنەریش ئەرێنییە و، هەموو کاتێک دەتوانرێت پێشکەش بە مرۆڤ بکرێت. ئەم جۆرە ڕەخنەیە دەچێتە خانەی ئامۆژگارییە نیانەکانەوە. ئەمەیش وا دەکەوێتەوە، ڕەخنەگر بچێتە دڵی ڕەخنە لێ گیراوەوە و، بە سینەی فراوانەوە، ڕەخنەکەی لێ وەربگرێت. کەوابوو ئەوە (ڕەخنەی بونیادنەر)ە وا دەکات، ڕەخنە لێ گیراو، ئامۆژگارییەکان لە ئامێز بگرێت و، کاریشیان پێ بکات. هەر ئەمەیش ئامانجی ڕاستەقینە و لە پێشینەی ڕەخنـەیە بە گشتی.

بـــەڵام ڕەخنەی ڕووخێنەر وا دەکات، ڕەخنە لێ گیراو: هەناسە سوارو نائومێد ببێت! خوێنەرانی دەقە ڕەخنەییە ڕووخێنەرەکەیش، بەم جۆرەی ڕەخنە، هەراسان دەبن و، سەرلەبەری دەقە ڕەخنەییەکە وێڵ دەکەن و، نایخوێننەوە. بە ئەم جۆرە ڕەخنەیە، درز دەکەوێتە نێوان ڕەخنەگرو ڕەخنە لێ گیراوەوە. بۆیە ئەگەر ڕەخنەی بونیادنەرت بۆ نەگیرا، ئـــەوا چاکتر وایە ڕەخنە لە هیچ دەقێکی ئەدەبیی و ڕەوتاری هیچ کەسێک نەگریت.

سیبیل کینی پسپۆڕی دەروون ناسی و، پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دەڵێت: ئـەگەر هەڵس و کەوتی گونجاو لەگەڵ ڕەخنە بکرێت، ئەوا ڕەخنـــە سەنگ و بەهای خۆی دەبێت. بەڵام کە بوو بە تانە و تەشەر، ئیتر زیانی دەبێت. خۆ برێک لە نووسەران و وەرگێڕەکانیش، هێندە خۆویست و نەرجسین، بە هیچ کلۆجێک ڕەخنەیان پێ پەسەند نییە! ئـەم جۆرە نووسەرانە: پێدا هەڵدانی درۆزنانەیان پێ باشترە لە ڕەخنەیەک ڕێیەکانیان بۆ ڕاست بکاتەوە و، تواناکانیان پێی بەهێزتر ببێت! لە کاتێکدا ڕەخنە لێگیراو، تەنانەت خۆیشی هەست بە شپرزەیی و ئاڵۆزیی نوسینەکانی خۆی دەکات!

ڕەخـنـە نـووسـەر ڕزگـار دەکـات، لـە کەوتنە نێو زۆنگاوەکانی هەڵەوە. کەوابوو (ڕەخنـە) یارمەتیی نووسەری ڕەخنە لێگیراو دەدات، تاکوو خۆی لە لوغمی هەڵەکان بە دوور بگرێت! فێر ببێت گوێ لە ئامۆژگاریی کەسانی تریش بگرێت. ڕەخنەی بونیادنـەر: یارمەتیی

هێشتنەوەی پەیوەندیی نێوان کەسانی کۆمەڵگە دەدات و، بەدحاڵی بوونی نێوانیان دەڕەوێنێتەوە.

پێناسەی ڕەخنە فرە ڕەهەندە و، من پێم وایە ڕەخنە: شێکردنەوەی دەقەکانە و، خستنە ڕووی (ڕووە باشەکان و، (ڕووە خراپەکان)ی دەقە و، ڕەخنەگرانی کۆن، بەم شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵ دەقە ئەدەبییەکانی سەردەمی خۆیان کردووە. بەڵام ڕەخنەی سەردەمی نوێ جیاوازە و، پرۆگرامی تایبەت بە خۆی هەیە. ئێستا ڕەخنە زانستێکی سەربەخۆیە، وەکوو هەر زانستێکی تر. چەندین بواری جیاجیای هەیە و، ڕەخنە بە هەموو بەشە زانستیەکانیەوە هەوڵ دەدات، ئەدەب شی بکاتەوە.

**ڕەخنەی نوێ**: دەربڕینێکی گشتگیرە بۆ دەقێکی ئەدەبی و، شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنێتی لە ڕووە جیاوازەکانی ئەو قۆناغانەی دەقە ئەدەبییەکە و، قسە کردنە لە هەموو بەشەکان و، ئەمەیش دەبێتە بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ کۆی ڕێبازی ڕەخنە ئەدەبیە نوێیەکە.

ڕەخنە دەنگێک نییە لەسەر دەق. دەنگێک نییە بۆ دەق. ڕەخنە دەنگێکە لە پێناوی وەدەنگ هێنانی دەق! دەنگێک کە دەنگێکی تر وەدەنگ دێنێت. ڕەخنە لە دەق دەدوێت. دەقیش دەخاتە دوواندن. ڕەخنە بە قسەکانی خۆی، دەق وەقسان دەهێنێت. ڕەخنە قسە ناخاتە زاری دەقەوە، بەڵکوو بە قسە کردنی خۆی، قسە لە زاری دەق دەقۆزێتەوە. ڕەخنە هەڵوێست بەسەر دەقدا ناسەپێنێت. بەڵکوو لە هەڵوێستی دەقەوە، هەڵوێست بۆ خۆی وەر دەگرێت و، لەم دانوستانەی هەڵوێستەوە، هەڵوێستێکی نوێ دەخولقێنێت: هەڵوێستی ڕەخنەکارانە. کەواتە ڕەخنە دوای دەق دەکەوێت، بەڵام پاشکۆی دەق نییە. هاوپێچی دەق نییە. ڕەخنە هاوڕێی دەقە، بەڵام دەنگی دەق نییە. ڕەخنە شوێن پێی دەق

هەواڵنامەی کتێب

## ڕەخنەی بونیادنەر

ڕەخنە دەنگێك نییە لەسەر دەق. دەنگێك نییە بۆ دەق. ڕەخنە دەنگێکە لە پێناوی وەدەنگ هێنانی دەق! دەنگێك کە دەنگێکی تر وەدەنگ دێنێت. ڕەخنە لە دەق دەدوێت. دەقیش دەخاتە دوواندن. ڕەخنە بە قسەکانی خۆی، دەق وەقسان دەهێنێت. ڕەخنە قسە ناخاتە زاری دەقەوە، بەڵکوو بە قسە کردنی خۆی

هەڵدەگرێتەوە، بەڵام شوێنکەوتووی دەق نییە.

ئەو ڕەخنەیەی هەموو شتێکی خۆی، لە دەق وەر بگرێت، سەربەخۆیی خۆی دەدۆڕێنێت. ئەگەر بێت و هیچ شتێکیش لە دەق نەکات و، بە پاڵپشتی ڕا و ڕوانینی خۆی کاری لەسەر بکات، ئەوا خۆی تووشی (تـا)ی تۆتالیاریزمی ڕەخنانـە، یان دەردی دیکتاتۆرییەتی ڕەخنەیی دەکات! کەواتە ڕەخنە لە دوو سەرچاوەوە پـاراو دەبێت: ئـەو ئاسۆی ڕوانینەی دەق هەیەتی و، ئەو ئاسۆی ڕوانینەی ڕەخنەگر خۆی هـەیـەتی.[١]

من پێم وایە ئەمڕۆی ئەدەبی کوردی و، بە تایبەتی قۆناغی دوای ڕاپەڕینە مەزنەکە، فـەزای ئەدەبێکی ئاڵـۆز و، شپرزەی خولقاندووە و، خوێندەوارانی لە کتێب و خوێندنەوە تۆراندووە و، بوارەکانی ئەدەب و ئـەدەبی وەرگێڕانی لە گۆ خستووە و، بەڵگەیشم بۆ ئەم ڕاستییە، بێ بازاڕیی کتێب و، شکست خواردوویی چەندین کتێبخانە و، شکستی چەندین لایەنە جیاوازەکانی بە کلتوور کردنی خوێندنەوەی لێ کەوتووەتەوە. لە کاتێکدا هەمووان ئـاگـاداری تەقەلا بێ وچانەکانی چەندین نووسەری ڕۆشنفکر و، ڕێکخراو و ناوەندە ڕۆشنبیرەکانن. بۆیە پێشبینی دەکەم وەرگێڕانیش لە نێو کوردانی خۆماندا، هەروا بە ئاسانی لە ئەم دۆخە نالەبارەی نیشتماندا، هەروا بە ئاسانی قوتار نەبێت! لە کاتێکدا ئیتالۆ کالفینۆی ڕۆژنامەنووس و ڕۆمان نووسی ئیتالی وتوویەتی، »ئەگەر وەرگێڕان نەبوایە، ئێستا من بەندکراوی سنووری وڵاتی خۆم دەبووم!«. خافێر ماریاس ڕۆمان نووسی ئیسپانی هێندە کاری وەرگێڕانی پێ گرنگ و باڵا بووە، لە وەسفی کەسانی وەرگێڕدا وتوویەتی، » وەرگێڕ کەسێکی تایبتمەندە و، هەلی نووسینەوەی جارێکی تری شاکارەکانی بۆ ڕەخساوە، بە زمانی خۆی!«.

بۆیـــە منیش لای خـۆمـەوە بـابـەتـە ئـەدەبـیـە وەرگێڕدراوەکان، لە زمانە جیهانیەکانەوە و، زمانانی دوور و نزیکەوە، بە پەنجەرەیەکی واڵا دەزانم، بەسەر کلتوورو ڕۆشنبیریی وڵاتانی دوورو نزیکدا و، وەرگێڕیش بە یەکێک لە پردەکانی پەڕینەوە دەبینم، بۆ گواستنەوەی ئەو کلتوورو ڕۆشنبیرییە جیاوازانە و، پێگەی وەرگێڕە بەڕێزەکانی کوردانیش بەرز دەنرخێنم.

حەزیش دەکـەم ڕۆشنبیرانی کورد لە ئەوە بە ئاگا بێنمەوە، من هەموو بوارەکانی ئەدەب و هونەر، لە غیابی ڕەخنەی بونیادنەردا، بە ئەدەبێکی شپرزە و نەبەکام و چەقبەستوو دەبینم. بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەبینم، هەمیشە هاندەری ئاشتکردنەوەی ڕەخنەگرانی کوردان بم، لەگەڵ هەموو بوارەکانی هونـەرو وێژەی کوردی دا و، بۆ هێنانەوەیان بۆ نێو جیهانی ئەدەبی کوردان.. هەر ئـەو ئـەدەبەی قەڵەم بەدەستان شەونخوونیی بە بەرەو پێش بردنییەوە دەکێشین.

١ ـ پێگەی (هـاوچـەرخ): لەنگەرێک لەسەر ڕەخنەی هاوچەرخ / نووسینی: عبدالخاق یەعقوبی.




# سەدەی ٢١ قەیرانی گەورەی ئەمریکایە؟!

نەوزاد مەلا عمر

بۆ وەڵام دانـــەوەی ئـــەم پرسیارە گرنگە پێویستە خوێندنەوەیەکی زانستی لە چەند لایەکەوە بۆ ئەمریکا بکەین هەر لە ڕۆژی سەربەخۆیی بونیەوە وەک کۆلۆنییەکی بەریتانیای لە (٤) ی تەموزیی ساڵی (١٧٧٦) زایینی وە تاکو نوسینەوەی دەستوری ئەمریکا لە ساڵی(١٧٨٩) زایینی و تا هەڵبژاردنی جۆرج واشنتۆن وەک یەکەم سەرۆکی ئەمریکا لە ساڵی (١٧٨٩) زایینی و تاکو سەرۆکی ژمارە (٤٦) ی ئێستا کە جۆ بایدنە.

**لایەنیی یەکەم:- سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا:-** بێگومان هێزی سەرکەوتنی ئەمریکا لە کۆلۆنییەکەوە تا گەشتنی بە ئیمپراتۆریەتێکی گــەورەو زلهـێـزی یەکەمی دونیا بەندە بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، بۆیە تێگەشتن لە مـێـژووی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە (٥٠٪) ی وەڵامـی پرسیارەکەی سـەرەوەمـان دەست دەخـات. نـــووســـەری بــە نــاوبــانــگــی ئــەمــریــکــی وولــتــر رەسـیـڵ (Walter Russell Mead) مـێـد لـە کتێبی بـەنـاوبـانـگـی (الـعـنـایـة الـخـاصـة) (PROVIDENCE SPECIAl) کە لەساڵی (٢٠٠١) دا چاپ کراوە زۆر بەشێوەیەکی زانستی تیشک ئەخاتە سەر مێژووی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و بۆ چوار قوتابخانەی فیکری پۆڵێنی ئەکات، هەریەک لەو قوتابخانانە بیردۆزی فەلسەفەکەی بەندە بە پاراستنی بەرژەوەندی ئابووری و ئاسایشی ئەمریکاوە لە تێڕوانینی خاوەن بیردوزەکەوە، بیرو هزر و ئەزمونی کەسانێکی ناوداری سیاسی و سەربازی دیاری مێژووی ئەمریکان وەک باوکی دامەزرێنەری ئەمریکا دائەنرێن کە ڕۆڵی گرنگیان بینیوە لە سەربە خۆیی ئەمریکا. قوتابخانەکانیش بریتیین لە (هامیڵتونیزم.. ویلسۆنیزم.. جیفرسۆنیزم وجاکسۆنیزم).

**قــوتــابــخــانــەی یــەکــەم:- هامیلتۆنیزم ...** نــاوی ئـەم قوتابخانەیە ئەگەڕێتەوە بۆ ناوی الکسندر هامیڵتۆن (Alexander Hamilton) کە بەپیاوی دەوڵەت ناسرابوو، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی دەوڵەتی ئەمریکا، بە پیاوی یاساو دامەزرێنەری سیستمی دارایی و بانکی ئەمریکا دائەنرێت، دامەزرێنەری پارتی یەکیەتی ئەمریکایە و وەزیری خەزێنەی حکومەتەکەی جۆرج واشنتۆن بووە. بەلای هامیڵتۆن و هامیڵتۆنیەکانەوە بازرگانی شا خوێنبەری ئابووری ئەمریکایە و ئامڕازی خۆشگوزەرانی تاکی ئەمریکیە و تاکە ئامرازە بۆ ئەوەی بتوانێت شان لە شانی بەریتانیا عوزما بدات و بتوانێت لەم ڕێگەیەوە ڕکابەریی بازەڕەکانی جیهان بکات، تا کۆمپانیا ئەمریکەکان بگەنە ئاستی ژمارە یەک لە جیهاندا، بۆ گەیشتن بەم ئامانجە لەسەر حکومەتی فیدراڵی ئەمریکا پێویستە هەموو توانای بخاتە خزمەتی ئەم سێکتەرەوە وهێزێکی سەربازی گەورەش بخاتە خزمەتی پاراستنی بەرژەوەندی کۆمپانیاکانیەوە، بەلای هامیلتۆنیزمەوە هێز بە مانای دژە ئاشتی نیە یان ئەمان دژی ئاشتی نین، بەڵکو بەلای



ALEXANDER HAMILTON

ئەمانەوە ئاشتی فاکتەرێکی بەهێزە بۆ بازرگانی. چونکە بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوان گەلان دروست ئەکات. ئەم قوتابخانەیە بە دامەزرێنەری فیکری لیبرالیزمی ئابووری دائەنرێت و لە پاش دووسەد ساڵ لەسەر بنچینەی قوتابخانەی یەکەم و دووەم سیستمی نیولیبرالیزمی جیهانی بە سەرۆکایەتی ئەمریکا دانرا، کە لە سەدەی (٢١) دا کۆنترۆڵی هەموو ئابووری جیهانی کردو گەشەی کرد.

**قوتابخانەی دووەم: - وێلسۆنیزم...** ناوی ئەم قوتابخانەیە پەیوەستە بە ئایدیا و بیری (تۆماس وودرو وێلسۆن) (Woodrow Wilson)، وە سیاسەتمەدارو و ئەکادیمی و هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا، ئەندامی حزبی دیموکراتەکان ، (٢٨) مین سەرۆک کۆماری ئەمریکا بۆ دوو خول کە لەساڵی (١٩١٣ تا ١٩٢١) لەسەرو بەندی شەری جیهانی یەکەمدا لە سێیەمین ساڵی خولی دووەمدا بە جەڵتە کۆچی کرد .

ویلسۆن و قوتابخانەکەی پیان وابوو داینەمۆیی بنچینەیی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەبێت لەپاڵ بازرگانیدا لەسەر بڵاوکردنەوە و گەیاندنی فەرهەنگ و بەها سیاسیەکانی ئەمریکا بێت بۆ دەرەوەی سنوری ئەمریکا، ئەو بەها کولتوری و سیاسیانەش بریتین لە پاراستنی مافی مرۆڤ، دیموکراتی، بازاری ئازادی سەرمایەداری، بۆ گەیشتن بەم ئامانجانەش ئەمریکا پێویستی بە هاوپەیمانی بەهێز هەیە لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە فەرهەنگ و بەها سیاسیەکانیان لە ئەمریکاوە نزیکە وەک هاوپەیمانەکانی لە ئەوروپا (فەرەنسا و ئەڵمانیا و بەریتانیای عوزما). هەر وێلسۆن بوو لەشەری جیهانی یەکەم زۆرترین هاوکاری بە هاوپەیمانەکانی کرد بە تایبەتی فەرەنسا، بەلای وێلسۆنیزمەکانەوە ئەگەر بەها دیموکراتیەکان بڵاوبکرایەتەوە بگەشتایەتە هەموو جیهان بە تایبەتی یابان ئەوە ئەمریکا ناچار نەئەبوو بچێتە شەری جیهانی

هەواڵنامەی کتێب

دووەمـەوە. بەها سیاسیە دیموکراتیەکان بە هۆکاری لایەنگیری کردنی ئەمریکا ئەزانن لە شەڕی جیهانی دووەم.

بـەلای ئـەم قوتابخانەیەوە گەیشتن بـەو ئامانجە سیاسیانە پێویستی بـە کـاری پێکەوەییە لەگەڵ هاوپەیمانەکانیان تا بتوانن سیستمێکی جیهانی دابنێن لەڕێگەی ئەم سیستمەوە جیهان ئیدارە بدرێت، ئەمەش لە ڕێگەی کۆمەڵە دامەزراوەیەکی جیهانی وەک نەتەوە یەکگرتوەکان، سەندوقی نەختینەی (نقد) جیهانی، بانکی فیدراڵی ئەمریکی، ئەنجوومەنی ئاسایش، دادگایی نێودەوڵەتی، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی.. هتد، تواناییان لە سەروی دەسەڵاتی دەوڵەتەکانەوە بێت. بە پێویستان زانیوە لەسەر ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هاوکـاری ئەم دامـەزراوانـە بکەن تا بتوانرێت لەڕێگەیانەوە ئاسایشی بـەردەوام بۆ جیهان فەراهەم بکرێت.

**قـوتـابـخـانـەی سـێـیـەم: جـفـرسـۆنـیـزم...** بـیـردۆزی ئەم قوتابخانەیە بـەنـدە بـە بنەمای بیرکردنەوەکانی (تـومـاس جـفـرسـۆن)ەوە. (Thomas Jefferson) کە بەباوکی دامەزرێنەری ئەمریکا دادەنرێت و سێیەم سەرۆک کۆماری ئەمریکایە لەساڵی (١٨٠١ بۆ ١٨٠٩)، دوژمنی سەرسەختی ئەوانەیە کە ویستیان ئەمریکاش هاوشێوەی بەریتانیا بکەن بە پاشایەتی، لایەنگری کۆماری و مافی مرۆڤ بـوو. لەساڵی (١٧٧٩ تا ١٧٨١) حاکمی فێرجینیا بوە، باڵۆێزی ئەمریکا بوە لە فەرەنسا و لە سەردەمی جۆرج واشنتۆن (١٧٩٠ تا ١٧٩٣) وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بووە.

جفرسۆنیزمەکان بەگومان بوون لە هەردوو قوتابخانەی هامیلتۆنیزم و ویلسۆنیزم پێیان وابوو ئەمریکا وڵاتێکی کشتوکالیەوئەبێت پەرە بەکشتوکاڵ بدرێت و هەڵگری بیرۆکەی جۆرێکی تر لە دیموکراتی بوو لەسەر بنەمایی ڕێزگرتن لە فەرهەنگ و کولتورو و تایبەتمەندی و شارستانیەتی گەلانی تر، بۆیە هەر دەسخستنە کار و تایبەتمەندی گەلان و نەتەوەکانی تر لەلایەن ئەمریکاوە بە مەترسیان ئەزانی بۆ ئایندەی ئەمریکا بەکارێکی سەرشێتانەیان لە قەڵەم ئەدا وە ئەمەشیان بە مەهام و کاری گرنگی ئەمریکا نەئەزانی. چەسپاندنی دیمکوراسی بەهێز بەسەر گەلانی دونیا بە کارێکی نەخوازراو نا پێویست بۆ ئەمریکا ئـەزانـی. سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایان لەسەر بنچینەی بـەدوا کەوتنی قازانجی کۆمپانیاکانی بە هۆکاری سنووردار کردنی دیموکراسی لە ناو ئەمریکاو دەرەوەی ئەمریکا ئەزانی. ئەم قوتابخانەیە پێداگریان لە بەها دیموکراسیەکان تەنها لە ناو سنووری ئەمریکا ئەکرد و دەرەوەی ئەمریکایان بەکێشە و کاری ئەمریکا نە ئەزانی.

چونکە ئەو پەل هاویشتنەی ئەمریکا لە پێناو قازانجی کۆمپانیاکانی کە زیاتر قازانجیان مەبەستە و بەدوای قازانجی زیاترەوەن، دەرئەنجامەکەیان بە ڕێگە خۆشکەر ئەزانی بۆ دروست بوونی دەیان سیستمی دیکتاتۆریەت




لە جیهاندا لەڕێگەی ئەم کۆمپانیانەوە. دەرهاویشتەی خراپی بۆ دیموکراسیەت لە ناوخۆی ئەمریکا ئەبێت، ڕوویەکی دووڕویی و دوو فاقی و شەڕانگێز ئەکاتە بەر ئەمریکا. پیان وابوو ئەم دەسخستنە بێسنورەی ئەمریکا لە تایبەتمەندی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوراست و جیهانی ئیسلامی پەرچەکرداری ئەبێت بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا. جفرسۆنیزمیەکان لەو بڕوایەدان ئەوەی ڕووی دا لە (١١)ی سێبتمبەری ساڵی (٢٠٠١) دا پەرچەکرداری سیاسەتی هەڵەی قوتابخانەی یەکەم و دووەمە.

**قوتابخانەی چوارەم:-جاکسۆنیزم...**ڕابەرو مامۆستاو مونەزیری ئەم قوتابخانەیە (اندرو جاکسۆن)ە (Andrew Jackson) سەرۆکی حەوتەمینی ئەمریکا لە ساڵی (١٨٢٩ تا ١٨٣٧) ، پێشتر حاکمی سەربازی فلۆریدا بوە پاش جەنگ چوەتە بواری یاساو کۆلێژی یاسای تەواو کردوە، یەکەم سەرۆکە کە لە بنەماڵەیەکی هەژار گەورە بوە، دامەزرێنەری حزبی دیموکراتەکانە لە ئەمریکا، جەماوەرێکی زۆری هەبوە. وێنەکەی لەسەر دراوی ئەمریکی جۆری بیست دۆلاری دانراوە، ئەگەر چی لەساڵی (٢٠٢٠) دا بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی ئافرەتانەوە وێنەکەی لادرا لەسەر داوای وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا و وێنەی ئافرەتێک دانرا کە شوێن پەنجەی لە مێژووی ئەمریکادا هەیە.

جاکسونیزم هەردوو قوتابخانەی هامیلتۆنیزم و ویلسۆنیزم ڕەتدەکاتەوە، ڕێژەیەکی کەم لەگەڵ قوتابخانەی جفرسۆنیزم هاوڕایە و جیاوازیشیان زۆرە.

ئەمان بڕوایان بە دابڕانی (انعزال) ئەمریکا هەیە لەگەڵ دونیای دەرەوە نەک لەبەر ڕێزگرتن لە تایبتمەندی گەلانی تر بەڵکو هەڵگری دروشمی (بژی و بهێڵە خەڵکی تریش بژین Life and the others life هیچ بایەخدار نین بە دونیای دەرەوەی ئەمریکا، تەنها خۆشگوزەرانی هاووڵاتی ئەمریکیایان لا مەبەستە، بڕوایان بە جیهانگیری (عەولەمە) نیە، دژی بازاڕی ئازاد و سیستمی لیبراڵی ئابوورین، بڕوایان بە هاوپەیمانی لەگەڵ هیچ وڵاتێک نیە، دژی سیستمی بانکەکانن چونکە بانکەکان بە سەرچاوەی هەژاری بۆ کۆمەڵگای ئەمریکی ئەزانن و تەنها بە قازانجی دەوڵەمەندەکانە. ئەمان ڕێگر نین لە دروست کردنی پەیوەندی ئەمریکا بە دونیای دەرەوە بەڵام ئەبێت سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕاستەوخۆ لە قازانج و بەرژەوەندی کۆمەڵگای ئەمریکی بێت نەک بۆ قازانجی کۆمپانیا گەورەکان و بزنسمانەکان، ئەگەر ئەو مەرجەی تیا نەبێت بەهیچ شێوەیەک ئەو پەیوەندیانە بە پێویست نازانن. هەڵوێستێکی گوماناویان لەسەر دونیای دەرەوەی ئەمریکا هەیە دژی کردنەوەی دەرگای ئەمریکان بەڕووی کۆچبەران لە نەژادو نەتەوە جیاوازەکان، بڕوایان وایە کە ئەمریکا کۆمەڵگایەکی گونجاو یەکگرتوو و تەبایە، ئەمریکاش تەنها بۆ ئەمریکیەکانە.

بەلای جاکسۆنیزمەوە پێناسەی ئەمریکی بوون تەنها ئەوە نیە هەڵگری پاسپۆرتی ئەمریکی بێت، پێناسەی ئەمریکیەکی ڕاستی ئەوەیە ئەبێت کۆچبەر نەبێت و سپی پێست بێت و سەر بە ئاینی مەسیحی بێت ئەگەر ئەم سێ

خاڵەی نەبێت بە ئەمریکی ڕاستی نازانن ئەگەر هەڵگری ناسنامەی ئەمریکیش بێت.

جاکسۆنیزم هەڵوێستیان خراپ و نێگەتیفە بەرامبەر ئەمریکیە ڕەشپێستەکان و ئەوانەی کە بەئەسڵ خەڵکی ئەمریکای لاتینن یان لە ئاسیاوە کۆچیان کردوە، هەڵوێستێکی خراپیان بەرامبەر ئاینەکانی تر وەک موسڵمان و بوزی بەگشتی کولتوورەکانی ڕۆژهەڵات هەیە، ئەتوانین بڵێین هاووڵاتی بون لای جاکسۆنیزمیەکانەوە پێناسەکەی مەسیحی بوونە.

(Christian nationality) مەسیحی بوونیش بەلای ئەمانەوە بە مانای دینداڕێکی بەهێزی مەسیحی نیە، بەڵکو پیان وایە مەسیحی بوون فەرهەنگێکە هەم بالاترە و هەم نا تەبایە لەگەڵ فەرهەنگی ئیسلامی و بوزی و فەرهەنگی ئاسیا بەگشتی.



ئەندرو جاکسۆن بەهیچ شێوەیەک نایەوێت خۆی هەڵقورتێنێتە دونیای دەرەوە، بەڵام ئەگەر ئاسایش و بەرژەوەندی ئەمریکا بکەوێتە مەترسیەوە ئەوە زۆر بێرەحمانە وە بە هەموو شێوەیەک حەق بە ئەمریکا ئەدات وەڵامی دوژمنەکانی بداتەوە. ئەوەی گرنگە تەنها بەرژەوەندی ئەمریکا و ژیانی ئەمریکیەکانە.

بەلای ئەمانەوە هیچ شتێک لەو بەهایە گرنگ تر نیە.

پێیان وایە ئەمریکا ئیمپراتۆریەتە نەک وڵاتێکی ئاسایی هاوشێوەی فەرەنساو ئەڵمانیا و بەریتانیا، لەبەرئەوەی لە (٥٠) ویلایەت پێک هاتوە وجیاوازە لە وڵاتانی ئەوروپا، بۆ ئەوان هاوپەیمانی گرنگی زۆری هەیە، بەڵام ئەمریکا هیچ پێویستی بە هاوپەیمانی نیە .

هەروەها پێیان وایە هەموو جۆرە هاوپەیمانیەک ئەبێتە بارگرانی ئابووری و سیاسی بەسەر ئەمریکاوە، بۆیە دابرانیان پێ باشترین هەڵبژاردەیە بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. کاتێک ئەم چوار قوتابخانەیە ئەخەینە سەر راستینەی پەیڕەوکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە مێژووی خۆیدا ئەگەینە ئەم دەرئەنجامە:-

** قوتابخانەی یەکەم و دووەم مەرجەعی سیاسەتی ئەمریکا بووە بەشێوەیەکی بەشیی لە پێش شەری جیهانی یەکەم و تا پاش شەری جیهانی دووەم و دەورانی شەڕی سارد و ڕووخانی دیواری بەرلین و نەمانی یەکیەتی سۆڤیەت، بەڵام لەپاش ساڵی (١٩٨٩) وە و دوای جێگیربونی یەک جەمسەری ئەمریکا وە بە تایبەتی ئەم سی ساڵەی دوایی تا ساڵی (٢٠١٦) ئیتر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا سەد دەر سەد لەسەر بنەماکانی ئەم دوو قوتابخانەیە ئیدارە دراوە.

** قوجابخانەی سێیەم زیاتر قوتابخانەیەکی هزریی پۆتۆپیزمە کەمتر توانیویەتی لەناو کۆمەڵگای ئەمریکیدا

## ریچارد لاند



ریچارد لاند ئەمریکا بە وڵاتێکی (oligarchy) ئۆلیگارشی ناو ئەبات. (٩٠٪)ی کۆمەڵگای ئەمریکی بەژدارن لە پێدانی تاکست و باجی ساڵانە بەڵام خاوەن هیچ قەرارێکی سیاسی نین. ئەمەش بەڕوونی شکستێکی تری نیولیبرالیزمە لە بواری کۆمەڵایەتی نەیتوانیوە خۆشگوزەرانی بۆ هەموو کۆمەڵگای ئەمریکا بەرقەرار بکات.

پەرەبسەنێت و لەلای نوخبەیەکی کەم ناسراوەو لە واقعدا هەر لە بیرچوەتەوە. میتالیەوە لەگەڵ واقیعیی ئەمریکا کەمتر گونجاوە تا ئێستا نەیتوانیوە لە مەشهەدی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا شوێن دەستی دیار بێت.

** قوتابخانەی چوارەم لە دوای گەیشتنی ترامپ بە دەسەلات ولە ساڵی (٢٠١٦) وە جاکسۆنیزم لە گەشەسەندندایە. ترامپ یەکێک لەو کەسانەیە کە سەرسامی زۆری بۆ بیربۆچوونی(اندرو جاکسۆن) هەیە بەڵام ئەوەی وای لە ترامپ کرد ئەم بیرۆکەیە زیاتر لای بخەملێت ولە چوار ساڵی حوکمرانیەکەیدا زیاتر گەشە بەم قوتابخانەیە بدات (ستیفن کیفین بانون) ی گەورە ڕاوێژکاری ترامپ بوو بۆ کاروباری ستراتیجی کە بە ترسناکترین پیاوی جیهان ناسراوە، زۆر شارەزایە لە مێژووی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، لە هاوڕێ نزیکەکانی (Walter Russell Mead) وولتر رەسیل مێدە نوسەری کتێبی (PROVIDENCE SPECIAl) کتێبەکەشی داوە بە ترامپ پاش خوێندنەوەی ئەم کتێبە ترامپ بوە بە هەواداری جاکسۆنیزمەکان و تەنانەت لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ترامپ بە جاکسۆنی دووەم لە قاڵەم ئەدرێت .

دەرئەنجام ئەوەمان پێ ئەڵێت قەیرانە کەڵەکە بوە سیاسیی و ئابووریەکانی سەدەی بیست و یەکی ئەمریکا کە لەلایەنی دووەمی باسەکەمانە بەرپرسیاریەتەکەی ئەکەوێتە ئەستۆیی هزری سیاسیەکانی سەر بە قوتابخانەی یەکەم ودووەم.

**لایەنیی دووەم.. قەیرانەکانی ناووخۆ و دەرەوەی ئەمریکا**

جیهان لە سەدەی بیست و یەکدا لە قەیرانی گەورەدایە، چونکە ئیمپراتۆری گەورەی دونیا لە قەیرانێکی گەورەدایە، ئەو سیستەمە نیولیبرالیزمەی کە ماوەی سی ساڵە بوەتە سیستمێکی جیهانی لە شکستدایە، کاتێک سەرنجی کێشەکانی دونیا ئەدەین کیشەی (ئازەباینجان وئەرمینا وکێشەی عێراق و سوریا وکێشەی رۆژهەڵاتی دەریای ناوڕاست، کێشەکانی هاوپەیمانێتی ناتۆ و نائارمییەکانی دەریایی چین) ئەمانەوەو دەیانی تر، ئەبینی هەر یەکەو چەند هۆیەکی جیاوازیان هەیە بەڵام لە ڕاستیدا بە شێوەیەک لە شێوەکان بەستراوە بە غیاب و بێهەڵوێستی ئەمریکاوە وەک زڵهێزێک، چونکە ئەمریکا لە ناو خۆیدا پڕ قەیران و کێشەیە، ناپەڕژێتە سەر کێشەیی تر بۆ نموونە:-

** کێشەی پەتایی کۆرۆنا:- کۆمەڵێک داتا هەن دەری ئەخەن کە ئەمریکا توشی بنبەست بوە لە چارەسەرکردنی کۆرۆنا بەو هەموو توانا زانستیەی کە لە بواری تەندروستیی هەیەتی بەبەرواد بە وڵاتێکی وەک ئەڵمانیا کە زۆر لە پاشترە لە ئەمریکا بەڵام توانی کۆنتڕۆڵی ئەم پەتایە بکات. دکتۆر (ئەنتۆنی ستیڤن فاوتشی) پسپۆری زانستی بەرگریی نەخۆشیەکان و ئەندام و نێونەری کۆشکی سپی لە تیمی کارکردن بۆ ڕێگری لە ڤایرۆسی کۆرۆنا زۆر ترسناک باس لە بێتوانایی ئەمریکا لە بەرەنگاربونەوەی

ئەم ڤایرۆسە ئەکات، کە ڕۆژانە تێکرای ناوەندی توشبوان ئەگاتە (٤٢٧٨٠) هەزار و ڕێژەکەش لە زیاد بوونە، هەروا زیاتر لە (٣٠٠٠) کەس ئەمرن، زۆر لە پەیمانگا زانستیە نا حکومیەکانی ئەمریکاش ئەو ڕاستیە دوویات ئەکەنەوە کە حکومەتی ئەمریکا بەرامبەر بەم ڤایرۆسە دووچاری شکست بوە هۆکارەکەشی سیستمی تەندروستی خراپی نیولێبرالیزمە کە ڕۆڵی دەوڵەت دیارنییە لە هاوکاری هەژاران و کەم دەرامەتەکان، ڕێژەی(٢٥٪)ی خەڵکی بیمەی تەندروستی نیە، بەلای ئەم سیستمەوە بازار توانای ڕێکخستنی خۆیی هەیە لە هەموو قەیرانەکاندا، ڕۆڵی دەوڵەت هیچ بە پێویست نازانرێت، لە واقعدا بۆ ئاوا پەتایەکی جیهانی بێ ڕۆڵی دەوڵەت ئەستەمە کۆنترۆڵ بکرێت.

** لە ڕووی کۆمەڵاتیەوە ئەمریکا ڕۆژانە لە دەیان شوێنی جیاواز بە تایبەتی وویلایەتی ڕەش پێستەکان خۆپیشاندانی ئەمریکیە ڕەش پێستەکان بەردەوامە، داواکاری و شیعارەکانیان بریتیە (ژیانی ڕەش پێست لە خەتەردایە) و (ڕەش پێست وەک هاوولاتی ژمارە دوو مامەڵەیان لەگەڵ ئەکرێت). لەم دواییانەش بزووتنەوەیەکی نارەزایی بە ناوی (Black Lives Matter) دروست بوە واتا ژیانی ڕەش پێست گرنگە، کە دواجار سەرۆک هاتە سەر خەت و ووتی ژیانی هەموومان گرنگە.

ئەمەش نیشانەی پەرچەکرداری سەرهەڵدانی ڕەگەزپەرستی و ڕاسیزمە لە ئەمریکا ئەوەمان پێئەڵێت کە سیستمی نیولیبرالیزم نەک ناتوانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و یەکسانی بەرقەرار بکات بەڵکو هۆکاری ئەو ناعەدالەتیەیە.

**لەڕووی دیپلۆماسی و پەیوەندیە سیاسیەکانی دەرەوە:- ئەم ئیمپراتۆرە گەورە زەبەلاحە تەمەن یەک سەدەییە، دووجار توشی شکست و شەرمەزاری بوە کە نەیتوانی نزیکترین هاووپەیمانە مێژینەکانی (بەریتانیا وئەڵمانیا و فەرەنسا) ڕازی بکات لە ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ دوبارە ئابلۆقە خستنە سەر هاوردەکرنی چەک لە لایەن ئێرانەوە، شەرمەزاریەکە گەشتۆتە ئەو ئاستەی وڵاتێکی بچوکی وەک ئێران لە چاو توانا سەربازیەکانی ئەمریکا بتوانێت دەیان جار ئەمریکا شەرمەزار بکات بە تۆپبارانکردنی بنکە سەربازیەکانی لە عێراق لەبەرانبەر تۆلەسەندنەوە لە کوشتنی قاسم سولێمانی، سەرۆکی ئەمریکاش شوکری خوا بکات کە کوژراوی نەبوە.بەڵام ئەگەر ئەمریکا لەلووتکەی جەبەرووتی هێزی جارانی بوایە بێگومان وەڵامەکەی وەک بۆشی باوک و کوڕ ئەبوو. ئەم شکستە ڕاستیەکمان نیشان ئەدات کە هاوپەیمانی نیوان زلهێزەکانی سیستمی نیولیبرالیزم لە قەیراندایە قازانجی هاوبەشیان کێشەی تیدایە، لەزیادە ڕۆیی ئەمریکا بێزارن.

** لەڕووی دەستوریەوە:- ئەمریکا ئێستا لە قەیرانێکی دەستوریدایە، لە بەرامبەر سەرۆکێک (ترامپ) کە دان بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠٢٠) دا نانێت، سورە لەسەر ئەوەی کە بە تەزویر دۆڕاوە، لە کۆتایدا بەشێوەیەک




ئەم دوو بەرەیە نیشانەی قەیرانی گەورەن کە هەندێک پیان وایە سەرەتای جیابوونەوەی ژمارەیەک لە وویلایەتەکانە، هەندیک ئەمریکا بە وولاتێکی دۆڕاو دادەنێن و ئەیشبوهێنن بە وولاتانی دونیای سێیەم، بەسوکایەتیەوە ناویان ناوە ویلایەتە دابەشکراوەکانی ئەمریکا چونکە پێان وایە ئێستا لە هیچ شتێکدا یەکگرتوو نیین. لەبەرامبەردا هەندێکی تر پێان وایە ئەم قەیرانە کاتیە و تێدەپەڕێت چونکە لە مێژوودا ئەمریکا زۆر لەم قەیرانە گەورەتری تێپەراندەوە.

هۆکارەکانی ئەم دابەشبوونە گەلێک زۆرن بەڵام دیاریترینیان بواری ئابووریە چونکە ڕێژەیەکی زۆر لە ئەمریکیەکان ناڕازین لە ئاستی گوزەرانی ژیانیان لە بەر کەمی هەلی کارو کەمی حەق دەستیکار کە بەشی ژیانێکی ئاسودەو شایستە ناکات.

لێکۆلینەوەکان و داتاکان مەسجێکی زۆر مەتەرسیدارن کە وڵاتێکی وەک ئەمریکا داهاتی نیشتمانی ساڵانەی زیاتر لە (٢١) ترلیۆن دۆلارە بەلام (٣٠٪) لە هاووڵاتیەکانی دەسکەوتی ساڵانەیان لە ژێر سفەرەوەیە واتا قەرزارن. ڕێژەی هەژاری منداڵان (٢١٪) ی تێپەراندوە. چونکە ئەو داهاتە گەورەیەیی ئەمریکا کەوتۆتە دەست (١٪)ی خەڵکی ئەمریکاوە.

سیستمی نیولیبرالیزم و زیرەکیی دەسکرد (سمارت) جیاوازیەکی زۆری دروستکردوە لە دەسکەوتی ساڵانەی کرێکارێک بەراود بە بەڕێوبەر و فەرمانبەرە ئیداریەکان و ئالوگۆری دەسەلاتی کرد دوور لە پرۆتۆکۆلی دیموکراتیانەی باوی ئەمریکا، زیاتر لە وولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوڕاست و جیهانی سێیەم دەچوو.هەروەها کۆتا هەلبژاردنی ئەمریکا بوە هۆی دابەشبوونی کۆمەلگای ئەمریکی بۆ دوو بەرەی دژ بەیەک ئینجا هەر ناوێکی لێ بنرێت، دیموکراتەکان و کۆماریەکان، لیبرالەکان بەرامبەر موحافزکارەکان، ئەوەی گرنگە زۆر بە ڕۆشنی جیاوازیەکانی ئەو دوو بەرەیە دیارە هەر لە پۆشینی ماسکی خۆپاراستن لە کۆرۆناوە تاکو ڕۆڵی دەوڵەت لە ئیدارەدان و ڕۆڵی ئەمریکا لە جیهاندا.




فەرمانبەرە شارەزاکانی بواری ئایتی و فۆرمەنەکانەوە ئەگاتە (٢٠٠٪) ناهوسەنگیەکی کۆمەڵایەتی دروستکردوە، ڕێژەی هەژاری لەهەڵکشاندایە، جیاوازیەکە ناحەقیەکی زۆری تێدایە، ئەگەر خاوەن هەرچی لێهاتوییەکیش بن.

جیاوازیەکی زۆر لە دەسکەوتی ساڵانەی سپی پێستێک بەراوود بە ڕەش پێستەکان و کۆچبەرەکان بۆ هەمان کار هەیە، تێکرای ناوەندی دەسکەوتی ساڵانەی سپی پێستێک لە ڕەش پێست و کۆچبەرەکان زیاترە بە (٣٣٠٠٠) دۆلار.

زۆر لێکۆڵینەوەکان سەرەتایی ئەم جیاوازیە ئەگەڕێننەوە بۆ زەمانی (ڕۆنالد ڕیگن) کە لە سەردەمی ئەودا سیستمی نیولیبراڵیزم گەشەی گەورەی کرد. ڕۆڵی دەوڵەت لەم سیستیمە وەحشیگەریە هیچ نامێنێت لە پاراستنی ماف و ژیانی کرێکاران و هەژاران، ئەکەونە بەر ڕەحمەتی قازانجی کۆمپانیاکانەوەو داهات ئەکەوێتە دەست (١٪) ی کۆمەڵگاوە کە خاوەنی پێگەو دەسەڵاتن لە حکومەت و لە یاسا دانان، دەرئەنجام حکومەت لە خزمەتی ئەو (١٪ )ە دایە.

پرۆفیسۆری ئەمریکی ریچارد لاند (Richard Land) ئەمریکا بە وڵاتێکی (oligarchy) ئۆلیگارشی ناو ئەبات.

(٩٠٪)ی کۆمەڵگای ئەمریکی بەژدارن لە پێدانی تاکست و باجی ساڵانە بەڵام خاوەن هیچ قەراڕێکی سیاسی نین.

ئەمەش بەڕوونی شکستێکی تری نیولیبراڵیزمە لە بواری کۆمەڵایەتی نەیتوانیوە خۆشگوزەرانی بۆ هەموو کۆمەڵگای ئەمریکا بەرقەرار بکات. بەرژەوەندی وهێزی کۆمپانیاکان لە هەڵبژاردندا لە سەرووی سەندوقی دەنگدانەوەیە ئەو دیموکراتییەی ئەمریکا سەد ساڵە دەهۆڵی بۆ لێ ئەدات لەم هەڵبژاردنەی دوایدا کەوتۆتە بۆشاییەکی دەستوریەوە.

**لایەنی سێیەم:- ئاوا بوونی ئیمپراتۆریەتی ئەمریکا.**

ئایا جیهان لە سەدەی بیست و یەکدا ڕوخاندنی ئیمپراتۆریەتی ئەمریکا هاوشێوەی ئیمپرۆتۆرەکانی پێشتر بە چاوی خۆیی ئەبینێت؟!

ئەمە پرسیارێکی کۆنە هەمیشە لەگەڵ هەموو شکستێکی سیاسی دەرەوەی ئەمریکا ماوەی پەنجا ساڵە دووبارە ئەبێتەوە هەر لە شکستی ڤێتنامەوە تا دوا شکستی ئەمریکا لە عێراق و سوریا بەتایبەتیش پاش کشانەوەی ئەمریکا لە ئەفغانستان ئەم پرسیارە تازە ڕوحی بەرهاتۆتەوەو سەدایەکی گەورەیەی هەیە لە سۆشیاڵ میدیاکان و بوەتە بابەتی ڕۆژ لە هەموو میدیا جیهانیەکاندا .

لەڕاستیدا ئەبێت لەگەڵ وەڵامی ئەم پرسیارە وەڵامی دوو پرسیار تریشمان دەسکەوێت.

** ئایا هەر بەڕاستی ئەمریکا ئیمپراتۆرە تا ڕووخاندن و ئاوابوونی نفوزی بەسەر جیهاندا قسەو باس هەڵبگرێ؟

** ئایا ڕووخان و ئاوابوونی نفوزو دەسەڵاتی ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵات و باشوور و ناوڕاستی ئاسیا دەرئەنجامەکانی چی ئەبێت بەگشتی لەسەر ناوچەکە و بە تایبەتیتریش ئێمەی کورد؟ ئیمپراتۆریەت شێوەیەکە لە شێوەکانی ڕێکخستنی دەوڵەتداری کە هەموو دەسەڵاتەکان لەژێر دەسەڵاتی کەسێکدا کۆدەبێتەوە کەپێی دەوترێت

ئیمپراتۆر یان پاشا، بەهێزی سەربازی نفوزو دەسەڵاتی خۆی گەورە ئەکات و ئەیچەسپێنێ بەسەر ناوچە و گەلانی دەرەوەی سنووری مێژوویی خۆیدا. تازەترین پێناسەش بۆ ئەم دەستەواژەیە لە جیهانی سیاسی مۆدێرنەدا بریتیە لە جۆرێک لە دەوڵەتداری لەڕێگەی دەسەڵاتی سەربازیەوە کۆنترۆڵی جیهان ئەکات بە مەبەستی بەدەستهێنان وکۆنترۆڵ کردنی بەرژەوەندی ئابووری گەورەتر، ئەگەر سەرۆکەکەشی ناونیشانی پاشا یان ئیمپراتۆریشی نەبێت.

پسپۆران و زاناکانی زانستی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەمریکا بە ئیمپراتۆر پێناسە ئەکەن، بە تایبەتی پاش داگیرکردنی ئەفغانستان و عێراق بە هێزی سەربازی بە مەبەستی کۆنترۆڵ کردنی ئابووریەکەی لە ووزەو کانزای ژێرزەمینی. ئەمریکا خاوەنی چەندین کۆلۆنیە (Colony) لە دەریایی کاریبی وەک پۆرتوریکۆ (Puerto Rico) و دوورگەی عەزرا Virgin Islands ) و گوام و ماریانیای باکوور لە ئۆقیانووسی ئارام، ناساندنی ئەمریکا بە ئیمپراتۆر بەند نیە بەم چەند دوورگە بچووکانەوە بەڵکو بەندە بەو داگیرکاریە سەربازیە وشکانی و ئاوویە گەورەیەی ئەمریکا هەیەتی بەسەر هەموو جیهاندا، ئەمریکا خاوەن سەدان بنکەی سەربازیە لە جیهاندا کە ژمارەکان لە گۆڕاندایە (دەیڤد ڤاین ) (DAVID VINE) لێکۆڵەری ئەمریکی شارەزا لە بواری بنەکە سەربازیەکانی دەرەوەی ئەمریکا، لە سەرەتای ساڵی (٢٠١٥) ژمارەیان بە (٨٠٠) بنکە زیاتر ئەخەمڵێنێ، کە کۆی خەرجی ساڵانەیان لە(١٠٠) ملیار دۆلار زیاترە وە بەبەردەوامی نزیکەی (١٠٠ تا ٢٠٠) هەزار سەربازیان تێدایە خەرجی گشتی ئەم بنکانە بە سەربازەکانەوە زیاترە لە (٢٠٠) ملیار دۆلار، ئەم پێناسەو ژمارانە پێمان ئەڵێت ئەمریکا ئیمپراتۆرە



ئان ماری سلوتر

ئان ماری سلوتر مامۆستای زانکۆی زانستە سیاسیەکان، پارێزەر، سەرۆکی لیژنەی پلاندانانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە وەزارەتی دەرەوە لە (٢٠٠٩ وە تاکو ٢٠١١)ە ، پێ وایە کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق و ئەفغانستان کێشەیەکە قەبارەکەی گەورە نیە بە بەراورد بە کێشەی ناوخۆی ئەمریکا، کێشەی گەورەی ئەمریکا پێکهاتەی دانیشتوانەکەیەتی

بە پلەی نایاب.

شارەزایان و لێکۆڵەروانی جیهان کاتێک باس لە نەمانی ئیمپراتۆری ئەمریکا ئەکەن بە مانای هەڵوەشانەوەی ئەمریکا نیە، بەڵکو بەو مانایەیە کە نفوزو دەسەڵاتی ئەمریکا بچووک ئەبێتەوە وەک ئیمپراتۆری بەریتانیای مەزن، لە چارەکەی یەکەمەی سەدەی بیست دا حوکمداری چواریەکی جیهانی ئەکرد بەڵام پاش شەری جیهانی دووەم نفوزو دەسەڵاتی خۆیی لە دەست دەداو تەنها وەک وڵاتێکی بەهێزی ئەووروپا دەور و نفوزی ماوە.

یەکێک لەو کەسانەی زۆر بایەخی بە بەرزبوونەوە و نزمبونەوەی ئیمپراتۆرەکان داوە، بە تایبەتیش بەریتانیای عوزما و ئەمریکا.

مێژوونووسی ئەسکوتلەندی (نیال کامبل فیرگسن)ە (Niall Ferguson) مامۆستا لە زانکۆیی هارفارد و ئۆکسفۆرد خاوەنی زیاتر لە پانزە کتێبە کە وەرگێردراون بۆ سەر چەندین زمان. لە ساڵی (٢٠٠٤) دا کتیبێکی بەناوی (الصنم :- صعود وسقوط الإمبراطورية الأمريكية) Colossus: The Rise and Empire Fall of the American (بتەکان :- بەرزبوونەوە و ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ئەمریکی) نوسیوە گرنگی ئەم کتێبە ئەوەیە نووسەر پێش (١٧) ساڵ پێشبینی پاشەکشەی نفوزو دەسەڵاتی ئەمریکای کردوە کە لەو ساڵانەدا ئەمریکا لەوپەڕی جەبەڕووتی دەسەڵاتیدا بووەو تاکرەویی دەسەڵاتی سنووری هەموو جیهانی بەزاندبوو، بۆ ماوەی



THOMAS JEFFERSON

سی ساڵ تا قەیرانی دارایی ساڵی (٢٠٠٨) ی ئەمریکا. نووسەر لەم کتێبەدا قسە لەسەر چوار خاڵی هاوبەشی نێوان ئیمپراتۆریەتی بەریتانیاو ئەمریکا ئەکات کە چوار خاڵی بێهێز و هاوبەشی هەردووکیانە، لە سەدەی بیستدا بوە هۆی ڕووخانی ئیمراتۆریەتی بەریتانی و پێشبینی هەمان چارەنووسیشی بۆ ئەمریکا کردوە لە سەدەی بیست و یەکدا . خاڵەکان بریتین لە:-

**خاڵی یەکەم:-قەرزێکی زۆری کەڵەکەبوو.**

ئەمریکا بەدەس قەیرانی قەرزاریەکی زۆرەوە دەناڵێنی کە هۆکاری پاشەکشەو بەردەوام نەبوونی نفوزوو

دەسەڵاتەکانیەتی، هاوشێوەی بەریتانیا کە لە ساڵی(١٩١٨) پاش تەواو بوونی شەری جیهانی یەکەم ڕێژەی قەرزەکانی سەر بەریتانیا گەشتنە (١٠٩٪) کۆی گشتی داهاتیی نیشتمانی بەڕیتانیا، ئەم ڕێژەیە بەرز بوەوە بۆ (٢٠٠٪) لە ساڵی (١٩٣٤) پێش شەری جیهانی دووەم بە پێنج ساڵ.

لە ساڵی (٢٠٢٠) دا ڕێژەی قەرزەکانی سەر ئەمریکا ڕێژەی (١٠٠٪) ی داهاتیی نیشتمانی ئەمریکا بووە. پێشبینی هەیە تا کۆتایی ساڵی (٢٠٢١) دا بگاتە (١١٠ ٪)، بەگوێرەی پێشبینیەکانی لیژنەی دارایی و مالی لە کۆنگرێسی ئەمریکا بۆ ساڵی (٢٠٥١) ئەگاتە (٢٠٠ ٪) ی داهاتی نیشتمانی ئەمریکا. بەڵام نایل فێرگسن ئاماژە بەوە دەکات کە پێکهاتەی جۆری قەرزەکانی سەر بەریتانیاو ئەمریکا جیاوازن چونکە ڕێژەی مامناوەندی دانەوەی قەرزەکانی لەسەر ئەمریکا کە لە شێوەی سەنەداتن بۆ ماوەی (٦٥) مانگە بەڵام (٤٠٪) قەرزەکانی سەر بەریتانیا سەنەداتی بەردەوامی درێژ خایەن بوون واتا کاتی دانەوەی دیاری نەکراوە، ئەمە بەو واتایەیە کە قەرزەکانی ئەمریکا ئاکام و کاریگەریی و بارگرانی ترسناکتری ئەبێت بۆ ئابووری ونفوزو دەسەڵاتی ئەمریکا لە ئایندەدا بە بەراوود کردن بە قەرزەکانی سەر بەریتانیا.

کاریگەری ئەم قەرزانە هەر قسەو دارشتن و نووسینی سەرپێی نیە. ئابووری ناسەکانی ئەمریکا دەیان لێکۆلینەوەیان بۆ سیناڕیۆی جیاواز کردوە، چی ئەبێت ئەگەر سوودی سەرقەرزەکانی ئەمریکا (٢٪ یا ١ ٪ یا ٠.٥ ٪) بەرزبێتەوە، هەندێک ئەم سیناڕیۆیانە و دەرئەنجامەکەی بە ڕەشبینی ئەبینن کە توانای خەرجی ئەمریکا تایبەت بە (خزمەتگوزاری قەرزەکان) زۆر کەمترە، واتا ئەو داهاتانەی کە دەستی دەوڵەت ئەکەوێت لە باجی هاووڵاتیان ڕێژەیەکی زۆری ئەڕوات بۆ دانەوەی سوودی سەر قەرزەکان، چەند ڕێژەی قەرزەکان زۆر بێت یان داناوەیان دوا بکەوێت ئەوا ڕێژەی خزمەتگوزاری قەرزەکە واتا سوودەکەی زیاتر ئەبێت، کە ئەبێتە هۆی کورتهێنانی توانای حکومەت لە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری لە بواری تەندروستی و پەروەردەو خوێندنی باڵا و خزمەتگوزەراییە کۆمەلایەتیەکان و وەزارەتی بەرگریش. ئەمەش وای لە ئەمریکا کرد بیر لە بەرنامەی کەم کردنەوەی دەرماڵەی وەزارەتی بەرگری بۆ ساڵی (٢٠٢٠ تا ساڵی ٢٠٣١) لە (٣.٤ بۆ ٢.٥ ٪ لە داهاتیی نیشتمانی ئەمریکا بکاتەوە، ئەم کەمکردنەوەیەش کاریگاری ئەکاتە سەر تواناکانی ئەمریکا لە وەڵام دانەوەی هەر دوژمنکاریەک یان ترسێک بۆسەر ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا لە لایەن روسیا و چین و تەنانەت وولاتە بچووکە ئیقلیمیەکانی وەک ئێران و کۆریای باکوور.

**خاڵی دووەم:- پاشەکشەی هێز و سەرکەوتنی هێزی تازە.**

بەریتانیا بۆ ماوەی دوو سەدە ئیمپراتۆری بێ ڕکابەر بوو، بەڵام لە پێش شەڕی جیهانی یەکەم بەچەند ساڵێک




وە بە تایبەتیش پاش تـەواو بوونی شەر، بەریتانیا پاشەکشەیەکی ئابووری و سەربازی بەرچاوی بە خۆە بینی بە قازانجی هەندێ وڵاتی تازە پێگەشتوو شکایەوە کە دواتر بونە ڕکابەری بەریتانیا سەرەتا لەڕووی ئابووریەوە.

ئابووری ناس ئەنجس مادیسۆن (Maddison Angus) شـارەزایـی بـواری ئـابـووری ئـەو سێ وولاتـەی کە ڕکابەری ئابووری بەریتانیای مەزن بوون لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتایی سەدەی بیست ئەوانیش:–

یەکەمیان ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کە پێشتر کۆلۆنیی بەریتانیای مەزن بوو لە سەرەتایی ساڵی (١٨٧٢)وە ئابووریەکەی پێش بەریتانیا کەوت.

دوەمیان ئەڵمانیا کە دووجـار ئابووریەکەی پێش بەریتانیا کەوت جارێکان ساڵی (١٧٨٩) وە بـەردەوام لەپێشیەوە بوو تا شەری جیهانی یەکەم و دۆڕاندنی لەشەری جیهانی بوە هۆیی داروخانی ئابووریەکەی، جاری دووەمیش ساڵی (١٩٣٥) پاش تەواو بوونی جەنگ و گەشانەوەی ئابووریەکەی بۆ جارێکی تر.

سێیەمیان یەکیەتی سۆڤیەت بوو توانی لە ساڵی (١٩٣٠) پێش ئابووری بەریتانیا بکەوێت.

هەمان شێوە لە سەدەی بیست و یەکدا، چین وەک وڵاتێکی تازە پێگەشتوو ڕکابەری ئابووری و سەربازی ئەمریکای بێ رکابەر لە پاش شەڕی جیهانی دووەمەوە تا ساڵی (٢٠٠٨).

بەراود کردنی ئابووری چین و ئەمریکا بە پێوەری نرخی ڕەهای دۆلار بێت ، داهاتی نیشتمانی چین بۆ ساڵی (٢٠١٩)، نزیکەی (١٤) تریلێۆن دۆلار بوە لە بەرامبەردا ئەمریکا (٢١) تریلێۆن دۆلار بوە، بەلام بەپێوەری هێزی کرین (القوة الشرائية) بێت ئەوە هێزی ئابووری چین بۆ ئەو (١٤) تریلێۆن دۆلارە زیاترە بۆ کرینی کالاو خزمەتگوزاریەکان (السلع و الخدمات) لە ناخۆی چین بە بەڕاوود بە ناوخۆیی ئەمریکا.

ئەگەر چی هەموو ئاماژەکانی پێوەری ئابووری ناسەکان کۆکن لەسەر ئەوە کە ئابووری چین لە کۆتایی (٢٠٣٠) دا پێش ئەمریکا ئەکەوێت بەرێژەیەکی زۆر.

**خاڵی سێیەم:- سیاسەتی دان بەخۆداگرتن و خۆ ڕازیکردن (سياسة الاسترضاء)** (APPEASEMENT).

سیاسەتی خۆ ڕازیکردن واتا هێزێکی ئیمپراتۆری کە توانای وەڵام دانەوەی سەربازی و ئابووری ڕکابەرەکەی نیە، سوریش ئەزانێ کەمەترسیە بۆ ئایندەیی، بەناچاری پەنا ئەباتە بەر دڵدانەوەی خۆی یان دوورە پەرێز ڕادەوەستێت.

لەپاش شەری جیهانی یەکەم بەریتانیا ئەگەر چی براوەی شەریش بوو بەلام ماندووبنێکی ئابووری و مرۆیی زۆری پێوە دیار بوو، زیاتر لە (٩٠٠) هەزار کوژراو لە گەنج و (٧٠٠) هەزار بریندار و بلاوبونەوەی پەتایی ئەنفلۆنزای ئیسپانی و قەرزێکی زۆر، وە هەستکردن بە پاشەکشەی نفوزی لە ئاسیاو بەتایبەت ئەورووپا بەرامبەر بە دەرکەوتنی هەندێ وولات کە بە وڵاتە درندەکان (الدول المفترسة) ناسرابوون وەک ئەلمانیا و ئیتاليا لە

هەولێرنامەی کتێب

ئەووروپا و یابان لە ئاسیا ئامانجی گەشەو پەڵهاویشتنی زیاتریان هەبوو، هەروەها بێهیوایی بەریتانیا لە سیستمی پاراستنی گشتیی لە ژێر سێبەری کۆمەڵەی گەلان (عصبة الامم) کە پاشتر بو بە نەتەوەیەکگرتووەکان شکست هێنانی لە پاراستنی بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا کە خۆیی یەکێک بوە لە دامەزرێنەرانی لەساڵی (١٩٢٠).

بەریتانیا ئەگەر هەمان توانای سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەی هەبوایە هەر زوو خەون و ئاواتی گەورە بوونی نفوز و دەسەلاتی ئەڵمانیا و یابانی لەگۆر ئەنا، لەبەر نەبوونی خەرجی ئەو شەرە و ترسی لە خراپ شکانەوەی لە ناخۆی بەریتانیا، ئەمانە وای لێکرد سیاسەتی (سیاسة الاسترضاء) و بێدەنگی هەڵبژارد لەبەرامبەر داگیکردنی ئەڵمانیا لەپێشدا هەندێک لە چیکۆسلۆفاکیا و پاشتر هەمووی، دواتر پۆڵەندای داگیر کرد تا بە شەری جیهانی دووەم کۆتایی هات.

بەڵای نیال فێرگسنەوە ئەم خاڵە بۆ ئیمپراتۆریەتی ئەمریکاش لە سەدەی بیست و یەک بە هەمان شێوەیە، بە دەرکەوتنی روسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست وە بەتایبەت لە



سوریا و گرتنی نیمچە دوورگەی قرم و خەونی گەڕاندنەوەی ڕوسیای یەکگرتوو و پەڵهاویشتنی هەرێمی زیاتر، وە هەڕەشە بەردەوامەکانی چین و مەترسیەکانی بۆ گرتنی تایوان و گەڕاندنەوەی بۆ سەر چین و پەڵهاویشتن بۆ کۆنترۆڵکردنی دەریای چین هەمان سیناریۆی سەدەی ڕابردوون.

ئەمریکا زۆر باش ئەزانێت هەمووی هەڕەشەن بۆ سەر بەرژەوەندی ئەمریکا بەڵام لەبەر ئەوەی توانای جارانی نەماوە لە قەیرانی گەورەدایە، بە ناچاری سیاسەتی (سیاسة الاسترضاء) هەڵبژاردوە، لەوانەیە بەرەو هەمان چارەنوسی بەریتانیای عوزمای ببات.

خاڵی چوارەم:- پەیدا بوون و گەشەسەندنی دەستەبژێرانێکی نارازیی و یاخی لە سیاسەتی ئیمپراتۆر لە ناوخۆیدا.

لە سەرەتایی بیستەکان و سیەکانی سەدەی ڕابردوو نوخبەیەکی نارازی پەیدا بوو دژی سیاسەتی ئیمپراتۆری عوزما وەک چۆن بە هەمان شێوە ئێستاش نارەزایەکی زۆر هەیە لە ناوخۆی کۆمەڵگای ئەمریکی دژی نایەکسانی و ڕەگەزپەرستی ، پێوانەی دوو فاقی لە سیاسەتی ئەمریکا. بەریتانیاش ئەم کێشانەی هەبوو لە سەدەی ڕابردوودا. نیال فێرگسن نموونەیەکی ئەم کێشەیەی لە کتێبەکەیدا هێناوەتەوە.

ساڵی(١٩٣٣) لە زانکۆیی ئۆکسفۆرد لە لایەن یانەیەکی قوتابیانی تایبەت بەو زانکۆیە، ڕاپرسیەک ئەنجام دراوە بەم پرسیارە.

(ئایە تۆ ئامادەی لە پێناو پاشاو ئیمپراتۆردا بجەنگی؟).

ئەنجامی زۆرینەی ڕاپرسیەکە نەخێر بوە. ئەم دەرئەنجامە ئاماژەیەکی خراپ بو، وای لە ئەڵمانیا کرد ئاڵەنگاری بەریتانیا بکات و ئەو بڕوایەی لا دروست بێت کە کۆمەڵگای بەریتانیا ئامادەیی بەرگریان نیە ئەتوانێت سەرکەوتن بە دەسبهێنێ، وەک چێرچلیش لەکتێبی ((THE Gathering Storm)) باسی ئەکات.

نایل فێرگسن پێی وایە چینیەکان و ڕوسەکان هەمان خوێندنەوەیان بۆ نارەزایەکانی کۆمەڵگای ئەمریکی هەیە، پێیان وایە ئەو دابەشبونە لە پێکهاتەی کۆمەڵگای ئەمریکی وا ئەکات کە توانای شەر کردنی جارانیان نەمێنێت ،تەنها بۆ بەرژەوەندی زۆر ستراتیجی گەورەی بەهادار و گرنگ نەبێت. توانای شەڕیان لە پێناو هەندێک مەسەلەو هاوپەیمانی وەک تایوان و نیمچە دوورگەی قرم و هۆنگ کۆنگ وولاتانی کەنداویش نەماوە.

لەڕاستیدا ئەمە بۆ ئێران و کۆریای باکوریش وایە ئەگەر چی نایل فێرگسن زیاتر باسی ڕوس و چین ئەکات، ئێران بەتایبەتی بەشێکی زۆر حیساباتی سیاسی خۆی لەگەڵ ئەمریکا لەسەر ئەوە بنیات ناوە کە ئەمریکا نایەوێت بچێتە شەری ئێرانەوە چونکە خەرجی ئەو شەرەی نیە، لەسەر ئەو بنەمایەش پێی وایە ئەمریکا مەیلی پاراستنی هاوپەیمانە عەرەبەکانی لە کەنداو نەماوە.

هەواڵنامەی کتێب

هەروەها نایل فێرگسن لە کتێبەکەیدا (هەستان و ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ئەمریکا) باس لە چوار خالی رریش ئەکات کە بە خالی لاواز و بێهێزی (-defi cits) ئەمریکای ئەزانێت بە هۆکاری نیزیکبوونەوەی ئەمریکای ئەزانێت لە ڕووخان ئەوانیش :-

**سەربازەکان و بەرپرسەکانی ئەمریکا توانای مانەوەی درێژ خایەنیان نەماوە لە دەرەوەی ئەمریکا.

** کورت هێنان لە بودجە گشتی هۆکاری کەمکردنەوەی توانای سەربازی ئەمریکایە.

** کورت نەفەس و دەمدەمی تاکی ئەمریکی لە داکۆکی کردن بە یەک نەفەسی درێژ بۆ زۆر مەسەلەی گرنگ و هەستیار، زوو زوو ڕاو بۆچونیان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەگۆڕێت.

** پەند وەرنەگرتنی ئەمریکا لە هەڵەکانی لەمێژووی سەد ساڵی ڕابردوویداو لەهەڵەکانی ئیمپراتۆری بەریتانیای پێش خۆی.

نایل فێرگسن ئەمریکا ئەخاتە بەرامبەر دوو بژاردە، یان شەڕی چین ئەمەش زۆر ترسناکە ئەبێتە هۆیی نەمانی مرۆڤایەتی لەسەر گۆیی زەوی لە سایەی ئەو هەموو چەکە ئەتۆمەی هەیە لە جیهاندا، خەرجی زۆری ئەوێت ئەگەر براوەش بێت ئەبێتە هۆیی داتەپینی زیاتری ئابووری ئەمریکا.

یان ڕازی بوون بە سیاسەتی الاسترضاء و کشانەوەی لە نۆکەندی چین، ئەوەش ئەبێتە بچوکبونەوەی هەیبەتی بۆ هەتاهەتایە و گۆڕینی هاوسەنگی هێز لە جیهاندا، هاوشێوەی کشانەوەی بەریتانیا لە نۆکەندی سوێس لە ساڵی (١٩٥٦) بوە هۆی بچوکبونەوەی بەریتانیا، کە دواتر هاوسەنگی هێزی گۆری لە پاش شەڕی جیهانی دووەم.

ووشیهیرو فرانسیس فوکویاما -Yoshihiro Fran



ANDREW JACKSON




Fukuyama cis زانا و فەیلەسوف و ئابووریناس و سیاسەتمەدار و نووسەر و مامۆستای زانکۆ ، خاوەنی کتێبی (نهاية التاريخ والإنسان الأخير).پێی وایە خاڵی لاوازی ئەمریکا تەنها دابەش بوونی کۆمەڵگای ئەمریکە بۆ دوو بەرەی دژ بەیەک نەک ئەو چوار خاڵەی نایل فێرگسن،چونکە ئەمریکا پێشتر لە ڤێتنامیش بە شکستی گەورەتر لەوەی ئەفغانستان کشایەوەو بەڵام توانی بکەوێتە سەر پێی خۆیی و نفوزو دەسەڵاتی خۆیی بگەڕێنێتەوە.

فۆکامایا لەم کتێبەدا باس لەوە دەکات بەرەکانی ئەمریکا، هێندە دژە یەکن تەنانەت هەندێک ڕوسیاو چین بە دۆستر ئەزانن لە دیموکراتیەکان، هەندێک ئەڵێن ئەمریکا نەک دیموکراتی نیە بەڵکو وڵاتی کۆیلەکانە، مێژووی گەشتنی یەکەم کاروانی کۆیلە لە ئەفریقاوە لەسالی (١٦١٩) ە، بۆ وولایەتی ڤێرجینیا بە مێژووی شانازی ئەمریکا دائەنێن و پێیان وایە تا ئەمڕۆش ووڵاتی کۆیلەکانە، هەندێکیشیان ساڵی (١٧٧٦) ی سەربەخۆیی ئەمریکا بە مێژووی شانازی دیموکراتی و مافی مرۆڤ بۆ ئەمریکا ئەزانن. ئەم دابەش بوونە بەلای فۆکامایەوە هۆکاری ئاوابوونی خۆری ئیمپراتۆری ئەمریکایە.

خاتوو ئان ماری سلوتر (Anne-Marie Slaughter) مامۆستای زانکۆی زانستە سیاسیەکان، پارێزەر، سەرۆکی لیژنەی پلاندانانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە وەزارەتی دەرەوە لە (٢٠٠٩ وە تاکو ٢٠١١)ە ، ئەم خاتوونە پێ وایە کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق و ئەفغانستان کێشەیەکە قەبارەکەی گەورە نیە بە بەراود بە کێشەی ناوخۆی ئەمریکا ، کێشەی گەورەی ئەمریکا پێکهاتەی دانیشتوانەکەیەتی (التركيبة السكانية)(demographics) ئەم خاتوونە پێی وایە لە بیست ساڵی داهاتوودا ئەمریکا بە ووڵاتی سپی پێست نامێنێت و سپی پێستەکانیش زۆرینە نابن، لە ئەمریکا پاش بیست ساڵی تر هیچ نەژادو ڕەنگێک بە زۆرینە نامێنێت ، بەڵکو ئەبێتە وولاتی هەمە نەژادو ڕەنگەکان.

بەلای خاتوو ماریەوە ئەگەر ئەمریکا بتوانێت ئیدارەی ئەم هەموو نەژادە بە یەکسانی بدات ئەوە ئەمریکا هەر وەک ئیمپراتۆرەکەی جاران ئەمێنێتەوە ئەم قەیرانەش تێدەپەڕێنێ ، ئەگەر نا وەک نیشانەکانی لە ئێستادا دەرکەوتون ئەوە ئایندەی ئەمریکا لە ترسێکی گەورەدایە.

ڕوبێرت د.کابلن نووسەر و جیۆپۆلیتک و ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی (Robert D. Kaplan) لەدیبەیتێکدا وەڵامی پرسیارێک لەسەر ئایندەی ئەمریکا پاش کشانەوەی لە ئەفغانستان، زۆر گەشبینە بە ئایندەی ئەمریکا ئەو کشانەوەش زۆر بە هەند وەرناگرێ و پێی وایە زۆر لە قەبارەی خۆی گەورەتر کراوە،گەشبینە بەوەی ئەمریکا شەنسدارە بە نیعمەتی جوگرافیا، کیشوەرێکی گەورەیە نەک وڵاتێک، بێ نموونەیە لە جوگرافیا، دەوڵەمەندە بە هەموو سامانێکی سروشتی و سامانێکی مرۆیی، خودکەفایی پێویستی تەواوی هەیە.

سنوورە بە دوو ئۆقیانووسی ئارام و ئەتلەنتی هێزی

پاراستنیان پێبەخشیوە لە هەموو دوژمنێکی دەرەکی، بەستویانەتەوە بە هەموو جیهانەوە، سنووری وشکانی بە کەنەداو وڵاتێکی هەژاری وەک مەکسیکەوەیە هیچ مەترسییەکیان بۆ ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا نیە. هەموو ئەمانە بنەماکانی ئیمپراتۆریەتێکی گەورەن لە گۆرەپانی سیاسیدا.

جوگرافیەکەی هاوکاریەتی لە هەستانەوە لە هەموو قەیران و هەڵەیەکدا، چونکە چین و روسیا ی رکابەری ئەمریکا کێشەی جوگرافیایان هەیە.چین سنوورە بە دوو وڵاتی خاوەن چەکی ئەتۆمی وەک هیندستان و ئەفغانستان، جوگرافیای روسیاش کێشەی گەورەی ئاوی گەرمە کە لە دونیای دەرەوەی دابریوە.

دەرئەنجام:- ئەمریکا لە پێناو قازانجی زیاتری کۆمپانیاکانی لە پشت دروست بوون و هاوکاری کردنی سەدان کودەتای سەربازی نەتەوە پەرستی و دروستبوونی حکومەتی فاشیزمی نەتەوایەتی و مەزهەبی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوڕاستە بۆ زیاتر لە شەست ساڵ. قوتابخانەی پێگەیاندنی دەیان هێزی توندڕەوە لە جیهان و ناوچەی رۆژهەڵات.

بەڵام بە حزوری خۆیی وەک زلهێزێک لە ناوچەکە کۆنترۆڵی ئەو هەموو هێزانە ئاسانتر بوو، ئاخۆ لە غیابی ئەودا ئەبێت چۆن بێت؟، بەتایبەتی بۆ ئێمەی کورد، تورکیای ئیخوانی و ئێرانی شیعەگەری و سوریای بەعسی ئێمەی کورد بە دۆست و هاوکاری ئەمریکا ئەزانن لە ناوچەکە، وەزیری دەرەوەی تورکیا نەیشاردۆتەوە ئەڵێت کێشەی ئێمەو ئەمریکا لەسەر کوردە.

ئایا پاشەکشەی دەسەڵاتی ئەمریکا لە ناوچەی رۆژهەڵات، دەرئەنجامەکانی چی ئەبێت بۆ هەموو هبزێکی پێشکەوتوو خواز و لیبراڵ و سێکیولار، وە بە تایبەتیش

بەرەکانی ئەمریکا، هێندە دژە یەکن تەنانەت هەندێك روسیاو چین بە دۆستر ئەزانن لە دیموکراتیەکان، هەندێك ئەڵێن ئەمریکا نەك دیموکراتی نیە بەڵکو وڵاتی کۆیلەکانە، مێژووی گەشتنی یەکەم کاروانی کۆیلە لە ئەفریقاوە لەسالی (١٦١٩) ە، بۆ وویلایەتی فێرجینیا بە مێژووی شانازی ئەمریکا دائەنێن و پێیان وایە تا ئەمڕۆش ووڵاتی کۆیلەکانە



فۆکۆیاما

بۆ نەتەوەیەکی وەک کورد نارێک و ناتەبا لە نێوخۆیدا؟
وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ خوێنەری بابەتەکە جێدەهێڵم.

**سەرچاوەکان**

* (الصنم: الصعود وسقوط الإمبراطورية الأمريكية
Fall of the American Colossus: The Rise and Empire

نوسینی:- نیال کامبل فیرگسن (Niall Ferguson)

* نهاية التاريخ والإنسان الأخير

نوسینی:- یوشیهیرو فرانسیس فوکویاما

* فیدیۆکانی لە یوتیوب Walter Russell Mead

* دیبەتی ؛- Robert D. Kapla

* فیدیۆکانی خاتوو ئان ماری سلوتر لە یوتیوپ..
Anne-Marie Slaughter

* وتارەکانی نووسەر و ڕۆژنامووسی میسری سید جبیل.





# پەیوەندییەکی مۆلەق

## ململانێی «خۆخواردنەوە» و «خۆخوێندنەوە» لە شیعری «با ئەو ژیانە بژیت، ناوەوەت بانگی ئەکات»ـی ڕامیار مەحموودا.

پێشەوا کاکەیی

سەرەتا، دەمەوێت بڵێم، لەسەر کۆی شیعری «ڕامیار مەحموود» قسە ناکەم، چونکی کاتێکی زیاتر، قووڵبوونەوەیەکی زێدەترمان گەرەکە. شیعری ڕامیار مەحموود، سادەگۆیە؛ بەڵام بیرخوێنە. لێرەدا هەرگیز بە شێوەیەکی گشتی، باس لە شیعرەکانی ڕامیار مەحموود نییە، بەڵکوو لەسەر شیعرێکی ئەو شاعیرەیە.

شیعر، لەو تێمایانە نییە ڕاست و چەپ هێڵێکی پێدابێنێت و تەواو؛ شیعر خۆی پڕ هێڵە. شیعر، بەوەدا لە فەلسەفە جیا دەکرێتەوە بە مانا بوونگەراییەکەی کە پڕ هێڵە؛ بەڵام هەمیشە ویستویەتی لەگەڵ فەلسەفەدا لە ماڵی بووندا یەک بگرنەوە، ئەگەر یەکێکیان دەرگا بێت، ئەویتر پەنجەرە، ئەوا ویستوویانە سەر و بنی هەردووکیشیان هەر لە مانای بوون بێت.

لە کتێبی «لەشی ئێمە، کاتژمێری زەمەنە»ی «ڕامیار مەحموود»دا، لەسەر کۆی ئەو شیعرانە نادوێم، ئەم کتێبە تەنیا دال و مەدلوولێک نییە، هەر دالێک چەند مەدلوولە. کۆی شیعرەکانی ناو ئەو پەڕتووکە، (١٦) شیعرە، من لێرەدا تەنیا شیعرێکی وەردەگرم. شیعر لە شاعیر وەردەگرینەوە و وەک بناغەیەکی بوون تێیدا پرسیار لە بوونیەتی شیعری دەکەین. «با ئەو ژیانە بژیت، ناوەوەت بانگی دەکات» ئەمە ئەو شیعرەیە، کە ناچارمان دەکات و پرسیار لە بوون بکەین. نەک ئێمە ناچار بین شیعرەکە بدوێنین.

شاعیر، واقیع ناترنجێنێتە ناو خەیاڵ و لە وێنە و مانادا شتێکمان دەست بکەوێت، بەڵکوو ئەو بە پێچەوانەوە خەیاڵ دەترنجێنێتە ناو واقیع کە لە وێنە و مانا زۆر دوور نەکەوینەوە. پێمان بڵێ، بۆ ژیان زۆر دوور مەڕۆ، هەزاران فرسەخ لە نێوان خۆت و ژیان، خۆت و واقیدا نییە؛ بەڵکوو کەمێک لە ڕێی «زمان، بیر، تێڕامان»ـەوە، شۆڕبەرەوە ناو خۆت. ئا لەوێدا؛ «زمان، بیر، واقیع» خۆی ناچارت دەکات بێیتە ناوییەوە. ئەو؛ واقیعگەرا، دەشێ شاعیر خۆشی نەبەسێتەوە بە هیچ چەمکێکەوە، لێرەدا ئێمە لەتەک شیعردایین، نەک شاعیر. (کێشەی سەرەکی خوێندنەوەی شاعیران و ڕەخنەگرانی ئەمڕۆ بۆ شیعری هاوچەرخ، یان ستاییشە، یان لێدانە؛ یان گۆترەکاری بە چوار دێڕ کتێبێک دەداتە بەر نەشتەر.) تا ئێرە، شاعیری ئەم شیعرەی «با ئەو ژیانە بژیت، ناوەوەت بانگی دەکات»مان لەگەڵدا بوو. لێرەوە شاعیر لەگەڵماندا نییە، شیعر لەگەڵماندایە. شاعیر لە ڕێی شیعرەوە ناچارمان دەکات بیر بکەینەوە، نەک دابنیشین و بیر لە شیعری بکەینەوە.

بیرکردنەوە لە دەرەوە بۆ شیعر و بیرکردنەوە لەناو شیعردا بۆ خۆمان، دوو تێمان، کە پێوستی بەرهەمی بوونمانە. ئەم شیعرە، بە جۆرێکی تری «نان و شەراب»ی هۆڵدەرلین/ هویلدەرلین، پێمان بیر دەکاتەوە. برسێتی لە هەناوی خودماندا، چی پێ دەجووینەوە بۆ ڕۆژگار؟ ئەم قسەیەم بۆ هاتە سەرەتای بیرکردنەوە لە خۆمان

لەناو شیعردا، چۆن ئەم شیعرە، ئەم کلیلەی پێداوین، کە برسێتی چەشنی زۆرە، جووینەوەش زاری زۆرە!

**لە سەرەتای ئەم شیعرەدا ئاوها دەدوێت:**

**«با ئەو ژیانە بژیت،**
**ناوەوەت بانگی ئەکات**
**ئەگەرنا،**
**هەموو ئەڵتەرناتیڤەکان**
**خراپترن لەوەی تۆ ئەتەوێت.»**

هەر لە سەرەتاوە، ئەم شیعرە بە فکرێکی فەلسەفی-شیعری خۆی دەخزێنێتە ناو بوونمانەوە و پرسیارمان پێ لە بوون دەکات، چەمکی «ژیان» و «ناوەوە» کە ڕەسەنێتیی بوونە، بانگهێشتمان دەکات بۆ جۆری ژیان. ژیان چییە؟ خۆت ئەمەت دەوێت، کە دەتەوێت، یان ئەوەیە کە دەبێت بتەوێت؟ ئەو زەمەنە نوێیە چی لە بوونمان وەردەگرێتەوە و ئێمە چ جورە بوونێک لەو زەمەنەدا دەدۆزینەوە و خۆمانی پێ دەدوێنینەوە. لە هەڵچوون و داچووندایـن، یان ئارامین و بە ئارامی دەژین. کەواتە، ڕاشکاو پێمان دەڵێ ئێمە لەناو بوونێکی بێ بووندایـن. ئەوەیە کە شیعر چۆن بە جیهانی بوون بکەین، ئەی خۆمان چۆن بە مانای بوون بکەین. ئێمە لە دەرەوەین و لە «ناوەوە» نین. ئەم شیعرە، ناوەوە وەک دوو هاوکێشە بە ڕووی واقیعدا دەداتەوە؛ ناوەوەی



بیرکردنەوە لە دەرەوە بۆ شیعر و بیرکردنەوە لەناو شیعردا بۆ خۆمان، دوو تێمان، کە پێوستی بەرهەمی بوونمانە. ئەم شیعرە، بە جۆرێکی تری «نان و شەراب»ـی هۆڵدەرلین/ هوێلدەرلین، پێمان بیر دەکاتەوە. برسێتی لە هەناوی خودماندا، چی پێ دەجووینەوە بۆ ڕۆژگار؟ ئەم قسەیەم بۆ هاتە سەرەتای بیرکردنەوە لە خۆمان لەناو شیعردا، چۆن ئەم شیعرە، ئەم کلیلەی پێداوین، کە برسێتی چەشنی زۆرە، جووینەوەش زاری زۆرە!

یەکەم، ئەوەیە کە ناچار کراوین لەم شیعرەدا، یان بە مانایەکی دی، لەو ژیانەدا دەستبەسەر کراوین، کە چۆن بۆ دەرەوە بڕوانین. ناوەوەی دووەم، ئەوەیە کە ناوەوەمان چی دەوێت؟ یان چۆن لەگەڵ خودی ناوەوەدا بدوێین. هەر بۆیە، بەدوای جێگۆڕکێ لە بوونماندا دەگەڕێ و یاخییانە دژی هەموو ئەو ئایدیانە دەوەستێتەوە، کە تۆ بە ئایدۆلۆژیت کردوون و ناتوانیت بەرەنگاریان ببیتەوە. ئەم شیعرە، ناچارمان دەکات بیر بکەینەوە لە بوونمان، لە کوێی بووندانین. لەنێو واقیع بوونێتیمان چ ڕۆڵێکی هەیە. هەر بۆیە بانگهێشتمان دەکات بۆ دوو جۆر لە تێکشکاندن، تێکشکاندنی یەکەم، ئەوەیە لە نێوان دوو ناوەوەکەی دەستەبەسەرکراو و ناوەوەکەی خودی خۆت، یەکێکیان هەڵبژێریت، شەڕ لەگەڵ تاریکیدا بکەیت و خۆت بدەیتەوە بەر ڕووناکی، کە سەرەتات ڕووناکی بوو. تێکشکاندنی دووەم، ئەوەیە خۆت داوەتە دەست واقیعێک کە ناوەوەتی دەستبەسەر کردووە و ڕازیشیت بەوەی ئەو ئایدیۆلۆژییانە، (هەڵبەت لێرەدا مەبەستمان لە بە ئایدیۆلۆژیکردنی حیزبە، کە دەوری تاکی داوە و ژیانی دەستبەسەر کردووە، ئەمەش لە چوارچێوەی حیزبیی کوردیدا، چۆن شاعیری ئەم شیعرە، هەم لەو زەمەنەدا دەژی و هەمیش کوردێکە، لەم هەرێمەی کوردستانەدا دەژی.) ژیانی ناوەوەیان خراپ کردووین. لەم کۆپلەیە، داوای یاخیبوونمان لێ دەکات، لە ڕێی فکر و تێڕامانەوە، پێش ئەوەی ببینە شۆڕشگێڕ.

پێش ئەوەی هەڵچوون و داچوونمان هەبێت. ئەوەتا لە کۆپلەیەکی تردا، بانگهێشتمان دەکات بۆ ناوەوە کە چۆن کەڵکی لێ وەربگرین، دەبێژێت:

**«سەردەمێکە مرۆڤ بەختی ئەوەی هەیە**
**پەنگ بخواتەوە؛**
**ئەمە لە هاوارکردنی بێسوود بەکەڵکترە.»**

لە کۆپلەی دووەمی ئەم شیعرەدا، جیهانبینییەکمان دەست دەکەوێت بۆ کولتووری کوردستان، کە مرۆڤ لەم کوردستانە دەتوانێت لە ناوەوەی جیهاندا بێت؟ دەیەوێت بڵێت مرۆڤ لە ڕێی ناوەوەی دەتوانێت بگاتە کەشکەڵان. مرۆڤ سوود لەم ئەزموونەی ناوەوەی خۆی نەبینیوە، کە ئەم پەنگخواردنەوەیە لە ناوەوەی دووەمە، کە لە سەرەوە باسمان کرد. مرۆڤ «خۆی دەخواتەوە،» نەک «خۆی بخوێنێتەوە.» پێمان دەڵێ، لەم هاتوهاوارانە بە ئەزموونترە کە لە ڕێی ناوەوە خۆت بخوێنیتەوە، کە ئاماژەیە بۆ کۆپلەکانی دواتر. مرۆڤ ڕستەیەکی درێژە لە هەر وشەیەکدا مانای «بیر و جووڵە و هێز»ێکی تری هەیە. ئەو؛ درکی بە شۆڕش کردووە کە لە کوێی مێژوودایە، نەک مێژوو لە کوێی شۆڕشدایە. سەردەمەکە، سەردەمی «خۆخواردنەوەیە،» نەک «خۆخوێندنەوە؛» بەڵام، ئەم شیعرە تێدا وەها ناچارمان دەکات شەڕ لەگەڵ هێزی ئەم

وشەیە بکەین، کە خۆ بخۆینەوە یان خۆ بخوێنینەوە. ئەم شیعرە، باس لە نێوان دوو جیهاندا دەکات، بە دیدی منی خوێنەر، سەردەمی تاریکی و ڕووناکیی تاکی کورد لە بەردەم پرۆسەی ژیان و سیستەمدا ڕووبەڕوو دەکاتەوە. ئەو؛ لە نائاگایی بێدارمان دەکاتەوە، کە تاکوو ئێستاکە نەمانتوانیوە سوود لە مێژوویی خۆمان چ وەک بوونێتی تاک لەنێو جیهاندا چ وەک تاک لەنێو بوونێتیی کورددا، چ وەک لە نێوان ناوەوە و دەرەوەی خۆماندا خۆ بخوێنینەوە، کەواتە لە ژاوەژاوێکداین و هێشتا خۆ دەخۆینەوە لەنێو یەکتردا، نەک ئەوی دیکەی پێ بخوێنینەوە. ئەوەتا لە کۆپلەی سێیەم، ڕاستەخۆ بۆمان ڕوون دەکاتەوە، کە لە چ ژاوەژاوێکداین، ئەم کەفوکوڵەی ئێمە تا کوێ بڕ دەکات. دەبێژێت:

**«هەموو داغان بووین؛**
**کەس ئاگای لە خۆی نییە.**
**بڕیارمداوە،**
**لە چۆڵەوانییەکدا جێتان بێهڵم و**
**ناچارتان بکەم کە بیر بکەنەوە.»**

لێرەدا ڕاستەوخۆ، لەگەڵ ئەوەدا ڕووبەڕوو دەبینەوە، کە هەموو داغان/ سووتان بووین، کە ئاماژەیەکە بۆ سەرەتای لە بیرچوونەوەی ناوەوەی خۆمان. (هەموومان قسە دەکەین، بیر دەکەینەوە، بڕیار دەدەین، چاکی دەکەین، دەیڕووخێنین، گەندەڵ دیاری دەکەین، چاکەکار دیاری دەکەین، هتد...) کەچی ڕاستەوخۆ خۆشمان لەناو هەمان بازنەدا دەخولێینەوە. کەس ئاگای لەوی دیکە نییە بە مانا بوونێتییەکە، بەڵام هەموومان ئاگامان لێیە لە کوێی جووڵەداین. پرسیاری جووڵە و بیر دێتە پێشەوە، کە ئەویش ئەوەیە، لە ڕێی جووڵەوە بیری یەکتر دەخوێنینەوە، نەک لە ڕێی بیرەوە جووڵەی یەکتر بخوێنینەوە. هەر بۆیە شاعیری ئەم شیعرە، وەک بکەرێک دێتەوە ناو خوان و بڕیار دەدا، دەسبەرداری «جووڵە و بیر»مان بێت، کە لەناو بازنەیەکدا دێین و دەچین، نەخۆش و بۆڵەبۆڵمانە. ئەو؛ بە مانایەکی دی، پێمان دەڵێ، دەبێت لە بۆڵەبۆڵتان بکەوێنم. یەکەم پەیامی ئاگادارکرنەوەی «نەخۆشی لەبیرچوونەوە»مان، وەک دەستەکۆیی لەنێو ڕووبەری گشتییدا بە گوێماندا دەدات. ئەو؛ سەرەتا لە ڕێی فکری-شیعری بوونێتیمان دەدوێنێ، دواتر وردە وردە دێتە نێو فکری سیاسی و تێڕوانیمان بۆ نیشتمان و شۆڕش و بەرگری لە ئێستادا. ئەو؛ پێمان دەڵێ، لەدوای ڕاپەڕینەوە هەتاکوو ئێستاکە، هەر ئەم چۆڵەوانییەیە کە دەروێش و ئایدیۆلۆژیستەکانی حیزب پێیان وایە ئەم هەرێمە پاش خێڵە و بەرەو ئاقاری مۆدێرنێتە هەنگاوی ناوە. ئەو؛ لەو ئەزموونە چۆڵەوانییەدا جێمان دەهێڵێ تا بیر بکەینەوە کە بۆچی بیر ناکەینەوە. ئەوەتا لێرەدا ئەم شیعرە




ڕاستەوخۆ وەک یەکەم کردەی لێدان، لە جووڵە، بیر، پەنگخواردنەوە دەدات. یان جووڵەیەکین لە ڕۆبۆتدا یان بیرێکی دەستەمۆین، یان ئەوەتا ناچارمان دەکات کە لە نێوان «خۆخواردنەوە و خۆخوێدنەوە»دا، دەرگیر نەبین و ڕێی ناوەوەمان هەڵبژێرین. ئەم شیعرە، بە دەستی سەنعەتکارێک چنراوە، کە ئاگاییانە، لە بێئاگاییمان دەدوێ، لە قۆناغی سێیەمدا ناچارمان دەکان بیر لە قۆناغی داهاتوومان بکەینەوە. لە کۆپلەی چوارەمدا، دەبێژێت:

**«بیرکردنەوە...**
**ئەوکاتە دەست پێ دەکات،**
**ئەوسەری هەموو شتێک، دیار نەبێت.»**

ئەوەیە بناغەی شیعری هاوچەرخ، لەگەڵ دۆخی خۆیدا، لەگەڵ زەمەنی خۆیدا، کەرەستە و زمان و بیر ناچار بکات، وەک خۆی خۆی دەرببڕێت، نەک پێی دەرببڕدرێت. ئەو؛ پێمان دەڵێ ئەوکاتە هێزی بیر دەدۆزینەوە، کە لە تاریکیدا دەست لە ڕۆشنایی بدەین، بێ ئەوەی بەر ڕۆشنایی بکەوین. شیعر ئەوەیە، لە تاریکیدا بیر لە ڕۆشنایی بکاتەوە، نەک تاریکی بجووێتەوە. ئەو؛ لە تاریکی دەدوێ، بەڵام ڕێی ڕۆشنایی بەر باس دەدات. گرفتی شاعیر نییە دنیات بۆ ئاوەدان بکاتەوە. لە ڕێی شیعرەوە، نە سیستەم وێران دەبێ، نە کورسی دەلەقێ، چۆن سیستەم و کورسی، بە دەروێشبوون کراوە. ئەم شیعرە دەیەوێ پێمان بڵێ، سەرەتا کۆت و بەندی خۆتان بشکێنن، خۆتان لە ناوەوە، بیر بکەنەوە. کە بەرهەمی بێ بیرکردنەوە لە جووڵەخستنە. هەر لەبەر ئەوەیە، کە پێی وایە، هیچ ئاسۆیەک نییە. ئەو؛ بیرکردنەوە لە سیستەم وەهای وێنا دەکات، کە چۆن لە ناوەوە دەستبەسەرکراوی ئەو سیستەمەن. بە مانایەکی تر، غەڵبەغەڵب دەکەین لەنێو سیستەمدا. ئەوەتا لە کۆپلەی پێنجەمدا، ڕێک باس لەم ئەزموونە دەکات، کە نامانەوێت لە غەڵبەغەڵب بێینە دەرەوە. ئاوها دەبێژێت:

**«ئێمە لە سەردەمێکدا ئەژین، ناتوانین بیر بکەینەوە،**
**ئەگەر شاعیر نەبین؛**
**لەگەڵ ئەوەشدا...**

هەواڵنامەی کتێب

**لە شیعردا تەنها بیرکردنەوە**
**خالآیکی مێژوویی نییە**
**لە سەری خول بخوات.»**

لێرە، ئەم شیعرە گرێدراوە بە دۆخی واقیعەوە. کە سەردەمی تاریکییە لە زەمەنێکی تردا. بیر نەکردنەوە خودی تاریکییەکەیە. «ئەگەر شاعیر نەبین» لێرەدا چاوی شاعیر وەک دەروونشیکارێک و وەک کۆمەڵناسێک هەم لە ناوەوەی خۆی و هەمیش پێی لە دەوروبەری خۆی دەڕوانێت. لێرەدا هیگڵ وتەنی، دەیەوێ پێمان بڵێ «تەنیا شتێک کە لە مێژوو فێربووم، ئەوەیە کە هیچ لە مێژوو فێرنەبووم.» چۆن پێی وایە، بە تەنیا بیرکردنەوە خاڵی وەچەرخانی مێژوو نییە، ئەگەر نەچینە ناو خودی مێژووەوە. دەبێت خۆمان مێژوو وەچەرخێنین، دەبێت ئێمە لە سەری مێژوودا خول بخۆین، نەک مێژوو لە سەری ئێمە خول بخوات. ئەگەرچی شاعیر دێنێتە ناو خوانەوە، دیسانەوە، نائامادەیی شاعیر دەخاتە بەر نەشتەری مێژووەوە.

لە کۆپلەی شەشەمی ئەم شیعرەدا، باس لە گەورەبوونی خودێتیی شاعیر وەک تاکێک لەنێو ڕووبەری گشتیدا دەکرێت، بەو پێودانگەی کە گەورەبووین، گەورەبووین لەگەڵ ڕووداوەکانی ناو «مێژوو، جوگرافیا: وەک شوێن و جێ، کات، بکەر» لێرەدا بەر نەشتەری ئەو شیعرە دەکەوین، کە دەبێژێت:

**«ئێستا نەختێک گەورە بوومە؛**
**دەربڕینی هەندێک هەست، بە شایستە نازانم.**
**دەرفەتەکە زۆر نییە،**
**بۆ لێکۆڵینەوە لە سەرچاوەکانی غەمگینی.**
**هەندێک جار باوەشێنێکی شاد پێویستە،**
**بۆ ئەندازەکردنی ئەم ناخۆشییە.»**

ئەو؛ خۆشی درک بەوە دەکات کە لەناو ڕووداوەکاندایە وەک شاعیرێک، ئەو هەستەی پێ هەزم ناکرێت کە دەزانێت لە ڕێی شیعرەوە ناتوانێت گەورەبوونی خودێتی وەک گەورەبوونێک وێنا بکات، کە هەڵگەرانەوەی مێژوو بە ئاقاری بیر کردنەوەدا بڕوات. دەرفەتەکە بە دوورمەودا نازانێت چۆن لەنێو خودی کاتداین نەک لە دەرەوەی کات. لەناو ڕووداوداین نەک لە دەرەوەی ڕووداو، بەڵام نائومێدە لەوەی خودی ڕووداو و کات، تاکوو ئێستا نەیتوانیوە بمانخاتە سەر ئەوەی مێژوو وەچەرخێنین، هێشتا هەر لەنێو مێژوودا دێین و پات دەبینەوە بێ کردەی مێژوو. لە مێژوو پاتبوونەوەدا، پێمان دەڵێ، لە ئێستادا دەژین، لەدوای ڕاپەڕینەوە، کە مێژووەکەی تا ساتی نووسینی ئەم شیعرە، ٢٧ ساڵە. لەو شیعرەوە، بەر مێژووی شیعری «فایەق بێکەس» دەکەوینەوە، کە لە شیعری «بیستوحەوتساڵە»دا دەڵێ:

بیستوحەوت ساڵە من ڕەنجبەری تۆم
بە نان و ئاو و جلوبەرگی خۆم
خزمەتم کردی لە ئێران و ڕۆم
لە پێناوی تۆ شکاوە ئەستۆم
کەچی هێشتا هەر دیل و ڕەنجەڕۆم
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بە ناهەق وا سووکت کردم؟!
(فایەق بێکەس، شیعری "بیستوحەوت ساڵە!" ١٩٤٦.)

ئەم شیعرە پێمان دەڵێ، زۆر مەڕوانە و زۆر دوور مەکەوە لە مێژوو، خۆت ئێستاکە لە مێژوویەکی تاڵدایت، کە ئاکامەکانی شادیی و غەمگینیی ئەم کارەکتەرانەی ناو ڕووداوی سیاسیی لە مێژووی کوردستانی باشووردا، بەرهەمیان هێناوەتەوە.

لە کۆپلەی حەوتەمی ئەو شیعرەدا، دەبێژێت:

«خۆشترین شت ئیشە!
کاتێک کە کارت نییە و بێکاریت،
کارکردن دووەم هەڵەی مێتافیزیکییە، مرۆڤ دۆزیوەتییەوە
ئەگەر هەڵە نەبم، ئەمە یەکێکە لە دۆزینەوەکانی مارکس.
ئەبێت بڕۆین،
ئەبێت زمانمان بڕوا
ئەم ڕۆشتنە، شۆڕشە.
کە بە هەلومەرجی وەستاو گەمارۆ دراویت.»

لێرەوە خەسڵەتی ئەم شیعرە، بە دەر دەکەوێ، کە پێشتر لە کۆپلەی چوارەمدا، ئاسۆکانی بیرکردنەوە دیار نەبوون. چۆن خودی ڕاستی ئەوە بوو، کە هێشتا بیرمان نەکردبۆوە. لێرەدا، بەر ئەو تەنە شیعرە ڕیالیزمییە دەکەوین، کە ئەو شیعرە لیمانی دەوێت، بە شێوەیەکی سەرسڕمان دەرکەوتەکانی ئیش/ کار بزانین، خۆشی ئیش وەک دەسکەوتێکی واقیع بۆ کردەی ڕۆژانە دێنێتە ناو شیعرەوە. لێرەوە مارکسانە بۆ ئیش پێمان دەڕوانێت. ڕەخنە لە کارەکتەرەکانی نمایشی سیاسەتبازان دەگرێت، کە لە ڕێی هەلی کارەوە، لە بێکاری دەدات. بێکاری وەک دەردێک وەک کوشندەیەک وێنا دەکات، کە ڕیالیزمانە دێتە ناو مێژووە و سوریالیزمانە باسی مێتافیزیکا دەکات. کارکردن وەک دووەم هەڵە وێنای دەکات، کە هەڵەی یەکەم دیار نییە، دەشێت لەم بێکارییەدا خودی هەڵەی یەکەم مرۆڤ و بەرهەمهێناوەی مرۆڤ بێت. مرۆڤ وەک هەڵەی یەکەم، هەڵەی دووەم بەرهەم دەهێنێت. بۆیە لێرەوە ئەم شیعرە پێمان دەڵێت چیدی بێکاری بەرهەمی عاریف و شاعیر و سۆفیی نییە، بەڵکوو ڕووبەرەکە هەمووومانی تەنیوە. پێمان دەڵێ مرۆڤ بۆ ئەوەی هەڵەی یەکەمی

هەواڵنامەی کتێب




بیرچێتەوە، دەبێت سەرقاڵ بێت بە کارەوە. کاتێک مرۆڤ بێکار دەبێت، نەخۆش دەکەوێت، ناچالاک و بێ بیر و جووڵە دەبێت. لێرەوە، باس لە دیار و نادیار، هەڵچوون و داچوون، خۆخواردنەوە و خۆخوێدنەوەمان دەکات، کە دەبێت دەرچین و بیر بکەینەوە لە ڕێی زمانەوە، گفتوگۆ دەرهاویشە و کارلێکی دیکەی هەبێت. تا زمان نەدوێ، جارێکی دی شۆڕش لە دایک نابێتەوە. بە واتایەکی دی، لە ڕێی «بیر، زمان»ـەوە، شۆڕشێکی ساختە هەڵدەوەشێنێتەوە. ئەم شۆڕشەی کە هاتووە دەبێت بڕوا، پێی وایە کە بارودۆخی نێودەوڵەتی و چینی سەرمایەدار پایەکانی شۆڕشگێڕانی دوێنێی بێ «بیر، زمان» ڕاگرتووە. ئەم شیعرە، زۆر ئاگاییانە باسی شۆڕشمان بۆ دەکات کە شۆڕشی بێ بیر، هەمان شۆڕش بە دەموچاوێکی تر دێتەوە ناو زمان. ئێمە لە ڕێی ئەو شیعرەوە تێ دەگەین، کە «بیر، زمان، جووڵە» وەستێنراوە. باسی خەیاڵ لە گۆڕێ نییە، باسی خود لە گۆڕێیە کە لە کوێ و لە چ ئێستایەکداین.

ئەوەتا لە کۆپلەی هەشتەمدا، بۆمان لە شۆڕشێک دەدوێ، کە شۆڕش نەبووە، بۆیە شاعیر باس لەو پەیوەندییە دەکات یان بەدوای ئەو پەیوەندییەدا دەگەڕێت کە لە ناوەوەیە نەک لە دەرەوەیە. چۆن زۆر ڕاستگۆیانە، بەشداری لە شۆڕشێک ناکات و هانی کەس نادات، تا نەزانێ چیت لە شۆڕش دەوێ. بە واتەیەکی تر، نایهەوێت پێیەکانت بە زەوییەوە گیر بێت

و سەرت لە هەوادا بجوولێ، بەڵکوو دەیەوێ سەرت لە زەویدا گیر بێ و زەوی لەژێرتدا بجوولێ و بڕوا. چۆن باس لە ئاورێک دەکات کە لە ناوەوەیە نەک لە دەرەوە، ئەوها دەبێژێت:

«ڕەوتی ڕووداوەکان بەو شێوەیە نین بەدڵی تۆ بن.
من گڕ بەرنادەمە کەس،
بۆ ئەوانە ئەگەڕێم کە خۆیان ئاگرن.
من چیتر قسە ناکەم؛
خۆ لاڵکردنم ڕەنگە مانایەکی زیاتر بدات.»

گەر سەرنج بدەین، ئەو باس لە دوو ئاور دەکات، ئاورێک کە لە ناوەوەیە و ئاورێک کە لە دەرەوەیە. ئاورێکی دەوێت کە بڵێسە بێ و ڕۆشنایی درێژ بێت، دوورمەودا بێت، ئاسۆکانی دیار بێت. ئاورێکی ناوێ، کە گڕ بێ و پڕ دووکەڵ بێ، تاریکی لە سەریەوە دەرچێ. پێش ئەوەی کۆتایی بەو شیعرە بێت، شاعیر دەتوانێت خۆ لاڵ بکات و لە شوێنێکی تری مێژوودا بژیێت. ئەوەتا لە کۆپلەی نۆیەمدا، بێدەنگی دەبەستێتەوە بە زانینەوە. پێمان دەڵێت کە ئەگەر بزانین گەیشتووینەتە چ خاڵێک و لە کوێی مێژووداین و چیمان لە مێژوو دەوێت و چیمان پێ دەگوڕدرێ، ئەوە پێویستە ڕووبەڕووی بینەوە تا لە چاڵ دەریبێنین. لێ، ئەو دەزانێت ئەم مێژووە بە دەست ئەو

ئەوەیە بناغەی شیعری هاوچەرخ، لەگەڵ دۆخی خۆیدا، لەگەڵ زەمەنی خۆیدا، کەرەستە و زمان و بیر ناچار بکات، وەک خۆی خۆی دەربڕێت، نەک پێی دەربڕدرێت. ئەو؛ پێمان دەڵێ ئەوکاتە هێزی بیر دەدۆزینەوە، کە لە تاریکیدا دەست لە ڕۆشنایی بدەین، بۆ ئەوەی بەر ڕۆشنایی بکەوین. شیعر ئەوەیە، لە تاریکیدا بیر لە ڕۆشنایی بکاتەوە، نەک تاریکی بجووێتەوە. ئەو؛ لە تاریکی دەدوێ، بەڵام ڕێی ڕۆشنایی بەر باس دەدات.



هەواڵنامەی کتێب

کارەکتەرە سیاسیی و حیزبە خێڵەکیانە و ئەو سیستەمە سیاسییەی کە دروستکراوی حیزبە خێڵەکییە شاگردەکانی عوسمانی نوێ و ئاخوندەکانن، هیچ لە زانین ناگۆڕێ، چۆن هەلومەرجێکی وەستاو و بێ بیر و جووڵە هەیە. وەک دەبێژێت:

«زانین خۆی ئەبێت بگاتە خاڵێک، بێدەنگی هەڵبژێرێت
بەڵێ،
زانین کە تووڵ ئەکێشێت، کۆتاییەکەی بێدەنگییە.»

لە کۆتایی ئەم شیعرەدا، چنینەوەی قۆناغەکانی مێژوو بەیەکەوە و وەک بکەرێک لەنێو مێژووی ڕووداوەکان لە خۆدیتی شاعیربوونی خۆشی خۆشنابێت. پێش ئەوەی هێرش و ڕەخنە لەوی دی بگرێت و ئەوی دی بە ئاگا بێنێتەوە، خۆی بە ئاگاییەوە لە شۆڕش و ڕاپەڕین دەدات، کە نەتواندراوە بیر و زمان تێیدا بگۆڕدرێت، بەڵکوو شۆڕشەکانی کورد و دەستکەوتەکانی وەک زەڕەزەڕێک وێنا دەکات کە جگە لە تێشکاوی کوردبوون دەستکەوتێکی تری نەبووە. کوردایەتی وەک زەڕەزەڕێک لە ڕێی ڕاپەڕینەوە دەفرۆشرێتەوە و دەهێندرێتەوە ناو مێژوو، کە خودی ڕاپەڕین هیچ ڕووداوێکی لەناو مێژووی کورددا دروست نەکردووە، بەڵکوو لەناو مێژوودا زەڕەزەڕی بەرهەم هێناوە، لە ڕێی کارەکتەرە سیاسییەکانیەوە. ئەوەتا لە کۆتاییەکەیدا نایەوێت سیاسییەکان لە دڵشکاوی تێبگەن، دەیەوێت لە ڕێی ناوەوە، بۆ مانایەکی تری ژیان بگرێت، بیر کردنەوە لە ژیان بە جورێکی تر بێت. بژین وەک ئەوەی خۆمان دەمانەوێت.

«لە زەڕەزەڕی شۆڕش و لە وەڕەوەڕی ڕاپەڕین
خۆش نابم وەک خودێک.
دڵی شکاوی خۆم ئەبەمم بۆ پیاسە،
با پۆڵەتیک نەزانێت من «دڵ»م باش ناگوزەرێت.»

شیعری «با ئەو ژیانە بژیت، ناوەوەت بانگی ئەکات» مارسی٢٠١٨، ڕامیار مەحموود.

سەرچاوە:

مەحموود؛ ڕامیار: لەشی ئێمە کاتژمێری زەمەنە، چاپخانەی کارۆ، چ١، سلێمانی، ٢٠٢٠. مارچی ٢٠١٨.ل ٥–٨.



# دەروازەکانی شوێن

## لە هۆنراوەی

## (درزەکانی ئاو درزەکانی ئاوێنە)ی

## ئەحمەدی مەلا



عەلی شێخ عومەر

کۆ شیعرییەکانی (ئەحمەدی مەلا) زۆربەی گرێدراوە بە هزرو بیرۆکەیەک، ڕەنگ و جێکەوتی شوێن و بابەتێک هەڵدەگرێ، لە دەروونـەوە سەردەکەن، ئاوازو ریتمێک بە وەرگـر دەبەخشن، ئەزموونێکی شیعری زیندوو پەخشدەکەن، خەنییە لە بیرەوەری، لە خەم و لە خورپە، لە دیدەو بۆچوونی جیاواز، ئەمەش بەدەر نییە لە چەمکی زەقکردنەوەی هاودژەکان، ئاوێتە بوونی شاعیر لەتەک شوێندا لە ئێستاو لە ڕابـردوودا، دەرچەیەکی فراوانتر بۆ سۆزو ئاوەز دەرەخسێنێ، ، بۆشاییەکانی ئایندە بە تەنگژەی هاوچەرخ و یادەوەری نیشتیمان پڕدەکاتەوە، گەڕان بە دوای مۆڵگە و حەسانەوە لە شوێن دا، ئەژینداى درێژبوونەوەی فاکتەری ئەو لەمپەڕانەیە کە نە دەروو (مدخل)ن و نە دەرچەشن، تەنیا لە هەوێنی جێگیربووندا ڕووی درزێکن، نە ئەوەیە بەیەکەوە بلکێن، نە جووداش دەبنەوە، نە ڕابردوو نە ئایندەی لێوە دیارە، هۆنراوەی (درزەکانی ئاو- درزەکانی ئاوێنە)ی (ئەحمەدی مەلا)١ پێکهاتووە لە نەودونۆ کۆپلە، خۆی لە سیی لاپـەردا دەبینێتەوە، لە ڕووی بابەتەوە تەواوکاری تەواوی بۆ کـراوە، لق وپۆپێکی زۆری لێدەبێتەوە، گوێ قوڵاغی زۆربەی ئەو دەنگانەیە، کە بەرکەوتن لە تەک جۆرەها بیرۆکە دەکـات، خـوازراوە بە زەمینەیەکی پێشاندراو، شاعیر وەک ڕێبازێکی فیکری هەستی پێدەکات، لە ڕێگای چەند گرتەیەکەوە ڕۆدەچێتە نێو پێدراوەکانی واقیع، لە ئاست شوێن و شتەکاندا، ئەزموونی شیعری سنووری مامڵەکردن بە کراوەیی دەهێڵێتەوە، لەم چوارچێوەیەدا، ڕوونکردنەوەی هەوڵەکانی شاعیر بۆ گەڕان و ڕەنگکردنی شێوازەکانی دراما، ئەمەش لە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و تازەگەرایی و هەڵبژاردنی شوێنەکاندا بە ئاشکرا ڕەنگی داوەتـەوە، شاعیر باڵادەستە لە دروستکردنی پەیوەندی لە نیوان خۆی و کۆمەڵگادا، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە شوێن، نە لە شوێنکات، نە لە جووڵە، نە لە زیندگی جیاناکرێتەوە، زیندگیش لە چەمکی خەیاڵ دانابڕێت، بیرجسون واتەنی کە دەڵێت (خەیاڵ هێزێکی سەرەکی سروشتی مرۆییە، هەڵبەت هیچی ناخەینە سەر گەر بڵێین خەیاڵ داهێنەری وێنەیە، بەڵام ئەمەش بە بـەراووردی وێنە و یادوەری کۆتایی دێت)٢، ناسنامەی شوێن، بەو وێنانە تەژیدەبن، کە تێدا زیندگی دەکەین، هەوێنی ژیانێکی ناوەکیمان پێدەبەخشێت، دەبنە فاکتەرێک بۆ کردارو بزواندنی خەیاڵ، هیچ شتێکش بەقەد وێنەی شیعری ناتوانێ خەیاڵ بزوێن بێت، هەر گرتەیەک یان وێنەیەکی شیعری، جێکەوتی زیندە خەونێکە، خەیاڵێکە بارگاوییە بە شوێنێکەوە، یان بە شتێکەوە، ئەنجامدانی ئەم کردەیەش یان بە کرانەوە یان بەشاردنەوە دەخرێتە ڕوو، لەم ڕوانگەیەوەش هەوڵدەدەین، بە دواچوونێک لەسەر ڕەهەندەکانی ئاستی شوێن بۆ هۆنراوەی (درزەکانی ئاو- درزەکانی ئاوێنە)ی ئەحمەدی مەلا بکەین

گەمەیەک بوو لە درزی ئاوێنەوە
شەوی دەکردە دەسەسرێک
گوڵێک بوو تا تەمەنی خۆی دەنووسییەوە
شڵەژانێک بوو
چڵەژانێک بوو لە نێو دەستی من
لە نێو جۆبارى جەستەی من
ئەم مەرجانە لەشی ناوە
ئەمە مەرجی تەواوی ژانە

کۆپلەی ١ ل٣٢٤

گەمەیەک بوو لە درزی ئاوەوە
خەونی دەکردە بەربەیان
شکۆفە بوو تواناى نەبوو عومری خۆی بخوێنێتەوە
دڵەژانێک بوو
فرینی خۆی پێشکەشی هەوا دەکرد
هەواش لە نێو مەمکۆڵەکانم خەوی لێ کەوتبوو

کۆپلەی٢ ل٣٢٤

وا دیارە ڕاساندنی شاعیر دەروشاندنەوەی لێکەوتەکانی، کەمەندکێشن تا بە ئاگاییەوە بچینە نێو زەمینەیەکی دژوازەوە، دەبینین لە نێو ئەزموونی خودسەرانەو ڕۆشنبیری خۆیەوە، لەنێوان ژیان و وێنەی شیعریدا، چۆن بە ئاگاییەوە وێنەکان دەنەخشێنێ، پێگەیەک بۆ جومگەکانی شوێن دەسازێنێ، جا ئەم وێنانە شوێن بن یان شوێنکات بن، ئاماژەیەکی هۆشمەندە، ڕەوانەڕۆیە بەرو گەردگیربوونێک کە هەستگەرایی تێیدا پێشەنگە، بۆ ئەمەش، دەتوانین وەک نموونە داگەڕان بۆ چەند سامپڵێک بکەین، کە بوونەتە زەمینەیەک، تەمەڵی هۆنراوەکەی لەسەر بونیادنراوە، لەم دوو بڕگەیەدا دەبینین، وێنەی شیعری قورسی خستووەتە سەر ناوەڕۆکی ئەم شوێنانە(گەمە- درز- ئاوێنە- شەو- دەسەسر- گوڵ - شڵەژان - چڵەژان - دەست - جۆبار- جەستە- لەش - ژان - ئاو- خەون - بەربەیان - شکۆفە- فرین - هەوا - مەمکۆڵە)، (گەمە) هەڵگری هەرچ ناوێک بێت داڵەیە بۆ (درز)ێک، مەدلوولی دوو ئاست لە خۆ دەگرێت، ئاستێک دیاردەیەکی دیارو ئاشکرا لە خۆ دەگرێت ئاستێکی تر، ناوەڕۆکێکی نهێنی وشاراوە هەڵدەگرێت، لە نێوان دوانەی دیارو شاراوەدا فەترەیەکی شوێنکات هەیە، کردەی بەراووردێک دروستدەکات، بە دیوێکدا خود وەک (ئاوێنە)یەک، یەک پارچە وجێگیر، تاک ڕووی دەردەکەوێت، لەم دۆخەدا، لە کاتی ئاساییدا داواکارییەکانی ناوەوەی خود بە دیاردەکانی دەرەوەی خۆیدا هاوسەنگدەکات، بە دیوەکی تردا پارادۆکسێ ئەنجامدەدات بەوەی ڕابردوو گەمەیەک بوو لە ئێستاشدا درزێکە جوگرافیای ڕوویەکی نهێنی و سنووره شاراوەکان ئاشکرادەکات، جڵەوی پێلێنان شل دەکات، بەکارهێنانی (ئاوێنە) وەک خوازەیەک پەردە هەلماڵینێکە لە خستنە ڕووی شوێنە داخراوەکان، ڕۆچوونە بۆ دنیای خود، لە مانای شیعریدا ڕاییکردنێکی مانا بەخشە بە پەڕینەوە لە

هەواڵنامەی کتێب

دەرچەو بۆ دەروو، بە پێچەوانەشەوە دروستە، هەڵبەت هەمیشە بۆشاییەک درزێک دەمێنێ لە نێوان خودی شاعیر و ئەزموونی دەقی شیعریدا، لە نێوان ئەحمەدی مەلای مرۆڤ و ئەحمەدی مەلای شاعیردا، لێرەوەش دەقی شیعری بە درێژایی ئەزموونەکە بەیداخی ڕەنگەکانی تەنگژە و گومان، شڵەژان، لە چەند وێنەیەکی هاو دژدا دەخاتە ڕوو

١ـ گەمە بەرانبەر بە ڕاستینە: لە سەرەتادا بەکارهێنانیی زاراوەی (گەمە)، پەردەپۆشێکە بۆ دەرخستنی ڕاستیینەیەکی شاراوە، دوانەی گەمە و ڕاستینە ئەو دیاردەیەیە کە ئەحمەدی مەلا لە دوو قۆناغی ژیانی شیعریدا پۆلیندەکات، هەڵبەت لە هەر قۆناغێکدا کردارەکانی شوێن، جێکەوت و ڕەنگدانەوەی خۆی دەبێت، لە هەردوو قۆناغیشدا (درز) خاڵی هاوبەشە لە وێنەکێشانی تراژیدیایەک کە بونیادی شیعری لە سەر هەڵچنراوە

٢ـ ئاوێنە/ ئاو: گەر ئاوێنە ڕەنگدانەوەی وێنەیەک بێت، کتومت خۆیی تێدا ببینێ، جێگیر بێت بە نەرسیسی خود، ڕوویەک بێت بۆ هەناوگەری کایە و هەستی خوازراو، لە ئاست خود دا گرتەیەکە بۆ کاملبوون، بالابوون و بەرزبوونەوە، لە بەرامبەردا (ئاو) نا جێگیرە، سروشتە وەستانی بۆ نییە، ڕووییەکە لە دەرەوەی خود، گرتەی بابەتێکە کاملبوون نازانێ، هەمیشە ژیان ئاسا، دۆخ و پێگەکانی دەگۆڕێت

٣ـ شەو / ڕۆژ: (شەو) واتا شاردنەوە، لوغزێکە بۆ ژیانی نهێنی، یان کاتی حەوانەوە و خەو، گەر جەستە (ڕۆژ) بێت، ئەوا خود شەوە، گەر ئاوێنە جێکەوتی ڕۆژ بێت وێنەکانی دەرەو پەخشکاتە سەر ڕووی خود، ئەوا شەو لە دوای ڕەتووشکردنی وێنەکان، مۆنتاژ کردنی گرتەکان، دەتوانێ وێنە دەسکەوتووەکان بگێڕێتەوە، یان خەون بەو وێنانەوەش ببینێ کە دەستینەکەوتووە، خولی شەو قۆناغی بونیادی پێکهاتنی ئاوەز لە خۆدەگرێت، بە پێچەوانەی بەربەیانە کە دەرچەیەکە بۆ ڕۆژ بۆ بەربلاوی ڕەنگەکانی هەست، هەڵبەت کۆتایی هەست سەرەتای ئاوەزە، دەرخستنی ئاوەز شاردنەوەی هەستە.

٤ـ گوڵ/ شکۆفە: (گوڵ) وێنەیەکی شوێنیە، دالەیکە مەدلوولی قۆناغی تەواوکاری و پێگەیشتنە، چەسپاندنی ڕەنگ و درککردنە بە هەستەکانی بەرزبوونەوە و خۆبینین، پێچەوانەی (شکۆفەیە) کە هێشتا شوێن و پێگەی خۆی نەگرتووە، هەست بە نەویبوون دەکات، ماویەتی بتوانێ بە شێوەیەکی دروست گوزارشت لە خودی خۆی بکات، لە سروشتی پێکهاتندا، هەرزەکارە، لە قۆناغدا نە خونچەیە نە گوڵە، لەو نێوەندەدا پێدەکوتێ.

لە دەستپێکەوە، کردەی شیعر نووسین درک کردن بە شوێن، ڕەهەندێکی خودیە گوزارشت لە ڕستێک دەکات، بارگاوییە بەمانا، ڕابردوو ئاوێتە دەکات بە ئێستاوە، خود بە بابەتەوە تایبەت بە گشتەوە، وێنەی شوێنکات دەبەستێ بە شوێنەوە، یاسین نووسیر گووتەنی (شیعر کۆسۆزیکی

بگۆرو تازەکارنییە هەڵپساردەی کۆ هەستێکی خاو نییە، بەڵکو ڕێگایە گرێدانی ڕەهەندەکانی مادە ئاشکرادەکات) ٣، دەکرێ لە زمانی شیعرییەوە، هەندێ لەو ڕەهەندانە ئاشکرابکەین کە کەسایەتی ئەحمەدی مەلا دەبەستێ بە پێلێنانێ بە درزتێکەوتنی خودێکەوە، ڕەچەتەی وێنە شیعرییەکانی شوێن و شوێنکاتی بۆ دەبڕێت، لە دەستپێکی گرتەی یەکەمەوە، دەبینین ئەزموونی شیعریی، وەک گوڵێک پێگەییوە کاملێ بە خۆوە دەبینێ، خود باڵادەستە دەتوانێ لە ڕێگای وێنەی شیعرییەوە، پۆلین و جیاوازی دروستبکات، لە کەلەبەرو درزەکانەوە کە خوازەیە بۆ شوێنێک، دالی لەمپەڕو مەدلولیی بەرگری هەڵدەگرێت، ئەمە بێجگە لەوەی ڕەهەندێکی جیاکاریشی لێدەکەوێتەوە، تواناکانی شاعیری لێوە دەردەکەوێت، لە دوو ئاستدا دەتوانێ (شەو) وەک کردارەکانی شوێنکات بکاتە ئاماژە، یەکەم بۆ هەڵسانەوەی ئاوەزو بەهرەی شیعری تێدا بەرز ڕاگرێ، بە جۆرێک بتوانێ بە ڕاشکاوی پێگەیشتنی ئەزموونی شیعری خۆی بنووسێتەوە، ئەزموونی تەمەنی بۆ بکاتە پێوەرێک بۆ کامڵبوون و پەخشکردنی بۆن و بەرامی شیعری، ئەم پێگەیشتن و کامڵبوونە بە گوڵێک دەچوێنێ، ناسنامەی شاعیرێتی ڕاستەقینە بە شڵەژان و چڵەژان بەدەستدەهێنێ، (شڵەژان) (جڵەژان) خودە، هەژماری بابەتە، لێکترازانی ئەم دوانە، مەرجی تەواوی ژانە، (جوێبار) ڕێرەوی ئاوە، سروشتە، (لەشی) ناو ئاوێنەی خودە، ئەمانە مەرجی سەرەکی جەستەی شیعرین، مەرجی تەواوی ژانی لەدایک بوونی (ئەحمەدی مەلای شاعیر)ن، لە ئاستی دووەمدا دەتوانێ (شەو) وەک کردارەکانی شوێنکات بکاتە (دەسەسرێک) بە خەمی دووری خەم و خۆشی خەونی هەرزەکاری دەسڕێتەوە، بە تاریکی غوربەت، ڕووناکی تێدەپەڕێنێت، بە شەو بەرەبەیان دەسڕێتەوە و خۆی دەدۆزێتەوە، ئەمەش پێچەوانەی وێنە باوەکانی شوێنکاتە، خەڵکی ئاسایی لە ڕۆژی ڕووناکدا خۆی دەدۆزێتەوە، بەم پێیەش بێت، ڕەتکردنەوەی ڕێساکانی گەمەکە، درزەکە بەتاڵ دەکات، هیچ گەمەیەک نامێنێ، ئێمە لە تاریکیدا، لە درزەکانی ئاوێنەی خودوە کردەی دۆزینەوەمان هەیە، ئاودیو دەبێ بۆ کردەی نووسینەوەی شەوی غوربەت و ئەزموونی نامۆبوونی شاعیر، وەک شوێنکات لە قوناغی (بەربەیان)دا یەکسانە بە شوێن وەک (شکۆفە)، ئەمەش ئاماژەیە بە قۆناغی هەرزەکاری و پێنەگەیشتن، وەک ڕەنگدانەوەی شوێن ڕوون نەبوونەوی دنیای شیعری (ئەحمەدی مەلا)یە، جێکەوتی (شکۆفە) پتر پەیوەندی بە هەست و دڵەوە هەیە، نەک بە بیرۆکەی قۆناغی هەرزەکاری و نووسینی کۆژان و ڕەنگدانەوەی سۆزێکی بگۆر کە جێگیر نین وەک گۆڕانی (شکۆفە)یە بۆ (گوڵ)، بۆیە لەم قۆناغە هەستیارەدا، ناتوانێ عومری خۆی بخوێنێتەوە، ئەو هێشتا شکۆفەیە نەبووەتە گوڵ، تا بتوانێ ئەزموونی خۆی بنووسێتەوە، دەرهاویشتەی ئەم

پەی نەبردنە، ئەم تێنەگەیشتنە، لە داوەکارییەکانی خود (دڵژان) بەرهەمدەهێنێت، کە زیاتر لە سروشتەوە نزیکە نەک لە ئاوەزەوە، بەم پێیەش ناجێگیریەک بارگاوییە بە وەهمێک، بۆشاییەکی ڕەخساندوە بۆ بەرز بوونەوەیەکی درۆیـنـە، بۆ فڕینێک کە خـۆی پێشکەش بە ناجێگری هەوایەک، بۆشاییەک دەکات، تەنیا لای خۆی دەبینرێت، بووەتە خەونێک، نەبووتە کردار لە سنووری سینەی خۆی تێپەرناکات.

بونیادی کردارەکانی شوێنکات لەسەر ڕەهەندەکانی کارتێکردن، فاکتەرەکانی بەرزبوونەوەو کردارەکانی ڕابردووی بەردەوام لەخۆ دەگرێت وەک (دەنووسیەوە)، (دەکـرد) لە ڕستەی پێشکەشی (هـەوای) دەکـرد، کردارەکانی ڕۆچوون و نزمبوون کاری ڕانەبردووی دەمی ئێستا وەک (بخوێنێتەوە) یان کاری ڕابردووی دوور وەک (خەوی لێکەوتبوو)، دەبینین کردارەکانی نزمبوونەوە بوون، لە ئێستاو ڕابردوودا کۆکراونەتەوە، بەستراون بە خەیاڵەوە، دیقەتدە، ڕیزکردنی شوێنەکان ڕیزکردنی شوێنکاتەکان بە دوای خۆیدا دەهێنێ، ئەم وێنانەش پێگەی دوو قۆناغ ڕووندەکەنەوە، فەترەیەکی زەمەنی هەیە لە نێوان (شەو)و (ڕۆژ)دا یان بەربەیاندا، لە نێوان ئێستاو ڕابردوودا، لە نێوان (شکۆفە)و (گوڵ) دا هەمان ئەو ماوەیەیە، شاعیر لە نێوان قۆناغی هـەرزەکـاری پێداتێدەپەرێت، کە ئەویش ڕەنگدانەوەی شوێنی یەکەمی شاعیرە، دیارە مەبەستمان هەرێمی کوردستانە، هێشتا لە چەمکی شوێندا (شکۆفە)



یە، نە بووتە دەوڵت، تا وەک (گوڵ) بۆن و بەرامی کامڵ بێت، لە چەمکی شوێنکاتدا، سەرەتایە، بەربەیانە، لە سروشتدا (ئاو)ە ناجێگیرە وەک (هەوا)و (خەو)ن، قۆناغی گواستنەوەی (درزە) لە سروشتەوە بۆ خود، لە (ئاو) ەوە بۆ (ئاوێنە) لە گەشتی ئەوروپاوە دەستپێدەکات، ئەزموونی شیعری خاڵی هاوبەشە، درزێکە، دوو وێنە دوو دنیا لە ئاوێنەی خودی شاعیردا دەنەخشێنێ، درزەکە درزی خودو بابەتە، ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتە، سۆزو عەقڵە، ڕابردوو و ئێستایە، نوسین و خوێندنەوەیە، پەڕینەوەیە لە درزەوە باسکردنی ڕابردووە لە ئێستادا، سڕینەوەی ئەو یەکبوونەیە کە شڵەژانی لێدەکەوێتەوە، (ئەحمەد)ی مرۆڤ لە (ئەحمەدی مەلا)ی شاعیر جیادەکاتەوە، پێش (ئەحمەدی مەلا) گۆڕانی شاعیر لە شیعری (لە درزی پەچەوە)٤ زۆر بە سەلیقەیەکی شیعرییەوە توانیویەتی دووری ئەو جیاوازییە بسڕێتەوە لە درزێکەوە بەیەک گەیشتنی دوو وێنەی شیعری بەیەکبگەیەنێ

**سبەینێ بریارە بچمە ژوانی بێدەنگی**
**بچمە ژوانی گاشە بەردێک**
**بە بێدەنگی باسی عەشقی گیاکەم**
**باسی عەشقی باکەم بێدەنگ**

کۆپلەی ٢٣ ل ٣٣٠

**هەمیشە لە تەنیشت ژنێک**
**زاکیرەی ژنێ دەبووژێتەوە**

**هەمیشە لە تەنیشت ئاوێک**
**زاکیرەی خۆڵ دەبووژێتەوە**

کۆپلەی ٢٤ ل ٣٣١

ئەنجامدانی کردەی هەژمارکردن، ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ لە پێکهاتەی ستاتیکای شوێن و بەستنی پەیوەندی لەتەک خەیاڵی شیعریدا، باری دەروونی شاعیر، ڕۆڵی زمان، شێواز ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە لە جۆری دارِشتنی وێنەی شیعریدا، شاعیر بە ڕاشکاوانە دەتوانێ ڕۆڵی یادەوەری خۆی و ڕۆژەکانی ئێستای تێدا نمایشبکات، ئاستەکانی بەراوورد دروستبکات، بەشداریکردنی وەرگر لە جومگە مادییەکانی دەقی نووسەردا، سیستەمی پۆلین و هەژمارکردنی وشەکان، دووبارە بوونەوی وشەکانی، هەوڵدانێکە بۆ دەرخستنی هاوسەنگی باری دەروونی شاعیرو شاردنەوەی جووت مانایی و پینەکردنی کاردانەوەکانی، ناتوانین چاوپۆشی بکەین لە چۆنییەتی دارِشتن، دووبارە بوونەوەی ئەم وشانە بە یەکسانی (بچمە - ژوان - باس - عەشق) (هەمیشە - تەنیشت - ژن - زاکیرە - دەبوژێتەوە) هەر یەک لەم وشانە، دووجار لە دووباردا، بەکارهێنراون، چەمکی تێگەیشتن لەم وشانە، لە ئاوێنەی بینراوی دەقدا، بە پێی شوێن دەگۆڕێن، هەمان مەبەست بە دەستەوە نادەن، هەمان وێنەی شیعری ساغناکەنەوە، هەمیشە درزێک ماوەتەوە، باجی لێکترازانی وێنەکان دەدات، ئەمە لە کاتێکدایە، ئەو وشانەی کە ڕەگەزەکانی

سروشت پێکدەهێنن، یەکجار بەکارهاتوون بریتین لە (گیا ـ با)، (ئـاو ـ خـۆڵ) تاقە وشەیەک کە وەک سێ کووچکەیەک، بیرۆکەو تەوری هۆنراوەکەی ڕاگرتووە، سێجار بەکارهاتووە، وشەی (بێدەنگییە) بێدەنگی جۆرێکە لە ماتەووزە، بەرکەوتن و جووڵەیەکی دەرەکیان دەوێت تا بێنە دەنگ، درزبردن کردەی بێدەنگیی و شاردنەوەیە، شکان نییە تا دەنگی لێوە بێت، دابەشکردنی وشەکان، ڕێکخستنیان، وێنەیەکی بەرجەستەکراومان بۆ دەگێڕێتەوە، کامیرا ئاسا گرتەیەکی تراژیدیمان دەخاتە بەرچاو، هەر لە تەنگژەی بوونەوە، بیگرە تا دەگاتە جۆرەکانی چەوساندنەوە، هەڵبەت ئەمەش باری ناجێگیری دەروونی لێدەکەوێتەوە، نهێنی قۆناغی نوقوم بووی خود ئاشکرا دەکات، خەون بە ئایندەوە دەبینێ، کرداری شوێنکاتی (سبەینێ) ئایندەیە، هێشتا نەهاتووە، شێوازی ئەم نووسینە، لە ئێستای نووسینی دەقدا، لەگەڵ ڕێکخستن و نووسینی هۆنراوەکەدا، لە چرکەساتێکی هەستکردندا، هاوشانە و یەکدێتەوە، کارتێکردن و باکڕاوندی کردارەکانی دوێنیی ڕابردوو هەڵدەگرێت، لە ئێستادا دوێنی و ئایندە، بەیەکەوە دەلکێنێ، پوشاکی نوێ دەخاتە بەر شوێن، ئەم لەبەرکردنە ڕاستەقینە نییە، بەڵکو لەبەرکردن و ئاڵوگۆڕێکە لە نێوان ڕاستەقینەو خەیاڵدا ڕوودەدات، کـەواتـە شوێنکاتی (سبەینێ) کـردەی گواستنەوەیە، پێدراوەکانی قۆناغی دوێنێی ڕابـردوو دەگەڕێنێتەوە

بـۆ ئایندەی چـاوەڕوانـکـراو، بۆ بەدەستخستنەوەی ڕەهەندەکانی خۆگرتنەوە و خۆپاراستن لە چەمکی کەوتن و خۆلادان لە خەم و ئازار، وەک فاکتەرێک پەنا دەبات بۆ یەکێک لەو کردارە خۆویستانە کە دیزاین و هێز لەخۆ دەگرێت، وەک وشەی (بڕیار) وشەی بڕیار وەک شوێنکاتی بڕگەی شیعرییەکە وادەکات، کردارەکانی ڕانەبردوو وەک کرداری (بچمە) باڵادەستی هەر داخوازییەک بێت، بۆ خەون و خەیاڵ، نەچێتە قۆناغی جێبەجکردنەوە، لە شوێنێکدا، لە بری ئەوەی، شوێنی خوازراوی (ژوان) درزی بێدەنگی بشکێنی و ئاشناو تەبابن لە یەکتێگەیشتن ئەنجامبدەن، کەچی پاشینەی ماناکانی دابەزین و بێدەنگی بەرهەمدێنن، لە دێری دووەمدا، لە ئاست بەرزکردنەوەی بەرامبەردا چ وەک قەبارە، یان خەسڵەت بە شووناسی (گاشەبەرد) پاساو بۆ بێدەنگی یەکەم دەهێنێتەوە، ژوانی یەکەم بەرکەوتنە، لەتەک ناوەخندا، لە تەک نەوتراوادایە، ژوانی دووەم بچووککردنەوەی نەوتراوی ناوەخنە، بێدەنگی لاوەکییە، گەورەکردنی بێدەنگی بنەڕەتی بەرانبەرە (گاشە بەرد)ە، نە دەجوڵی و نە وورتەی لێوە دێ، شوێنکاتی سەرجەم بڕگەکان وێنەیەکی بانۆرامیە بە خەم، گوزارشت لە تراژیدیای پەیوەندییەکانی دوێنێ دەکـات، باکڕاوندی خەیاڵێک، ئایندەی تیا دەکاتە شکست ونبوون، دنیای تێکشکان، شکست دەرئەنجامی هەستێکی ڕۆمانتیکیە، پەیوەندی بە گۆڕانکاریەکانی ژیانی سادەی ڕابـردووەوە، بە کردەی




گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەکانەوە هەیە، ڕیچکەکانی ژیانی گۆڕاوە لە نێوان دوو جیهاندا، ئەویش جیهانی تاراوگە و نیشتیمانە، بە بەراوورد لە نێوان وشەی(گیا) و (با) دا پەیوەندییەکی دیالێکتی دەدۆزێتەوە، دەکرێ هەندێک لە ڕەهەندەکانی ئەم پەیوەندییە ئاشکرابکەین، قۆناغی یەکەم، خەمەکانی گەڕانەوە، نۆستالیژیایە، هەستکردن بە خورپەی یەکەم، شوێنەکانی دەنگ و ڕەنگ لەقدەکەن، بێدەنگی پارادۆکسێ لە تەک باسکردن و دەرخستنی سیحری ئەو پەیوەندییە فەراهەمدەکات، کە ئەمی شاعیر دەبەستێ بە نیشتیمانەوە، شاعیر لە سۆنگەی ئەوەی لە سەرەتای تەمنی لاویدا، ڕووی لە هەندران کردووە، نەیتوانیوە گوزارشت لەو عەشقە بکات کە دیبەستێ بەخاکەوە، نەیتوانیوە بێدەنگی بکاتە دەنگ، نەیتوانیوە ڕەگ لە خاک جیاکاتەوە، ئەوەی دیارە دیاردەیەکی شکست و دابەزینە، داکوتینە لە دۆخێکدا، بێدەنگییە، خۆشەویستییەکی تاک لایەنەی خۆڕسکە، دەرچەکانی ئەم خۆشەویستیە بە ڕەگ و قوڵایی نیشتیمانەوە جێگیرە، بە (گیا) دەیچوێنێ، لە بەرامبەردا، ڕاهاتن و خۆشەویستی عەشقی تازەی ناجیگیری تاراوگە ڕووکارە، هەستکردن بە هەستی بەرزبوونەوە بە (با) دەشوبهێنی، سەرنج بدە لە دوا دێڕی کۆپلە شیعرییەکەی (٢٣) دا دەڵێت (باسی عەشقی باکەم بێدەنگ) ڕستەکە تەواو دەبێت، وەستانێکی شاراوە هەیە، تیامانێک و گێژنەیەک بەدی دەکەین، دێتەوە سەر

تەوەری سەرەکی ژان و ژۆکەی، ڕوودەکاتە سەر ئەو درزەی ناخی کردووە بە دوو لەتەوە، هەم وەک ناخ، هەم وەک دەق، دابەشی کردوە، بە وشەی (بێدەنگ) کۆتایی پێدێنێ و کلۆمی دەکات، (با) تیژکردنی ئەو عەشقەیە، یادەوەری و نیشتیمانی تێدا دەگەشێتەوە، نۆستالیژیای تێدا زیندوو دەبێتەوە، نەدەتوانێ تێدا دەرچێت، نە دەتوانێ زیندگی تێدا بکات، هیچیان نایەنە دەنگ، تا ئەمی شاعیر بە دەنگیانەوە بچێ، تەنها دیاردەیەکی خنکێنەری بێدەنگین، وشە (با)و (گیا) دوو دیوی ئەو درزەن، شاعیر تێدا کۆبووەتەوە، خودی چەپێنراوی ئەحمەدی مەلای شاعیرن.

بۆ گەیشتن بە کێشانی وێنەی شیعری، لە ڕێگای پێکهاتەکانی چەمکی ئیستاتیکاوە، (ئەحمەدی مەلا) لایەنە جۆربەجۆرەکانی دەلالە بەکاردەهێنێ، لە قوڵایی هەستەوە، لە گرتەیەکدا زاراوەکانی شوێن و چۆنییەتی وێنەگرتنیان نمایش دەکات، زاراوەی (تەنیشت) لە هەردوو جارەکەدا، ئاماژە بە شوێنێک دەکات، بارگاوییە بە ڕەهەندێک کە ئاوێتەبوون تێکەڵبوون ڕەتدەکاتەوە، جۆرێک لە دوورەپەرێزی پێوە دیارە، زیزی و نامۆبوونە، بە مانا فراوانیەکەی تەنیاییە، شکاندنی ڕێساکانی هەماهەنگی و لە یەک تێگەیشتنە، نزمبوونەوە و کزبوونی ئەو پەیوەندیانەیە کە مرۆڤ بە چوارچێوەوە دەبەستێ، لە سۆنگەی ئەوەی پێشوەختە درزو لێکترازنمان هەیە، بۆیە دژوار نییە، لەسەر دوو ئاست داگەڕانی بۆ بکەین، لە ئاستی یەکەمدا دالی (ژنێک) وەک چوارچێوەیەکە دیاریکراوە، مەدلولە بۆ کۆکردنەوەی شوێنەکان، پۆلینکردنی پێگەکان، لە ئیستای نووسینی دەقدا شاعیر لە سەر دوو ڕوودا زیندگی تێدا دەکات، ڕوویەکی ئامادەیە، لە ژێر فشارەکانی دەرەوەدا هەندران، نامۆ بوون لەسەر ڕووی هەستەکانی شاعیردەسەپێنێ، کاریگەری ئاسەواری جێکەوتی لە سەر ڕووکار و لەسەر قوڵاییەکانی ناوەخندا بەجێدەهێڵێت، ئاسەوەرێکە ململانی فەراهەم ناکات، چونکە شوێن و پێگەی ئەمی شاعیر، بە دانپێنانی خۆی تێکەڵ نەبووە، لە تەنیشت دەمکرانەوەی دژەوابوونەکاندایە، لە ڕوویەکی دیکەوە دەرگایەکی ئارام بۆ دەروون والادەکات، هاوسەنگییەک ڕادەگرێت، نایەوێت کۆتایی بە لایەکیان بێنێ، نە دەتوانێ لە ڕابردوودا بژیت، نە ڕازیشە بچێتە نێو ئێستای ڕانەبردووەوە، هەڵبەت ئەم دوو ڕووە بە قوڵایی و ڕووکارەوە گرێدراون، گرێدانێکی هەستەکی کە بە شوێنکاتەوە شتەکدراون، شاعیر کۆیی دژەوابووەکان لە وێنەیەکی شیعری هاوسەنگدا ڕاگرتووە، لە ئاستی دووەمدا دالی (ژنێک) لە شوێنی خۆی، لە دەرەوەی خود دا نامێنێ، ڕووکارییەکە دەبێتە هاندەرێک بۆ بەدەرخستنی قووڵاییەکانی ناوەوەی خود، واقعی هەندەرانی بەردەست، ڕابردووەکانی دوورەدەست نزیکدەخاتەوە، شوێنە تەنگەکانی واقیعی (ناهۆگر)

ی هەندەران دەبنە دەرچەیەک بۆ بەرفراوانی شوێن، کرانەوەی شوێنکات و توانەوە لە نێو ئەو پەیوەندیە نهێنییەی کە خودی (ئەحمەدی مەلا) بە شوێنی سەرەتای و بنەرەتیوە، بە شوێنی (هۆگر) بە شوێنی یادگارییەوە دەبەستێ، ئەم پیوەندییە لە سنووری شتەکاندا ناوەستێت، بەڵکو ڕووماڵی سەرجەم ڕووبەرکانی پابەند بوون بە زێدو و شوێنی یەکەم زیندوو دەکاتەوە، لە شوێنێکدا دەیبوژێنێتەوە کە هەڵگری ناسنامەو شووناسی مانەوەیەتی، لە(زاکیرە) دا زاکیرە سەلماندنی بنەمایە، پشتوپەنایە، پەلهاویشتنێکی لەزگینە لە ناوەوە بۆ دەرەوە، گشت کردارەکانی شوێنکاتی بووژاندنەوە، لە ناوەخندا بەرزکردنەوەیەکی دیارە لە ئاست نزمبوونەوەی لە دەرەوەدا، لە هەندراندا دایە کە نامۆبوونێکی دەروونی لێدەکەوێتەوە، لکاندنی هەستەکانی بەرزبوونەوە، بووژاندنەوە لە (زاکیرە)دا سەقامگیری و جێگیربوونێکی ڕەها فەراهەمدەکات، یەکەم لە ئاست نیشتیمانی (هۆگر)دا، لە زاکیرەی ڕەهادا بە وشەی (ژنێ) ئاماژەی بۆ کردووە، دالی وشەی (ژنێ) لە ڕووی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و مەدلوولێ گەورەتر، قەوارەیەکی فراوانتر هەڵدەگرێت، ڕەهەندەکانی دیاری ناکات، بە تاقە مانایەک گەمارۆی نادات وەک لە وشەی (ژنێک)دا دەبینین بە (کافی) پاشگر گەمارۆی دەدات، ناجێگیری دیاریدەکات، تێکەڵی ئەو دنیایە نابێت کە لە هەندراندا، لە تەنیشتیدا دەوستێت وەک گووتمان وشەی (تەنیشت) لەتەک داکەوتەکانی هەندەران، لەبەرچاوە، وێنەیەکی هەستی دیارە، لە دوورەڕا تێکەڵبوون و چاودێریکردن دەگرێتەوە، چوارچێوەیەکی ناسراوە بە وشەی (ژنێک ئاماژەی بۆ کراوە، جێگیری خۆی و ناجێگیری بەرامبەری لێدەکەوێتەوە، دووهەم ناجێگیری بەرامبەر بە ڕەگەزێک لە ڕەگەزە سروشتیەکان دەشوبهێنێ، وشەی (ئاوێک) دەکات هیمایەک بۆ ناجێگیری، بە هەمان شێوە وشەی (کافی) پاشگری (ئاو) لەڕووی ڕێزمانییەوە، خەسڵەتی ئاوێکی دیاریکراو هەڵدەگرێت، ئاوێک تینوویەتی ناشکێنێ، شۆرە نەبەستراوە بە ڕەهەندەکانی ژیان و بووژانەوە، شوێنکاتی برگەکە لە هەردوو بارەکەدا، لە ڕێگای وشەی شوێنکاتی (هەمیشە) بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە، سووربوون و پێداگرییەکی زەقە، بە هیچ کلوجێ سازش لەتەک ژیان و تێکەڵبوون و توانەوەدا ناکات، بۆیە شتێ سروشتییە، لۆژیکە وشەی (تەنیشت) بە دوای خۆیدا بهێنێ، بۆ خستنەسەر هیچ بوارێکی نەهێشتووەتەوە، لەوە زیاتر وەک پەرچەکردارێک، لە داکەوتەکانی شوێنی نائاشناوە بۆ شوێنی لێکدانەوە، کردەی گوێزانەوە ئەنجامدەدات، بۆ شوێنی زاکیرەیەک کە وەک دایک پێی ئاشنایە، لە ئامێزیدا دەبووژێتەوە، گەورە دەبێت، دایک نیشتیمانی یەکەم لە ڕابردووی بەسەرچووەوە، لە ئێستادا دەگۆڕێت بۆ دولبەرێکی کەمندکێش، درزو

بەرکەوتنێک لە نێوان نیشتمانی ڕەسەن و دەرەوەی نیشتیمان (هەندەران)دا ئەنجامدەدات، ئایدەفۆنی ئەم گوێزانەوەیە، شێوازێکی بازنەیی لە خۆ دەگرێت، کەش و هەوای گووتاری شیعری دەکاتە تراژیدیی، شاعیر لە ڕێگای ئەزموونەوە، درێژبوونەوەیەکی مێژوویی پەیرەو دەکات، شاعیر دوور لە نیشتیمان دەژی، بە وەرگرتن و بەکارهێنانی ڕەگەزێکی سروشتی وەک (خۆڵ) بووژانەوەی خۆی دەسەلمێنێ، پێگەو ئاسەواری زێدی ڕەسەن و ڕەگ و مانەوەی زیندوودەکاتەوە، زاکیرەی گرێداوە بە تەنگژەی بوون و توانەوە، لە کۆی هاوکێشە شیعرییەکەدا، جێگیربوون تێیدا دژوار نییە بڵێین، (ژنێک) لە ناجێگیری و نزمبوونەوەدا یەکسانە بە (ئاوێک) لە دیاریکراویدا، هەروەها (ژنێ) لە جێگیری و بەرزبوونەوەدا یەکسانە بە (خۆڵ) لە بووژانەوەی زاکیرەدا، کورد دەڵێت ژن و ماڵ (ئەحمەدی مەلا) بۆ ماڵێک دەگەڕێت تیایدا بسرەوێ، بۆ ئاوێنەیەک دەگرێت درزی تیا نەبێت تاخۆی تێدا ببینێ، چونکە لە نێوان زاکیرەی زێدو تاراوگەدا، وشەی(تەنیشت)، درزێکە لە نێوان (ئەحمەدی مەلا)ی مرۆڤ و (ئەحمەدی مەلای شاعیر)دا، لە نێوان هێزی وشەو و هێزی خەیاڵدا، هایدگەر واتەنی (ماڵی بوون دەدۆزیتەوە)٥

ئاگرم لە حەرفێک بەردا
هەتاو گریا
حەرفێکم ئاشت کردەوە
ئاو زریکانی

کۆپلەی ٧٣ ل ٣٤٥

شەوم شێلا
ڕۆژم هیشک کردەوە
خەونەکانم بوونەتە هۆش و
ساتەکانم هێور بوونەتەوە

کۆپلەی ٧٤ ل ٣٤٦

گرمەم لە ڕستەیەک هەڵساند
وێرگوڵێ کەوتە گۆرانی
خاڵێکم نغرۆ کردە ناو سپێتی
بوو بە ئاواز تا بەیانی

کۆپلەی ٧٥ ل ٣٤٦

لە نووسین دەقی شیعریدا ململانی شاعیر بەدەر نییە لە ئاوێتەکردنی ڕەگەزەکانی سروشت و شوێن، چۆن جووڵەکردنی شوێن بەستراوە بە شوێنکاتەوە، لە یەک دانابڕێن بە هەمان پێوەر، نووسینی دەقی شیعری هەندێ جار گرێدراوە بە کردەی نواندن و بە مونتاژکردنی گرتەکان، چ بەریزبەندی بڕین بێ یان بە لکاندنی وێنەکانەوە بێت، لە دەرهێناندا، فۆرم و سکێچی خۆی وەردەگرێت، لێکچواندنی پێنووس بە کامیراوە، وەک پەیوەندی وشەیە بە وێنەوە، بۆ پشتڕاستکردنەوە، پێناسەی وێنەی شیعری دەڵێت (وێنەی شیعری وینەیەکە پربە بەژن و باڵای

وشەکانە)٦ سەرباری ئەمە، شاعیر لە بەکارخستنی چەمکەکانی شوێندا، لە یەقدانەوەی هاودژەکاندا، مامڵەکردنی لەتەک هەڵچوون و داچوون و هێوربوونەوەو وەستانی لە شوێن و کاتی پێویستدا، وەک ئەکتەرێک لە گرتەکاندا ڕۆڵدەگێڕێ، بەمەش گرتەکانی وێنەی شیعری لە دەقدا، شوێنی گونجاوی خۆی دەگرێت، هەر جووڵەپێکردن و گواستنەوەیەک لە دەقدا، هەستی بزواندنی وەرگر تۆخ دەکاتەوە، ئاسەوارێک جێدەهێڵێت، دیاردەکانی پرسیار و وێنەکانی تێڕامان دەشواتەوە، ئەوی دیارە شاعیر توانی لە ڕێگای ئاوێتەکردنی کەتوارو خەیاڵکراودا، وێنەیەکی هونەری و ئیستاتیکیمان بۆ دەرخات، بەکارخستنی شوێن لە شیعردا، خۆی لەخۆیدا بەکارهێنانێکی سیمبول ئامێز وەردەگرێت، منەی مانایەک دەکەن، شاعیر لە ڕێگای پێکهاتەیەکی هەستی تۆکمەوە پەنا بۆ یەکێک لە نیشانەکانی پشتتێکردن و دەسبەردانبووندا دەنێت بۆیە وەک خوازەیەک وشەی (ئاگر) بەکاردەهێنێت، گەر (ئاگر) وشک و تەر بەیەکەوە بسووتێنێ، تاریکی و ڕۆشنایی بەیەکەوە گرێبدات، هۆیەک بێت بۆ دەرخستنی ئاستەکانی کردەی شیعری، ئاشکراکردنی شوێنە شاراوەکانی شکست کە لە (حەرفێک)دا ئاماژەی بۆ دەکات، نهێنی دنیایەکە ناتوانێ بیگێڕێتەوە، ڕایەڵی گرفتێکە سەرە داوەکانی بۆ ناکرێتەوە، کردەیەکی خۆکوژییە، تاوانێکە لە بەرانبەر دەرهاویشتەکانی خودێک، کلیلی گۆڕین و قەبوڵکردنی ونکردوە، گەر (ئاگر) وەک ڕەگەزێکی سروشتی شوێن هیمایەک بێت بۆ نەهامەتیەکان ناو دەق، بۆ تێکشکاندنی سەرجەم داخ و ژانەکانی دەروون، سووتاندنی (حەرف) ئەو هەستە داخراوەیە بە قووڵایی دەروونەوە بەستراوە، گیرو یاخییە نایەتەدەست و ڕادەستی نووسین نابێت، تێکەڵکردنی (هەتاو) وەک ڕەگەزێکی سروشتی دەرچەیەکە، ئاماژە بە ڕۆشنایی دەدات بەستنەوەی (هەتاو) بە کردەی (گریا)خاڵی وەرگەڕانە، ڕەوینەوەی خەم و پەژارە پەنگ خواردوەکانی دەروونە، کرانەوەیە بە ڕووی سروشتدا، لە هەڵویستدا پەیامی ئاشتبوونەوەیە، گەڕانەوی شاعیرە بۆ ئامێزی سروشت و رزگارکردنی ئەو چەقینە درک پێکراوەیە کە شاعیر لە ژیانی رابردوودا ڕەنگی پێوەگرتبوو، لە دەروونـدا قانگی دەدات، وشەی (شەو، ڕۆژ) وەک شوێنکات تەواوکەری هەمان بارودۆخن، کردارەکانی (شێلا، هیشک کردەوە)، لە ئێستادا کرداری رابوردون، بەستراون بە پاشینەو ژیانی ڕابردووی شاعیر، ڕاڤەی گۆشەنیگایەکە لە ناوەوە بۆ دەرەوە دەبزوێت، ناوەوە خودە هەڵگری ژیانی ڕابردووی شاعیرە، تەژییە بە ناخۆشی و چەرمەسەری وەک شوێنکات بە وشەی (شەو) ئاماژەی بۆ کراوە، (شەوم شێلا) کردەی کاڵبوونەوە و کوشتنی شوێنی ڕەسەنە لە زاکیرەدا، یان مردنییەتی، چونکە (لەخستنەریزیدا، زاکیرە خاوەن پۆلینداری نییە، یان لە لیستەدا نوسینەوەی نییە، نە لە خستنەریزی و نە

لە لیستدا بوونی نییە)٧، بە دیوێکی تردا گواستنەوەی وێنەی شیعری بۆ فاکتەکانی شوێنکات، لە دەرەوەی خوددا، لە ئاست ئایندەدا، جێکەوتەکانی شاعیر جیاوازییەکی ئەوتو فەراهەمناکات، بەهەمان شێوە دەبینین، (ڕۆژ) وەک ئاماژەیەک بۆ فاکتەکانی دەرەوەی خود بەکارهێنراون، بەرانبەر بە چەمکی مانەوە کردەی (هیشک کردنەوەی ڕۆژ) ڕقێکی پیرۆز هەڵدەگرێت، ڕقێک پاشینەی ناوەوەی خود، ژیانی فاکتەکانی دەرەوەی خود دەکوژێت، ژیانی تاریکی شەو، ڕۆشنایی ژیانی تاڕاوگە دەکوژێت، بە دیوە نەرێنییەکەی وشکی دەکاتەوە، دەیکاتە شەو، لە نێوان دوالیزمەی شەو و ڕۆژدا، دەرەوە و ناوەوەدا، زاکیرە و واقیعدا، هاوسەنگییەک هەیە، وزەی ئەوینی تێدا دەکوژرێت، هاوسەنگی واتا نەبوونی لاسەنگییە، هێزی ڕاکێشانی تێدا نییە، وەک ئەوی لە کردەی ئەویندا بەدی دەکرێت، پەخشکردن و بڵاوبوونەوەی دیوە نەرێنەکەی ئەوین بە یەکسانی، لە بەخشینی هەستی مردن و گوێزانەوەی لە ناوەوە بۆ دەرەوە، لە (شەوە)وە بۆ (ڕۆژ) لە زاکیرەوە بۆ واقیع، هاوسەنگییەکی باڵادەست بە دەستدەهێنێ، گەر بەدوایەکاهاتنی (شەو)و (ڕۆژ) بەشێک بن لە دیالێکتی سروشت، ژیان دروست بکەن، مانا ببەخشن، هەڵبەت لە ئاستی دەقدا، بەدواهاتنی وشە بەدوای یەکدا، بە پێی ڕێسایەک لە دەقدا، ئاماژە بە مانایەک دەکات، بە (ڕستە) شووناس دەکرێت، بە مانایەکی تر (ڕستە) سیستەمی ڕێکخستنی وشەو ماناکانییەتی هەڵگری ناسنامەیانە، تێکچوونی شیرازەی وشەکان، نەدۆزینەوەی ڕاڤە و پێنەگەیشتنی مانا لە شوێنی دەقدا، ڕەنگدانەوەی ئەو بارو دۆخەیە کە شاعیر تێوەی گلاوە، لە درز تێکەوتنی کردەی نیشتەجێبوونە، ، لە نێوان زێدی ڕەسەن و تاڕاوگەدا، لە ئیلهام و شیعر نووسیندا، لە ڕۆنانی ئەندیشەو سڕبوونی پێنووسدا، لە پشکۆی وشەو ژیلەمۆی نووسیندا، لە تێکچوونی داڕشتنی ڕستەدا، لە سووتانی وشەو لە گریانی هەتاوی دەقدا، چی ماوەتەوە لەوە زیاتر، شاعیر وەک پەرچەکردارێک بە داپلۆسین و تێسرواندن کە بە کردەی (گرمەم هەڵساند) تۆڵەی بێدەسەڵاتی خۆی بە لە داڕشتنی (ڕستەیەک)دا دەرێژێ، کە ناتوانێ گوزارشت بکات لە هەستی ڕاستەقینە، بەخشندە نییە لە ڕەنگڕێژکردنی وێنەی شیعری، چەکەرە کردنی ئیلهامی شیعری، لە ئێستای نووسینی دەقی شیعریدا، ڕامکردن و ڕێککەوتنیان گەلێ دژوارە، غەوارەبوون، پاڕاوپەرێزە، گرفتە لەنێوان ئەزموونی شاعیر و دەقی نووسیندا، لە پتەوکردنی ڕایەڵەکانی بەیەکگەیشتندا، لە تۆراندن و جیابوونەوەی ڕۆحی داهێنان، لە جەستەی دەقدا، گیان کێشانی ڕۆح بە کردەی (ئاگربەردان لە حەرفێک، گرمە هەڵسان لە ڕستەیەک، شەو شێلان و ڕۆژ هیشک کردنەوە)، بەرجەستەکردنی سەرجەم ئەم کردارانەی ڕابردوو لە نێو دەقی شیعریدا، لە نامۆبوونی تاڕاوگەدا،

هەوڵێکن بۆ گەڕانەوەی زاکیرەی نیشتیمان، لە هەمان کاتیشدا هەوڵێکی ماڵئاوایشە، نە دیاردەکانی دیفاکتۆ، نە جەستەی دەق، هەرگیز وەک خۆی نایەتەوە، نادۆزرێتەوە (هەموو هەوڵێکی گەڕانەوە بۆ نیشتیمان، هەوڵێکی ماڵئاوایشە، چونکە کە نیشتیمان ون دەبێت، جارێکی دی وەک خۆی نادۆزرێتەوە)٨ ماڵئاواییکردن لەو کردارانەی ڕابردوو، لە وێنەی شیعریدا، ونبوون و شکست و بە دوای خۆیدا دەهێنا، ئینجارە بە جۆرێکی دیکە دێنەوە لە بری (ئاگردان لە حەرفێک) (حەرفێکی ئاشتکردەوە) ئاشتکردنەوەی حەرفێک لە ئێستادا گوزارشت لە خودێک دەکات بەرکارە بە بکەرێک کە هەڵگری ئەو گۆڕانکارییە کە کردەی گوێزانەوە لە ڕابردووەوە بۆ ئایندە ئەنجامدەدات، لێرەوەش شاعیر وەک بکەرێک دەتوانێ پلەبەند شوێنکات بگۆڕێت بە پلەبەندی شوێن واتا لە ئێستادا ڕابردووی پڕ شکست بگۆڕێت بە شوێن لە داهاتوودا لە گرتەیەکی شیعریدا زیندووی بکاتەوە، کاتێ بە شوێنکاتی برگەکە، دەستەواژەی (ئاو زریکانی) بەکاردەهێنێ ئاماژەیەکی زەق و دیارە بۆ زیندووبوونەوە، تەژییە بە خۆشییەکی لەناکاو، موژدە و ڕێپێدانێک لەخۆدەگرێت کە دەتوانێ بمانگوێزێتەوە بۆ شوێنێک لە بری تۆڵەکردنەوە و شکست و مردن ژیان و ئاشتەوایی دەسەبەربکات، متمانە بگێڕێتەوە، چەمکی ئەو پەیوەندییانە ڕێکدەخاتەوە کە

لە بەرهەمهێنانی دەقی شیعرییدا، ڕاساندنی چەمکی شوێن، ڕەنگدانەوەی ڕەهەندەکانی شوێنکات، جێکەوتێ دیارو ئاشکران، گۆشەنیگای شاعیر ئاشکرا دەکەن، شوێن هاندەرە بۆ کردار، خەیاڵ بزوێنە، هەر جوڵەو رفتارێك یەقدانەوەی زیندە خەونێکە، باکراوندی شوێنێکە، یان شتێکە، وەك بەهاو پێگە لە ئەزموونی شیعرییدا، ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ، دەتوانین بەرکەوتنی لە تەکدا بکەین، لە زۆربەی شیعرەکانی (ئەحمەدی مەلا)دا، هەستەکانی نامۆبوون و وونبوون و ناجێگیری سەنگ و ڕەنگی خۆی دەخاتە سەر ڕەگەزەکانی چەمکی شوێن و شوێنکات



هەواڵنامەی کتێب

لە نێوان (گریان و ئاشتبوونەوە)دا هەیە، لە نێوان (ئاگرو زریـکـان)دا هەیە، بە هەمان شێوە نمایشکردنی ئەم هەڵسانەوەیە، ڕەنگدانەوەی خۆی دەبێت لە (کۆپلەی ٧٤ دا، دەبینین چۆن لە نێوان چەمکی هاودژەکاندا، هەردوو رەگەزی سروشت، شوێنکاتی (شەو) چۆن دەشێلێ دەیکات بە (ڕۆژ) (خەون)ی بێ کردار چۆن لە مردن رزگار دەکات و دەبنە (هۆش) چۆن ویستەکان لە گێژنەی مۆڵ خواردنێکی نەزۆکەوە هەڵدەگرێت و دەبێتە کرانەوەیەکی دینامیکی کە لە شوێنکاتی هۆشدا نیشتەجێدەبن بە شووناسێکی نوێیوە ساتەکانی هێوربوونەوە لە دایـک دەبـێ، ساتەکانی هێوربوونەوە دەرئەنجامێکە، لە دەروونـدا، دەرخـەی سەرکەوتنی شاعیرە، بەسەر هەستەکانی شکستیدا، گۆڕینی دیاردە نەرێنیەکانە بۆ شتێکی ئەرێنی، ئەمەش بە تەواوی لە (کۆپلەی ٧٥)دا بەرجەستە دەبێت، لە سەرەتادا شاعیر وەک بکەرێکی داخ لە دڵ، دەسبەرداری پاژێک بوو لە شکست، ئاگری لە حەرفیک بەردا، لە ئێستادا گرمەی لە ڕستەیەک هەڵساند سەرجەم کردارەکـانی شکست و ڕادەستبوون (ئاگرم بەردا، گریا، شێلا، هیشک کردوە، گرمەم هەڵساند)ی گۆری بۆ کردارەکانی هەڵسانەوە وەک لە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، ئەم گۆڕانکارییە لە دواجاردا بە بێدەنگی لە خەیاڵدا نامێنێتەوە، بە جموجۆڵێکی تازەوە فۆرمی شیعری دەگۆڕێت، بە شێوازێکی تر خۆی دورست دەکـات، خۆی ئاوێتەی دەق دەکات، دوا وەشاندن کە

هەڵسانەوەی شکستی بە دواوە نـایـەت، گۆڕانکاری یەکلاکەرەوی ئەنجامدەدات، وشەی (گرمە)یە، وشەیەکە شوێنی دەنگدارە، تەقینەوەی ناوەخنە، توورە بوونی لە نـاکـاوە، کۆدیتایە بـەسـەر بێدەنگی و شکستیدا، وەرچەرخانە، پەڕینەوەی شاعیرە بۆ قۆناغێکی تر، گێڕانەوەی شوین و بەهای ڕستەیە، زەمینە خۆشکردنی دەقی شیعریە، بە ئاراستەیەکی تردا، گۆڕینی نەخشەی جوگرافی شیعرەکەیە، لە شقڵی نەرێنییەوە بۆ شەقڵێکی ئەرێنی، لە هەستەوە بۆ ئاوەز، لە تاراوگەوە بۆ نیشتیمان، لە چەقینی بێ ئومێدییەوە بۆ لادان و کرانەوە، لەم بارەیەوە ڤالیری دەنووسێت (شیعر بوونی نییە، ئەگەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆی ناهەستیار گوزارشت لە ئاوەز نەکات، لادانێک لە وشەکاندا دەرنەخات)٩ ئەم لادانە لە کاتی نووسینی شیعریدا، چۆن دەقـی شیعری دەگرێتەوە، بە هەمان شێوەش، سەبارەت بە لادان، چەمکی نیشانەکانی خاڵ بەندیش دەگرێتەوە، شاعیر باس لە تێڕوانین و بۆچوونی خۆی دەکات، چۆن لە نێوان نیشانەکانی خاڵ بەندییدا، داتاکانی خەیاڵ و پێدراوەکانی واقیع شوێن و پێگەو ئەرکی خۆیان دەگۆڕن، ڕەنگدانەوەی هیما و نیشانەکانی خاڵ بەندی دەق، یەقدانەوەیەکی ئاشکرای تاسەکانی گۆشەنیگای شاعیرە، گەیاندنی دەنگییەتی، شکاندنی ئەو بێدەنگییە، کە هەر جارەو بەشێوەیەک، لە دەرگایەکی ترەوە، هەمیشە خۆی دووبـارە دەکاتەوە، دەرچـوون لە بێدەنگییە، لەو

دووپاتبوونەوەیە، بە شکاندنی ئەو لەمپەرە کۆتایی دێت، لە ڕستەدا بە نیشانەی (وێرگوڵ) ئاماژەی بۆ کردووە، (وێرگوڵ) لە ڕستەدا شوێنێکی بینراوە، (نیشانەی کورتترین ڕاوەستانە، لە دوای ناوی بانگ کراوەوە دێت، لەنێوان جێگرو جێلیگیراودا دێت، لە ڕستەدا بە ئامرازی لێکدەر نەبەسترابن بە یەکترەوە دێت)١٠، گەر (وێرگوڵ) کۆتایی پاژێک بێت لە وەستانی ڕستە، هەڵبەت (ڕستە)ش وەک شوێنێکی بینراو سەرەتای جوڵەپێخستنی دەقە بۆ کرانەوە، لادانی چەقبەستنی دۆخێکە، هەستکردنە بەخۆشییەکی ڕەها، جۆش و خرۆشێکە، لە دەقدا ئەگەرەکانی وەستانی بینراو سووک دەکات، خودی ڕستەی پێ گەورە دەکات، ڕەهەندەکانی ڕەوانسازی خۆشدەکات، دەگوێزێتەوە بۆ سەر زار، دەیکات بە گۆرانی، (ئەحمەدی مەلا) دەیەوێت لە ڕێگای نووسینی دەقی شیعرییەوە، هەستی بینراو بگوێزێتەوە بۆ هەستی بیستراو، دەیەوێت شیعر لە تاریکی بێدەنگییەوە ڕزگاربکات، بیخاتە سەر دەنگ و زەنا، ئازارەکانی غوربەت، لە ڕێگای پەخشەوە دابەش بکاتە سەر هەموو زارێک، بیکاتە گۆرانی، گەر (وێرگوڵ) ببێتە گۆرانی، ئەوا (خاڵ) دەبێت بە (ئاواز)، شوێنی بینینی(خاڵ) لە ڕ□ووی خاڵ بەندییەوە نیشانەی (ڕاوەستانێکی تەواو پێشان دەدات لە کۆتایی هەموو ڕستەیەک دادەنرێت، جگە لە ڕستەی پرس و سەرسوڕمان، لە دوایی یەکەم یان یەکەم و دووەم پیتی ناوێک دادەنرێت)١١، لەترو تاسەکان، وەستانە پڕ ماناکانی تەنیایی، بۆشاییە ڕەشەکانی تاراوگە، کە لە نووسینی دەقدا بە (خاڵ) ئاماژەی بۆ دەکات، دالی (خاڵێکم نغرۆکرد) مەدلوولە بە ڕەتکردنەوەی کۆتایی، سڕینەوەی وەستانە، بەردەوامبوونی بێ وەستانە، لە نێوان دوو مانادا هەڵگرتنی لەمپەرە، ڕادەستبوونی بێ ئومێدییە، لە ئاست چەمکی نەمرییدا کرانەوەی دەقە، گەر (وێرگوڵ) وەک هیمایەک ڕەنگدانەوەی پاشخانی وەستانێکی کورت بێت لە ئەزموونە سەرەتاییەکانی شاعیردا، لە کردەی کرانەوەو وێنەکێشانی دەقدا ببێت بە گۆرانی، لە هەمان کاتدا دەرچەیەکە شاعیر شوناسی ناوەوەی دەق، مانا جۆربەجۆرەکانی ڕابردوو، کە وەک هیمایەک هەڵگری زاکیرەیە بە باری دەروونییەوە پەیوەستە بە گۆرانی گوزارشتی لێدەکات، ئاودیوی دەرەوەی دەکات، هەڵبت وێنەی برگەی(خاڵێکم نغرۆکردە ناو سپێتی) لە کۆتادا کرانەوەیەکی تەواوەتییە، وێنەیەکی ڕەنگییە لە دەقدا، ڕاستەوخۆ گرێدراوە بە شوێنەوە، لە ڕێگای تەکنیکی وێنەکێشانێکی هونەرییەوە تابلۆ شیعرییەکەی ڕەنگ کردوە، یەکێک لە هەوڵەکانی شاعیر، دۆزینەوەی پەیوەندییە لە نێوان ڕەشی خاڵ و سپێتی کاغز، ڕەش وەک هیمایەک پڕ لە چەقبەستنی ژانۆژۆی یادەوەری و شەوانی تەنیایی و نامۆبوونە، ڕەنگێکی زبرو زەقە، سپێتی کاغز ئاماژەیە بە پاک و بێگەردی، لە ئاست ململانێ ئێستاو ڕابردوودا، وێنەیەکی ڕوونە، ساف و لووسە، زاڵبوونی

ڕەنگی سپی، بە چەمکی شوێن واتای سەرکەوتنی هەستەکانی بەرزبوونەوە و سەرکەوتنە، پێچەوانەی هەستەکانی ژێرکەوتنە، نغرۆبوون و کەوتنی خاڵی ڕەشی وەستان، تەواو بوونی یەکجارەکی ڕستەیە، ئاماژە کردن بە سەرکەوتنی ڕەنگی سپی، لە داهێنانی وێنەی شیعرییدا بە شوێنکاتی (بەیانەوە) گرێدراوە، (بەیان) شوێنکاتی سروشتە، جێکەوتێ گەورەترە دەبخشێ بە کرانەوەی جەستەی دەق و بە باری دەروونی شاعیرەو، بەگیرخستنی ڕەنگکارییەکانی ڕەش و سپی، وەستان و جووڵە، پارادۆکسیێ لە نێوان شوێنی داخراوی نێو دەق و شوێنی دەرەوەی دەق دا ئەنجامدەدات، بەکار بردنی ڕەنگی ڕەش و نغرۆکردنی لە ڕەنگی سپی دا لە سروشتدا هاوشێوەی بەسەرچوونی شەوە لە ناو ڕۆژدا، یان بەیاندا، لە شوێنی بیستندا وەک ئاوێتە کردنی گۆرانیە لە نێو ئاوازدا، لە چەمکی شوێندا (ئاواز) شوێنی بیستنی ناخە، کرانەوەی دنیای (ئاواز) بۆ گۆرانی، وەک کرانەوەی ڕۆژە بۆ شەو، لە گۆرانی تاراوگەدا، ئاوازی نامۆبوونە، یەقدانەوەی ناشوێنە، کۆنسێرتی درزێکە، دەنگێکە لە نێوان بێدەنگی (ئەحمەدی مەلای) مرۆڤ و دەنگی (ئەحمەدی مەلای) شاعیر.

لە کۆتاییدا ئەوەی ماوەتەوە بیڵێم، لە بەرهەمهێنانی دەقی شیعرییدا، ڕاساندنی چەمکی شوێن، ڕەنگدانەوەی ڕەهەندەکانی شوێنکات، جێکەوتێ دیارو ئاشکران، گۆشەنیگای شاعیر ئاشکرا دەکەن، شوێن هاندەرە بۆ کردار، خەیاڵ بزوێنە، هەر جوڵەو رفتارێک یەقدانەوەی زیندە خەونێکە، باکراوندی شوێنێکە، یان شتێکە، وەک بەهاو پێگە لە ئەزموونی شیعرییدا، ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ، دەتوانین بەرکەوتنی لە تەکدا بکەین، لە زۆربەی شیعرەکانی (ئەحمەدی مەلا)دا، هەستەکانی نامۆبوون و وونبوون و ناجێگیری سەنگ و ڕەنگی خۆی دەخاتە سەر ڕەگەزەکانی چەمکی شوێن و شوێنکات، ناکرێ چاوپۆشین لەو داکەوتانە بکەین کە جێی بایەخی شاعیرن، بەرەی فۆرمێکی ئەپستمۆلۆژی تایبەتن، لە داهێنانی دەقی شیعرییدا، لە چۆنییەتی تێڕوانینی گۆشەنیگای شوێندا، بە جۆرەها شێوە، تیشک دەهاوێژێتە سەر شووناسی سرووشت و دیاردەکانی تر کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە شوێنەوە هەیە، لێرەوەش شاعیر لە ڕێگای شوێنەوە، یادەوەری خۆی و تەنگژەکانی تاراوگە، هەڵوێستەکانی خۆی لە چەند وێنەیەکی شیعرییدا ئەنجامدەدات، شوێن یەکێکە لە خەسڵەتە دیارەکانی شیعر نووسینی (ئەحمەدی مەلا)، ئەم خەسڵەتەش، وایکرد داگەڕانی ئێمە تەنیا بتوانێ لەو خولگەیەدا بسورێتەوە، نەچێتە دەرەوەی چەمکەکانی شوێن، ئەمەش پێش ئەوەی هەڵبژاردنی ئێمە بێت، هەڵبژاردنی دەقە، بژارەی شیعرە.

ئابی ٢٠١٩

ژێدەرەکان

١ ـ ئەحمەدی مەلا ـ کۆ شیعرەکانی ئەحمەدی مەلا، ٢٠٠٤، ٢٠٠٦ـ چاپخانەی رەنج ـ چاپی یەکەم ـ ساڵ ٢٠٠٨ز ـ ل ٣٢٤

٢ ـ جاستون بشلار ـ ترجمه غالب هلسا ـ جماليات المكان ـ يصدر من مجله الاقلام، دار الجاحڤ للنشر، وزاره الپقافه والاعلام، بغداد ـ دار الحريه للگباعه، بغداد ـ ١٩٨٠ م ـ چ ٣٦

٣ ـ ياسين النصير ـ جماليات المكان فى شعر السياب ـ دار المدى للپقافه والنشر ـ سوريا، دمشق ـ ١٩٩٥ م ـ ص ٦٤

٤ ـ دیوانی گۆران ـ چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا ـ چاپی یەکەم ـ ١٩٨٠ ز ـ ل ٣٤

٥ ـ بەختیار عەلی ـ ناشوێن ـ چاپخانەی کارۆ ـ چاپی یەکەم ٢٠١٩ ز ـ ل ٨٤

٦ ـ مرتچى حسين على حسن ـ جماليات المكان فى شعر العراقى الحديپ ـ قدمت هڤه الرساله استكمالا لمتگلبات الحصول على درجه الماجستير فى اللغه العربيه وىَدابها ـ عماده البحپ العلمى والدراسات العليا ـ جامعه فلادلفيا ـ كانون الثانى ٢٠١٦ م ـ ص ٩٥

٧ ـ نفس المصدر رقم ٢ ـ ص ١٠٨

٨ ـ سەرچاوەی پێشوو ژمارەی ٥ ـ ل ٨٤

٩ ـ د صلاح فچل ـ بلاغه الخگاب وعلم النص ـ عالم المعريفه صدرت السلسله فى شعبان ١٩٩٨ بأشراف أحمد مشارى العدوانى ١٩٢٣ ـ ١٩٩٠ـ ص ٢٦٢

١٠ ـ لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە ـ زمان و ئەدەبی کوردی / پۆلی دەیەمی ئامادەیی ـ بەریوبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان ـ چاپی هەشتەم ـ حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ـ ل ٩٤

١١ ـ سەرچاوەی پێشوو ژمارەی ١٠ ـ ل ٩٤

هەواڵنامەی کتێب

# پوختەی مێژووی شیعری لوڕی



رزگار جەباری





لە نووسراوی زۆربەی گەڕاڵ و مێژوونووسە عەرەبەکاندا لە سەدەکانی ناوەڕاست کە باس هاتووەتە سەر (لوڕ)، ئەوا وەکو پێکهاتەیەکی خێڵاتی (کورد) ناسێنراون. یەکەم کەس میر شەرەفخانی بەدلیسی لەبارەی پێکهاتەی کوردەوە لە مێژووەکەی خۆیدا دەڵێت:

هۆزە سەرەکییەکانی کورد لەو بارەوە کە شێوەی ئاخافتن و هێندێک ئاکار و داب و دەستوور و هەڵسوکەوتیان لێک جیاوازە، دەکرێن بە چوار بەشەوە:

یەکەم: کرمانج، دووەم: لوڕ، سێهەم: کەلهوڕ، چوارەم: گۆران.

لوڕەکان خاوەنی ئەدەبێکی زارەکی دەوڵەمەندن، تایبەتی بەختیارییەکان کە کەلەپوورێکی گەورەی ئەدەبی زارەکیان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا هەیە. وەکو گۆرانیچڕین، شیعرخوێندنەوە، ئاواز، بەسەرهات، چیرۆک، مەتەڵ، لایلایە و شانامەخوێنی. بەیتی (دی بلال) و (عەبدولمحەمەدی لەلەری) لە دەڤەری بەختیاری زۆر بەناوبانگن. هەروەها بەیتی (شیرین جان) و (قەدەمخێر) و (سیت بیارم) لە دەڤەرەکانی خوڕەماوا. لەناو لوڕدا شاعیرانی میللیی داشۆرین هەبووە کە ژیانیان بە سەر داشۆرین گوزەراندووە و لە ناو لوڕەکاندا پێیان وتراوە (دەلی). خەڵکی لە زمانی ئەم شاعیرانە ترساون. سەبارەت بە ئەدەبی نووسراو بەتایبەتی شیعر، مێژوو ئەم شاعیرانە بەسەردەکاتەوە:

بابا تاهیری هەمەدانی، شێخ فەخرەددینی لوڕ، شا ڕۆستەمی عەباسی، میرزا حەسەن ماڵمیری (واهب)، میر نەورۆزی لوڕ، قازی مەنگوڕە، شەهمیری لوڕ. حەسەنقولی خانی ئیلخانی بەختیاری (سیاوە)، مەلا صاڵحی دزفولی، عەلی یوسی، عەلی دۆستی، میرزا حەسەن واهیب (ماڵمیری) و مەلا فەرج کوڕانی. ئەڵبەتە ئەدەبیاتی ئاییینی یارسان ژمارەیەک شاعیر بە نازناوی (لوڕستانی بەسەردەکاتەوە، ئەگەر لە ڕوویی مێژووییشەوە گرفتی نەبێت، بەڵام دەقەکانیان بە زاری گۆرانن لەوانە: بابە لوڕە، بابە ڕەجەب، بابە نجووم، شاخوەشین، ڕێحان خان، جەلالە خان، کاکە ڕدا، پیر حەیدەر، پیر ئەحمەد، پیر مەحموود). زۆرجار لە باسی مێژووی شیعری لوڕیدا، بە تایبەتی لە لایەن خودی نووسەرانی لوڕەوە، شاعیرانی وەکو مەلا پەرێشان، مەلا مەنوچێهری کۆلیوەند و دەیان شاعیری دیکە، دەخەنە لیستی شاعیرانی لورەوە. بەڵام لە راستیدا ئەوان یان بە زاری گۆرانی نووسیویانە، یان بە بە زاری لەکی، یان تێکەڵەیەک بە گۆرانی و لەکی، هەندێ جاریش بەر هەندێ شیعر دەکەوێت کە لەکییە و لە ژێر کاریگەریی لوڕیدان.

**شاعیرە کۆنەکان:**

**١-بابا تاهیری هەمەدانی** (٩٣٥ – ١٠١٠ز)

ئەگەرچی مشتومڕ لەبارەی زمانی شیعرییەکانییەوە لە ئارادایە، بەڵام لەمێژە زۆربەی توێژەران بەلای لوڕیدا شکاندوویانەتەوە، بۆ نموونە ئەو کۆمەڵە چوارینەیەی لە سەردەمی عوسمانی لە ئەستەمبووڵ چاپ کراوە بە ناوی (هذا رباعیات بابا طاهر لر همدانی) ناسێنراوە.

نموونەی شیعری:

دڵی دیروم زە عشقت گیژ و ویژە
موژە بەرهەم نەهوم سیلابە ریژە
دڵێ عاشق مثال چوب تەڕ بی
سەری سوژە سەری خونابە ریژە




٢–لە کتێبی (المعجم في معاییر أشعار العجم)دا کە لە نووسینی شەمسەددین موحەممەد کوڕی قەیسی ڕازییە و لە سەدەی ١٣ زایینیدا نووسراوەتە. نزیک بە ٨ پارچە شیعری فەهلەوی هاتووە کە یەکێکیان ئەم شیعرەی لای خوارەیەوە و ئەدیب تووسی توێژەری ئێرانی پێیوایە بە زمانی لوڕی نووسراوەتە:

دڵ دەردینوم ئەی شەو شا ئەوا کەر
ئەی ڕوحوم دەست گیرۆ پا ئەوا کەر
ڕاهی کەم بوو بە تە کەرهین ئەوێران
ئە نادونی مەکەر ئاوا ئەوا کەر
بەختوم باهیدە تایوم دوور ئا جونی

مەکە ڕەم کەردە بەختوم ڕا ئەوا کەر
ئەزین گین بەخت کوری وینشی دە
وەزین کەی خوتە وەریا ئەوا کەر
شەرۆ دووریێ تە یبرەد بکەردیم
بوین شتی ئەمن وەز نا ئەوا کەر



**٣-شێخ فەخرەددینی لوڕ (١٣١٠ز):**

لە کتێبی «التوضیحات الرشیدیة» لە نووسینی «رشیدالدین فضل الله»، فەهلەوییەک بە ناوی فەخرەددینی لوڕ هاتووە:

گیان و ئەویان دووزانستن ڕەوا نی
زانکە ئەویان و گیان ئەز هەم ودا نی
گیان و ئەویان بە هەم وا مینشانی
نەزانم گیان کیان و ئەویان کیانی

هەواڵنامەی کتێب

**٤-شا ڕۆستەمی عەباسی (١٥٤٢ – ١٥٧٠ز):**

لە فەرمانڕەوایانی ئەتابەکی لوڕستان بووە، نۆزدەهەمین ئەتابەکی لوڕی بچووک بووە.

شانامەی لوڕی نووسیوەتەوە. بەڵام نموونەی ئەم شانامەیەم دەستنەکەوت. شایانی باسە لەناو لوڕەکاندا شانامەخوێنی زۆر باو بووە.

**٥-میرزا حەسەن بەختیاری ماڵمیری نازناوی شیعری (واهب) و ناسراو بە (میرزا حەسەنا):**

لە شاعیرانی سەدەی ١٦ زایینیە و لە سەردەمی شا صەفیدا ژیاوە. خەڵکی کوهگیلویە بووە و زۆر لە ئیسفەهان ماوەتەوە. دەنگۆی ئەوە هەیە کە شیعری بە لوڕی نووسیوە، بە داخەوە شیعرەکانی فەوتاون.

**٦-میر نەورۆزی لوڕ (پشتکوهی) (١٧٢٠ز لەدایک بووە):**

لە سەرانی هۆز بووە و لە نەوەکانی شاهوێردخان

بووە. لە کۆتاییەکانی سەفەوی و سەرەتای سەرهەڵدانی نادر شای ئەفشار لەدایک بووە. زۆربەی شیعرەکانی فارسین و کۆمەڵێک تاکدێڕی لوڕی هەیە کە دەگەنە (٣١٤) تاکدێڕ، هەروەها لە شیعرە فارسییەکانیشیدا زاری لوڕی بەکارهێناوە کە بەم جۆرەیە:

لە شیعری (شکایت از ایام پیری نابسامانی روزگار)دا ١٥ دێڕ لوڕی نووسیوە.

لە شیعری (وصف جمال یار)دا ٦ دێڕی لوڕی نووسیوە.

لە شیعری (تلخیهای شرین)دا ١٤ دێڕی لوڕی نووسیوە.

لە شیعری (پل دختر)دا ١ دێڕی لوڕی نووسیوە.

لە شیعری (دیدار از قلعەی آبدانان و دگرگونی حالات یار)دا ٩ دێڕی لوڕی نووسیوە.

لە شیعرێکی فارسی کە بۆ پول دوختەر نووسیویەتی (٥٢) دێرە، تەنها دێڕی کۆتایی لوڕییە و دەڵێت:

(میر نەورۆز) ئەر ترا عەقلی د سەرهە
جایدر جای تونی جای دگەرهە

ئەمەش سێ نموونە لە تاکدێڕەکانی:

ئیمروو سی چەشیا سیت بیمە لیوە
کەس نەدارم دی مەکو سیم بەگریوە

ئاو بوردم لەفاو بوردم وەنم د گەرداو
مەلەوون مە کیە نەیلە بوورەم ئاو
بویمی ڤە کەموترکی گەرمەسیری
دەور دنیا بەزیمی سی وەسڵ شیری

**٧-قازی مەنگوڕە (سەردەمی زەندی):**

لە دەستنووسێکدا کە ساڵی ١٧٨٣ – ١٧٨٤ز نووسراوەتەوە، شیعری لوڕیی قازی هاتووە. ئەمەش سەردەمی زەندییەکانە. ڕەنگە پێش ئەو سەردەمەش ژیا بێت. قازی میعراجنامەیەکی هەیە کە (٣٦) دێڕە و بەم جۆرە دەست پێدەکات:

بشەهنی ئەر بە هوونم شەرە میعراج نەبی وا توو
موسڵمان بید ئەزین ئەر کافری ئین هەرفە ئبشەهنەست
مەلیکو للا دەوڵەتمەند جبریلش فرسەندیدە
بجوست کاد موهەممەد کەهـ سووار بوراک و ڕەست

**٨-شەهمیری لوڕ (سەردەمی زەندی):**

لە هەمان دەستنووسی پێشوو لە باسی قازی مەنگوڕەدا شیعری لوڕی شەهمیریش هاتووە کە باس لە جەژنی غەدیری خوم دەکات، سەرەتاکەی بەم جۆرەیە:

بکووهی مەررە کاید موهەممەدین ڕەفتی ب شەهری هەج
گوزارش دەست دە ئان هەوری کە ئەو ئاوەرد دەر صەحرا
بگوفتا کور گەلان شەهنی کەمەر مووچی گوتەم سوڵتان
خودا جبریلی فرسیندە بتەییەم ئامەدە زیرا

**٩-حەسەنقولی خانی ئیلخانی بەختیاری (سیاوە) (١٧٨٥ – ١٨٤٥ز):**

لە سەرانی هۆزی بەختیاری بووە. لە سەردەمی قاجاریدا ژیاوە. ئەم شیعرەی بە لوڕی بەختیاری لە پاش بەجێماوە:

دونی زە چە ری نەزیدە ئەفتەو



یارم نوریستادە ئەز خەو
مو با دڵێ تەنگ تی تو ئایەم
تو بانگ زەنی کە ئەی کوڕێ ڕەو
ئەبرووێ کەجێ تو وەر هەمە خەڵق
دادم مو نشان کە هی مەهێ نەو

**١٠-مەلا صاڵحی دزفولی (نیوەی یەکەمی سەدەی ١٩ز):**

**شیعرێکی بە لوڕی بنزاری دزفولی هەیە:**

زلفتە چین ئکونی هی خوتە ڕەنگین ئکونی
خوتە ڕەنگین ئکونی دەردمە سەنگین ئکونی
تیە بیمار بهوئەر کوت و گوشی بکونی
سەرپیچ دل بیمارمە پەرچین ئکونی
تو گوئی جونتە دە تا کە دوو بوسی دەهومت
چونکە سەررشتە نەداری خوتنە موغبین ئکونی

**١١-عەلی دۆستی (١٨٠ ساڵ لەمەوپێش ژیاوە):**

شاعیرێکی میللی بووە و شیعرەکانی بە شێوەی (ئیرتیجالی: ڕاستەوخۆ) وتووە و خەڵکی وەکو گۆرانی وتوویانەتەوە.

**١٢-عەلی یوسی:**

هەندێ تاکدێڕ تێکەڵی گۆرانی فۆلکلۆر بووە بە دەدرێنە پاڵ شاعیر (عەلی یوسی) ئەمەش دوو نموونە:

یەکەم:
شەوگاری ڤە سەر میری وارس و دەردم
کول دورو تەش گرت د ئاهێ سەردم
دووەم:
چش سی یی دو لو بوو وەن وام ئونیشس
خوش دونس کاری زەمە سیم می گریوس
ڕەنگە عەلی یوسی هەمان عەلی دۆستی بێت!

**١٣-مەلا فەرەجی کوڕانی:**

لە دەستنووسێکدا غەزەلێکی مەلا فەرەج هاتووە کە بە زاری لوڕی نووسیویەتییەوە، جگە لەم غەزەلە هیچ زانیارییەک لەبارەی ژیانییەوە لە بەردەست نییە. ئەمەش چەند دێڕێک لە غەزەلەکە:

ئەی کە ئەز ئەهل مەرو خوب خەبەر خو داری
پەردەیێ عەیو مەکون پارە کە تو سەتتاری

بە بیاوانێ تو هەفتاد و دوو ڕەهـ پەیدایە
ئەز چە یەک د زەمین هەفتاد و دوو ڕەهـ داری
تو هەمە پەی هەرە ئەمیوەن هەفتاد و دوو ڕەهـ
لوڕێ بەد نۆومم مەکون درود دادی خود داری

شیعرەکانی فایزی دەشتی (١٢٠٩ – ١٢٨٩ ه.ش) کە خەڵکی کوردوانی بوشەهرە، ئاتەشێ، بابا چاهی، بۆن و بەرامی لوڕی دەدەن، بە هۆی تێکەڵیان لەگەڵ هۆزە لوڕەکانەوە.

هەواڵنامەی کتێب

ژمارەیەک لە شاعیرانی لوڕ لە سەرەتای سەدەی بیست دەرکەوتن کە شیعری ستوونیان بە لـوڕی دەنووسی و دەنووسن:

داراب ئەسفەر بەختیاری، حوسێن پژمانی بەختیاری، ئەسفەندیار عەضەنفەری ئیمرائی (١٢٩٤ – ١٣٧١)، سەید موحەممەد هاشمی هفشەجانی، یوسفعەلی میر شکاک، مەلا زوڵفعەلی بەختیاری (کرونی)، حەمید ئیزەدی پەنا (صەفا) (١٣١٢)، بەهمەن ئەسکینی (١٣٢٦)، موحەممەد کەرەمزادە (١٣٢٨)، ڕەمەضان پەروەردە (١٣٣٢)، ئیرەج ڕەحمانپوور (١٣٣٨)، عەبدولکەریم نەجمەدینی (١٣٤٣)، عەلیڕەضا چەنگیزیان (١٣٥٢)، فەریدە چراغی (ممیرا) (١٣٥٣) و ئوژەن بەختیاری، میهراب بەختیاری، جەمشید بەختیاری. ئەڵبەتە ئەم لیستە درێژترە و ژماتەیەک شاعیری دیکەش دەگرێتەوە.

**١-داراب ئەفسەر بەختیاری** (١٩٠٠ – ١٩٥٨ز):

لە کۆتایی غەزەلێکدا دەڵێت:

(ئەفسەر) ئی فەزر بەسە سی تو کە بەعد ئەز مەرگت
ئسمی لوڕ تا بە ئەبەد زندە ئەز ئەشعار تونە

**٢-پژمان بەختیاری** (١٩٠٠ – ١٩٧٤ز)

ئەی بە قوربون تو بی عشق تو جون سی چنومە
ئەر کەف پات بنووسم مو دهون سی چنومە
مو نەمهنم تو بمهنی کە مو خارم تو گولی
جون تونی ئەر تو نەبوی وام دیە جون سی چنومە

**٣-سەید موحەممەد هاشمی هفشەجانی** (١٩٢٧ز):

شیعری بە فارسی و لوڕی نووسیوە. (١١) چوارینەی لوڕی لێ ماوەتەوە:

ئەمەش نموونەیەک:

تەشێ جەهل ئەر کشە دەر دل زەبوونە
جودا هو ب وبدێ ئەز هەم نەدوونە
بسووسە هەستێ ئادەم بە گیتی
نە فەرزەند ئەیلە نە زینە نە هوونە

**٤-حاج ئەکبەر میرزایی** (وەفا) (١٩٢٨ – ٢٠٢٠ز):

لە هۆزی سەگوەند بوو لە شارۆچکەی زاغە. شیعری بە لوڕی نووسیوە. ئەمەش دوو دێڕ وەکو نموونە لە غەزەلێکی ئەو:

ناونم سی کی بووم ئازارێ دەردم
نەونم چی بەکنم وا ئاهـ سەردم
دوسەکم سی ماڵ دنیا زە مە نیا
کی چنینە کار و بار و ڕەسم دنیا

**٥-شەهریار یاربەخت** (نەوزەر ئیسفەهانی) (١٩٣٢ – ٢٠٠٠ز):

لە لورەکانی شاری ئیسفەهانە، چەند چوارینەیەکی بە لوڕی هەیە:

ئەمەش نموونەیەک:

چە گودی با تو مو ئی سازوم ئیمشەو
ئەزی ڕوو مو بە خوم ئی نازوم ئیمشەو
بساطێ نەرد عشق خوت نە واکون
کە جون و دل بە تو ئی بازوم ئیمشەو

**٦-یوسفعەلی میر شکاک:**

لە سەرەتای شیعرێکدا دەڵێت:

ئەورۆ بارو هان وە یادت کەمەرە سی
تو سوارو هان وە یادت کەمەرە سی

لە کۆتاییدا دەڵێت:

داڵک شیوسە شار تاتە زونکەم
بە سە ساڵ می کیونی ئاسمنکەم

ئەڵبەتە لە ناو لوڕەکان لە ڕابردوودا زۆر شاعیر بە زمانی فارسی شیعریان نووسیوە لەوانەش:

عیمادی لوڕ، مەلا وارستەی چگنی (سەردەمی شا عەباسی دووەم)، مەنوچێهر خانی والی (سەردەمی شا عەباسی دووەم)، عەبدوڵڵا سوڵتانی چگنی (سەدەی ١١ی کۆچی)، لوطفعەلی بێگ (سەدەی ١٢ کۆچی)، عەلی قولی خانی والی (سەردەمی شاە صەفی)، شایق لوڕستانی، حاجی میرزا صاڵحی لوڕستانی، شێخ عەبدوڕڕەحمانی لوڕستانی (١٢٥٢ ک.هـ)، ئەثیرەددین ئومانی، ئەڵڵاهـ موراد لوڕستانی (مەلا ئەڵڵاهـ) (١٣٠٢ ک.هـ) هشیارنامەی بە فارسی نووسیوە کە باسی کەریم خانی زەند دەکات.

**نموونەیەک لە شیعری فارسی:**

عیمادی لوڕ: ئەمیر حەکیم عیمادەددین یوسف فەضڵەوی لە سەردەمی ئەباقاخاندا ژیاوە و لە هاوڕێیانی خواجە شەمسەددینی ساحیب دیوان بووە. لە شیعرێکدا دەڵێت:

هرچە سخنهای چو در میگوئی
هشدارد با عماد لر میگوئی

**سەرچاوەکان/**


١-شەرەفنامە مێژووی ماڵەمیرانی کوردستان، میر شەرەفخانی بەدلیسی. و: هەژار، ٢٠١٠.

٢-زانایانی کورد، محەمەد ساڵح ئیبراهیمی (شەپۆل)، ١٣٧٩.

٣-دیوان میر نوروز، اسفندیار غضنفری امرائی، ١٣٩٤.

٤-لرها، اقوام ایرانی/٢، معصومە ابراهیمی و پیمان متینی، ١٣٨٨.

٥-لوڕ کوردە یا لوڕە، خوسرەو جاف، ٢٠٠٠.

٦-لرستان در شعر شاعران، د. فتح الله شفیع زادە.

٧-مێژووی ئەدەبی کوردی، د. مارف خەزنەدار، بەرگی دووەم، ٢٠٠٢.

٨-گلزار ادبیات لرستان، اسفندیار غضنفری امرائی، ١٣٧٨.

٩-دوبیتی های بومی سرایان ایران، محمد احمد پناهی، ١٣٧٩.

١٠-سرود بادیە، در احوال و آثار شعرای کرد، لک، لر، ملا محی الدین صالحی، ١٣٨٠.

١١-کورد لە دەقە کۆنەکانی مێژوودا، ئەحمەد شەریفی (مهاباد)، ١٣٩٣.

١٢-فرهنگ لری، حمید ایزدپناە، ١٣٨٠.



هذا
رباعیات باباطاهر
لُر همدانی

بسم الله الرحمن الرحیم

| | |
|---|---|
| نگر شیر و پلنگی ایدل ایدل | بمو دایم بجنگی ایدل ایدل |
| اگر دستم فتی خونت وریژم | بوینیم تا چه رنگی ایدل ایدل |
| وله | |
| باین بی آشنائی برکیانشم | باین بی خان ومانی برکیانشم |
| همه از در بران سوخته ایم | ته کم از دربرانی برکیانشم |
| وله | |
| سوته دلهای بوره تا بنالیم | زعشق آن گل رعنا بنالیم |
| بشیم با بلبل شیدا به گلشن | اگر بلبل ننالد ما بنالیم |
| وله | |
| اگر مستان مستم از تو ایمان | وگر بی پا و دستم از تو ایمان |
| اگر گبریم و ترسا ور مسلمان | بهر ملت که هستیم از تو ایمان |
| خرم آنان که هر واوان ته وینن | سخن وا ته کرن وا ته نشینن |
| گرم دست بنی کایم ته وینم | بشم آنان بوینم که ته وینن |

ذیلی



وله فی الکردیات واللوریات

| | |
|---|---|
| انه کم آرزوی لو هن و قوت جان هن | پوست کندت بکیم کوشت برهٔ بریانهن |
| کشککن یا دمشن سینش چربن روهن | وحق نان که لو خشك مش این درمانهن |
| سفره هن چتر شهن صحن فلك قوسی چرخ | مه بدرن ندنم قرص خورن یانانهن |
| کاجن آن نوسترن سرو سهی شاخ سمن | موردن ریحن صوزن ندنم ترخانهن |
| مرغن آن کوك تهو کوفتر صحرائی هن | کز بر بخش سرالمدست وتنش پنهانهن |
| جوش برغن دولیی هن انه یا نیمی نان | یاقطابی که و نیسك بحق پیکانهن |
| کله سرکه و سرداری مش دعوی لوت | پاچش ودست دلیلن کدکش برهانهن |
| ارس خوئی جغرك می وزنن ازدم چش | فارغ ازوی سر بریان و لوخندانهن |
| چم بریان کدك شیرخره بزغاله | تخجکی هن که کیا شانه برما مانهن |
| انجتر کوشت مر ادل دمه وسرور کن | و انکه ترکلهٔ عزیزن چش وواز ووانهی |
| تومپر کرد عدس پزبه بزار سودا | که کرانهن پش ماهرچه ونهر ارزانهن |
| غرتو صدا اشترا قربان نسه نه خوان کرم | پش ده تازلهٔ بان همچوکی قربانهن |
| نه سر سفرهٔ ترکان وتر آش یخنی | غارتی هن که وه معنی نه کم ازتا لانهن |
| نن پهنش اشنز کفت که خال تونه روم | هندوئی هن که مقامش انه ترکستانهن |
| نه من چین کلوچه شوق زنکی خال | عنبرین خردهٔ مشکن زره کرمانهن |
| حلوی توشه که می شوت اصفر وایغنی | خرده ریزش زره کاك ابر غفتانهن |



# پێکهاتەی وشە لە شیعرەکانی صابریدا

پ.ی.د. لەیلا جەلیل عەباس

هەواڵنامەی کتێب

## پێشەکی:

صابری وەک شاعیرێکی بەسەلیقە و بە توانا توانیویەتی بەشێوازێکی باڵا زمانی شیعری خۆی بەکاربهێنێت و بیرۆکە و هەست و سۆزی خۆی ئاوێتەی وشەکان بکات و لە قاڵبی شیعردا بەرجەستەیان بکات.

بێگومان ئاخافتنی تاکە کەسی واتای توانای تاکە کەس دەردەخات، چۆن بتوانێت کرۆکی بیرۆکەکانی لە نێو وشەکاندا بتوێنێتەوە و بیگەیەنێتە بەرانبەر، (کرستال) پێی وایە ئاخافتن توانای تاکە کەسییە و لایەنی ماددی زمانە و دەشێت لە ئاخافتنەوە توێژینەوە لەسەر زمان و (لانگ) واتا سیستەمی پەیوەندیکردن بکرێت، کە (لانگ) لایەنی ئەبستراکی زمانە. کەواتە تاکەکانی کۆمەڵگا دەتوانن لە ڕێگای ئاخافتنەوە یان نووسینەوە بەهرەکانی خۆیان دەربڕن و بیرۆکەکانیان لە جوانترین قاڵبدا فەرمەڵە بکەن و یاری و گەمەی زمانیش ئەنجام بدەن. بێگومان ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ پاشینەی (باگگراوندی) ئەو تاکە کەسەی کە زمانەکە بەکار دەهێنێت، تاچەند توانیویەتی گەشە بە توانا عەقڵی و هزرییەکانی خۆی بدات. ئەم نەشونماکردنە عەقڵییە هۆکارێکە بۆ دروستکردنی دەسەڵات و توانای زمانی. بۆیە دەشێت بەپێی ئەو سیستەمە زمانییەی کە لەخزمەتی تاکدایە زۆر بە دروستی بەکاربهێنرێت و ڕستە و وشەی وەها دەربڕێت کە پێشتر کەس گوێ بیستی نەبووبێت یان توانای ئەوەی هەبێت لە ڕستە و وشەی وەها تێبگات کە پێشتر نەیبیستبێت. یان هەوڵی ئەوە بدات بەپێی پێویستی شیعری وشەی زۆر لەبار و گونجاو ڕۆبنێت. یان لە ئەنجامی خوێندنەوەی بەردەوام و گەڕان و پشکنین و ئەزموونی خۆیەوە دەشێت زمانی ئاخافتنی زۆر دەوڵەمەند و ڕەوان بێت. هەموو ئەمانەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی توانا و دەسەڵات بەسەر زمانەکەیدا.

صابری شاعیر یەکێکە لەو تاکە دەگمەنانەی کە توانیویەتی وشەکانی زمانی کوردی زۆر بەجوانی و ڕەوانی بەکاربهێنێت و فەرهەنگێکی زمانی دەوڵەمەندیش بۆ خۆی دابین بکات. لە فەرهەنگی زمانی صابریدا گەلێک پێکهاتە و وشەی ڕەسەنی کوردی دەبینرێت و زۆر بەجوانیش لە هۆنراوەکانیدا بەکاریانی هێناوە. هەروەها جێی ئاماژەیە، کە بووترێت گەلێک وشە هەیە دەشێت ئەمڕۆ وەک زاراوە بەکاربهێنرێت و بۆشاییەکی زۆری زمانەکەش پڕ بکاتەوە.

## صابری و پێکهاتەی وشە:

لێرەدا دەمانەوێت مشتێک بکەین بە خەرمانی فەرهەنگی زمانی ئەم شاعیرە و لە کۆمەڵێک پێکهاتەی ئەو وشانە بکۆڵینەوە کە شاعیر چەند بە شارەزایانە و بەئاگایانە بەکاری هێناون.

### ١ – چۆنیەتی بەکارهێنان و لێکدانی وشەی لێکدراو:

وشەی لێکدراو: لە سادەترین پێناسەی وشەی لێکدراودا هاتووە ((ئەو وشانەن، کە بەلای کەمەوە لە دوو مۆرفیمی سەربەخۆ و مۆرفیمێکی (بەند) یان بێ مۆرفیمی بەند پێک دێت))(١)



- رستگار:

شاعیر لە بەیتێکدا دەڵێت:

**یـارب العالمین و پـادشاهی بـێ نیـاز**
**ڕستگـارم کـەی لـە دوای نەفسی پیس و حیلە باز**

د.ص٩٢

بەکارهێنانی وشەی (ڕستگار) لە بری (ڕزگـار) ئەوە دەسەڵمێنێت کە شاعیر چۆن گەڕاوەتەوە سەر بنەمای بنەڕەتی وشەکە و ئەو گۆڕانە فۆنەتیکییەی کە بەسەر وشە لێکدراوەکەدا هاتووە دەستی لێپاراستووە و وشە لێکدراوە بنجییەکەی بەکارهێناوە. هەروەها لەم بەکارهێنانەشدا نهێنی لێکدانی وشەی (ڕزگار)یش ئاشکرا دەبێت،وەک:

**ڕست + گار ــــــ ڕستگار**

وشـەی (ڕسـت) لە بنەچەدا دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (ڕەستەن) بە مانای ((ڕێککەوتن، گەیشتن، هاتن، پێشهاتن کە بەمانای (ئـازاد بوون، بەڕەڵابوون، هەڕاکردن))(٢) دێت. پاشان لە وشەی (ڕەستار) دا بەکارهاتووە، کەواتای ((ڕزگـار، سەرفرازبووە، هـەڕاکـردوو، دوورکـەوتـوو)) (٣) دێت. هەر لەم ڕووەوە ئەم وشەیە لە چەند قاڵبێکی دیکەشدا دەبینرێت، وەک: ((ڕەستاری: ئازادی، بەڕەڵای، ڕەهای، ڕزگـاری)) (٤). کەواتە شاعیر لەم پێکهاتەیەدا گەڕاوەتەوە سەر بناخەی وشەکە و (ڕست) ی لەجیاتی (ڕز) بەکارهێناوە، کە ئەمیش ئەوە دەردەخات کە شاعیر ئاگاداری ئەو پێکهاتەیە بووە. هەر بۆیە لەچەند شوێنێکدا بەهەمان پێکهاتە بەکاری دەهێنێت.

- شەو گێژ:

ئەم وشەیە پێکهاتووە لە دووشەی سادە، وەک:

**- شەو + گێژ ــــــــــــ شەوگێژ**

دەشێت ئەم وشەیە وەک وشەیەکی زاراوەیی تەماشا بکرێت و بەرانبەر بە (السکران) ی عەرەبی بەکاربێت، هەر وەک شاعیر دەڵێت:

**بـەمـانـگـی ڕوومـــــەت و چـــاوی گـەلاوێـژ**
**مـوسـوڵـمـانـان عـیـلاجـێ بـوومـە (شـەوگـێـژ)**

د.ص ٩٨

جێی ئاماژەیە صابری شاعیر زۆر جار لە پێکهاتەی وشە لێکدراوەکاندا وشەیەکی بێگانەی لەگەڵ وشەیەکی کوردیدا تێهەڵکێش کردووە و وشەیەکی لێکدراوی ڕۆناوە. ئەم شێوازە ڕۆنانە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ زانینی زمانی دووەم و سێیەم چوارەمی شاعیر، هەر وەک لەم وشانەی خوارەوە دەردەکەوێت:

هەولێرنامەی کتێب

**- سەبەبساز:**

**سەبەب + ساز ____ سەبەبساز**

زۆر بەجێیە ئەم وشە لێکدراوە وەک زاراوەیەک بەکاربهێنرێت، چونکە پێکهاتەکەی کوردانەیە و لەسەر کێشی چەخماخساز ڕۆنراوە. صابری دەڵێت:

**دەستی من کوتاه و خورما بەرز و بالای ئەی خودا**
**تۆ سەبەبسازی بکەی ڕۆژێ کە خورما بێتە دەس**

د. ص ١٠٠

**- تالعی لێژ:**

**تالع (گالع) + ی + لێژ _____ تالعی لێژ**

ئەم وشە لێکدراوە دەشێت وەک زاراوەیەک بەرانبەر بە (النحس) ی عەرەبی بەکاربهێنرێت و زیاتر بەرەو قاڵبە کوردیەکەش ببرێت و بکرێت بە (بەختلێژ). صابری دەڵێت:

**بە بەرزی قامەتی کۆتاهە دەستم**
**بەڕاستی سەرووی قەدی تالعم لێژ**

د.ص٩٧

یان دەفەرمێت:

**خودا بەختی بڵندی دا بەئێوە**
**بەئێمە دەستی کورت و تالعی لێژ**

د.ص ٩٩

جێی سەرنجە لەم بەیتەی سەرەوەدا وشەی (دەسکورت) کە، وەک ئیدیەمێک بەکارهاتووە دەشێ وەک وشەیەکی لێکدراوی زاراوەیی بەرانبەر بە (الفقر) ی عەرەبی بەکاربهێنرێت.

**- پابووس:**

**پا (پێ) + بووس ____ پابووس**

ئەم پێکهاتەیە بریتییە لە (پا) یان (پێ) و (بوس) ی عەرەبی کە بە واتای (پاماچکەر _ پێ ماچکەر) دێت. شایانی باسە و جێی ئاماژەیە، کە بەپێی پشکنینی ئێمە وای بۆ دەچین، کە صابری یەکەم کەس بووە ئەم وشە لێکدراوەی ڕۆنابێت و لە هۆنراوەدا بەکاری هێنابێت. دەشێت زاراوەئاسا بۆ وشەی (الدنیو) ی عەرەبی بەکاربهێنرێت.

**- حەقوێژ:**

**حەق + وێژ لە (وتن)ەوە _____ حەقوێژ**

دەشێت ئەم پێکهاتەیەش وەک زاراوە بەرانبەر بە وشەی (العادل) ی عەرەبی بەکاربهێنرێت و بکرێت بە (ڕاستوێژ)، شاعیر دەڵێت:

**صابری (حەق وێژە) گەر خوێنی بڕێژن فی المپل**
**نەخشی ئەکا ڕووی زەوی مانەندی (منصور)ی هەلاج**

د. ص ٧٥



- نیک کار:

**نیک + کار ______ نیککار**

وشەی (نیک) وەک ئاوەڵناوێک لەم پێکهاتەیەدا قاڵبە فارسییەکەی وەرگرتووە، چونکە لە پێکهاتەی وشەی لێکدراوی کوردیدا (کارچاک) ە. واتا ئەو مرۆڤەی کە کاری چاک ئەنجام دەدات. کەواتە (نیک) وشەیەکی فارسییە و لەگەڵ (کار) ی کوردیدا وشەیەکی لێکدراوی ڕۆناوە، وەک:

**نیک کاری لە بەد کاران مەحاڵە**
**بەدی ناکاتە خوو مەردی نیک کار**

ص ٨٨.

- جانفیدا:

**جان + فیدا ______ جانفیدا**

ئەم وشەیە بە مانای گیان بەخشین دێت وشەی یەکەم (جان) قاڵبە تورکییەکەی وەرگرتووە، کە لە بنەڕەتدا (گیان) ە، هەروەها وشەی دووەم (فیدا) وشەیەکی عەرەبییە و کەوتۆتە بەر فۆنەتیکی زمانی کوردییەوە و کوردێنراوە، وشە عەرەبییەکەش (الفداو)یە.

- ناشی سوار:

لەم وشە لێکدراوەدا وشەی (سوار) لێکدراوێکی (نێو چەقییە) و بووەتە (سەرە) و بەهۆی بەشی یەکەمەوە وەسفکراوە. واتا بەشی یەکەم وەک ئاوەڵناوێک ڕەفتاری کردووە و توانیویەتی بەشی دووەم دەربخات، وەک:

**ناشی + سوار ______ ناشی سوار**

بێگومان لە ڕۆنانی ئەم وشەیەدا توانای صابری نیشان دەدات، کە چۆن توانیویەتی ئەو وشە عەرەبییە لە نێو بۆتەی وشەیەکی لێکدراوی کوردیدا بتوێنێتەوە، وەک دەڵێت:

**صابری وریابە (ابناء)ی زەمان نزدیکە لێت**
**نەک بڵێن (ناشی سوارە) ڕوو لە جێی چاڵی دەکا**

د. ص ٤٤

- عەزمی سەفەر:

صابری شاعیر هەر دوو وشەی (عزم) و (سفر) ی عەرەبی لە قاڵبێکی کوردانەدا تواندۆتەوە و بەکاری هێناوە، کە پێکهاتەکەی بەم شێوەیەیە

**عەزم + ی + سەفەر ______ عەزمی سەفەر**

وشەی عەزمی سەفەر بە واتای (سوربوون لەسەر ڕۆیشتن، یان کۆچکردن)

وەک دەڵێت:

**ماتەمە، شیوەنکە ئەی دڵ، چاوە ئەمجا بێرە ئێش**
**وا دلارامم ئەکا (عەزمی سەفەر) ڕێی هاتە پێش**

د. ص ١٠٤

هەواڵنامەی کتێب

جێی ئاماژەیە کە صابری شاعیر لەگەڵێک شوێندا هەوڵی تواندنەوەی وشە عەرەبیەکان دەدات لەنێو بۆتەی زمانی کوردیدا، کە ئەم ڕێگایەش دەشێت ئەمڕۆ لە بواری زاراوەسازیدا سوودی لێ وەرگیرێت. هەروەک چۆن زمانی ئینگلیزی توانیویەتی بەهۆی وەرگرتنی وشەی بێگانە و خستنە ژێر فۆنەتیکی زمانی ئینگلیزییەوە زمانەکەیان دەوڵەمەند بکەن و بە ملیارەها خەڵکیش بەکاری بهێنن. زمانی ئینگلیزی لەسەدا (٦٥) ی وشەکانی ئینگلیزی نین، بەڵکو لە زمانانی دیکەوە وەرگیراون و جلوبەرگی ئینگلیزییان بە بەردا کراوە (٥). بۆیە ئەم زمانە بۆ وشە دانامێنێت و کێشە زاراوەییەکانی کەمترە...هتد. ئەم ڕێبازی وەرگرتن و تواندنەوەیە لە میانەی شیعرەکانی صابریدا بەرچاو دەکەوێت و زۆر بە زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵیاندا کردووە، بۆ نموونە صابری دەڵێت:

چوو بە (زایە) گەنجی عومرم لەم مەراقە چاکە بمـــرم
ڕۆژ ئەڵێی سەرخۆشی خەمرم شەو لە خەودا وەک جەماد

د. ص ٨٠

یان دەڵێت:

ماڵ و عومرم چوو بە (زایە) باعیی نەفس و هەوایە
یـاخـودا سا پـایەپایە بێمەوە سەر ڕێـی ڕەشـاد

د. ص ٨١

لێرەدا وشەی (زایە) لە وشەی (الچائع) ی عەرەبییەوە وەرگیراوە، کە بەمانای (بەفیڕۆدان) یان (ونبوو – سەرگوم) دێت. ئەم وشە عەرەبیە بەشێوەیەک تواوەتەوە، کە خاوەن زمانەکە ناتوانێت بیناسێتەوە، چونکە بە تەواوەتی کەوتۆتە ژێر فۆنەتیکی زمانی کوردییەوە. ئەمیش یەکێکە لە توانا زمانییەکانی صابری شاعیر.

جێی ئاماژەیە کە ئـەم شاعیرە بە سەلیقەیە لە بەکارهێنانی وشە لێکدراوە کوردیەکانیشدا دەستێکی باڵای هەبووە و توانیویەتی فەرهەنگی زمانی کوردی دەوڵەمەند بکات، وەک:

**- ترم و تار:**

ئەم وشە لێکدراوە بریتییە لە:

**ترم + و + تار ______ ترموتار**

ئەم پێکهاتەیە لە فەرهەنگی ناوە دەنگە سروشتییەکانی زمانی کوردیدا لە قاڵبی (ترمەترم) هاتووە، کە بەمانای: ((ترماندن، ناوی دەنگی ئادەمیزادە کاتی قسە کردن لەبەر خۆیەوە و بەنزمی و نیشانەی نارەزایی و تووڕەبوونە و هاومەبەستی بۆڵەیە. دەگوترێ، فلانەکەس ترمەترم، یان ترمە و بۆڵەیەتی)) (٦) یان لە کاتی نانخواردندا وشەی (خرمەخرم) بەکاردێت. بەڵام ئەوەی جێی سەرنج بێت ئەوەیە کە وشەی (ترم و تار) ئەوەندەی ئێمە لە پشکنینەکانماندا بۆی گەڕابین بەرچاومان نەکەوتووە،



تەنها لە دیوانی صابریدا نەبێت، کە بەو شێوە لەبارە بەکاری هێناوە و چەند جارێکیش لە چەند بەیتێکدا دووبارەی کردۆتەوە.

**لە ترم و تار و تیرت تێر نەبوومە**
**بەکاوی دڵ بەچاوی تۆ بهاوێژ**

**د. ص ٩٨**

یان:

**نیوەشەو بوو چاو لە خەو بوو لەب بە ترم و تارەوە**
**حبژا تۆران و عاجزبوون و ئازاری لژێژ**

**د. ص ٨٥**

**- لامێژ :**

وشەی (ترم ) وەک ناوی دەنگی سروشتی لە کاتی قسەکردندا هاتووە. بەڵام (تار) لە فەرهەنگدا بەمانای (ئامرازی مۆسیقا) (٧) یان ((تار: شتێکە وەک کەمانج لێ ئەدرێ و دەنگێکی خۆشی هەیە)) (٨). کەواتە صابری شاعیر توانیویەتی (ترم) وەک ناوی دەنگ لەگەڵ (تار) دا وەک دەنگێکی مۆسیقی تێکەڵ بکات و وشەیەکی لێکدراو ڕۆبنێت، وەک:

ئاوەڵکرداری (لا) + ڕەگی چاوگی (مژین / مـژ – مـێـژ )

ئەم وشەیە لە فەرهەنگدا بەم جۆرانەی خوارەوە هاتووە: ((لامـێـژ: بێچوێ کە شیری جگە لە دایکی خۆی دەمژێ)) (٩) هەروەها ((لامـێژ: مناڵێکە کە ناو بەناو مەمکی ئافرەتێکی شیردار بمژێ، جگەرە کێشێکە کە خۆی هەرگیز جگەرە هەڵنەگرێ، وە لەم و لەو داوا بکا)) (١٠). یان بەم شێوەیەش هاتووە: ((لامژ: بێچووە شیرەخۆرە کە مەمکی جگە لە دایکی دەمژێ، کەسێ کە لە جگەرەی خەڵکی مژ دەدا)) (١١). کەواتە ئەم دوو پێکهاتە لێکچووە بۆ دوو مەبەستی جیاواز ڕۆنراوە (لامژ) بۆ شیرەخۆرەی مرۆڤ و (لامێژ) بۆ بێچووە ئاژەڵ بەکاردێت. بۆیە پێویستە ئاماژە بە (ێ) ی (لامـێـژ) بدرێت. بەپێی بۆچوونی ئێمە مورفێمی (ێ) وەک (ئینفیکس – نێوگر) توانیویەتی ئەو ڕەگی چاوگە دوو لەت بکات و وشەیەکی نوێ بۆ مەبەستێکی نوێتر ڕۆبنێت، چونکە نێوگر (INFFIX): زاراوەیەکی لاتینیە بە واتای (تێ هەڵکێشان) هاتووە. ئەم جۆرە لە ناوەندی ڕەگی وشەدا دادەنرێت و دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای وشەکە. وەک:

(م + ێ + ژ ______ مـێـژ ) کەواتە جیاوازی نێوان (مژ) و (مـێـژ) مۆرفێمی (ێ) یە کە تەنها بۆ بێچووی ئاژەڵ بەکار دێت. وەک دەفەرمێت:

**بپرسە صابری چۆنە لە دووریت**
**پەرێشانە میسالی بەرخی لامێژ**

**د. ص ٩٧**

هەواڵنامەی کتێب

یان:

بەغەمزەی چاوی دڵ تەسکینی نایێ
وەکو بیستومە بۆتە بەرخی لامێژ

د.ص ٩٩

- توشنەگان:

لە ئاکامی لێکدانەوەی ئەم وشەیەدا گەیشتینە هەندێک ڕاستی ، وەک: وشەی (توشنە): بەپێی ئەو سەرچاوە و فەرهەنگانەی لەلای ئێمەدان ئەم وشەیە لەم قاڵبەدا تۆمار نەکراوە، د. مارف خەزنەدار لە (دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی) دا نوسیویەتی: ((تیشنە: تینوو، هەموو ئادەمیزاد و حەیوانێکی پێویستی بە ئاو و خواردنەوە هەبێ)) (١٢) لە فەرهەنگی هەژێر لە چەند قاڵبێکدا دەرکەوتووە، وەک: ((تشنە: تیوونی، تینوو، تینگ، تی، تین، تێن، تێنو، تیهن، تیهنی، تەژنە..)) (١٣) هەروەها: ((تشنگی، تینگی، تینوێتی، تینوەتی، تینوابەتی، تونیایەتی)) (١٤) دیسان: ((تشنگام: فرەتینگ، زۆر تیوونی)) (١٥) ئەم وشەیە و بەکارهێنانی لەلای صابری شاعیر کورداندنی تێدایە چونکە (ی) وشەی (تیشنە) ی گۆڕیوە بۆ (و) و زیاتر لەگەڵ فۆنەتیکی گەرمیاندا گونجاندوویەتی و نیشانەی (ان) ی (کۆ) شی خستۆتە سەر. لەگەرمیاندا دەوترێت (توینگ، تینگ) بۆیە ئەم وشەیەی لە قاڵبی (توشنەگان) مەیاندووە و لەگەڵ سەلیقە زمانییە گەرمیانییەکەشدا ڕێ دەکات ، وەک دەڵێت:

(صابری) سەبری نەما وەک توشنەگانی کەربەلا
لازمە وابێ سولالەی تاهیرەی شاهی (نجف)

د. ص ١٢٤

- دەساژو:

ئەم وشە لێکدراوە بەمانای (ماڵی) کردن دێت، کە پێکهاتووە لە:

**ناو + ڕەگی چاوگ ________ وشەیەکی لێکدراو**

**دەست + ڕەگی چاوگی (ئاژۆتن – ئاژو) ______ دەساژو**

لە زمانی کوردیدا دیاردەی لەناوچوونی دەنگ شتێکی ئاساییە و بەتایبەتی نەمانی

دەنگی (ت) لە وشەی (دەست) دا ، وەک:

**دەستەسڕ _____ دەسەسڕ**

**دەستهاڕ ______ دەستاڕ _____ دەساڕ**

کەواتە وشەی (دەساژو) بەرهەمان دیاردە کەوتووە و دەنگی (ت) لە وشەی (دەست) هەڵوەریوە و لە قاڵبی (دەس) دا ماوەتەوە، هەروەها جێی ئاماژەیە کە دەنگی هەمزەی (ء) کەوتە نێو ناوەندی وشەوە تێدەچێت و ئەرکە دەنگییەکەی لەسەر نامێنێت، بۆیە دەسوێت، لە ئاکامیشدا وشەکە لە قاڵبی (دەساژو) دا دەمەێت. صابری شاعیر دەڵێت:



تاوەکو بەرخی (دەساژۆ) نانی شوانی نەفس ئەخۆی
سەد بەلا بۆ تۆلە پارێزایە وەک گورگ و بەراز

د. ص ٩٢

یان:

خۆت دەزانی خۆ (دەساژۆ) بەستنی ناتەوێ
بۆ مریشک و جوجەڵە نەجارِ ناتاشێ قەفەس

د. ص ١٠١

کەواتە ئەم وشەیە بەمانای (ماڵی) کردن دێت، وەک لەو دوو بەیتەدا دەردەکەوێت. جێی ئاماژەیە ئەم وشەیە زۆرجار بۆ مرۆڤی بێ دەسەلات و بێ توانا وەک تانە لێدان بەکاردێت:

- **ئای کە مرۆڤێکی دەسەژۆی!**
- **بەڕاستی دەسەژۆی!**

وشەی (دەسەژۆ) هەر هەمان ئەو وشە لێکدراوەیە کە (صابری) بۆ بەرخ و مریشک و جوجەڵە بەکاریهێناوە، بەلام هەندێک گۆڕانی فۆنەتیکی دیکەی بەسەردا هێناوە، وەک: گۆڕانی دەنگی (أ) بۆ (ە) و گۆڕانی (و) بۆ (ۆ) ئەم گۆڕانە دەنگییەش وای کردووە ئەم وشەیە بۆ یەک مەبەست و دوو ڕەگەزی جیاواز (مرۆڤ و گیاندار) بەکاربێت و لێکیش جودا بکرێنەوە. لەم لێکچواندنەدا گواستنەوەی وێنەی ماڵی کردن و (دەساژۆ) کردنی ماڵات و پەلەوەر بۆ تانەلێدانی مرۆڤی بێ توانا بەوەی دەبێت کەسێک ڕێنیشاندەر و ئاماژەکەری بێت.

صابری شاعیر بەهۆی توانا زمانییەکەیەوە توانیویەتی هەندێک لە پێکهاتەی وشە لێکدراوە کوردییەکان بگۆڕێت و جێگۆڕکێیان پێبکات، بە تایبەتی ئەو وشانەی، کە وشەی سەرەیان تێدا نییە، وەک وشەکانی (شەڕوشۆڕ، پەڕوباڵ، غەمزەوناز...) بۆ نمونە:

ئەی لەبەر ئەو جووتە چاوی مەست و بیمارت مرم
قاتیلانی بێ دلان و مائیلانی (شۆڕوشەڕ)

د.ص٩٠

یان:

لیس للانسان الاماسعی ئەمما چ سوود
دولبەرم شابازە صابر کۆتری بێ(باڵ وپەڕ)

د. ص ٩٠

یان: دڵ و جان گەر لە دەردو غەمی دووری دوورن
هیچ فەرقی نییە کەوتونەوە بەر (غەمزەوناز)

د.ص٩١

لێرەشدا دەبێت ئاماژە بەوە بدەین، کە ئەو وشانەی جێگۆڕکێیان پێکراوە لە ڕووی واتاوە نابێتە هۆی تێکدانی مانا و پێکهاتەکەی، بۆیە بەپێی پێویستی شیعری دەسکاری کردوون. یان هەندێک جاری دیکە ئەو پێویستییە شیعرییە وای کردووە دەنگ هەڵوەرێنێت و لە ئاخافتنی ئاساییدا بەکارنەیەت، وەک (کۆنەوتاز).

**بەخەبەر هاتم و زوو سەجدەی شوکرم هێنا**
**کە هەموو زامی دڵم خۆش بووەوە کۆنەوتاز**

د.ص ٢٠٠

- **گردوکۆ:**

**گرد + و + کۆ ________ گردوکۆ**

وشەی (گرد) لە (گرد کردنەوە)، بەمانای خڕکردنەوەی کۆمەڵە شتێک پێکەوە. (کۆ) بە مانای کۆکردنەوەی ماڵ و سەروەت و سامان هەر دوو وشەکە پێکەوە بە مانای پاشەکەوت کردن و کۆکردنەوەی ماڵ و ناو ماڵ دەگەیەنێت، کە بەلای (صابری)یەوە شتێکی فانییە و جێهێشتنە. دەشێت ئەم وشەیە وەک زاراوەیەک بەکار بێت. (گردوکۆکەر) لەبڕی (الجشع) ی عەرەبی بەجێیە.

**ئەجەل ئامادەیە، بۆ تەخت و تراجت، چ عەقڵێکە**
**خەریکی (گردوکۆ)ی ماڵی، سبەی بۆ خەڵکی جێدێڵی**

د. ص ٢٠٠

- **دووگومان:**

لە پێکهاتەی (دووگومان) دا ئەوە بەدی دەکرێت کە شاعیر چۆن نوانیویەتی پێکهاتەی (بێگومان) بگۆڕێت بەو پێکهاتە تازەیە، کە بریتییە لە:

**دوو + گوما ________ دووگومان**

جێی ئاماژەیە وشەی (گومان) دەشێت جارێکی تر بەسەر مۆرفیمەکانیدا دابەش بکرێت. ئێمە وای بۆ دەچین ئەم وشەیە لە دوو مۆرفیم دروست بووبێت، وەک:

**گوم + ان ______ گومان**

وشەی (گوم) بەمانای بزرکردن دێت. مۆرفیمی (ان) یش وەک پاشگر ڕۆڵی ڕۆنانی بینیوە، چونکە بەپێی دابەشبوونی مۆرفیمی و لۆژیک و واتا ۆشەی (گومان) بزرکردن و لە دەستدانی متمانەیە و دروستکردنی دڵە ڕاوکێیە. بۆیە (صابری) شاعیر یەک گومانی نەبووە بەڵکو (دووگومان) ی هەبووە، وەک دەڵێت:

**هەر دڵ و جانە نپاری خاکی پێی جانانە**
**(دووگومانە) صابری ئاخۆ قبوڵە یا نەبێ**

د. ص ٤١



- **چاپەز:**

ئەم وشە لێکدراوە بە مانای (قۆڕی) دێت، کە شاعیر بۆ ئەو مەبەستەی بەکارهێناوە. لە واتایەکی دیکەی ئەو وشەیەدا ((چای لێنەرە: ١ – ئەو کەسەی کە چای لێدەنێ ٢ – قۆڕی چای، سەماوەری تێ دەکرێ)) (١٥). کەواتە ئەم وشە لێکدراوە بریتییە لە (چا + پەز) وشەی (چا) ئاشکرایە و وشەی (پەز) لە فەرهەنگدا بە واتای : ((لێنەر)) (١٦) هاتووە. لەسەر پێوانەی چاپەز (ئاشپەز) یش ڕۆنراوە، بە واتای (چێشتلێنەر – ئاشلێنەر). کە دەشێت ئەم دوو وشە لێکدراوە وەک زاراوە بەکاربهێنرێت و زیندوو بکرێنەوە.

(صابری) شاعیر دڵی بە فۆرییەک چواندووە و دەڵێت، (چاپەزی دڵ) بە (چا)ی عەشق و فرمێسکی چاو لێنێ و (شەکری عەقڵ) بخەرە ناو ئەو چایە و ئەگەر پۆ خەیاڵی چاک دەکەیت، بۆ نمونە:

**چاپەزی دڵ لە چای عەشق ئاوی چاو دەم کە تۆ**
**شەکری عەقڵی تێ فڕێدە کە خەیاڵی چا دەکەی**

**د.ص ٢٤٣**

- **گڕوفڕ:**

ئەم وشە لێکدراوە کە صابری شاعیر بەکاریهێناوە پێکهاتووە لە:

ناو + ئینتەرفیکسی (و) + ڕەگی چاوگی (فڕین) ______ وشەیەکی لێکدراو

گڕ + و + فڕ ________ گڕوفڕ

ئەم وشەیە لە فەرهەنگدا بە واتای: ((١ – کڵپەی لەپڕ و نەکاو ٢ – شتێ کە زوو بفەوتێ، ٣ – شات و شوت)) (١٧) صابریش دەڵێت:

**گـڕوفـڕی جنبشی جملە وحـوش و هـەم گیور**
**هـەر لـە ئـەوجی ئـاسمان تـاکو بـیابان و بحور**

**د.ص ٤١**

کەواتە ئەم وشەیە بە واتای دووەم بەکارهاتووە، شتێ کە زوو بفەوتێت، کاتێک کە شتێک دەسووتێ و گڕی تێبەر دەبێت و دەبێت بە خۆڵە مێش ئەوا دەفڕێت و دەچێتە ئاسمانەوە و کۆتایی پێدێت. بۆیە ئەو هەموو شتانە بەلای شاعیرەوە (گڕوفڕە).

- **ئەنجام:** بە پێویستی دەزانیین ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە چەند خاڵێکدا دیاری بکەین:

١ – شاعیر توانایەکی باڵای بەسەر زمانەکەیدا هەبووە و توانیویەتی بە دروستی بەکاری بهێنێت و داهێنانیشی تێدا بکات.



# جیهانە شاراوەکانی هاروکی مۆراکامی



لە ئینگلیزییەوە: گوڵان مەحموود

ئەم چاوپێکەوتنە لەو گفتوگۆیانە وەرگیراوە کە ساڵی ٢٠٠٨ و ٢٠١٨ لە ڤیستیڤاڵی نیو یۆرکەردا لەلایەن دیبۆرا ترایسمان لەگەڵ هاروکی مۆراکامی ئەنجامدراوە.

هاروکی موراکامی:- دوایینجار کە چاوپێکەوتنمان کرد پێش دە ساڵ بوو، زۆرشت ڕوویانداوە لەماوەی ئەم دە ساڵەدا، بۆ نموونە دە ساڵ گەورەتربووم، وە ئەوە شتێکی ئەوپەڕی گرنگە بەلایەنی کەمەوە بەلای خۆمەوە. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەورە دەبم، وە چەند گەورەتر دەبم دەبینم بەشێوەیەکی جیاواز بیر لە خۆم دەکەمەوە لەو شێوەیەی کە لە گەنجیمدا دەمکرد. ئەم ڕۆژانە هەوڵەدەم کە پیاوێکی خانەدان بم. وەک دەزانیت ئاسان نییە کە ڕۆماننووس و خانەدان بیت لە یەک کاتدا. وەک ئەوەیە کە سیاسییەک هەوڵبدات لە یەک کاتدا ئۆباما و ترامپیش بێت پێکەوە. بەڵام پێناسەیەکی تایبەت بە خۆمم هەیە بۆ ڕۆماننووسی خانەدان: یەکەم: لەبارەی ئەو باجانەوە نادوێت کە پێویستە بیدات. دووەم: لەبارەی مەعشوقەکان و دڵدارەکانی پێشترییەوە نانووسێت. سێیەم: هەرگیز بیر لە خەڵاتی نۆبڵ ناکاتەوە. بۆیە ترایسمان ئەگەر دەتەوێت تێنەکەوم پرسیاری خەڵاتی نۆبڵم لێمەکە.

**نووسەری خاوەن شێواز و قۆناغ و شوێنی تایبەت بەخۆی، شوێنە تاریکەکان کە ڕێکەوتیان دەکات لەسەر لاپەڕەکە.**

هەواڵنامەی کتێب

**دیبۆرا ترایسمان: بەڕاستی پرسیارگەلێکی زۆرم لێدەڕژێت! دەمەوێت بە کتێبە نوێیەکەت دەستپێبکەم، ڕۆمانە نوێیەکەت: «کوشتنی فەرماندە»، کە ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە لە دەوری پیاوێک دەخولێتەوە کە هاوسەرەکەی جێیهێشتووە، ڕێگاکەی بەوە دوایی دێت کە لە ماڵی هونەرمەندێکی کۆندا بژی، وێنەکێشە. تەنها بە گەیشتنی بۆ ئەو ماڵە، زۆر شتی نامۆ ڕوودەدەن، وە هەندێک لەوانە وەک ئەوەیە کە لە چاڵێکی زەویدا بێنە دەرەوە_بیرێکی بەتاڵ. من دەپرسم چۆن بیرت لە سەرەتای ئەو ڕۆمانە کردەوە؟**

**هاروکی موراکامی:** «کوشتنی فەرماندە» کتێبێکی قەبارە گەورەیە، دەزانیت، ساڵ و نیوێک یان زیاتری پێچوو بۆ نووسینی، بەڵام لەڕاستیدا بە بڕگەیەک یان دووان دەستیپێکرد، ئەو بڕگانەم نووسی و خستمە چەکمەجەی کتێبخانەکەم، وە بەتەواوی لەبیرمکرد، دواتر، ڕەنگە دوای سێ یان شەش مانگی ڕابردوو، بیرۆکەیەک بۆ تەواوکردنی ئەو یەک دوو بڕگەیەی ڕۆمانەکە هات بە مێشکمدا. دەستم کرد بە نووسین و نە نەخشەیەکم هەبوو، نە کاتپێوێک، وردەکاری چیرۆکەکەم نەبوو، تەنها لەو یەک دوو بڕگەیەوە دەستمپێکرد و بەردەوام بووم لە نووسین، وە چیرۆکەکە پێشڕەوی کردم بۆ کۆتایی. ئەگەر نەخشەیەکت بۆ نووسین هەبێت، ئەگەر کۆتاییەکە بزانیت کاتێک دەستپێدەکەیت، هیچ چێژێک نابێت لە نووسینی ڕۆماندا. تۆ دەزانێت، وێنەکێش دەتوانێت هێڵکارییەک بکێشێت بەرلەوەی دەستکات بە وێنەکێشان، بەڵام من وا ناکەم، ڕووبەرێکی سپی هەیە، وە منیش ئەم فڵچەیەم بەدەستەوەیە و هەموو ئەوەی دەیکەم تەنها کێشانی وێنەکەیە.

**دیبۆرا ترایسمان: کەسایەتییەک هەیە، یاخود بیرۆکەیەک، لە ڕۆمانەکە بەشێوەی سەرۆکێکی سوارچاک لە ئۆپێرای «دۆن جیۆڤانی» مۆزارت وەرگیراوە. بۆ ئەم بیرۆکەیە، ئەم کەسایەتییە لە ناوەڕاستی ئەم کتێبە؟**



بەشێوەیەکی گشتی بە ناونیشانێك دەست بە کتێبەکانم دەکەم، لەم حاڵەتەدا، ئەم ناونیشانەم هەیە: کوشتنی فەرماندە، وە بڕگەکانی سەرەتای ئەم کتێبەم هەیە، دەمپرسی دەبێت بتوانم چ جۆرە چیرۆکێك بەوشێوەیە بنووسم، هیچ شتێکی وا نییە لە سەرۆکی فەرماندە بچێت لە یابان، بەڵام هەستم بە نامۆیی ناونیشانەکە کرد، وە زۆر هەستم بە قایلبوون دەربارەی ئەو نامۆییە کرد .

هاروکی مۆراکامی



**هاروکی موراکامی:** بەشێوەیەکی گشتی بە ناونیشانێک دەست بە کتێبەکانم دەکەم، لەم حاڵەتەدا، ئەم ناونیشانەم هەیە: کوشتنی فەرماندە، وە بڕگەکانی سەرەتای ئەم کتێبەم هەیە، دەمپرسی دەبێت بتوانم چ جۆرە چیرۆکێک بەوشێوەیە بنووسم، هیچ شتێکی وا نییە لە سەرۆکی فەرماندە بچێت لە یابان، بەڵام هەستم بە نامۆیی ناونیشانەکە کرد، وە زۆر هەستم بە قایلبوون دەربارەی ئەو نامۆییە کرد.

**دیبۆرا ترایسمان:** ئایا ئۆپێرای «دۆن جیۆڤانی» بەلای تووە گرنگە؟

**هاروکی موراکامی:** کەسایەتییەکی زۆر گرنگە بەلای منەوە، بەشێوەیەکی گشتی کەسایەتییەکان بەکارناهێنم، وە لە پیشەی تایبەتیمدا، جارێک یەک کەسایەتی ڕاستەقینەم بەکارهێنا، پیاوێکی خراپ بوو، کەسێک کە زۆر خۆشم نەدەویست، وە دەمویست لەبارەیەوە بنووسم، ئەوەم تەنها یەکجار کرد، هەموو ڕووداوەکانی چیرۆکەکانم خۆم لە سەرەتاوە خولقاندوومن، لە خاڵی سفرەوە. جارێک کەسایەتییەکم خولقاند، یەکسە دەستیکرد بە جوڵە، هەموو ئەوەی کە لەسەرم پێویست بوو سەیرکردنی بوو کە بەو تەنیشتەدا دەڕۆشت، قسە دەکات و شتەکان دەکات. من نووسەرم، وە منیش سەیریدەکەم بەتەنیشتمدا دەڕوات، دەدوێت و شتەکان دەکات وە من دەنووسم، بەڵام لە هەمان کاتدا هەستدەکەم خەریکی خوێندنەوەی هەندێک کتێبی گرنگ و سەرنجڕاکێشدام. لەبەرئەوەیە من چێژ لە نووسین دەبینم.

**دیبۆرا ترایسمان:** کەسایەتی سەرەکی لە ڕۆمانەکە گوێ لە ئۆپێرا هەروەها ئەو مۆسیقایانەی کە لە کتێبەکەدا ناوت هێناون دەگرێت، هەمیشە کەسایەتییەکانت گوێ لە گرووپێکی دیاریکراو یاخود جۆرێکی دیاریکراوی مۆسیقا دەگرن، ئەوە یارمەتیت دەدات بۆ ناسینیان؟

**هاروکی موراکامی:** گوێ لە مۆسیقا دەگرم کاتێک دەنووسم، بۆیە زۆر ئاساییە کە مۆسیقا لە نووسینەکانمدا هەبێت، زۆر بیر لە جۆرایەتی ئەو مۆسیقایانە ناکەمەوە، بەڵام مۆسیقا وەک جۆرێک لە خواردنە بەلای منەوە، هێزی ئەوەم دەداتێ بنووسم، بۆیە زۆرجار لەسەر مۆسیقا دەنووسم، وە زۆرجار لەسەر ئەو مۆسیقایانە دەنووسم کە حەزم لێیەتی، ئەوە بۆ تەندروستیم باشە.

**دیبۆرا ترایسمان:** ئایا مۆسیقا تەندروستیت دەپارێزێت؟

**هاروکی موراکامی:** بەڵێ، زۆر زۆر، مۆسیقا و پشیلەکان، زۆر یارمەتییانداوم.

**دیبۆرا ترایسمان:** چەند پشیلەت هەیە؟

**هاروکی موراکامی:** هیچ پشیلەیەک. ڕۆژانە لە نزیک ماڵەکەم ڕادەکەم، وە بەشێوەیەکی ڕێکخراو، سێ بۆ چوار پشیلە دەبینم لەو نزیکانە، ئەوان بۆ من هاوڕێن، دەوەستم تا سڵاویان لێبکەم، ئەوانیش لێم نزیک دەبنەوە، باش یەکتر دەناسین.

دیبۆرا ترایسمان: کاتێک گۆڤاری نیویۆرکەر بەشێک لە ڕۆمانی «کوشتنی فەرماندە»ی بڵاوکردەوە، دەربارەی ڕەگەزە خەیاڵییەکانی پرسیارم لێکردیت، ئەو کاتە گوتت: «کاتێک ڕۆمانەکان دەنووسم ڕاستی و خەیاڵ بە شێوەیەکی سادە تێکەڵ بەیەک دەبن، کارەکە وەک ئەوە نییە کە شوێن نەخشەیەک بکەوم کاتێک کە دەنووسم، چەند هەوڵبدەم بەشێوەیەکی واقیعی و کرداری بنووسم، دەبینم بەشێوەیەکی ناواقیعی دەنووسم و جیهانە خەیاڵییەکە زیاتر دەبێت. بەلای منەوە ڕۆمان شێوەیەکە لە ئاهەنگ، هەرکەس بیەوێت دەتوانێت بێت، وە ئەوانەی کە دەیانەوێت بڕۆن دەتوانن ئەوە بکەن ئەو کاتەی کە دەیانەوێت. کەواتە، چۆن دەتوانیت خەڵک و شتەکان بۆ ئەم ئاهەنگە بانگهێشت بکەیت؟ یان چۆن دەتوانیت بگەیتە قۆناغێک واتلێبکات بەشێوەیەک بنووسیت وا لە خەڵک بکات بێن بێئەوەی پێویست بکات بانگهێشتیان بکەیت؟

هاروکی موراکامی: هەمیشە خوێنەرەکان پێمدەڵێن کە جیهانێکی ناواقیعی هەیە لە کارەکەمدا، کە پاڵەوانەکە دەچێت بۆ ئەو جیهانە و پاشان دەگەڕێتەوە بۆ جیهانی ڕاستەقینە. بەڵام من هەمیشە ناتوانم هێڵی جیاکەرەوەی نێوان ڕاستی و خەیاڵ ببینم. بۆیە، زۆرجار تێکەڵ بەیەک دەبن. لە ژاپۆن، پێموایە جیهانەکەی تر نزیکە لە ژیانی





ڕاستەقینەمان، وە ئەگەر بڕیارماندا بچین بۆ لایەکەی تر، ئەوە کارێکی زۆر سەخت نییە. پێموایە لە جیهانی ڕۆژئاوا ئەوە ئاسان نییە. بەڵام لە ژاپۆن، ئەگەر بتەوێت بچیت بۆ ئەوێ، ئەوا دەچیت بۆ ئەوێ. بۆیە، لە چیرۆکەکانمدا، گەر ڕۆبچیتە ناویانەوە، جیهانێکی تر هەیە. وە بەپێی پێویست ناتوانیت جیاوازی نێوان ئەم لایە و لایەکەی دیکە بزانیت.

**دیبۆرا ترایسمان: لایەکەی تر هەمیشە شوێنێکی تاریکە؟**

**هاروکی موراکامی:** مەرج نییە. پێموایە دەبێت زیاتر ئاگاداربیت. ئەگەر دەرگایەک هەبێت و تۆیش بتوانیت بیکەیتەوە و بچیتە شوێنەکەی دیکەوە، ئەوە دەکەیت. ئەوە فزوڵییە. چی لەناوەوەدا هەیە؟ چی لەوێ هەیە؟ بۆیە ئەوە ئەو شێتییەیە کە من هەموو ڕۆژێک دەیکەم. کاتێک ڕۆمانێک دەنووسم، دەوروبەری کاتژمێر چواری بەیانی هەڵدەستم لە خەو و دەچمە سەر مێزەکەم و دەستدەکەم بە کارکردن. ئەوە لە جیهانی ڕاستەقینەدا ڕوودەدات. قاوەیەکی ڕاستەقینە دەخۆم. بەڵام، هەر کە دەستدەکەم بە نووسین، دەچمە شوێنێکی تر. دەرگاکە دەکەمەوە، دەچمە ئەو شوێنە، سەیردەکەم بزانم چی ڕوودەدات لەوێ. نازانم_ یان بەلامەوە گرنگ نییە_ئەگەر ئەوە ڕاستەقینەبێت یان نا. دەڕۆم بۆ قوڵتر و قوڵتر، کە چڕدەبمەوە لە نووسیندا، بۆ ژێرزەمینێک. کە لەوێم، شتە نامۆکان ناژمێرم. بەڵکو لە کاتێکدا دەیانبینم، بۆ چاوەکانم، سروشتی دەردەکەون. وە ئەگەر تاریکاییەک هەبێت لەوێ، ئەو تاریکاییە دێت بۆم، وە ڕەنگە هەندێک پەیامی پێبێت دەزانیت؟ من هەوڵەدەم کە پەیامەکە بگرم. بۆیە سەیرێکی ئەو جیهانە دەکەم و وەسفی ئەوە دەکەم کە دەیبینم، وە دواتر دەگەڕێمەوە. گەڕانەوە گرنگە. ئەگەر نەتوانیت بگەڕێیتەوە، ئەوا ترسناکە. بەڵام من شارەزام، بۆیە دەتوانم بگەڕێمەوە.

**دیبۆرا ترایسمان: وە شت لەگەڵ خۆتدا دەهێنیتەوە؟**

**هاروکی موراکامی:** نەخێر، ئەوە ترسناک دەبێت. هەمووشتێک لە جێگای خۆیدا جێدێڵم. کە نانووسم، کەسێکی زۆر ئاساییم. ڕێزی ڕۆتینە ڕۆژانەییەکان دەگرم. بەیانیان زوو لە خەو هەڵدەستم. نزیکەی کاتژمێر نۆی شەو دەچم بۆ خەوتن، مەگەر یاری بەیسبۆڵ هەبێت. وە ڕادەکەم یان مەلە دەکەم. کەسێکی ئاساییم. بۆیە کاتێک دەچمە سەر شەقام و کەسێک دەڵێت، «ببوورە، بەڕێز موراکامی، زۆر خۆشحاڵم بە بینینت،» زۆر پێم سەیرە، دەزانیت. من هیچ شتێکی نایاب نیم، بۆچی دڵخۆشە بە بینینم؟ بەڵام پێموایە کاتێک دەنووسم جۆرێکم لە تایبەت_ یان نامۆ، بەلایەنی کەمەوە.

**دیبۆرا ترایسمان: گوتت کە نووسینی یەکەم دوو کتێبت زۆر ئاسان بووە، وە دواتر ئەوانەی پاش ئەوە هەندێک سەخت بوونە. لەگەڵ چیدا ململانێ دەکەی؟**

**هاروکی موراکامی:** کاتێک ئەو یەکەم دوو کتێبەم نووسی_»گوێ لە با بگرە گۆرانی دەڵێت» و «پینباڵ، ١٩٧٣» ئاسان بوو بەلامەوە بۆ نووسین، بەڵام قایل نەبووم بە کتێبەکان. من هێشتا قایل نیم پێیان. پاش ئەوەی ئەو دوو کتێبەم نووسی، زیاتر بەرزیخواز بووم. «ڕاونانی مەڕەکێوی»م نووسی_یەکەم ڕۆمانی درێژم. (ئەو دووانەی تر زیاتر وەک کورتە ڕۆمانێک بوون.) ئەوە کاتی ویست_سێ بۆ چوار ساڵ، وابزانم_وە بەڕاستی دەبوو کە چاڵەکە هەڵکەنم بۆ گەیشتن بە بەهار. بۆیە پێموایە «ڕاونانی مەڕەکێوی» خاڵی دەستپێک بوو بۆ پیشەی ڕاستەقینەم. سێ ساڵی یەکەم، دەمنووسی لەکاتێکدا وەک خاوەنی یانەی جاز کارمدەکرد. لە کاتژمێر دووی بەیانی کارەکەم تەواودەکرد و دواتر لەسەر مێزی چێشتخانەکە دادەنیشتم و دەمنووسی. ئەو زۆر بوو بۆم. دوای یەکەم دوو کتێبم، بڕیارمدا کە یانەکە بفرۆشم و هەموو کاتەکانم بۆ نووسین تەرخان بکەم. بەڵام کارەکانی یانە جازەکە بەباشی دەڕۆشتن بەڕێوە، وە هەمووان ئامۆژگارییان کردم کە نەیفرۆشم.

**دیبۆرا ترایسمان:** واز لە کاری ڕۆژانەت مەهێنە!

**هاروکی موراکامی:** دواتر «ڕاونانی مەڕەکێوی»م نووسی، ویستم کتێبێکی گەورە بنووسم.

**دیبۆرا ترایسمان:** وە ئەوە ئاسان بوو بۆت کە کتێبێکی گەورەتر بنووسیت، یان سەرکەشی

**هاروکی موراکامی:** کاتێک «ڕاونانی مەڕەکێوی»م نووسی، زۆر خۆشحاڵ بووم، چونکە نەمدەزانی دواتر چی ڕوودەدات. چاوەڕێی ڕۆژی دواترم نەدەکرد تا بێت بۆیە دەمتوانی بزانم دواتر چی ڕوودەدات. دەمویست پەڕەکان هەڵدەمەوە بەڵام هیچ نەبوو. دەبوو بیاننووسم.

**دیبۆرا ترایسمان:** هەرگیز ڕۆژێکی وات هەبووە هیچ بیرۆکەیەکت نەبێت کە دواتر چی ڕوودەدات؟ ئەو ڕۆژە دانیشیت و نەتوانیت بنووسیت؟

**هاروکی موراکامی:** هیچ شتێکی نووسەرانم ئەزموون نەکردووە. هەر کە لەسەر کورسییەکەم دادەنیشم، بە سرووشتی دەزانم دواتر چی ڕوودەدات. ئەگەر نا، یان ئەگەر نەمەوێت شتێک بنووسم، ئەوا نایننووسم، نانووسم. گۆڤارەکان هەمیشە داواملێدەکەن کە شتێک بنووسم، وە منیش هەمیشە دەڵێم نەخێر. دەنووسم کاتێک بمەوێت بنووسم، ئەوەی کە دەمەوێت بینووسم، وە بە ئەو شێوەیەی کە دەخوازم بینووسم.

**دیبۆرا ترایسمان:** پێتوایە کە لە خەونتدا کار لەسەر بابەتەکانت دەکەیت؟

**هاروکی موراکامی:** نا، پێموانیە: خەون نابینم. چیرۆکەکان چیرۆکن؛ خەونەکان خەونن. وە بۆ من، نووسین خۆی وەک خەونبینینە. کاتێک دەنووسم، دەتوانم لەخۆوە

خەون ببینم. دەتوانم دەستپێبکەم بوەستم و ڕۆژی دواتر بەردەوام بم، بە هەڵبژاردنی خۆم. کاتێک تۆ دەخەویت و خەونی باشت هەیە، بە پارچە گۆشتێکی گەورەوە یاخود بیرەیەکی باش یان کچێکی جوان، وە هەڵدەستیت لە خەو، هەمووی ڕۆشتووە. بەڵام من ڕۆژی دواتر دەتوانم بەردەوام بم!

**دیبۆرا ترایسمان: چەند ساڵێک پێش ئێستا وتت کە، لەکاتێکدا کە کارت دەکرد لەسەر ڕۆمانێک، لیستێک لە بیرۆکە و دەستەواژەت دانابوو، وەک ‹پارەی قسەکەر› یان ‹پیاوێک کە لەسەر پلیکانەکان ونده‌بێت›، وە کە تۆ ڕۆمانەکە تەواودەکەیت دادەنیشیت تا ئەو چیرۆکانە بنووسیتکە گوتت، «هەر چیرۆکێک دەبێت بەلایەنی کەمەوە شتێک یان دووانی لەو لیستە تیابێت. «هەمیشە بەوشێوەیە کاردەکەیت؟**

**هاروکی موراکامی:** ئەوە کاتێک بوو کە شەش چیرۆکم لە یەک کاتدا دەنووسی. بۆیە ئەو وشە نهێنییانەم هەبوو تایارمەتیم بدەن. لەگەڵ ڕۆمان ئەوەم ناوێت. یاساکەم ئەوەیە کە هەموو جارێک شتێکی نوێ تاقیبکەمەوە. زۆربەی کتێبەکانیسەرەتام لە کەسی یەکەمەوە دەنووسی. لە «١Q٨٤»دا، سێ کەسایەتی کەسی سێیەمم نووسی. ئەوە جۆرێک بوو لە سەرکێشی بۆ من. زۆرجار، گێڕەرەوەکەم، پاڵەوانەکەم، کەسێکە دەمتوانی ببم بەڵام من نیم. جۆرێک لە خۆمی گۆڕاو، دەزانیت؟ لە ژیاندا، من خۆمم و ناتوانم کەسانیتر بم، بەڵام لە ڕۆماندا دەتوانم هەرکەسێک بم. دەتوانم خۆم بخەمە جێی کەسانی تر. دەتوانیت ئەوە ناوبنێیت جۆرێک لە تیمارکردن. ئەگەر تۆ بتوانیت بنووسیت، جێگیرنیت. دەتوانیت ببیت بە هەرکەسێکی دیکە_ئەو توانایەت هەیە.

**دیبۆرا ترایسمان: دەستت بە ڕاکردن کرد لەهەمان ئەوکاتەی دەستت بە نووسین کرد. دەزانم هەندێک حەز لە نووسین دەکەن لە مێشکیاندا**

هاروکی موراکامی



زۆر حەزم لە بیرەکانە، حەزم لە ساردکەرەوەیە، حەزم لە فیلە. شتانێکی زۆر هەن کە حەزم لێیانە. کاتێك دەربارەی ئەو شتانە دەنووسم کە حەزم لێیانە، هەست بە دڵخۆشی دەکەم. کاتێك منداڵ بووم، بیرێك لەماڵەکەماندا هەبوو، وە هەمیشە زۆر سەیرمدەکرد و لە خەیاڵمدا ماوەتەوە. کورتە چیرۆکێك هەیە بە قەڵەمی ڕایمۆند کارڤەر دەربارەی بیرێکی وشك




**بەدەم ڕاکردنەوە؛ ڕیتمی ڕۆیشتن یارمەتییان دەدات. لەکاتی ڕاکردندا بیر لە نووسین دەکەیتەوە؟**

**هاروکی موراکامی:** نەخێر، بەهیچ شێوەیەک. کاتێک ڕادەکەم، تەنها ڕادەکەم. مێشکم بەتاڵدەکەمەوە. هیچ بیرۆکەیەکم نییە کە بیر لە چی دەکەمەوە لەکاتی ڕاکردندا. ڕەنگە هیچ شتێک. بەڵام، وەک دەزانیت، پێویستە سەخت بیت لە نووسیندا بۆ ماوەیەکی درێژ. نووسینی تەنها کتێبێک کارێکی سەخت نییە، بەڵام بەردەوامیدان بە نووسین بۆماوەیەکی درێژ لە مەحاڵەوە زۆر نزیکە. تۆ پێویستت بەهێزی ترکیز و بەرگەگرتن هەیە. زۆرجار شتانی زۆر ناتەندروست دەنووسم. شتانی سەیر و ئاڵۆز. پێموایە کە دەبێت لە تەندروستییەکی باشدا بیت ئەگەر بتەوێت شتانێکی ناتەندروست بنووسیت. ئەمە پارادۆکسە، بەڵام ڕاستیشە.

هەندێک نووسەر ژیانێکی زۆر ناتەندروستیان هەبووە_ وەکو بۆدلێر. بەڵام، بەبۆچوونی من، ئەو ڕۆژانە ڕۆشتن. ئەم جیهانە زۆر ئاڵۆزە، وە دەبێت بەهێزبین لەپێناو مانەوەماندا، بۆ تێپەڕاندنی ئاژاوەکە. لە سییەکانی تەمەنمدا بووم کاتێک بووم بە نووسەر، وە ٢٣ بۆ ٣٣ساڵ بووم کاتێک دەستم بەڕاکردن کرد. بڕیارمدا هەموو ڕۆژێک ڕابکەم چونکە دەمویست بزانم چی ڕوودەدات. پێموایە ژیان وەک تاقیگەیەکە کە دەتوانیت هەرشتێک تاقیبکەیتەوە. وە لەکۆتایشدا پێموایە باشبوو بۆم. چونکە بووم بە کەسێکی توووند.

**دیبۆرا ترایسمان: نووسین وەک ڕاکردن هەوڵێکی تاکەکەسییە. لە ژیانێکی زۆر کۆمەڵایەتییەوە لە یانەی جازی شەوانە_کە هەمیشە خەڵک لەچواردەورت بوون_گواستتەوە بۆ ئەوەی بەتەنها بیت لە خوێندنەکەتدا. کامیان بۆ تۆ ئاسودەترە؟**

**هاروکی موراکامی:** کەسێکی زۆر کۆمەڵایەتی نیم. پێمخۆشە لە شوێنێکی ئارامدا لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر تۆمارکراو و ڕەنگە پشیلەشدا بم. وە تەلەفیزیۆنێک تاکو بەهۆیەوە سەیری یاری بەیسبۆڵ بکەم. پێموایە ئەوە هەموو شتێکە کە دەمەوێت.

**دیبۆرا ترایسمان: جارێک گوتت کە خەونی ژیانت ئەوەیە لەبنکەی بیرێکدا دابنیشیت. وە ژمارەیەک کارەکتەری ناو ڕۆمانەکانت هەیە کە بەهەمانشێوە ئەو کارە دەکەن. وەک مێنشیکی لە ڕۆمانی کوشتنی فەرماندەدا. بۆچی؟**



**هاروکی موراکامی:** زۆر حەزم لە بیرەکانە، حەزم لە ساردکەرەوەیە، حەزم لە فیلە. شتانێکی زۆر هەن کە حەزم لێیانە. کاتێک دەربارەی ئەو شتانە دەنووسم کە حەزم لێیانە، هەست بە دڵخۆشی دەکەم. کاتێک منداڵ بووم، بیرێک لەماڵەکەماندا هەبوو، وە هەمیشە زۆر سەیرمدەکرد و لە خەیاڵمدا ماوەتەوە. کورتە چیرۆکێک هەیە بە قەڵەمی ڕایمۆند کارڤەر دەربارەی بیرێکی وشک. زۆر حەزم لەو چیرۆکەیە.

**دیبۆرا ترایسمان: پێشتر هەوڵتداوە دابەزیتە ناو بیرێکەوە؟**

**هاروکی موراکامی:** نا نا نا. وەک دەزانیت، ئەوە کارێکی ترسناکە. تەنها لە خەیاڵمدا. بەڵام بەهەمانشێوە حەزم لە ئەشکەوتیشە. کاتێک بەدەوری جیهاندا گەشت دەکەم و ئەشکەوتێک دەبینم، دەچمە ناویەوە. حەزم لە ئەشکەوتە و حەزم لە شوێنە بەرزەکان نییە.

**دیبۆرا ترایسمان: دەستت بە ڕاکردن کرد لەهەمان ئەوکاتەی دەستت بە نووسین کرد. دەزانم هەندێک حەز لە نووسین دەکەن لە مێشکیاندا بەددم ڕاکردنەوە؛ ڕیتمی ڕۆیشتن یارمەتییان دەدات. لەکاتی ڕاکردندا بیر لە نووسین دەکەیتەوە؟**

**هاروکی موراکامی:** نەخێر، بەهیچ شێوەیەک. کاتێک ڕادەکەم، تەنها ڕادەکەم. مێشکم بەتاڵدەکەمەوە. هیچ بیرۆکەیەکم نییە کە بیر لە چی دەکەمەوە لەکاتی ڕاکردندا. ڕەنگە هیچ شتێک. بەڵام، وەک دەزانیت، پێویستە سەخت بیت لە نووسیندا بۆ ماوەیەکی درێژ. نووسینی تەنها کتێبێک کارێکی سەخت نییە، بەڵام بەردەوامیدان بە نووسین بۆماوەیەکی درێژ لە مەحاڵەوە زۆر نزیکە. تۆ پێویستت بەهێزی ترکیز و بەرگەگرتن هەیە. زۆرجار شتانی زۆر ناتەندروست دەنووسم. شتانی سەیر و ئاڵۆز. پێموایە کە دەبێت لە تەندروستییەکی باشدا بیت ئەگەر بتەوێت شتانێکی ناتەندروست بنووسیت. ئەمە پارادۆکسە، بەڵام ڕاستیشە. هەندێک نووسەر ژیانێکی زۆر ناتەندروستییان هەبووە_وەکو بۆدلێر. بەڵام، بەبۆچوونی من، ئەو ڕۆژانە ڕۆشتن. ئەم جیهانە زۆر ئاڵۆزە، وە دەبێت بەهێزبین لەپێناو مانەوەماندا، بۆ تێپەڕاندنی ئاژاوەکە. لە سییەکانی تەمەنمدا بووم کاتێک بووم بە نووسەر، وە ٣٢ بۆ ٣٣ ساڵ بووم کاتێک دەستم بەڕاکردن کرد. بڕیارمدا هەموو ڕۆژێک ڕابکەم چونکە دەمویست بزانم چی ڕوودەدات. پێموایە ژیان وەک تاقیگەیەکە کە دەتوانیت هەرشتێک تاقیبکەیتەوە. وە لەکۆتایشدا پێموایە باشبوو بۆم. چونکە بووم بە کەسێکی تووند.

**دیبۆرا ترایسمان: نوسین وەک ڕاکردن هەوڵێکی تاکەکەسییە. لە ژیانێکی زۆر کۆمەڵایەتییەوە لە یانەی جازی شەوانە_کە هەمیشە خەڵک لەچواردەورت بوون_گواستتەوە بۆ ئەوەی بەتەنها بیت لە خوێندنەکەتدا. کامیان بۆ تۆ ئاسوودەترە؟**

**هاروکی موراکامی:** کەسێکی زۆر کۆمەڵایەتی نیم. پێمخۆشە

هەواڵنامەی کتێب

لە شوێنێکی ئارامدا لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر تۆمارکراو و ڕەنگە پشیلەشدا بم. وە تەلەفیزیۆنێک تاکو بەهۆیەوە سەیری یاری بەیسبۆڵ بکەم. پێموایە ئەوە هەموو شتێکە کە دەمەوێت.

**دیبۆرا ترایسما: جارێک گوتت کە خەونی ژیانت ئەوەیە لەبنکەی بیرێکدا دابنیشیت. وە ژمارەیەک کارەکتەری ناو ڕۆمانەکانت هەیە کە بەهەمانشێوە ئەو کارە دەکەن. وەک مێنشیکی لە ڕۆمانی کوشتنی فەرماندەدا. بۆچی؟**

**هاروکی مورامی:** زۆر حەزم لە بیرەکانە، حەزم لە ساردکەرەوەیە، حەزم لە فیلە. شتانێکی زۆر هەن کە حەزم لێیانە. کاتێک دەربارەی ئەو شتانە دەنووسم کە حەزم لێیانە، هەست بە دڵخۆشی دەکەم. کاتێک منداڵ بووم، بیرێک لەماڵەکەماندا هەبوو، وە هەمیشە زۆر سەیرمدەکرد و لە خەیاڵمدا ماوەتەوە. کورتە چیرۆکێک هەیە بە قەڵەمی ڕایمۆند کارڤەر دەربارەی بیرێکی وشک. زۆر حەزم لەو چیرۆکەیە.

**دیبۆرا ترایسمان: پێشتر هەوڵتداوە دابەزیتە ناو بیرێکەوە؟**

**هاروکی موراکامی:** نا نا نا. وەک دەزانیت، ئەوە کارێکی ترسناکە. تەنها لە خەیاڵمدا. بەڵام بەهەمانشێوە حەزم لە ئەشکەوتیشە. کاتێک بەدەوری جیهاندا گەشت دەکەم و ئەشکەوتێک دەبینم، دەچمە ناویەوە. حەزم لە ئەشکەوتە و حەزم لە شوێنە بەرزەکان نییە.

**دیبۆرا ترایسمان: هاتنە خوارەوەت لە بەرزاییەوە پێخۆشە؟**

**هاروکی موراکامی:** هەندێک خەڵک دەڵێن ئەوە جۆرێکە لە خواستی نائاگایی. بەڵام من زۆر گرنگی دەدەم بە جیهانی خوارەوە.

**دیبۆرا ترایسمان: لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤاری پاریس ڕیڤیو پێش چەند ساڵێک گوتت کە هێزی پاڵنەری چیرۆکەکانت «ونکردن و بەدواداگەڕان و دۆزینەوەیە» پێتوایە ئەوە هێشتاش ڕاستە؟**

**هاروکی موراکامی:** بەڵێ. ئەوە بابەتێکی زۆر گەورەیە لە ڕۆمانەکانمدا_ونکردنی شتێک و گەڕان بەدوایدا و دۆزینەوەی. زۆربەی جار کەسایەتییەکانم بەدوای شتێکی ونبوودا دەگەڕێن. هەندێکجار کچێکە، وە هەندێکجاریش هۆکارێکە یاخود مەبەستێکە. بەڵام بەشوێن شتێکی گرنگدا دەگەڕێن، شتێکی گرنگ، کە ونبووە. بەڵام کاتێک کەسەکە دەیدۆزێتەوە، جۆرێک لە بێهیوایی هەیە. هۆکارەکە نازانم، بەڵام ئەمە جۆرێکە لە بیرکردنەوە لە ڕۆمانەکانمدا_گەڕان بەدوای شتێک و دۆزینەوەی، بەڵام کۆتاییەکەی دڵخۆش نییە.

**دیبۆرا ترایسمان: زۆرجار ئەو پیاوانەی لەبارەیانەوە دەنووسیت ونبوون، جا سۆزدارییانە بێت یاخود بونگەراییانە. لەوە ناچێت لەماڵێکدا بن لەم جیهانەدا.**

**هاروکی موراکامی:** دەزانیت، ئەگەر پاڵەوانەکە دڵخۆشبێت، ئەوا هیچ چیرۆکێک نابێت.

**دیبۆرا ترایسمان: زۆرجار ڕۆمانەکان بەدەوری نهێنییەکدا دەسوڕێنەوە. هەندێکجار نهێنییەکە چارەسەردەبێت و هەندێکجاریش شتەکان بە چارەسەرنەکراوی بەجێدەهێڵێت. ئەوە بەهۆی ئەوەوەیە کە پێتخۆشە شتەکان بەکراوەیی بۆ خوێنەر جێبهێڵێت، یاخود بەهۆی ئەوەی کە هەمیشە خۆت دڵنیانیت لە چارەسەرەکانت؟**

**هاروکی موراکامی:** کاتێک ڕۆمانێک بڵاودەکەمەوە زۆرجار هاوڕێکانم پەیوەندیم پێوەدەکەن و دەپرسن، «پاش ئەوە چی ڕوودەدات؟» دەڵێم، «ئەوە کۆتاییەکەیە.» بەڵام خەڵکی پێشبینی تەواوکردن دەکەن. پاش ئەوەی «1Q٨٤»م بڵاوکردەوە، لەهەموو ئەوانە تێگەیشتم کە دواتر ڕوودەدەن. دەمتوانی تەواوکەرەکە بنووسم، بەڵام وامنەکرد. پێموایە ئەوە وەک ئەوە وایە «Jurrasic park٤» یاخود «Die Hard ٨» بێت. بۆیە ئەو چیرۆکەم تەنها لە مێشکمدا هێشتەوە، وە زۆر چێژم لێ بینی.

**دیبۆرا ترایسمان: پێتوایە کە دەینووسیت؟**

**هاروکی موراکامی:** پێموانییە. پێموایە لەمێشکمدا دەمێنێتەوە. پاڵەوانەکەی کچەکەی تینگۆیە لە تەمەنی شانزە ساڵیدا. چیرۆکێکی زۆر سەرنجڕاکێشە.

**دیبۆرا ترایسمان: کەواتە ئەوە «Die Hard ٨»نییە!**

**هاروکی مۆراکامی:** وە پێشەکییەک هەیە بۆ ئەو کتێبە.

**دیبۆرا ترایسمان: تەنها لەمێشکتدا؟**

**هاروکی موراکامی:** بەڵێ.

**دیبۆرا ترایسمان: هەندێک نووسەر هەوڵدەدەن لە هەر کتێبێکیاندا بەتەواوی کارێکی جیاواز بکەن وەک لەوەی پێشتریان، وە هەندێکی دیکەش هیواخوازن بەردەوامی بەو شێوازە بدەن کە بۆ خۆیان دروستکردووە. هەستدەکەیت سەر بە کامیان بیت؟**

**هاروکی موراکامی:** حەزم لە کارەکانی کازوۆی یشیگورۆیە. ئەو هاوڕێیەکی ئازیزمە. وە هەرجارێک کە کتێبێکی نوێ بڵاودەکاتەوە بەتەواوی لەکتێبەکانی پێشتری جیاوازە. ئەوە زۆر جێگای بایەخپێدانە، بەڵام لە حاڵەتی مندا،




هەواڵنامەی کتێب

شێوە و بابەتەکان زۆر ناگۆڕێن. پێمخۆشنییە تەواوکاری بنووسم، بەڵام کەشی کتێبەکان زۆر جیاوازنین لە یەکتری. من تەنها یەک کەسم، وە بەڕێگای تایبەتی خۆم بیردەکەمەوە؛ ناتوانم ئەوە بگۆڕم. بەڵام نامەوێت دووبارە و دووبارە هەمانشت بنووسەوە.

**دیبۆرا ترایسمان: لەشێوازی تایبەتیتدا، زۆرجار بیرۆکەیەکی ئاڵۆز و قورس هەیە، بەڵام خودی نووسینەکە بەپێچەوانەوەیە. ڕستەکان بەڕاستی زۆر سادە و ئاسانن. ئەم دژێتییە بەئەنقەستە؟**

**هاروکی موراکامی:** زۆر لە نووسەران بیرۆکەی بچووک و ئاسان بەشێوازی قورس و ئاڵۆز دەنووسن. پێموایە ئەوەی کە دەمەوێت بیکەم ئەوەیە شتە ترسناک و ئاڵۆزەکان بەشێوازێکی زۆر ئاسان بنووسم کە ئاسودە بێت بۆ خوێندنەوە. لەبەر نووسینی ئەو شتە قورسانە، پێویستە ئامادەبیت بۆ قوڵبوونەوەی زیاتر. بۆیە، لەماوەی ئەو چل ساڵەی کە تیایدا دەنووسم، تەکنیکێکم بۆ ئەوە داناوە. ئەوە وەک تەکنیکێکی فیزیاییە نەک تەکنیکێکی بیری. بڕوامواية کە ئەگەر نووسەرێکی خەیاڵی بیت و زۆریش زیرەک بیت، ئەوا ناتوانیت بنووسیت. بەڵام ئەگەر گەمژەش بیت، بەهەمانشێوە ناتوانیت بنووسیت. بۆیە پێویستە شوێنێک لەو نێوانەدا بدۆزیتەوە. ئەوەش زۆر سەختە.

**دیبۆرا ترایسمان: پێتوایە کە شێوازت لەڕێگای وەرگێڕانەوە دێت؟**

**هاروکی موراکامی:** بەڵێ، نازانم بۆچی، بەڵام کاتێک کتێبەکانم بە ئینگلیزی دەخوێنمەوە هەستیپێدەکەم، ئۆو، ئەوە منم. کێش، وە شێوازی پەخشانەکان، هەمانشتن_ بەنزیکەیی هەمانشت.

**دیبۆرا ترایسمان: تۆ خۆت وەرگێڕیت و ئێف.سکۆت فیتزجیرلاند و ترومان کەپۆوت و ڕایمۆند کارڤەر و چەندانی ترت وەرگێڕاوەتە سەر زمانی یابانی. ئێستاش جۆن شیفەر وەردەگێڕیت. چی لەو کتێبانەدا سەرنجت ڕادەکێشێت کە وەریاندەگێڕیت؟**

**هاروکی موراکامی:** ئاسانە. ئەو شتە وەردەگێڕم کە حەزم لێیەتی. هەموو ڕۆمانەکانی ڕایمۆند تشاندەرم وەرگێڕاوە. زۆر حەزم لە ستایلێتی. پێنج بۆ شەش جار کتێبی «ماڵئاوایی درێژ»ی ئەو نووسەرەم خوێندۆتەوە.

**دیبۆرا ترایسمان: لە وەرگێڕاندا، پێویستە دەنگی نووسەرێکی دیکە وەربگریت. پێویستە ببیت بە فیتزجیرالد، تشاندەر یاخود شیفەر. ئایا ئەوە سەرکێشییە لەکاتێکدا خۆت بەئاشکرا دەنگێکی ئەدەبی خۆتت هەیە؟**

**هاروکی موراکامی:** بەڵێ. من ئێف. سکۆت فیتزجیرالدم خۆشدەوێت. ژمارەیەکی زۆر لە کتێبەکانیم وەرگێڕاوە_ بەڵام شێوازی نووسینی بەتەواوی لە من جیاوازە، زۆر جوانە و ئاڵۆزیشە، بەڵام جوانە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرشت لە نووسینەکانی، هەڵوێستەکانی و ڕێگای تێڕوانینیەوە



بۆ ژیان فێربووم. شێوازی ڕایمۆن کارڤەر و جیهانەکەشی لە من جیاوازە بەڵام بەهەمانشێوە لەویشەوە فێربووم.

**دیبۆرا ترایسمان: جۆن شیڤەر پرۆژەی وەرگێڕانی ئێستاتە. بۆچی ئەو؟**

**هاروکی موراکامی:** بۆچی شیڤەر؟ بەدرێژایی چەندین ساڵ چێژم لە کورتە چیرۆکەکانی بینی، بەڵام شیڤەر لە یابان ناسراو نییە. ژمارەیەکی کەم لە خەڵک چیرۆکەکانی دەخوێننەوە، چونکە زۆر ئەمریکییانەیە. پێموانییە زۆربەی خوێنەرانی یابان نرخی چیرۆکەکانی بزانن، بەڵام من حەزم لێیانە، بۆیە ئەوە سەرکێشییە.

**دیبۆرا ترایسمان: پێتوایە کە ئەو شتانەی لە نووسەرەکانی دیکەوە فێربوویت دەخشێنە ناو نووسینەکانتەوە؟**

**هاروکی موراکامی:** پێموایە کاریگەری هەیە. کاتێک فێری نووسین بووم، کاتێک دەستم بە نووسین کرد، هیچ ڕێنمایی پێدەرێکم نەبوو، مامۆستام نەبوو، وە هاوپۆل و هاوڕێی ئەدەبیشم نەبوو. تەنها خۆمم هەبوو. بۆیە زۆرشت لە کتێبەکانەوە فێربووم. کاتێک منداڵ بووم، حەزم لە خوێندنەوە بوو، چونکە منداڵێکی تاقانە بووم. هیچ خوشک و برایەکم نەبوو. تەنها کتێب و پشیلەم هەبوو_وە مۆسیقاش بەدڵنیاییەوە. حەزم لە وەرزشکردن نەبوو. لەو جۆرە کوڕانە بووم کە حەزیان لە خوێندنەوە بوو. لە هەرزەکاریمدا حەزم لە ڕۆمانە ڕوسییەکان بوو. تۆڵستۆی و دۆستۆیڤسکی. وە ئەوەی لەو کتێبانەشەوە فێربووم درێژتر و باشتربوون! لە زانکۆ، زۆر هاوپۆلم هەبوون کە دەیانویست ببن بە نووسەر، بەڵام بڕوامنەدەکرد کە بەهرەی ئەوەم هەیە بنووسم، بۆیە یانەیەکی جازم کردەوە و مۆسیقام کرد بە پیشەم.

**دیبۆرا ترایسمان: هەرگیز پێشتر خۆت مۆسیقات ژەندووە؟**

**هاروکی موراکامی:** کاتێک منداڵ بووم، پیانۆم دەژەند، بەڵام بەهرەم نەبوو لە ئامێرەکەدا. کاتێک تەمەنم پانزە ساڵان بوو، ئارت بلەیکی و گروپی جاز ماسنەرس هاتن بۆ یابان، چووم بۆ ئاهەنگە مۆسیقییەکەیان. پێش ئەو کاتە نەمدەزانی مۆسیقای جاز چییە، بەڵام لەو ساتەوە بەپەرۆش بووم بۆ ئەو جۆرە مۆسیقایە. بۆماوەی پەنجا ساڵە تۆمارکراو کۆدەکەمەوە. ژنەکەم هەمیشە گلەیی دەکات، وەک دەڵێت. ژمارەیەکی زۆر تۆمارکراوی مۆسیقای جازم هەیە لە ماڵەکەمدا. بەڵام شتی زۆر لە مۆسیقاوە فێربووم دەربارەی نووسین. پێموایە سێ پێکهاتەی گرنگ هەن: کێش، گونجاندن و لەرینەوەی ئازاد. ئەو شتانە لە مۆسیقاوە فێربووم و لە ئەدەبەوە فێرنەبووم. وە کاتێک دەستم کرد بە نووسین هەوڵمدا بنووسم وەک ئەوەی مۆسیقا بژەنم.

**دیبۆرا ترایسمان: دایک و باوکت مامۆستای ئەدەب بوون. ئایا ئەوان دڵخۆش بوون بە بڕیاری بوون بە نووسەرت؟ دەیانویست ببیت بە نووسەر یان ئەندازیار؟**

هەوڵنامەی کتێب




**هاروکی موراکامی:** پێموانییە. نازانم چاوەڕێی چییان لێدەکردم.

**دیبۆرا ترایسمان: دوایینجار کە قسەمانکرد، گوتت کە یانزەی سێپتەمبەر جیهانی گۆڕیوە_نەک تەنها جیهانی ڕاستەقینە بەڵکو ئەو جیهانەش کە تۆ لەبارەیەوە دەنووسیت لە خەیاڵدا. دەپرسم هیچ کارەساتێکی دیکە کاریگەرییەکی هەمانشێوەی هەبووەوەک ئەوە_ئەگەر هەستدەکەیت ڕووداوێکی وەک تسوونامی ساڵی ٢٠١١ لە ژاپۆن و کارەساتی فۆکۆشیمای ئەتۆمی خەیاڵتیان گۆڕیوە.**

**هاروکی موراکامی:** بەڵێ. پاش بوومەلەرزەکەی کوبی ساڵی ١٩٩٥، کۆمەڵێک کورتە چیرۆکم نووسی بەناوی «پاش بوومەلەرزەکە». کوبی شوێنی لەدایکبوونم بوو، هەموو شارۆچکەکە، بە ماڵەکەی دایک و باوکمەوە، بەتەواوی لەناوچوون. لەوکاتەدا من چوار ساڵ بوو لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووم. بەجۆرێک لەوانە بووم کە شۆک دایگرتبوون، بەڵام دیمەنەکانم له تەلەفیزیۆنەوە بینی. وە وەک ڕۆماننووسێک، بیرمدەکردەوە، دەتوانم چیبکەم دەربارەی بومەلەرزەکە؟ پێموایە هەموو ئەوەی کە دەتوانم بیکەم تەنا ئەوەبوو بیربکەمەوە چی ڕوویداوە لەو کاتەدا. بۆیە وامکرد. لەزۆربەی حاڵەتەکاندا، توێژینەوە ناکەم کاتێک ڕۆمانەکان دەنووسم، چونکە خەیاڵ دیاری و سامانمە. دەمەوێت بەتەواوی کاری پێبکەم.

بەڵام لەهەمان ساڵدا، پاش دوو مانگ، هێرشێک بە گازی کوشندە لە یەکێک لە میترۆکانی تۆکیۆدا ڕوویدا. ئەو کاتەش لە یابان نەبووم. هەموو وتارەکانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانم خوێندەوە، بەڵام نەمتوانی ئەوە بخوێنمەوە کە دەمویست بیزانم. دەمویست بزانم کە بەڕاستی چی ڕوویداوە، لەو ڕۆژەدا، لەو شەمەندەفەرەدا. دەمویست شتێکی وەک بۆنی غازەکە بزانم لە شەمەندەفەرێکی داخراودا. بۆیە بڕیارمدا خۆم ئەو شتانە بزانم، چاوم بە قوربانییەکانی کارەساتەکە کەوت و پرسیارە تایبەتییەکانی خۆمم لێکردن. پێیانگوتم کە چی ڕوویداوە، چ جۆرە کەسێک بوونە لەوکاتەدا. منیش بڵاومکردەوە بەناونیشانی «ژێرزەوی»دا. ئەوەم کرد چونکە هیچ کەسێکی دیکە پێشتر وای نەکردبوو، پرسیار و ویستی زانینی خۆمم هەبوو. ساڵێکم پێوو بۆ ئەنجامدانی ئەو چاوپێکەوتنانە و پێموایە ئەو ساڵە منی گۆڕی. ئەزموونێکی مەزن بوو. بۆماوەی یەک ساڵ بەهیچ شێوەیەک هیچم نەنووسی. زۆر چێژم لەو دەنگانە وەرگرت. دەنگەکان



هێشتا لەناوەوەمدان. من بڕوا بەو دەنگانە دەکەم، ئەوانە دەنگی حەقیقەتن. ئەو کەسانی سواری شەمەندەفەرەکە ببوون کەسانی ئاسایی بوون، نەوەک کەسانی دیار. ئەوان بە شەمەندەفەرەکە دەڕۆشتن بە بەیانییەکی شاری تۆکیۆدا، لەپڕ یەکێکیان کیسەیەکی پلاستیکی گازی کوشندەی کردەوە، وە هەندێکیان مردن. حاڵەتێکی زۆر سوریالی بووە، بەڵام دەنگەکانیان ئاسایی. ئەندامانی بنەماڵەی شیزیکیۆ ئاسایی نەبوون، بەشوێن هەندێک ڕاستی یاخود ڕاستی پەتییەوە بوون. بەڵام قوربانییەکان کەسانی ئاسایی بوون لەڕێگایاندا بۆ سەر کارەکانیان. چاوپێکەوتنم لەگەڵ هۆزە ئاینخوازەکانیشدا کرد بەڵام دەنگەکانیان سەرسامی نەکردم.

**دیبۆرا ترایسمان: چی وایلێکردیت بوومەلەرزەکە بە خەیاڵ وەڵامبدەیتەوە و هێرشە گازییەکەش بە ڕۆژنامە؟**

**هاروکی موراکامی:** لەبەرئەوەی کوبی شوێنی لەدایکبوونمە، جێگای بڕواپێکردن نەبوو بەلامەوە. ژمارەیەکی زۆر هاوڕێم هەیە لەوێ. ئەگەر چاوم بەو هاوڕێیانەم بکەوتایە، زۆر نیگەران دەبووم، زۆر غەمبار. بەڵام لەخەیاڵدا، دەمتوانی جیهانی تایبەتی خۆم دروستبکەم، بۆیە کارەکە بۆم ئاسانتر بوو. دەکرێت توندوتیژی ببێتە هۆی دروستبوونی کونێک لەمێشکتدا، لەڕێگای لاشەتەوە. دەکرێت ڕێڕەوێک ببڕێت بۆ شتێکی زۆر گرنگ. پێش بومەلەرزەکە، پێمانوابوو کە زەوییەکە ڕەق و و توندە، بەڵام چیتر وانییە. دەکرێت نەرم و ناجێگیر و پێشبینی نەکراو بێت. پێموابێ دەمویست ئەمە بنووسم. پاش ئەوە، ژمارەیەکی زۆر کارەسات هەبوون. یانزەی سێپتەمبەر و تسۆنامی و شتی دیکەش. لەخۆم پرسی کە دەتوانم چیبکەم بۆ ئەو کەسانەی کە لەو کارەساتانەدا ئازاریان چەشتووە، وە بیرمدەکردەوە، ئەوەی کە دەتوانم بیکەم ئەوەیە ڕۆمانێکی نوێ دەربارەیان بنووسم. چونکە کاتێک چیرۆکێکی نوێ دەنووسم، دەتوانین باشتر لە یەکتری تێبگەین. ئەگەر تۆ خوێنەرێک بیت و منیش نووسەر، ئەوا من ناتناسم، بەڵام لە جیهانی خەیاڵی نهێنیدا ڕێڕەوێکی نهێنی لەنێوامانداهەیە: دەتوانین بەنائاگایی نامە بۆ یەکتری بنێرین، بۆیە پێموایە ئەمە ئەو ڕێگایەیە کە دەتوانم هاوبەشی پێبکەم.

**دیبۆرا ترایسمان: لەڕێگای نووسینەوە، تۆ پەیامێک دەگەیەنیت، بەڵام چۆن پەیامێک دەگەڕێنیتەوە؟**

**هاروکی موراکامی:** نازانم. ڕەنگە ڕێگایەک بدۆزینەوە!

**دیبۆرا ترایسمان: پاش ئەوەی ڕۆمانی «کافکا لە کەنار دەریا»ت بڵاوکردەوە، وێبسایتێکت هەبوو کە تیایدا خەڵکی دەیانتوانی پرسیارت لێبکەن دەربارەی کتێبەکە یاخود بۆچوونی خۆیانت پێبڵێن دەربارەی_وە تۆش وەڵامی هەندێک لە پرسیارەکانت دەدایەوە. بۆچی ئەوەت کرد؟ بۆچی لەگەڵ ئەو کتێبە؟**

**هاروکی موراکامی:** حەزم دەکرد بزانم. [کارێکی هاوشێوەم کرد ساڵی ٢٠١٥] بۆماوەیەکی دیاریکراو بوو،

بەڵام ژمارەیەکی زۆر نامەی ئەلیکترۆنیم پێگەیشت. ژمارەکەم لەبیرنییە، ڕەنگە سی هەزار دانەبووبن. بەڵام هەموویانم خوێندەوە_چاوم بریندارکرد! وە نزیکەی وەڵامی سێ هەزار دانەیانم دایەوە. کارێکی سەخت بوو، بەڵام پێموایە بیرۆکەیەکی نهێنیم هەیە لەسەر جۆری ئەو کەسانەی کە کتێبەکانم دەخوێننەوە، وە چۆن بیر لە کارەکەم دەکەنەوە. هەندێکیان پرسیاری گەمژانەیان دەپرسی. پیاوێک پرسیاری ماسییە دەریاییەکەی لێکردم، ئەو دەیویست بزانێت پەلەکانی قاچن یاخود دەست. بۆچی ئەوەی لێپرسیم؟ وەڵامەکەم ئەوەبوو: دە دەستکێش و دە گۆرەویم داناوە بەتەنیشت جێخەوەکەیەوە و کاتێک لەخەو هەستا، یەکێکیان هەڵدەبژێرێت و تۆش وەڵامەکە وەردەگریت. نازانم ئەو ئاژەڵە لەسەر جێخەو بخەوێت یاخود نا...بەڵام چێژم لەزۆربەی پرسیارەکان بینی.

**دیبۆرا ترایسمان: ئەوە ڕێگای پەیوەندیکردنە لەگەڵ خوێنەرەکانت. دەزانم کە لە ژاپۆن حەزتان لە ڕووداو و کۆبوونەوە گشتییەکان نییە. بۆچی ئەوە؟**

**هاروکی موراکامی:** من نووسەرم، وە بۆ نووسین لە خوێندنەکەمدا نایابە بۆ من_لەیەک کاتدا بڕیارمدا کە هیچ شتێکی دیکە نەکەم جگە لە نووسین_ئەوە بڕیارەکەم بوو. بەڵام لەم ماوانەی دوایدا دەستم کرد بە پێشکەشکردنی بەرنامەی گۆرانی داواکراو لەڕادیۆی یتۆکیۆ، بۆیە ئێستا ئەو کارە دەکەم.

**دیبۆرا ترایسمان: بۆچی گوتت بەڵێ؟**

**هاروکی موراکامی:** پێیانگوتم کە دەتوانم تۆمارکراوی دڵخوازم هەڵبژێرم و قسەی لەبارەوە بکەم بۆماوەی پەنجا و پێنج چرکە. بۆیە بیرمکردەوە، بۆ نا؟ ئەوەی لێیدەدەم زۆر هەمەڕەنگە_ هەمووشتێک لە بیڵی هۆڵیدەیەوە بۆ مارون فایف.



لەبەرئەوەی کوبی شوێنی لەدایکبوونمە، جێگای بڕواپێکردن نەبوو بەلامەوە. ژمارەیەکی زۆر هاوڕێم هەیە لەوێ. ئەگەر چاوم بەو هاوڕێیانەم بکەوتایە، زۆر نیگەران دەبووم، زۆر غەمبار. بەڵام لەخەیاڵدا، دەمتوانی جیهانی تایبەتی خۆم دروستبکەم، بۆیە کارەکە بۆم ئاسانتر بوو. دەکرێت توندوتیژی بێتە هۆی دروستبوونی کونێك لەمێشکتدا

هاروکی مۆراکامی






**دیبۆرا ترایسمان: پێموایە جارێک گوتت کە بوون بە نووسەربوونت لە یابان جۆرێک بووە لە «نمایشکردن». ئەوە کارێکی زۆر گشتییە، وە پێداگیریت لەسەر ڕۆتینەکانت. چۆن ئەو شتانە کۆدەکەیتەوە؟**

**هارۆکی موراکامی:** لەڕاستیدا، سەرەتا زۆر دڵخۆش نەبووم لە جیهانی ئەدەبی یابانیدا. لەدەرەوەی ئەدەبی یابانی کۆن بووم. هەندێک خەڵک دەیانگوت دەنگێکی نوێم لە ئەدەبی یابانیدا، وە هەندێکیش بە کەسێکی نالەبار ناویاندەهێنام. بۆیە هەستم بە شڵەژان و سەرسوڕمان دەکرد. نەمدەزانی چی ڕوودەدات. ئەوە وەک «ئالیس لەوڵاتی سەیروسەمەرەکان» بوو. بۆیە لەیابان ڕامکرد و چوومە دەرەوە. یەکەمجار چووم بۆ ئیتالیا و یۆنان و دوو سێ ساڵێکم لەوێ بەسەربرد، وە دواتر «دارستانی نەرویجی»م نووسی، وە خەڵکی ڕقیان لەو کتێبە بوو لە ژاپۆن.

**دیبۆرا ترایسمان: زیاتر لە ملیۆنێک دانەی لێفرۆشرا!**

**هارۆکی موراکامی:** زیاتر لە ملیۆنێک دانەی لێفرۆشرا، بەڵام خەڵکی ڕقیان لێمبوو، بۆیە جارێکی دیکە چوومەوە دەرەوەی وڵات. ئەمجارە بۆ برینستۆن و نیو جێرسی. جێگایەکی بێزارکەرە، جوانە، بەڵام بێزارکەرە. دواتر چووم بۆ بۆستن_بۆ زانکۆی تافتس. یاریگایەکی هەبوو_ بۆیە ئەوە باشبوو.

**دیبۆرا ترایسمان: دواتر، پاش بومەلەرزە و هێرشی گازی کوشندە، هەستتکرد کە دەبێت بگەڕێیتەوە یابان؟**

**هارۆکی موراکامی:** بەڵێ، لە ساڵی ١٩٩٥، هەستمکرد کە دەبێت بگەڕێمەوە ماڵەوە تا ببینم کە دەتوانم شتێک بکەم لەپێناو خەڵکدا. بۆ وڵات نا، بۆ نیشتیمان نا، بۆ کۆمەڵگا نا، بەڵکو بۆ خەڵکەکەم_ئەوە بیرۆکەکەم بوو.

**دیبۆرا ترایسمان: جیاوازی نێوان ئەم دوو شتە چییە_وڵاتێک و خەڵکەکە_بۆ تۆ؟**

**هارۆکی موراکامی:** خەڵکی کتێبەکانم دەکڕن. وڵاتەکە نا.

**دیبۆرا ترایسمان: پێتوایە کە کارەکانت وەک یابانییەک، زیاتر لەگەڵ کلتووری ئەدەبی ڕۆژئاوادا دەگونجێ؟**

**هارۆکی موراکامی:** بەوشێوەیە بیرناکەمەوە. چیرۆکەکانم چیرۆکەکانمن. سەر بەهیچ جۆرێک نین. بەڵام بە ژاپۆنی دەنووسم، وە کەسایەتییەکام زۆربەیان ژاپۆنین. بۆیە

پێموایە کە من نووسەرێکی ژاپۆنیم_ پێموایە ڕێڕەوی کتێبەکانم سەر بەهیچ جێیەک نین.

**دیبۆرا ترایسمان: لە ژاپۆن، پێموابێت زۆربەی خوێنەرەکانت لەسەرەتادا کەسانی گەنج بوون. هەوادارێکی زۆرت هەبوو لەناو گەنجاندا.**

**هاروکی موراکامی:** بەڵێ ئەوە زۆر نامۆیە. کاتێک دەستم بە نووسین کرد، خوێنەرەکانم لە بیستەکان و سەرەتای سییەکانی تەمەنیاندا بوون. وە پاش چل ساڵ، هێشتا زۆربەی خوێنەرەکانم لە بیستەکان و سەرەتای سییەکانی تەمەنیاندان. شتە باشەکە ئەوەیە کە هێشتا هەندێک لە هەوادارانی نەوەی یەکەم کتێبەکانم دەخوێننەوە، وە کوڕ و کچەکانیشیان بەهەمانشێوە. زۆر دڵخۆشم بەبیستنی ئەوەی کە سێ بۆ چوار کەس لەهەمان خێزان هەمان کتێب دەخوێننەوە. هاوڕێیەکم منداڵی تەمەنی هەرزەکاری و بیستەکانی هەیە. دەڵێت بەدەگمەن پێکەوە کۆدەبینەوە و کە ئەوەش ڕوودەدات تاکە بابەت کە لەبارەیەوە دەدوێین کتێبەکانی منە.

**دیبۆرا ترایسمان: هاوسەرەکەت باشتر لە کارەکانت تێدەگات چونکە دەتناسێت؟**

**هاروکی موراکامی:** نازانم. دەڵێت کە من نووسەری دڵخوازی ئەو نیم. بەڵام هەمووکات زۆر بە جدییەوە ڕەخنە لە کارەکانم دەگرێت. ئەو یەکەم خوێنەرمە، بۆیە کاتێک کتێبێک تەواو دەکەم، دەستنووسێک دەدەم بە هاوسەرەکەم، ئەویش دەیخوێنێتەوە و بە دوو سەد تێبینییەوە بۆم دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت «دەبێت ئەو بەشانە دووبارە بنووسیتەوە!» و منیش ڕقم لەوەیە.

**دیبۆرا ترایسمان: ئەگەر وتی دووبارە بینووسەرەوە، وادەکەیت؟**

**هاروکی موراکامی:** بەڵێ، وە دواتر بۆیدەگەڕێنمە، وە ئەویش جارێکی تر بۆ دەگەڕێنێتەوە بەڵام بە ژمارەیەک تێبینی کەمترەوە. لەوەی پێشتر کەمتر_ئەوەش باشە.

**ڕۆژنامەی زە نیویۆرکەر**



# بەختیار عەلی و دۆخی کۆچ و کۆچبەران...






رانانی: شێرکۆ شەریف

لەکتێبی ناشوێنی بەختیارعەلیدا دەکەوینە نێو باسێکی دوورو درێژی دۆخی کۆچ و ژیانی کۆچبەران و ئەو ناکۆکیە قوول و مانا شاراوانەی کەدیاردەی کۆچ و کارەکتەری کۆچبەر لەژیانی تاکەکەسی و دەستەجەمعی ئێمەدا هەڵگرێتی، بەختیار عەلی بەشێوازی جیا جیا سەرنجمان بەلای وێنەی کۆچبەرو بەریەکەوتنەکانی بەدنیایی دەرەوەو ناوەوە رادەکێشی و بەتەنیشت ویستگە جیاوازەکانی ژیانی کۆچبەردا دەمانبات و دەرفەتی ئەوەشمان بۆ دەهێڵێتەوە هەندێک لەدنیایی کۆچبەر رامێنین و هەستێکی سەیر بەغوربەت دامان بگرێت و توند بەخۆیەوە لولمان بدات، لێرەوە ئەوەی وا دەکات ئەم کتێبە لەدڵمدا شیرین بێت و بەجۆشەوە بخوێنمەوە، یان ئەوەی وادەکات بەدەم خوێندوەی کتێبەکەوە سات بەسات بەنێو داستانەکانی سەفەرو و مەنفاو غوربەتدا بگەڕێم و بێ وەستان بەدووی رەهەندە جۆراو جۆرەکانی کۆچ و کۆچبەربوون بکەوم، ئەو سەرنجە وردو ئەوزمانە تەعبیریە چڕو ئاست بەرزە مەعریفیەی نووسەرە بۆ دنیایی کۆچبەرو بۆ خەون و پرۆژەو ئومێدو چاوەڕوانێکانی خودی کارەکتەری کۆچبەرو مانەوەوەی لەشوێن وناشوێندا.

لەم سونگەیەوە ئەم کتێبە بەکۆمەڵێک رەگەزو ماناو دەلالەتی خوێندوەو حەقیقەت وپرسی کۆچ و ژیانی کۆچبەر دەپشکنێ و دەیخاتە بەردەم لێکدانەوەی گەلێک مانای فەلسەفی و وجودی و ویژدانیەوە، هەروەها ئەم کتێبە لەمێژوی کۆچ و یادەوەری مرۆڤی کۆچبەر دەکۆڵێتەوە بەهەموو خۆشی و ناخۆشێکانی و بەرزی ونزمێکانییەوە، بەکێشەو تەحەداکانێەوە لەتەک نامۆبوون و ئاستنگە جیاوازەکانی ژیانی غوربەت دا، وەئەزموونی کۆچی مرۆڤی کورد لەدەست تاک مانایی و تاک رەهەندی قەتیسگرتووی ئایدلۆجی دەردەهێنێت و دەیباتەوە نێوکۆمەڵێ سیاقی ئینسانی ترو مێژوویی تر کەوا دەکەن لەزیاد لەدیدگایەکەوە سەیری ئەفسانەو چیرۆک وحیکایەتە دێرینەکانی کۆچ بکەین، واتا هەر شتێک نرخێکی راستەقینەی بۆ ژیانی کۆچبەر

هەبێت، هەر شتیک بۆنی توڕەیی ویاخیبوونی کۆچی لێ بێت لەکۆمەڵگاو ژیانی پێکەوەیی لەچواردیواری نیشتماندا،ئەوە بێ یەک دوو دەبێت بەکەرەسەی بیرکردنەوەو رەخنەو رامانی نووسەر لەدنیایی کۆچبەرو ئەو پەیوەندیەیی کە کۆچبەر بەخۆیی و کۆمەلگاکەیەوە دەبەستێتەوە، یان ئەو پابەندیانەی کە کۆچبەر لەتەک وێنە جیاوازەکانی مەنفاو دووری لەنیشتیمان بەئێمەی نیشان دەدات، کەدەکرێت هەریەکێکیان کۆدی نهێنی ژیانی واقعی ئەو بن.

لەم سەرەتایەوە بەختیار عەلی لەم کتێبەدا کۆمەڵێ بابەت و تەوەری گرنگ دێنێتە بەرباس کە بەکۆ پەیوەندیان بەئازاری کۆچ و مانا تراژیدێکانی



بەختیار عەلی

هەواڵنامەی کتێب

ژیانی کۆچبەرەوە هەیە. بۆیە لەهەر لایەکەوە سەیری ئەم کتێبە بکەین شتێکی لێ بخوێنینەوە ئەوە دەبینین کەمرۆڤی تاراوەگەنشینی ئێمە چەندە لەنێوخۆیدا دابەش و دووکەرتە، چەندە ئیزدواجیەت و دووفاقی بە بیرو هزرو رەفتار و گوفتاریدا نووساوە، وە چەندە بۆ ئەو بەجێهێشتنی زێدی نیشتمان قورسەو جۆرێک لەبێ ئینتمایی بۆخۆی دێنێ و یەکسان دەبێت بەتێکچوونی هارمۆنیەتی شوێن و هەموو جۆرە پەیوەندیەکی ئینسانی بەشوێنەوە، دیارە مرۆڤی سەردەمی مۆدێرن خولیاو ئارەزووەکانی هێندە زۆرە هیچ شتێک و هێزێک ناتوانێت لەشوێنێکی دیاریکراو بیهێڵێتەوە، پاڵەپەستۆی مانەوە لەشوێندا و فشارو جەبرە کوشندەکانی جەنگێکی دەرونی و روحی لەبوونی مرۆڤدا هەڵدەگیرسێنن و بەرۆیشتن و کۆچ کردن نەبێت دانامرکێتەوە.مرۆڤی تاراوگە نشین بۆئەوەی بژێت دەبێت شان بداتە بەرهەڵگرتنی قورسایی و سەختی شوێن

لەکات و ساتە هەستیارو دژوارەکاندا، دەبێت بزانێت هەموو شوێنێک تایبەتمەندیی و زەبری کلتووری خۆیی هەیە کەمرۆڤ ناچار بەمل کەچبوون دەکەن لەتەک ماناو دەلالەتە مادیی و ڕەمزێکانیدا. لێرەوە ناشوێن خەیاڵی ئـازادی دەوێـت، خەیاڵێک بتوانێت لە نێوان سنوری نیشتیمان وتەراوگە دا لەهاتوچۆیەکی بەردەوامدابێت، خەیاڵێک بتوانێت لەسەرنەست و ڕوحی مرۆڤ یاری بکات و کۆمەکی بکات لەکۆکردنەوەی تفاق و کەرەسەی بونیادنانی ناشوێندا، شوێن ئیلهام لەناشوێن وەربگرێ و کەم کوڕێکانی خۆی پێ پرکاتەوە بەپێچەوانەشەوە ناشوێن سیفەت و مانەوەو زیندویتی خۆی لەشوێنەوە وەربگرێ. واتـا هاوکێشەکە ئاڵۆزە وزەو توانایەکی زۆری پیویستە تابتوانیت لە فەنتازیایی خۆتا ئەمیان لەئەویان دروست بکەیت یاخود بەپێچەوانەوە. لێرەوە من سەرسامی خۆم بەم کتێبە ناشارمەوە بەوەی نووسەر توانیوێتی بەناخی کەسی کۆچبەردا بچێتە خوارێ، هێندە لەڕوحی کۆچبەری ئێمە نزیکە، کەدەسەڵاتی ئەوەی دەداتێ تەفسیری نوێی و دیدی نوێی لەسەر بەرهەم بهێنێت، ئەوەندە بەدوای ئەفسانە و خورافات و حیکایەتەکانی کۆچبەردا دەڕوات، ڕێگەی ئەوەی بۆدەکرێتەوە بچێتە نێو نەستی تاک و کۆمەڵگایی ئێمەوە، بچێتە ئەودیو وێنە باوو بەشە نووستووەکانی ژیانی ئێمەوە، واتا هیچ شتێک بۆ منی خوێنەر ناهێڵێتەوە جگە لەحەپەسان و واق وڕمانی زیاترو عاشقبوون بەزانینی نهێنی و تەلیسماوی ژیانی کۆچبەرنەبێت.

ماوەتەوە بڵێم ئەم کورتە نووسینەی من ڕەنگە هیچ نەبێت و لەدڵیشەوە پێ ڕازی نەبم، پاساوی ئەوەش ناهێنمەوە کەبۆ نەمتوانی بچمە نێو هەنـاوو دڵی کتێبەکەوە، بۆچاوو نیگایی من تەواوی ڕووخساری جوان و غەمگینی کتێبەکەی نەبینی، یان بۆهێزی ئەوەم نەبوو لەسەرکۆیی بەش و لایەن و پێکهاتی کتێبەکە بوەستم و شتێکی بۆ سەر بار بخەم، بۆڕوحی من یەکانگیر نەبوو بەڕوحی کتێبەکەو دەرەنجامێکی باشترو بەپێزتری نەدا بەدەستەوە، جگە لەهەموو ئەمانە هێشتا هەر خۆشحالم بەر دەگمەنترین و ناوازەترین کتێب دەکەوم و لەزەمەنێکی پرلەهاشوهوش و نائارام و بێ سەرو بەردا. لەفەزایی کلتورو ڕۆشنبیریەکی هەژارو داخـراودا، لەدۆخیکی ناجۆری پڕ لەنەفیکردن و ڕەتکردنەوەدا کە بەلای زۆرێکەوە دەستگرتن بەسەرمایەی ڕەمزیی نووسین و کتێبی باشەوە هێشتا وەک شتێک لە ساویلکەیی و خۆشباوەڕی و وەهم و بێ ئاگایی وێنادەکرێت.

# بنەماکانی داهێنان



موعتەسەم ساڵەیی






زانا و دەروونناسی نەمساوی (سیگمۆند فرۆید) بە یەکێک لە زانا و نووسەرە هەرە ناسراوەکانی سەدەی بیستەم دەژمێررێت. هیچ نووسەر و ڕۆشنبیر و بیرمەندێک لە جیهاندا بەدی ناکرێت گەر لە کتێبخانەکەیدا چەندین کتێب و نامیلکەی ئەم زانا بلیمەتەی تێدا نەبێت.

فرۆید خاوەنی کۆمەڵێک تاقیکردنەوە و تێڕامانی دەروونییە، تێکڕای تاقیکردنەوە و ئەزموونەکانی وەکو دکتۆرێکی دەروونناسی، بوونە مایەی گەڵاڵەبوونی چەندین تیۆری بەناوبانگ و ناسراو لە بواری شیکاری و دەروونناسیدا. فرۆید هەموو بۆچوون و تیۆرەکانی خۆی کۆکردەوە و لە دووتوێی چەندین کتێب و نامیلکەدا داڕشتنەوە. بەرهەمەکانیشی وەرگێڕراونەتە سەر زۆربەی زمانانی زیندووی جیهان.بەناوبانگترین کتێبی فرۆید (لێکدانەوەی خەون)ە.

فرۆید کابرایەکی کراوە و ڕووخۆش بوو، زۆری حەز بە گەشتوگوزار بوو بەتایبەتی لە وەرزی بەهاردا. زۆرجار لەگەڵ برادەرە نوژدار و زاناکانیدا گەشت و گوزاری دەکرد. کابرایەکی هاوچەرخی فرۆید لەبارەیەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێ: لە سەردەمی سەرەتای ژیانیدا حەزی بە خوێندنەوەی سەرگوشتەی ژیانی سەرکردە سەربازییەکان بووە، وەکو (هانیبال) و (قەیسەر) و (ناپلیۆن)و.. هتد. لە هەمان کاتدا نەخشەیەکی جیهانی هەبووە، کە بە ئاڵای ودیلەی وڵاتان ڕازابووەوە. لەو سەردەمەیشدا تا ڕادەیەک لە بواری ڕامیاریدا بیروباوەڕی سۆشیالیستیی چووبوو



به دڵدا و لایەنگریی لە لیبرالیزمی دەکرد، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی نازیزم و ئەڵمانیای هیتلەریدا تا ڕادەیەک بڕوای بە دیموکراسی نەما، پشتگیریی لە پیاوانی ڕۆشنبیر و لێهاتووی ئازا و بوێر دەکرد. بێوچان دەیخوێندەوە و پەیتا پەیتا خۆی ڕۆشنبیر دەکرد و گرنگی بە ئەدەبیات دەدا، هەردەم بەرهەمەکانی (گۆتە) و (شەیکسپیر)ی دەخوێندەوە.

دەوترێت لە تەمەنی هەشت ساڵیدا دەستی کردووە بە خوێندنەوەی شانۆنامەکانی شەکسپیر، لە هەمان کاتدا بە ڕادەیەکی زۆر (هۆمیرۆس)ی چووبوو بەدڵدا. بە چاوێکی ڕێزیشەوە دەیڕوانییە (فیلدنگ)ی ئینگلستانی و (ئەناتۆل فرانس)ی فەڕەنسایی و (مارک توین)ی ئەمریکایی.

فرۆید لە بەرهەمەکانی نووسەری ڕوسی دوستۆیڤیسکی قووڵ دەبووەوە و بابەتێکی پڕ بایەخی لەبارەی بەرهەمەکانی ئەو نووسەرەوە نووسی، بەتایبەتی لایەنی تاوانی کوشتنی باوک لە ڕۆمانەکانی دوستۆیڤسکیدا سەرنجی تەواوی ڕاکێشابوو، بۆیە ئەم چەمکە گرنگەی خستە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەوە.

لە ساڵی (١٨٨٥) دا فرۆید بەمەبەستی خوێندن ڕوویکردە شاری پاریس. بۆماوەی شەش مانگ لە ژێر دەستی زانای ناسراو (ژان پارتین شارکۆ)خوێندی. ئەم زانا فەڕەنساییە وەهای بۆدەچوو گوایە بە ڕێگای خەواندنی موگناتیسیەوە، دەتواندرێت دیاردەکانی هیستیریا چارەسەر بکرێت. لە ساڵی (١٨٨٦)دا فرۆید خاتوو (مارتا برنایس)ی کردە هاوسەری خۆی و شەش منداڵی لێبوو. ئەوەبوو یەکێک لە کچەکانی بەناوی (ئەننا فرۆید) بوو بەزانایەکی دەروونناسی. لەو ماوەیەدا فرۆید خۆی تەرخان کردبوو بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی دەمارگیری. لە زانکۆی (ڤیەننە)دا دەستی کرد بەوانە وتنەوە. لەساڵی (١٩٠٢)دا لەتەک چەند برادەرێکیدا کۆمەڵەی ڤیەننای بۆ شیکردنەوەی دەروونی دامەزراند. هەرکە نازییەکان دەستیان بەحوکمڕانی کرد، (فرۆید)ناچاربوو بەرەو وڵاتی ئینگلستان هەڵبێت. هەر لەو وڵاتەدا لە ڕێکەوتی (٢٢)مانگی یازدەی ساڵی (١٩٣٩) کۆچی دوایی کرد. فرۆید لە بواری شیکاریی دەروونیدا دەستێکی باڵای هەیە. هەروەها لە ڕووی لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی خەونیشدا خاوەنی تیۆری تایبەتی خۆیەتی. هەموو بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بەدنیای جەنجاڵ و تێکچڕژاوی خەون لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (لێکدانەوەی خەون)تۆمارکراون و داڕێژراون. ئەم کتێبە وەرگێڕراوەتە سەر زمانی کوردیش. بەپێی بۆچوونی فرۆید (ئاگایی) و(نائاگایی) دوو لایەنی گرنگی کەسایەتیی هەر تاکێک پێکدەهێنن. خەونیش کە لەدنیای نائاگاییەوە هەڵدەقوڵێت بریتیە لە ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی ئارەزووە سەرکوتکراوەکان. داداییەکان کەلەپاش ساڵی (١٩١٦)دا لە ڕۆژئاوادا سەریانهەڵداو پاش ئەوانیش کە سوریالیستیەکان هاتنە ئاراوە، بەڕادەیەکی زۆر پەیڕەوکارانی ئەو دوو ڕێبازە کەوتبوونە ژێر کاریگەرێتیی تیۆرەکانی فرۆیدەوە. بەڕادەیەکی زۆر گرنگیان بەدنیای جەنجاڵی بێ ئاگایی و

خەون و خەیاڵ و ئەندێشەو فانتازیا دەدا. ئەم هەموو چەمک و لایەنانەیش بەخەستی لەکارە هونەرییەکانیاندا ڕەنگیان دەدایەوە. فرۆید ڕووی خۆی بەلای داهێنەرەکاندا وەرچەرخاند و هەڵسا بەشیکردنەوەی بەرهەمی چەند داهێنەرێک لەمەیدانی ئەدەب و هونەردا وەکو لیۆناردۆ داڤینشی و ڤان گوخ و دوستۆیڤسکی و مارکیز دوساد و چەندانێکی تر. لەئەنجامدا وەهای بۆدەچوو گوایە ئەم کەسایەتییانە گەرچی خاوەنی توانای فیکری و زیرەکی بوونە و زۆریش هەست ناسک بوونە، بەرادەیەکی زۆریش تامەزرۆی هونەر بوونە، بەڵام سەرەڕای هەمووی حەزیان بەوەبووە سەرنجی خەڵکی بۆلای خۆیان ڕابکێشن بەتایبەتی ئافرەتان و ڕەگەزی مێینە.. هەر بۆیە گرنگیدان بەخودی کەسایەتی داهێنەر کرۆک و پاڵنەری چالاکی هونەری و ئەدەبی لەلای داهێنەر پێکدەهێنێت. فرۆید وەهای تێدەگات هونەرمەند دووچاری نەخۆشیی دەروونی (NEUROSES)ـە هۆیەکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ شێواوی ئارەزووە خەفەکراوەکان و توانای سێکسی کە بە (LIBIdO) ناوی دەبات. داهێنەر لەپێناوی ڕزگاربوون لەو نەخۆشییە، بەنائاگاییەوە بەرەوە (هەڵکشان–تسامی–SUBLIMATION )دەچێت. ئەمەیش مانای وایە داهێنەر بازدەدات بەسەر کێشە سێکسییەکانیەوە، بەرەو هەڵکشان و بەرزبوونەوە دەڕوات و بەکاروبار و چالاکی ئەدەبی و هونەری هەڵدەستێت، بەم پێیەیش کێشە سێکسییەکانی پەرە پێدەدات و دەیانکات بەبابەتی پڕ لەبایەخ و گرنگی کۆمەڵایەتی.. لەبواری کیماسازیشدا هەڵکشان هەیە، بەو مانایەی مادەیەک لە دۆخێکی ڕەقەوە هەڵبکشێت و بچێت بۆ دۆخێکی گازی. ئەم زاراوەی هەڵکشانە لەدیدگای ئەم زانایەوە لە بواری هونەر و ئەدەبیشدا بەدی دەکرێت، کە توانا و ئارەزووەکانی داهێنەر لەبواری کێشە دەروونیە سێکسیەکانەوە بەرزببێتەوە و هەڵبکشێت بۆدنیای هونەر



شەیکسپیر

لەگەڵ سەرهەڵدانی نازیزم و ئەڵمانیای هیتلەریدا تا ڕادەیەك بڕوای بە دیموكراسی نەما، پشتگیریی لە پیاوانی ڕۆشنبیر و لێهاتووی ئازا و بوێر دەكرد. بێوچان دەیخوێندەوە و پەیتا پەیتا خۆی ڕۆشنبیر دەكرد و گرنگی بە ئەدەبیات دەدا، هەردەم بەرهەمەكانی (گۆتە) و (شەیكسپیر)ی دەخوێندەوە.



و ئـەدەب، کە مانای بـەرزی و بڵندی دەبەخشێت. بەم پێیەیش هەڵکشان بریتیە لە پرۆسەی گۆڕانکاری لە ئاستی پاڵنەرە خۆڕسکیە ناکۆک خوازەکان و ئارەزووە سێکسییە سەرکوتکراوە تێرنەکراوەکان، دواتر بەرزکردنەوەیان بەرەو ئاستی چالاکی و داهێنانی ئەدەبی و هونەری و فیکری وەکو وێنەکێشان و پەیکەرتاشی و چیرۆک و ڕۆمان نووسین و کاروباری شانۆیی و سینەمایی و داهێنانی دروستکاری و وەرزش و نـۆژداری و.. هتد. ئەم پرۆسەیەیش وەکو فرۆید بۆی دەچێت بریتیە لە وەرچەرخاندنی ئارەزووی سێکسی بەرەو ئامانجی ئەدەبی و هونەری و فیکری. ئەم حاڵەتەیش پاڵنەر و خواستە دوژمنکارییەکان بەرز و بڵند دەکاتەوە بەرەو ئامانجە کۆمەڵایەتیە پیرۆزە لەبەرچاو گـیراوەکـان، بۆنموونە مارکێز دوسـاد و جـان جینێ لەکەسانێکی خواست نزمەوە بەرەو ئاستی نووسەرێکی ڕێـزدار هەڵکشان و بڵندبوونەوە. زۆربـەی تیۆرەکانی فرۆید لە ئـارەزووە سێکسیەکانەوە سەرچاوە دەگرن. ئەمەیش مانای ئەوە دەبەخشێت کە فرۆید لەم ڕووەوە زیادەڕۆیی کردبێت، وەهایشی کردووە لەلایەن چەندین بیرمەندەوە ڕەخنەی لێبگیرێت. فرۆید لەشاری ڤییەننادا پەروەردەبوو، ئەو شارەیش بەر لەجەنگی یەکەمی جیهانی پایتەختی ئیمپراتۆرییەتێکی ناسراوبوو. ژنان و خانمانی چینە دەسترۆ و فەرمانڕەواکان لەڕووی توانای مادی و پۆشاک و خۆراکەوە تێربوون، بەڵام لە ڕووی سێکسیەوە برسی و چاوچنۆک بـوون. ئەمەیش وەهـای کردبوو نەخۆشیی دەروونی لە نێوانیاندا بڵاوببێتەوە. زۆرێک لەو خانمانەیش ڕوویاندەکردە لای فرۆید بۆ چارەسەرکردن. ئەم دیاردەیەیش بەڕادەیەکی زۆر ڕەنگی دایەوە لەسەر تیۆرەکانی فرۆید.. گەر بهاتبایە فرۆید لە ژینگەیەکی تردا بژیایە، لەوانەبوو تیۆرەکانی بەئاراستەیەکی دیکە ڕێچکەیان ببەستایە.. بۆپەرچدانەوە و بەرهەڵستکردنی تیۆرەکانی فرۆید، دەڵێین بۆنموونە (چارلس دیکنز) لەئاکامی هۆکاری ئابوورییەوە دەینووسی نەک سێکسی، مەبەستی بوو لەڕێگەی داهاتی نووسینەکانیەوە خێزانەکەی بەخێوبکات. بەهەمان شێواز دوستۆیڤسکی لەپێناوی بەدەستهێنانی پارە و پولدا دەینووسی. لەساڵی (١٧٣٢)دا ڤۆلتێر نامەیەک بۆ (لیڤیبەر)ی هاوەڵی دەنووسێ و دەڵێ: (پێویستە مێش هەنگەکان هەنگوین بەرهەم بهێنن، یاخود کرمی ئاوریشم ماددەی ئاوریشم بهێننە بەرهەم. شاعیریش بۆیە دەبێت بەشاعیر، چونکی سروشت ئەم شتەی بەسەردا سەپاندووە..) (ئەندرێ جید) لەبارەی نووسینەوە دەڵێ: (قورسترین شت لەدنیادا ئەوەیە مرۆڤ دەست بەنووسین بکات، چونکی پیشەی نووسین پێویستیی بەدڵسۆزی و پاک ڕەوشتی هەیە..) ئێمەیش بۆمان هەیە بەرپەرچی هەندێک لە بۆچوونەکانی فرۆید لە بارەی داهێنانەوە بدەینەوە، کە هەردەم داهێنان پەیوەست دەکات بەئارەزووە سێکسیەکانەوە، دەپرسین و دەڵێین داخۆ دەبێت هۆکارە سێکسیەکان لەپاڵی (مەم و زین)ەکەی (ئەحمەدی خانی) و(ئـەی ڕەقیب)ەکەی شاعیر (دڵـدار)ەوە بووبێتن.!؟ لە

وەڵامدا دەڵێین نەخێر، بەڵکو هەستی نەتەوایەتی هۆکاری سەرەکی و پاڵنەری بنەڕەتی بوون بۆ داهێنانی ئەو دوو شاکارە و، چەندین شاکاری تر لەکوردستان و سەرانسەری جیهاندا..

بۆی هەیە ڕەخنە لەچەند لایەنێکی سرنج و تێڕوانینەکانی سیگمۆند فرۆید بگیرێت، بەڵام تیۆرە دەروونییەکانی بەشێوەیەکی گشتی گەلێک لایەنی ڕاستی لەخۆیان دەگرن. کار گەیشتۆتە ڕادەیەک کە ڕاوبۆچوونەکانی هەژموونی خۆیان سەپاندووە بەسەر تێکڕای کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، سەرجەم خوێندنگا و زانکۆ و ئەلقە زانیاری و ڕۆشنبیرییەکانی جیهان، بەگەرمییەوە لەجیهانی فرۆید دەڕوانن و بەوردییەوە تیۆرە دەروونییەکانی دەخوێنن.

ئەو بیرمەند و زانایانەی کە لەبارەی دنیای داهێنانەوە دواون ژمارەیان زۆرە، یەکێک لەوانە زانای ناسراو ئەلفرێد ئیدلەرە (١٨٧٠ ـ ١٩٣٧). خاوەنی تیۆری (گرێی کەم و کوڕی)یە. ئەم زانا نەمساوییە وەهای لێکدەداتەوە، گەر تاکێک تۆوی خۆ بەکەم زانین لەناخیدا ڕوابێت و دووچاری گرێی کەم و کوڕی بووبێت، ئەوا خۆی لەبەردەم دوو ڕیانێکدا دەبینێتەوە، لەو حاڵەتەیشدا یا خۆی دەخواتەوە و خۆی بەلاواز دێتە پێش چاو و گۆشەگیر دەبێت، یاخود ڕێگای دووەم لەبەردەمیدا دەبێت و دەتوانێت بازبدات بەسەر هەست کردن بەکەم و کوڕییەکانی، بۆی هەیە کاری مەزن بەئەنجام بگەیەنێت و بەهرەمەندی بنوێنێت و داهێنان بکات. لەمێژووی دورونزیکدا لەم ڕووەوە نموونە زۆرن، هەندێک لەکەسانی ناسراو و بلیمەت لەقۆناخی خوێندنی سەرەتاییاندا بەناهەق بەگەمژە ناوزەد دەکران، لەبواری خوێندندا سەرکەوتووو نەبوون، بەڵام لەکاتی گەورەبوونیاندا بوونە بەکەسایەتیی بلیەت و ناسراو، توانیویانە لەبوارەکانی زانیاری و ئەدەب و هونەر و گەلێک لایەنی تردا داهێنانی گەورە بهێننە کایەوە. لێرەدا

گۆتە



تیۆرە دەروونییەکانی بەشێوەیەکی گشتی گەلێك لایەنی ڕاستی لەخۆیان دەگرن. کار گەیشتۆتە ڕادەیەك کە ڕاوبۆچوونەکانی هەژموونی خۆیان سەپاندووە بەسەر تێکڕای کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، سەرجەم خوێندنگا و زانکۆ و ئەلقە زانیاری و ڕۆشنبیرییەکانی جیهان

دەتوانین ناوی هەندێکیان تۆماربکەین وەکو: ئینشتاین و باستوێر و باسکال و بۆنکارێ و جێمس وات و داروین و نیوتن و ئەمیل زۆلا و تۆلستۆی و سەمۆئێل جۆنسون و والتەر سکوت و بسمارک و مارکس و جۆن کەنەدی و وینستون چرچل.. هتد

(باستوێر) بەهۆی نزمیی نومرەکانییەوە لەپەیمانگای باڵا لەشاری پاریس وەرنەگیرا. یاخود نووسەری ناسراو (ئەمیل زۆلا) لەتاقی کردنەوەی مێژووی ئەدەبی فەرەنسیدا، سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا.

بۆی هەیە ڕەخنە ئاراستەی چەند چەمکێکی تیۆرەکانی (ئەلفرێد ئیدلەر)ی خاوەنی تیۆری (گرێی کەم و کوڕی) بگیرێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ڕاوبۆچوونەکانی گەلێک لایەنی ڕاستی دەگرنەخۆیان.

داهێنان پێویستیی بەبەهرە و ویست و ئیرادەیەکی پۆڵایین هەیە، هەروەها نێوەند و ژینگەیەکی شیاو و لەبار یارمەتیدەرە بۆ نەش و نمای بەهرە و داهێنان. لەو ڕێیەیشدا پێویستیی بەخۆماندوو کردنێکی زۆرە، بۆنموونە زانای پۆڵەندی کۆپەرنیکس (١٤٧٣ ـ ١٥٤٣) بەدرێژایی چل ساڵی ڕەبەق، سەرقاڵی تاوتوێ کردنی بۆچوون و تیۆرە زانستییەکانی بوو، نەیدەویست کتێبە ناسراوەکەی (لەبارەی جم و جۆڵی هەسارە ئاسمانییەکان)ەوە بەچاپ بگەیەنێت. لەتەمەنی حەفتا ساڵیدا لەژێر پاڵەپەستۆی دۆست و هاوەڵەکانیدا ناچاربوو بەچاپی بگەیەنێت. ئەوەبوو لەکاتی سەرەمەرگیدا کە لەنێو جێگادا ڕاکشابوو، دانەیەک لەو کتێبەی خۆیی بەدەست گەیشت. ئەو دۆزینەوە زانیارانەی کۆپەرنیکس لەسەردەمی خۆیدا، شۆڕشێکی گەورە و گران و مەترسیداری پێکدەهێنا، توانیی گۆشەنیگای سەرجەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بگۆڕێت، بەوپێیەی سەرپێچیی تیۆرەکانی ئەرستۆ و بەتلیمۆسی کرد، توانیی ئەو ڕاستییە بسەلمێنێت کە گۆی زەوی






بەدەوری خۆی و خۆردا دەسووڕێتەوە. بەڵام لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا خوێندکارێکی قۆناخی سەرەتایی شارەزای ئەو بۆچوونە زانیاریانەی کۆپەرنیکسە.

زانای دەروونناس بافلۆف (١٨٤٩ ــ ١٩٣٦) بەدرێژایی چارەگە سەدەیەک سەرقاڵی تۆمارکردنی تاقیکردنەوە زانیارییەکانی بوو. نەیدەویست ئەو دەقانەی خۆی بەچاپ بگەیەنێت، تا ئەو کاتەی یەکێک لەقوتابییەکانی هەڕەشەی لێدا و ناچاری کرد بەچاپیان بگەیەنێت.

وڵاتە ڕۆژئاواییەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بێ وچان لەهەڵپەدان لەپێناوی پێشخستنی هەموو بوارەکانی ژیان، نهێنیی سەرکەوتن و گەشەسەندنیان لەداهێنانەوە سەرچاوە دەگرێت. هەردەم سەرقاڵی داهێنانن لەهەموو بوارەکانی ژیاندا وەکو: فیکر و فەلسەفە و ئەدەب و هونەر و زانیاری، یاخود لەڕووی پیشەسازییەوە هەردەم دەست بەکارن، ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و پێداویستییەکانی ژیان پەرە پێدەدەن. ئەمەیش دەرگای لەبەردەمیان واڵا کردووە، کە باڵا دەستبن و خۆش گوزەرانی بۆخۆیان دابین بکەن. بەپێچەوانەی ئەوانیشەوە ئێمەی ڕۆژهەڵاتی، بەتایبەتی وڵاتانی ئەم ناوچەیەی دەوروبەرمان دەستەوەستان لێی دانیشتووین، بەڕادەیەکی زۆر کۆڵەوارین و ناتوانین بەکاروباری داهێنان هەڵبستین و بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێین. بەتەنیا لەبواری چاوچنۆکی و پاوەنخوازی و خۆبەزل زانین و کوشتن و بڕیندا، داهێنانی سەرسوڕهێنەر بەئەنجام دەگەیەنین.! وڵاتانی پێشکەوتوو خەون بەئایندە و دواڕۆژێکی پرشنگدارترەوە دەبینن، ئێمەی ڕۆژهەڵاتیش بەعەقڵییەتێکی سەلەفییانەوە چاومان بڕیوەتە ڕابردوو، شکۆمەندیی خۆمان لەمێژووی دێریندا بەدی دەکەین. پێویستە بەوردی ڕابردوو بخوێنین و لێی ورد ببینەوە، بۆئەوەی پەند و عیبرەتی لێ وەربگرین، بۆمان هەیە بڵێین گەر ڕابردوو بەلامانەوە ئازیز بێت، ئەوا ئایندە و داهاتوو ئازیزترە.. بەڕای میللەتانی دواکەوتووەوە هەموو داهێنانێک سەرلێشێواویە (ضلال) هەموو سەر لێشێواوییەکیش خەڵکی بەرەو هەڵدێر دەبات..!



# نووسەرە پێشەنگەکانی بواری ئەدەبیاتی بەندیخانە

## ئەرکەوازی و مەهاباد قەرەداغی بەنموونە



ستار جەباری

ئەدەبیات ژانر و شێوازی زۆری هەیە، لێرەدا ئاماژە بە ژانرێکی جیاواز و دەگمەن دەدەین ئەویش «ئەدەبیاتی بەندیخانەیە» * جیاوازی لەوەدایە لە کەشێکی خۆش و لە هۆڵە مەزن و ڕازاوەکان، یان لە کاتی ئاسودەیی و خۆشگوزەرانی و لەجێژوانی ئاشقانە و لەنێو ڕەز و باخ و مێرگ و لەژێر درەخت و سەدای ئاوازی بولبول و قاسپەی کەودا نەنووسراون، بەڵکو لە پشت تەلبەندەکانی بەندیخانەوە و لە کەشێکی ئازاراوی، بارگاوی بە ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی و لەسایەی ئێشوئازار و و دان بەخۆداگرتن و ڕامان و خەیاڵ و ئەندێشە و هیوا و ئاوات بە بانەرۆژێکی پرشنگدار و هەڵهاتنی خۆری ئازادیدا نووسراونەتەوە. دەربڕی قوڵایی دەرون و ناخێکی تژی لە پەژارە و خەم. لێرەدا هەردوو دوو نوسەر و شاعیر، ئەرکەوازی وەکو ڕەگەزی نێر و مەهاباد قەرەداغی وەکو ڕەگەزی مێ. وەکو نمونەی دێنینەوە،

ئەرکەوازی ناوی تەواوی «غوڵامڕەزا خانی ئەرکەوازی (١٧٧٠ – ١٨٣٤ز) یەکێکە لە شاعیرە گەورەکانی کورد، خاوەنی زۆرترین بەرهەمی بەندیخانەیە.

بەپێی وتەی بەساڵاچووانی نەوەکانی شاعیر: ناوی غوڵامڕەزا کوڕی حەسەن بەگ کوڕی میرزا بەگ کوڕی میەسم بەگ کوڕی ئەحمەدقولی کوڕی میاخ (یان بیاخ) بووە. بەڵام لە نووسراوی فەرمانی بەندکردنی لەلایەن (حەسەن خان)ی والی پشتکۆوە ناوی شاعیر بە (تژمال غولامڕەزا) هاتووە. ئەم شاعیرە لە سەرچەفتەی گوندی بانویزەی سەر بە ناحیەی چواری پارێزگای ئیلام لەدایک بووە.

بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ والی پشتکۆ ساڵی ١٨٠٤ز فەرمانی بەندکردنی دەردەکات. شاعیر لە ماوەی مانەوەی لە بەندیخانەدا هەر (٢٤) بەندی موناجاتاکەی دەنووسێت کە بەشی هەرە زۆری دیوانەکەی پێکدێنێت. هەندێک دەڵێن هەر ئەم داهێنانە دەبێتە مایەی سەرسامیی والی و ئازادی دەکات، بەپێی وتەیەکی دیکەش پەرجوئاسا، زنجیرەکان دەپسێنێت و ڕوودەکاتە ژێردەسەڵاتی عوسمانی (کرند) و دواتر ڕوودەکاتە عێراق و هەر لەوێش کۆچی دوایی دەکات وەک دەڵێن ئەگەری هەیە لە نەجەف نێژرابێت.

جگە لە موناجاتنامەکەی، چەند شیعریکی دیکەی هەیە، یەکێک لەو شیعرانە (باوەیاڵ)ـە کە شیننامەیە بۆ مەرگی (ئەحمەد خان)ی کوڕی.

باوەیاڵ ناوی شاخێکی دەڤەری ئیلامە. ئەمەش چەند دێڕێک لە شیعری شیننامەی باوەیاڵ:

وە باوەیاڵ دیم وە باوەیاڵ دیم
ئەورووِ واوێلا وە باوەیاڵ دیم
حاواس پەریشان حاڵش حاڵحاڵ دیم
سەر تا پا بەرگش سیازخاڵ دیم
سەر قولەیٚ کاوان وە سیا تەم دیم
درەختان ژە خەم چوی چەوگان چەم دیم



داران درەختان کەلاغیپووش دیم
کەپوو کەم دەماخ بلبل خامووش دیم
کەپوو وەو شین گاڵ گەرمەوە
چمان مردەیّ داشت وە روی تەرمەوە
من و باوەیاڵ عەهدمان کەردەن
من خەم و ئەو تەم تا رووژ مەردەن
رووڵە یە ئاسار شکارگاهتەن
یە جاگەیّ کەڵرەم شوون راهتەن
ئەڕا چوی جاران دیارت نییەن
مەر گڵکوو وەبان مەزارت بییەن
گڵ وە بانم کەن گڵ وە بانت دیم
ئێ دنیا وەکام دژمنانت دیم
.....

شاعیر و نووسەر خاتوو «مەهاباد قەرەداغی» بەنوسینی دوو کتێب لە بواری ئەدەبیاتی بەندیخانە بەناوەکانی «ساڵێک لە دۆزەخ و چلچرا» بەشێوازی بیرەوەری دەبێتە پێشەنگ و دەسپێشخەر لەو بوارە، سەرکەوتنەکانی ئەم ئەم بەرهەمانەی لەوەدایە: مەهاباد یەکەم ژنی کوردە بیرەوەرییەکانی ناو بەندیخانەی نووسیوەتەوە. هەرچەندە بەرلەویش ئافرەتانی کورد بەندکراوون و هەندێکیان وەک ئەم نووسەریش بوونە» **» لێ خاتوو مەهاباد زۆر بوێرانە و راستگۆیانە و خامەپاکانە و بێ سڵەمینەوە شولی لێ هەڵکردووە و سەرجەم بیرەوەرییە تاڵە پڕ لە ئازار و ئەشکەنجەکانی خۆی نووسیوەتەوە، بەجۆرێکە ئاستەمە کەسانی ئاسایی بتوانێ بەو شێوازە جوان و سەرنج راکێشانە بنووسن، هەروەک لەپێشەکی کتێبەکەی «ساڵێک لە دۆزەخدا»***» هاتووە ئۆسکار وایلد دەڵێ: «هەر مرۆڤێ دەتوانێ رۆمانێکی سێ بەرگی بنووسێت، ئەوەندەی دەوێت کە شارەزاییەکی تەواوی لەبارەی هەردووکیان، وێژە و ژیانەوە هەبێت» خۆشبەختانە مەهاباد قەرەداخی خۆی بەشیعر هاتۆتە جیهانی ئەدەبیاتەوە و دواتر لە زۆر بواری نووسیندا، رۆڵی گرنگی بینیووە و هەروەک خۆی دەڵێ:»من وەکو ئەندامێکی کۆمەڵگەکەم لە تەمەنێکی زۆر زووی سەرەتای ژیانمەوە تێکەڵ بەکەشی گشتی بووم، بەشداری چالاکی سیاسی، ئەدەبی و کۆمەڵایەتیم کرد، بەو پێیەش کە بەرهەمی فیکری خۆمم لەشێوەی کتێبی ئەدەبی وەک شیعر، چیرۆک، رۆمان و کتێبی کۆمەڵناسی لەشێوەی لێکۆڵینەوە و پەروەردەیی...»ل١٠» لە کتێبی «ساڵێک لە دۆزەخ «دا، دەڵێ: ساڵێک لەزیندانی بەعسییەکان،کە دۆزەخترین ساڵی ژیانم بووە،»ل١٣» بەڕاستیش وایە و هەمیشە بەندکراوەکانی ناوبەندیخانەکانی بەعس زۆر نزیک بوونە لە مەرگ. لە لاپەرە» ٦٠» ئاماژە بۆ راستی و دروستی ئەم قسەیەی من دەکات : کە چۆن جەللادەکەی پێی دەڵێ: ناتکوژین بەڵام وات لێدەکەین ئاوات بە مەرگ بخوازیت..بەڵێ ئێمە هەموو

هەواڵنامەی کتێب

دەزانین سەدان کەس لەزیندانەکانی بەعس ئازار و ئەشکەنجەدراون، لێ کەم کەس هەیە وەکو مەهاباد ئەو وێنەیەی ناو زێندانەکان وەکو کامیرامانێکی کارامە بۆ ئێمەی دوور لەو دۆزەخە وەکو خۆی بگوازێتەوە، ئاخر باسکردنی لەبارەی ئازار و ئەشکەنجە زۆر ئاسانە وەلێ چەشتنی زۆر ئاستەمە و من بۆخۆم لە کاتی خوێندنەوەی ئەم کتێبە چەندینجار گریام و هەروەک لەلاپەڕە»١٢»مەهاباد خۆی هەست و بە ئازاری خوێنەرانیش دەکات بۆیە هەر خۆی دەڵێ: بیرەوەری زیندانم نووسیوەتەوە مخابن ئەشکەنجەخانەکانم وەبیر هێناوەتەوە، کە دەزانم وەک چۆن نووسینەوەی ئازار سەختە، ئاواش خوێندنەوەی دژوارە، دەمەوێ راستگۆیانە باس لە ساتی گریانەکان، بێزارییەکان، ترسەکان، ، تۆقینەکان، ساتە دەرونییە پڕ لە هەژان و ورووژانەکانیش بکەم»، سەرکەوتنی نووسەر لەوەدایە هەست بەئازاری خوێنەریش دەکات وەلێ ناچارە. بەگێڕانەوەی چونکە ئەمە بەشێکی گرنگە لەمێژووی خەباتی گەلەکەی و زۆریش پێویستە بنووسرێتەوە و هەروەک «مامۆستا هێمن موکریانی» شاعیر لە پێشەکی دیوانی «تاریک و روون»دا و لەو شوێنەی کە سوور دەزانی خوێنەر خۆی پێناگیری و حەتمەن گریان بەری قوڕگی دەگرێت، دەڵێ: زگتان پێم نەسووتێ.ئەو ژیانەم بۆ خۆم هەڵبژاردووە).



**وێستگە گرنگەکانی ژیانی مەهاباد قەرەداغی:**

لە ٢٢-٠١-١٩٦٦ لەساڵیادی دامەزراندی کۆماری کوردستان لە شارۆچکەی کفری کە سەر بە پارێزگای کەرکووکی باشووری کوردستان بووە، لە دایک بووە هەر بۆیە ناونراوە مەهاباد.

١٩٧٨ لە تەمەنی ١٢ ساڵییەوە دەستی بە نووسینی شیعر کردووە.



١٩٨٠ لە ئاداری ئەو ساڵەدا یەکەمین بەرهەمی شیعری لە هەفتەنامەی هاوکاری بڵاوکراوەتەوە.

١٩٨٠ لە ٢٧ی نیسانی هەمان ساڵدا لە لایەن رژێمی بەعسی عێراقەوە لە سۆنگەی شیعری بەرگری زیندانی دەکرێت. لە ئەشکەنجەخانەکانی ئەمنی کفرییەوە بۆ بەعقوبە و لەوێشەوە بۆ زەعفەرانییە و دواتر بۆ ئەمنی عامەی بەغدا دەگوێزرێتەوە.

١٩٨١ لە دادگای سەورە لە بەغدا حوکمی ساڵێک زیندانی بەسەردا دەدرێت.

١٩٨٢ لە رێکخستنە نهێنیەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان درێژە بە تێکۆشانی سیاسی دەدات. لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی ناو شاردا بە ناوی مەهاباد قەرەداغی شیعر و نووسینەکانی بڵاو دەکاتەوە، لە گۆڤارەکانی شاخیش بە ناوی خوازراوی هەتاو گەرمیانی، ژاڵە، بەردەوام، ئاڵا و هتد.

١٩٨٤ لە پەیمانگای هونەری کەرکوک، بەشی ژمێریاری وەردەگیرێت و لە ١٩٨٧ تەواوی دەکات.

١٩٨٥ یەکەمین کۆڕی شیعری لە هەولێر و سلێمانی پێشکەش دەکات و بۆ یەکەمین جار لە تەلەفیزیۆنی کوردی کەرکووک چاوپێکەوتنێکی ئەدەبی لەگەڵ دەکرێت.

١٩٩١ بەشداری کارا لە راپەڕین و کـۆڕەودا دەکات. یەکەمین مۆژدەی ئازادکردنی شاری کفری لە ١٠ی ئازاردا بە بڵندگۆ دەدا بە گوێی خەڵکی شارەکە.

١٩٩١ لە کۆنگرەی راپەڕیندا دەبێتە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد.

١٩٩٢ لەگەڵ مستەفا گەرمیانی شاعیر و نووسەر هاوسەرگیری دەکات.

١٩٩٣ ڕوو لە سوێد دەکات و لەوێ نیشتەجێ دەبێت.

١٩٩٤ دەست بە چاپکردنی بەرهەمەکانی دەکـات کە چەندین کتێبی شیعر و چیرۆک و لیکۆڵینەوە و ڕۆمان بوون و لەسەردەمی بەعسدا لەبەر سانسۆر رگەی چاپکردنیان نەدەدان.

١٩٩٨ بەرنامەی پانۆراما لە تەلەفیزیۆنی میدیا ئامادە و پێشکەش دەکات.

١٩٩٩ لە یەکی حوزەیرانی ئەو ساڵەدا کچە تاقانەکەی شاکار لە دایک دەبێت.

٢٠٠١ لەگەڵ دوو خانمی تردا شنە هیدایەتی و مونیرە موفتیزادە، رێکخراوی پـرۆژەی ژنی کورد دادەمەزرێنن و داخوازینامەی ژنی کورد بەرهەم دەهێنن و چەندین کۆنفرانسی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی بۆ دەگرن کە سەرەتا و راگەیاندنەکەی لە هۆڵیکی پەرلەمانی بەریتانیا دەبێت.

٢٠٠٣ دەبێتە ئەندامی یەکێتی نووسەرانی سوید.

٢٠٠٤ لە باڵەخانەی پەرلەمانی کوردستان کۆنفرانسی ‹داخوازینامەی ژنی کورد› ساز دەکەن و داخوازینامەکە پێشکەش بە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکریت.

٢٠٠٤ کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی ستۆکهۆڵم تەواو دەکات، لێکۆلینەوەکەی دەربارەی دەروونناسی پەروەردە دەبیت لە ژێر ناویزمان، ڕامان و ناسنامە».

٢٠٠٥ لەسەر داخوازی سەرۆک وەزیران نیچیرڤان بارزانی دەگەڕێتەوە کوردستان و دەبیتە ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیران بۆ کاروباری ئافرەتان و یەکسانی. بە پرۆژەی



سیاسەتی یەکسانی و دامەزراندنی دەزگای یەکسانی لە ئەنجومەنی وەزیران دەست بە کار دەبێت.

٢٠٠٨ دەبێتە ئەندامی لیژنەی باڵای هەمواركردنی یاسای باری کەسێتی بە بڕیاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

٢٠١٠ دەبێتە ئەندامی دەستەی باڵای یەکێتی نووسەرانی کورد.

٢٠١٢ دەبیتە بەڕێوەبەری پەیمانگای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان.

٢٠١٣ دەست بە پرۆژەی گۆڤاری هزری وەرزی شیکار دەکات و لە هەمان پەیمانگا ژمارە سفری لە ٢٥ ی نۆڤەمبەردا چاپ و بڵاو دەبێتەوە.

٢٠١٣بەشی ئینگلیزی لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سابیس تەواو دەکات.

٢٠١٨ دەبیتە ئەندامی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

١٩٩١ تا ٢٠١٩ ژمارەی بەرهەمە چاپکراوەکانی دەگاتە ٣٤، کە بریتین لە کۆمەڵە شیعر، کۆمەڵە چیرۆک، ڕۆمان، بیرەوەری، لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی و دەروونناسی، وەرگێران و کتێبی پەروەردەیی.

نووسەر جگە لە زمانی زگماک کە کوردی یە، زمانەکانی عەرەبی، سویدی، ئینگلیزی و تورکی و تا ڕادەیەکیش فارسی دەزانێت.

بەرهەمە چاپکراوەکانی مەهاباد قەرەداغی:

ژانری شیعر:



–نەخشەی دوارۆژ– ١٩٩١ کوردستان

– پانۆراما– ١٩٩٣ سوید

– شاخ کێڵگەی گەنمەشامییە/ ١٩٩٤ سوید

– میدالیا/ ١٩٩٥ سوید

–هاژەی رۆح– ١٩٩٧ کوردستان

– باڵندە بەفرەکان/ بە زمانی سویدی/ ١٩٩٨ سوید

–دیوانی مەهاباد قەرەداغی/ ٢٠١٣ کوردستان.

ژانری چیرۆک، ڕۆمان و بیرەوەری:

– کۆچ/ ڕۆمان/ ١٩٩٣ سوید

–ئەڤین ئاوی ژیانە/ ڕۆمانە شیعر/ ١٩٩٦ سوید و کوردستان

–مەرگی مرۆڤ و نیوێک/ کورتە چیرۆک/ ٢٠٠٤ کوردستان.

–ساڵێک لە دۆزەخ/ بیرەوەری زیندان/ ٢٠٠٥ کوردستان.

–چلچرا/ بیرەوەری/ ٢٠٠٦ / کوردستان.

–زەنگدانەوە/ ڕۆمان/ ٢٠٠٧/ کوردستان.

–لەتێ پیاو/ کورتەچیرۆک/ ٢٠١٢/ کوردستان.

–فاتیلا/ ڕۆمان/ ٢٠١٧/ کوردستان.

ژانری لێکۆڵینەوە:

–لە پێناوی ژیانەوەی ئافرەتدا/ ١٩٩٤ سوید.

–ئازادکردنی مێژوو/ ٢٠٠٢/ سوید و کوردستان.

–شەرەفنامە، شەرف کۆدێکە بۆ کۆیلەکردنی ژن/ ٢٠٠٣ سوید و کوردستان.

–زمان، ڕامان و ناسنامە/ ٢٠٠٥ کوردستان

–کارەساتی ئەنفال، کاریگەرییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی/ ٢٠٠٣ سوید.

–ژن و کۆمەڵگە لە قۆناغی باڵندەیی شێرکۆ بێکەسدا / ٢٠٠٤ کوردستان.

–وشەباران/ دیداری رۆژنامەوانی/ ٢٠١١/ کوردستان

–لە فێمینیزمەوە تا هیومانیزم/ ٢٠١٣ کوردستان

–ئافرەتیزم، مێژووی سەدساڵ تێکۆشان بۆ مافی یەکسان لە باشووری کوردستان/ ٢٠١٨ کوردستان.

ژانری وەرگێڕان:

–شیعر هەناسەی گەردوونە/ هەڵبژاردەیەک لە شیعری هاوچەرخی جیهان/ ١٩٩٥ سوید.

–دانپێدانانێکی پیاوانە/ هەڵبژاردەیەک لە چیرۆکەکانی د. نەوال سەعداوی/ ١٩٩٦ سوید.

–نانی ژەهراوی/ شانۆنامە لە نووسینی ڤیسلین هانچێڤ/ ١٩٩٦ سوید.

–جینۆساید/ هۆلۆکۆست، کۆکوژی جولەکەکان لە لایەن ئەڵمانیای نازییەوە. نووسینی: ئارێل هوروتز. ٢٠١٧ کوردستان.

–جینۆساید/ کۆمەڵکوژی لە خاکی هەزار گرددا، ڕواندا ١٩٩٤. نووسینی بنیامین نیوبێرگەر. ٢٠١٨ کوردستان.

–جینۆساید/ کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان، لە یادکراو و نکۆڵیلێکراو. نووسینی پرۆفیسۆر یایر ئاورۆن. ٢٠١٨ کوردستان.

هەواڵنامەی کتێب

-جینۆساید/ ڕامان لە وێنانەکراو، ڕووە تیۆرییەکانی لێکۆڵینەوە لە جینۆساید. نووسینی: یایر ئاورۆن. ٢٠١٩ کوردستان.

ژانرای کتێبی پەروەردەیی:

-گەرمیان

-باوەگوڕگوڕ

-دیلان

کتێبی خوێندنەوە بۆ فێربوونی قوتابیانی کورد لە سوید. مەهاباد قەرەداغی لە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٠٩-١٠-٢٠٢٠ بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

**پەراوێز و سەرچاوە:**

[* ]نووسینەوەی ئەدەبیاتی بەندیخانە پێکهاتووە لەمجۆرانە:

یەکەم» ئەوانەی لەنێو بەندیخانە دەنوسرێن، کە بریتیە لە داتا و ڕۆژانی بردن و هاوردنی بۆ لێکۆڵینەوە و ئازار و ئەشکەنجەدان و خاڵین لە هەست و سۆزی ئەدەبیانە..

دووەم: ئەوانەی لەنێو بەندیخانە دەنوسرێن بەڵام بەشێوازی ڕۆمان و چیرۆک و شیعر، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر ڕوون نین و زیاتر هێما بەکاردەهێنن و ناوی شوێن و کاتەکان دیاری ناکرێن، جا بەشێازی شیعریێ یان چیرۆک یاخود ڕۆمان بۆنموونە ڕۆمانی «ڕۆژهەڵاتی ناوین»ی عەبدولرەحمان مونیف و کەسانی تر..

سێیەم: ئەوانەی لەدەرەوەی بەندیخانەکان دەنووسرێن واتە پاش ئازادبوونیان بەڵام باس لە چیرۆکە تاڵ و تراژیدیاکانی پشت تەلبەندی بەندیخانە دەکەن.

ئەدەبی بەندیخانە دەربڕینێکە پەیوەندی بە سۆز ویژدان و مرۆڤایەتیە و بەشێوازێکی هونەری تێکەڵ بەفەنتازیا و ئە دەریدەبڕن وەکو «شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و تەنانەت دەقی شانۆیی و بیرەوەریش دەگرێتەوە..

[**]نووسەر و شاعیر و چالاکی مەدەنی «مەریەم قازی» ناسراو بە خانم قازی کە لەبنەماڵەی پێشەوا قازیە و خاوەن دەیان چیرۆک و شیعری خەباتگێڕی و بەرخودانە.، لێ بەداخەوە لەبەر هەر هۆیەک بێت بیرەوەرییەکانی خۆی لەنێو بەندیخانەکانی ئێران نەنووسیەوە،

[***]تەنها بابەتەکانی کتێبی «ساڵێک لە دۆزەخ»م بەنموونە هێناوەتەوە بۆئەم لێکۆڵینەوەیە.

[****]تۆمارێکی تایبەت لەلایەن(مانو بەرزنجی) سەبارەت بە ژیان و کارنامەی خاتوو (مەهاباد قەردەغی) بۆ کوردیپێدیا لە ١٦-٠٩-٢٠١٩

١.کتێبی «ساڵێک لە دۆزەخ» بیرەوەری / لە نووسینی / مەهاباد قەرەداغی/ ٢٠٠٥.

٢. بابەتەکەی شاعیر ئەرکەوازی لە واڵی تایبەتی نووسەر و شاعیر «ڕزگار جەباری» وەرگیراوە..

تێبینی: ساڵی لەدایکبوون و مردنی ئەرکەوازی بە خەمڵاندن دیاریکراوە.

# کەرکوک لە ڕوانگەی هاوچەرخانەوە

## هاشم جەباریی

بەشی دووەم



ئامادەکردنی: زاهیر شکور



کاک هاشم جەباری، لە درێژەی گێرانەوەی بیرەوەریەکانیدا لە تەلەفزیۆنی کەرکوک دێتە سەر گۆرانکاریەکی گرنگ لە تەلەفزیۆنی کەرکوک، کە بووە مایەی گۆرانێکی نەوعی لە مێژووی تەلەفزیۆن، ئەویش گۆڕینی پەخشی رەش و سپیی بوو پەخشی رەنگاو رەنگ کاک هاشم دەڵی: لە مانگی نیسانی (١٩٨٠)، تەلەفزیۆنی کەرکوک پەخشی رەنگاو رەنگی دەستپێکرد، بۆ ئەو مەبەستە بینایەکی نوێ لە ناوشار دروستکرا، کە ئێستا بارەگای تەلەفزیۆنی عیراقیەیە، تەنیشت ئێستای بارەگای مەڵبەندی دووی رێکخستنی کەرکوکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

دەستپێکردنی پەخشی رەنگاو رەنگ هەنگاوێکی دیکەی تەلەفزیۆنی کەرکوک بوو، لە پێشکەوتن و گەشەکردن و فراوانبوونی پەخشی کوردی، پەخشی رەنگاورەنگ وایکرد دراماو گۆرانی کوردی رەنگاو رەنگ بە لێشاو تۆمار بکرێت، تیپە هونەرییەکان، هونەرمەندان، جەولەیەکی گەورەیان تێکەوت، بەرنامەی منالان، بەرنامە رووناکبیریەکان گۆرانی نەوعی بەسەرهات، درامایەکی زۆر تۆمارکرا و پێشکەش بە بینەران کرا، دراما رەنگاو رەنگەکان بریتی بوون لە (زنجیرە درامای ژاڵە، هەشت ئەڵقە بوو، لە لایەن تیپی نواندنی سولێمانییەوە تۆمارکراو پێشکەش بە بینەران کرا، یەکەم جار لەمانگی رەمەزاندا پەخش کرا، زنجیرە درامای ژاڵە لەو سەردەمەدا دنگی دایەوە، شانۆگەری «هەبوو نەبوو» تیپی نواندنی هەولێر پێشکەشی کرد، درامایی ئیتر تورە نابم، تیپی زانکۆی سەلاحەدین پێشکەشی کرد، درامایی گەرەکەکەمان، تیپی نواندنی هەولێرپێشکەشی کرد، تەمسیلی تاپۆ هەقی چیە، تیپی نواندنی هەولێر پێشکەشی کرد، تەمسیلی تەنەکە، تیپی سالار پێشکەشی کرد، تەمسیلی بووکی ژێر دەواری رەش ، نەقابەکانی کریکارانی سلێمانی پێشکەشی کرد کرد، مێوانی ناوەخت تیپی نواندنی هەولێرپێشکەشی کرد، زنجیرە درامەی مۆرانە بریتی بوو لە چوار ئەڵقە، تیپی نواندی هەولێر پێشکەشی کرد کرد، زنجیرە درامای خانزاد، بریتی بوو لە سێ ئەڵقە تیپی نواندنی سلێمانی پێشکەشی کرد، ماڵەی سەر گردەکە، تیپی نەتەوەیی هەولێر پێشکەشی کرد، زنجیرە درامای لۆ تێم ناگەن، بریتی بوو لە چوار ئەڵقە تیپی نواندنی هەولێر پێشکەشی کرد، زنجیرە درامای پاداشت، بریتی بوو لە چوار ئەڵقە، نەقابەکانی کرێکارانی سلێمانی پێشکەشی کرد، قەڵای دم دم، تیپی نواندنی هەولێر شانۆگەری خانەدان، تیپی نواندنی هەولێر، ئاسکە، تیپی نواندنی هەولێر نمایشی کرد، تەمسیلی باڵندە کۆچەرەکان، تیپی نواندنی سلێمانی پێشکەشی کرد، شالێر، تیپی نواندنی سلێمانی نمایشی کرد، تەمسیلی گوڵالە، تیپی نواندنی سلێمانی پێشکەشی کرد، شانۆ گەری کۆشک، تیپی نواندنی سلێمانی پێشکەش کرد، شانۆگەری کۆشک، تیپی نواندنی سلێمانی پێشکەش کرد، تەمسیلی دڵنیایی، تیپی سالار، پێشکەش کرد، زنجیرەی بەرد لە شوێن خوێ سەنگینە، چوار ئەڵقە، تیپی نواندنی سلێمانی پێشکەشی کرد، زنجیرەی کۆلارە، تیپی نواندنی هەولێر پێشکەشی کرد، زنجیرە درامای خاتو کڵاو زەر، سێی ئەڵقە، تیپی نواندنی هەولێر پێشکەشی کرد،

تەمسیلی محەمەد و سێویّ تیپی نواندنی هەولێر، تەمسیلی جەنابی جانەوەر، تیپی نواندنی هەولێر، تەمسیلی مەرانە، تیپی نواندنی هەولێر، تەمسیلی لاس و خەزاڵ، تیپی نواندنی هەولێر، شانۆگەری خواناسەکان، تیپی نواندنی هەولێر، زنجیرەی داستانی بووکی سلێمانی، پێنج ئەڵقە تیپی نواندنی سلێمانی پێشکەش کرد، شانۆگەری بە زۆر کراوە بە دکتور، تیپی نواندنی هەولێر. لە ساڵی (١٩٩٥) چەند هونەرمەندێکی کەرکوک، بە هیوای پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لە ئەنجامی دوورکەوتنەوەی تیپە هونەرییەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک، بە هۆی بارودۆخی ئەو کاتەی شاری کەرکوک، لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی لەناوچووی بەعس بوو، ئەو هونەرمەندانە لە ژێر ناوی جۆراو جۆردا، توانیان هونەر لە شاری کەرکوک پێشبخەن و زۆر کاری هونەریان بۆ تەلەفزیۆن و ڕادیۆی کوردی تۆمارکرد و پێشکەش دەکران، لە وانە: (تەمسیلی من شێت نیم، کێ تاونبارە، پرسیار، پەشسمانی، هاواری نامۆیی، مار، پولەکی، دۆلار، مناڵی زیرەک، قوتابخانە، جگە لە (١٣) ئەڵقەی کورتە چیرۆکی کۆمەڵایەتی بە ناوی دیارده.

تەلەفزیۆنی کەرکوک جگە لە گۆرانی و دراما و بەرنامە ڕوناکبیرییەکان، مناڵانی فەرامۆش نەکرد بوو، چەندین تەمسیلی و کورتە چیروک و ئوپەرێتی بۆ مناڵان تۆمار کرد، کە بە حەق توانی بەشێکی زۆر لە ئارەزووەکانی مناڵان تێر بکات، لە وانە (٦١) گۆرانی مناڵان تۆمار و پێشکەش کرا، لە وانە: (٤٧) گۆرانی ڕەش و سپی بوو، (٢٧) پارچە مۆسیقا بۆ مناڵان، پێنچیان بادینی بوو، زۆربەی پارچە مۆسیقاکان گۆرانی مناڵان تێهەڵکێش کرا بوو، جگە لەو گۆرانی و پارچە مۆسیقایانە ئەم ئۆپەرێتانەش پێشکەش کرا ئۆپەرێتی ڕێوی و شێر، تیپی ڕۆشنبیری کۆمەڵانی هەڵەبجە پێشکەشی کرد، ئۆپەرێتی سەوزە، منداڵانی هەڵەبجە پێشکەشیان کرد، ئۆپەرێتی شادی، منداڵانی هەولێر، پێشکەشیان کرد، بەلەمی ئەفسوناوی، کۆمەڵەی چاودێری کۆمەڵایەتی سلێمانی پێشکەشی کرد، ئۆپەرێتی دەست پاکی، منداڵانی هەولێر پێشکەشیان کرد، بەهاری ژیان، باخچەی پەری لە سلێمانی، پێشکەشیان کرد، شانۆگەری پێڵاوی سوور لاوانی سلێمانی پێشکەشیان کرد، ئۆپەرێتی نیشتمان و چەند گۆرانیەکی فلکلۆری منداڵانی هەولێر پێشکەشیان کرد.

**کاک هاشم جەباری لەم ئەڵقەیەی بیرەوەرییەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی دامەزراندنی تەلەفزیونی کەرکوک دەڵێ:** یەکەم ساڵی یادکردنەوەی ئینقلابەکەی تەموزی ١٩٦٨، وەفدێکی حکومەت، کە پێکهاتبو لە سەعدون غیدان ومەرتەزا حەدیسی سەردانی کەرکوکیان کرد، وەفدەکە لە سەردانەکەیدا بەرپرسانی پارتی دیموکراتی کوردستان باڵی مەکتەبی سیاسیان بینی، لەو دیدارەدا داوا لە وەفدی حکومەت کرا، پەخش کوردیش لە تەلەفزیونی کەرکوک هەبێت، سەعدون غیدان هەر لەویدا بڕیاری دا پەخش کوردی دەستپێبکات، برادەرانی باڵی مەکتەبی سیاسی کاک نامیق وشەهید جەبار جەباریان دانا، سەرەتا ماوەی پەخشی کوردی(١٥) دەقیقە بوو، دوای مانگێک لە دەستبەکاربوونی کاک نامیق وازی هێنا، باڵی مەکتەبی سیاسی لە جیاتی کاک نامیق

پێشنیاری کاک هاشم جەباریان کرد، هۆکاری دانانی کاک هاشم دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێک لە وانە: کاک هاشم لە شیعرو ئەدەبیاتی کوردی شارەزایەکی باشی هەبوو، دەسی نووسینی پەخشان وشیعری هەبوو، ئەندامێکی چالاکی باڵی مەکتەبی سیاسی بوو، ئاگاداری بارودۆخی عیراق بوو، جێی باوەری برادەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان باڵی مەکتەبی سیاسی بوو، مام جەلال خۆی پشتگیری کاک هاشم کرد بۆ کار کردن لە تەلەفزیونی کەرکوک، ئەو کاتە کاک هاشم لە هەولێر بوو لە سەر پشتیوانیەکەی مام جەلال مامۆستا عەبدولرەحمان زەبیحی نامەیەکی بۆ لقی کەرکوکی پارتی دیموکراتی کوردستان نارد، بۆ دانانی کاک هاشم جەباری لە جێگای کاک نامیق.

**کاک هاشم جەباری لە گێرانەوەی ڕۆژی دەستبە کاربوونی دەڵێ:** کە چووم بۆ تەلەفزیون(یەحیا جەمیل حومادی)بەڕێوەبەری تەلەفزیون بوو، دوای چاوپێکەوتنم لە گەڵ بەڕێوەبەر هەر ئەو ڕۆژە واتــا(١٩٦٩/٩/١)داوای لێکردم کە هەواڵەکان بخوێنوەوە، بێ تاقیکردنەوە وبۆ یەکەم جار لە شاشەی تەلەفزیونی کەرکوکەوە هەواڵەکانم یەکێک لە دیاردە هەرە گرنگەکان ئەوە بوو، یەک دەقیقە هەواڵ دواکەوتوابە، کەی نایتلەوە بینەران ئاگادار خوێندەوە، ماوەی هەواڵەکان شەش دەقیقە بەە، دەرکەوتنم لە شاشەی بە تەلەفزیونی کەرکوک دەنگی دایەوە، لە زۆربەی شوێن وجێگاکانی کوردستان بە تایبەتی لە هەولێر پەیوەندیەکی زۆرم پێوە کرا وپیرۆزبایان لێکردم، هەموو بەیانامەکانی باڵی مەکتەبی سیاسی لە کەرکوک، کە زیاتر شەهید عەلی عەسکەری وخواڵێخۆشبو عومەر دەبابە دەیان نووسی، کاک هاشمیش لە تەلەفزیون دەیخوێندەوە، کاک هاشم دەڵێ: زۆربەی ئەو دەسکەوتانەی کە لە سەر داوای باڵی مەکتەبی سیاسی هاتەدیی، من لە بەرنامەو هەواڵەکان باسم دەکرد، بۆ نمونە(کردنەوەی زانکۆی سلێمانی) بە پارێزگار یکردنی دهۆک، دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد، ئیعترافکردن بە جەژنی نەورۆز دەسکەوتەکانی تر، کە سەرەتایەک بوو بۆ بەیاننامەی(١١)ئازار.

کاک هاشم، سەرەرای ئەوەی لە دەزگایەکی هەستیاری وەک تەلەفزیونی کەرکوک کاری دەکرد، بەشایەدی زۆربەی هەرە زۆری هاوریکانی، ڕۆژێک لە ڕۆژان ئینتمای بەحیزبی بەعسەوە نەکردووە، دوای ساڵی(١٩٩١)سەر لە نوێ پەیوەندی کرد بە ڕێکخستنە نهێنیەکانی (ی.ن.ک)وە، تەنانەت هەڵوی کوریشی لە سەر یەکێتی بوونی بە ئیعدام حوکمدراو دواتر حوکمەکەی کەم کرایەوە بۆ(١٥)ساڵ، کاک هاشم خۆێ وبنەماڵەکەی تێکوشەرێکی ماندو نەناسن، تا پروسەی رزگاری عیراق بێ سڵ کردنەوە لە بەعس درێژەی بەکاری ڕێکخستنەکانی خۆێ دا وئیستاش بەشێکی زۆر لە بەر پرسەکانی ماون وشلهیدی دڵسوزی کاک هاشم دەدەن، لە وانە مامۆستا جەلال، غازی کەرکوکی، باوە نور، ئەحمەد عەزیز.

**کاک هاشم لە بەشێکی دیکەی بیرەوەرییەکانی باسی پەیوەندیەکانی دەکات لە گەڵ ڕووناکبیران و هونەرمەندانی کوردستان دەکات ودەڵێ:** پەیوەندیم لە گەڵ هەموو روناکبیران وهونەرمەندانی

کوردستان، پەیوەندی برایانە بوو، هاتوو چۆ لە نێوانماندا هەبوو، تەنانەت هەندیکان کە دەهاتن بۆ تۆمار کردنی بابەتەکانیان یان بەرنامەکانیان لە ماڵی من دەخەوتن، تەنانەتی بۆ حاجی مەکی(دەستێک بیجامەی) تایبەتم بۆ کرد بوو، یەکێک لە بیرەوەریەکانی کاک هاشم لە گەڵ حاجی مەکی، دوای هەرسهێنانی شورش لە ساڵی(١٩٧٥) حاجی مەکی هات بۆ کەرکوک، منیش لە (نادی تجارە) دەعوەتم کرد، حاجی مەکی نەیدەخواردەوە، عەبە مل کوڵ لە نادیەکە دانیشتبوو، عەبە مل کوڵ مقاول بوو، کە حاجی مەکی هاتە لامان وتی میوانی منن، ئەو رۆژگارە باردۆخی کوردستان خراپ بوو، بەعس زۆر مەغرور ببو، شۆڕشی کورد هەرەسی هێنا بوو، وێنە گریک لە ناو نادیەکە بوو، وێنەی بە (٥٠)فلس دەگرت، عەبە مل کوڵ بانگی وێنەگرەکەی کرد وپێی وت بای(٥٠)دینار وێنەمان بگرە، حاجی مەکی وتی بە خوا نابێ عەبە مل کوڵ وتی بە خوا ئەبێ، بگرە وبەردەی ئەبێ ونابێ حاجی مەکی وعەبە مل کوڵ زۆری خەیاند، ناچار عەبە مل کوڵ ووتی بە سەری بارزانی ئەبێ لە تاوا حاجی مەکی ووتی ئەبێ ئەبێ.هەروەها پەیوەندیەکانم لە گەڵ کاک ئەنوەر قەرەداغی، ئەویش بهاتبایە کەرکوک، لە ماڵی ئیمە دەخەوت.

**کاک هاشم جەباری لە درێژەی گێرانەوەی بیرەوەرییەکانی و پەیوەندییەکانی بە هونەرمەندانەوە باسی پەیوەندییەکانی خۆی دەکات لەگەڵ هونەرمەندی خوالێخۆشبوو (شەوکەت رەشید) و دەڵی:** شەوکەت رەشید یەکێک بوو لە هونەرمەندە دەگمەن و بەتواناکانی کەرکوک و کوردستان, یەکێک بوو بە تەنها ئاهەنگێکی دەگیرا, ژەنینی ئامێرەکانی (کلارنێت, جەمبوش , عود , کەمان) بە تەنها هەموو ئەو ئامێرانەی دەژەنی, یەکێک لە داهێنانەکانی کاک شەوکەت لەسەر ئامێری کلارنیت, کە ئامێریکی تورکییە, کاک شەوکەت توانی گۆڕانکاری لەو ئامێرە بکات وتۆن ودەنگەکەی خۆشتر بکات, کاک شەوکەت پەیوەندییەکی یەکجار فراوانی هەبوو لەگەڵ زۆربەی کەسایەتییەکانی کەرکوک وکوردستان, پیاوێکی خۆش مەجلیس قسەخۆش نوکتەزان وحازر بەدەست بوو, خاوەن کەسایەتییەکی تایبەت بوو و رێزی زۆری هەبوو لە خەڵکی بەگشتی ولە ناو هونەرمەنداندا بەتایبەتی, پێش راپەرینی ساڵی ١٩٩١, جەڵتەیەکی سووک لە کاک شەوکەتیدا, لە سەرو بەندی راپەریندا و لە دوای رزگارکردنی هەولێر, کاک هاشم دەڵێ: (من ومحەمەد عەبدوالرەحمان زەنگەنە و ئەسعەد شیخ بزینی) چوین لە هەولێر سەردانمیان کرد, ئەوکاتە ماڵی کاک شەوکەت لە هەولێر بوو, ئێزگەی گەلی کوردستان چەندین وتار وراپۆرتی لە سەر رزگارکردنی هەولێری خوێندەوە, کاک شەوکەت فرمێسک بە چاویدا هاتە خوارەوە و وتی: (برادەران من دەمرم و کوردستان رزگاری دەبێ و نایبینم).. کاک شەوکەت ماڵەکەی بۆ هەموو هونەرمەندانی کوردستان کراوەبوو, پیاوێکی بەرچاو تێر بوو, خۆشەویستی دۆست و برادەرەکانی بوو, لە دوای بەیاننامەی ١١ی ئازار , کاک شەوکەت سرودێکی نیشتمانی تۆمارکرد, ناوی بارزانی تێدا بوو، دوای تێکچونی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەت و شۆڕشی کورد و پەشیمان بوونەوەی حکومەت لە بەڵێنەکانی

بەرامبەر کورد, داوا لە کاک هاشم کرا ئەو سروودە بسڕیتەوە, بەڵام کاک هاشم سرودەکەی نەسڕییەوە و تەنها لە سەری نووسیبوو : (ئەم بابەتە لە حاڵی حازردا نمایش ناکرێ, رۆژێکی سالی ١٩٧٤, لە گەرمەی شەڕی کوردو حکومەت, لە بەشی گۆرانی داوا لە فەیحا زەینەڵ عایدین کرا گۆرانییەک دابنێ بۆ پێش هەواڵەکان, (فەیحا)ش تورکمان بوو, نەیزانی ئەو سرودە بەسەر بارزانیدا وتراوە, ئەوەی نمایش کرد, لەسەر نمایشکردنی ئەو سرودە هەرایەکی گەورە دروستبوو, بە نەقڵکردنی شەوکەت رەشید بۆ بەسرە کۆتایی هات.

**کاک هاشم دێتە سەر بیرەوەرییەکانی لەگەڵ هونەرمەند حەسەن گەرمیانی دەڵێ**: حەسەن گەرمیانی مامۆستا بوو, حەسەن گەرمیانی پیاوێکی رێک و پێک و سالار و رێزدار بوو, هیچ رۆژێک باس کەسێکی نەکردووە بە خراپە, لە پشتی هاورێکانییەوە قسەی نەکردووە, پیاوێکی لە سەرخۆ و سەنگین بوو, لە خێزانێکی هونەر-پەروەر بوو, برا گەورەکەی کاک حوسێن خاوەن دەنگێکی ئێجگار خۆش و پر سۆز بوو, براکەی دیکەی مەهدی ئومێد دەرهێنەرێکی شارەزا و ئەکتەرێکی بە توانا بوو, برازاکانی هێمن حوسێن و براکەی دوو هونەرمەندی زیرەک و لێهاتوو بوون کاک حەسەن خاوەن هەستێکی ناسکی هونەری بوو, تەلەفزیۆنی کەرکوک لە گەل تیپی مۆسیقای سلێمانی مەوعیدێکمان هەبوو, بۆ تۆمارکردنی کۆمەڵیک گۆرانی, حەسەن گەرمیانی دانی هەڵکەندبوو, ئیشی زۆر بوو, بە زۆر مەقامێکیان پی تۆمار کرد, ماوەی (١٣) دەقیقە بوو, لە مەقام و گۆرانییەکەدا (نەشازێک) هەیە, هەموو کەس هەستی پێ ناکات کە دوای ئەوەی چەند جاریک بڵاومان کردەوە: کاک حەسەن داوای لێ کردم کە ئەو بەرهەمە بڵاو نەکەینەوە, کاک حەسەن یەکێک بوو لە هونەرمەندە نەفس بەرزەکان, قەت داوای نەدەکرد گۆرانییەکانی پەخش بکریت, یان قەت داوای نەکردووە بەرهەمێکی بۆ تۆمار بکریت, زۆر رێزی لە خۆی دەگرت و قەت تەنازولی بۆ ئیمتیازات نەدەکرد و کاتێک مامۆستا بوو, لە یەکێک لە گوندەکانی کوردستان, دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆیەوە کە کاک حەسەن چووەتە ناو ریزی شۆڕشەوەو بوە بە پێشمەرگە, کاک هاشم دەڵێ: بەریوەبەری تەلەفزیۆن داوای کردووە

## شەوکەت رەشید



شەوکەت رەشید یەکێك بوو لە هونەرمەندە دەگمەن و بەتواناکانی کەرکوك و کوردستان، یەکێك بوو بە تەنها ئاهەنگێکی دەگیرا، ژەنینی ئامێرەکانی (کلارنێت، جەمبوش ، عود ، کەمان) بە تەنها هەموو ئەو ئامێرانەی دەژەنی، یەکێك لە داهێنانەکانی کاک شەوکەت لەسەر ئامێری کلارنیت، کە ئامێریکی تورکییە، کاك شەوکەت توانی گۆڕانکاری لەو ئامێرە بکات وتۆن ودەنگەکەی خۆشتر بکات

لەمەودوا بەرهەمەکانی کاک حەسەن پەخش مەکەن چونکە بووەتە پیشمەرگە, منیش لە وڵامدا وتم، کاک حەسەن لە فڵان گوند مامۆستایە, بەڕێوەبەر وتی: زانیارییەکان وا ناڵێ, پاش ماوەیەک کاک حوسێن برای کاک حەسەنم بینی, بۆی باسکردم: کە کاک حەسەن مامۆستایە, بەڕێوەبەرم ئاگەدار کردەوە, بەڕێوەبەری تەلەفزیۆن وتی: پێم خۆشە کاک حەسەن گەرمیانی ببینم, کاک حەسەنم ئاگەدار کردەوە, کاک حەسەن لە وڵامدا وتی: دەهاتم بۆلای, بەڵام چونکە گۆرانییەکانمی راگرتووە, گۆرانییەکان بسڕێتەوە نایەم بۆ لای, بە بەڕیوەبەرم وت: کاک حەسەن ئەڵێ نەک گۆرانییەکانم راگرێ هەموو گۆرانییەکانم بسڕیتەوە نایەم بۆ لای, بەریوەبەری تەلەفزیۆن وتی ئەم پیاوە دەخەمە سەر سەرم, بەراستی ئەمە هونەرمەندە, ئیتر سانسۆری سەر گۆرانییەکانی حەسەن گەرمیانی هەلگرت.

تەلەفزیونی جارانی کەر کوک، لە ماوەی (٣٤) ساڵی تەمەنیدا، دەیان هونەرمەندو گۆرانی بێژی لە کەرکوک پێگەیاند، دەتوانین بڵێین تەلەفزیۆنی کەرکوک ببووە قوتابخانە و فێرگەیەکی گرنگ بۆ کورد لە باشوری کوردستان، چ لە بواری هونەری و پێگەیاندنی هونەرمەندان، چ لە بواری رۆژنامەگەری و پێگەیاندنی کادری بە تواناو لێهاتوو لە بواری راگەیاندن، چونکە پێشکردنەوەی تەلەفزیۆنی کەرکوک، جگە لە رادیۆی کوردی بەغدا، کورد خاوەن هیچ دەزگاو دامەزراوەیەک نەبو بۆ گەشە پێدان و ئەرشیفکردن و بە دۆکیۆمێنتکردنی کولتورو کەلەپوری تایبەت بەخۆی.

**کاک هاشم جەباری لە درێژەی گێرانەوەی بیرەوەرییەکانیدا، دێتە سەر هونەرمەندان و گۆرانی بێژانی کەرکوک و دەڵێ:** کۆی ئەو گۆرانی بێژە کەرکوکیانەی کە لە تەلەفزیۆنی کەرکوک بەرهەمەکانیان تۆمارکرد زیاتر لە (٤٢) گۆرانی بێژو هونەرمەندە، سەرجەمی گۆرانیەکانیانیشیان (٢٣٣) بەرهەمی هونەری گۆرانی وتن بوو، کە لە تەلەفزیۆنی کەرکوک تۆمار کرا. ئەمەش خۆی لە خۆیدا سامانێکی هونەری گەورە بوو بۆ هونەرمەندانی کەرکوک، کە کاریگەری ئیجابی هەبوو لە سەر کایەی هونەری لە کوردستان و باشترین دەرفەتیش بوو بۆ هونەرمەندان و گۆرانی بێژانی کورد بە گشتی و کوردی کەرکوک بە تایبەتی بۆ دەوڵمەندرکردنی ئەزمونەکانیان. بوونی تەلەفزیۆن و گرنگیەکەی ئەوەندە گەورەبوو هونەرمەندانی ئەو عەیامە قەرزاری تەلەفزیونی کەرکوکن، چونکە تەلەفزیۆن هۆکاریکی سەرەکی بوو لە گەشەکردنی هونەرو گۆرانی کوردی لە کەرکوک. گۆرانی بێژان و هونەرمەندانی کەرکوک لە ماوەی ئەو(٣٤) ساڵەی تەمەنی تەلەفزیۆنی کەرکوک بونە بنەماو هەوێنی نەوەی دوای خۆیان.

کاک هاشم جەباری، بە حەسرەتەوە ناوی ئەو نەوەیە دێنێت کە بریتی بوون لە (عەلی مەردان (١٨) مەقام و گۆرانی، سەلاح داودە، سێ گۆرانی و مەقامێک، فایەق داودە (١١) گۆرانی، نەوزاد ئەحمەد داود (١) گۆرانی، شەوکەت رەشید حەوت گۆرانی، قادر مەردان (٩) گۆرانی، عەلی عەزیز (١٨)گۆرانی رەش و سپی، سێ گۆرانی رەنگاو رەنگ، عەباس محەمەد (٧) گۆرانی، حەسەن غەریب (٢٤) گۆرانی،

عەلی زەنگنە (١٩) گۆرانی، نۆڤەر محێدین دوو گۆرانی، نجمەدین جومعە سێ گۆرانی، واحید تەنیا شەش گۆرانی، وەشیار ئەحمەد ئەسوەد چوار گۆرانی، هێرش فاتیح چوار گۆرانی، هێمن حوسێن دوو گۆرانی، ئەبو بەکر محەمەد چوار گۆرانی، ئیبراهیم ئەحمەد حەوت گۆرانی، ئیحسان کەرکوکی یەک گۆرانی، بورهان جەباری پێنج گۆرانی، حەمە رەووف کەرکوکی دوو گۆرانی، خەسرەو ساڵح چوار گۆرانی، رزگار سەید عەلی دوو گۆرانی، سیروان عومەر پێنج گۆرانی، سەدیق شەیدا هەشت گۆرانی، سامان محەمەد و سیروان ئەحمەد هەر یەکەیان گۆرانییەک، سابیر کوردستانی هەشت گۆرانی، عوسمان بەکر پێنج گۆرانی، عیماد تەنیا دوو گۆرانی، عەلی بابان دوو گۆرانی، فەتاح رەزایی هەشت گۆرانی، کەمال محێدین دوو گۆرانی، کەریم باوایی یەک گۆرانی، کاکەمەند سەمەد دوو گۆرانی، محەمەد عەباس بارام دوو گۆرانی، مەریوان شەوکەت سێ گۆرانی، نیاز گەرمیانی یەک گۆرانی، حوسێن عەلی نزیکەی حەوت گۆرانی، محەمەد گەرمیانی پێنج گۆرانی، خالید جوانڕۆ پێنج گۆرانی، ئاسۆ تاهیر شەش گۆرانی، تەها محەمەد یەک گۆرانی، عەبدولڕەحمان زەنگنە دوو گۆرانی، سەباح مەریوانی زیاتر لە ١٥ گۆرانی.

**کاک هاشم دەڵێ:** پەیوەندییەکانم لە گەڵ ئەم هونەرمەندانە زۆر باش بوو، توانیومە هاوکاری هەموویان بکەم لە ڕێنمایی و ئاسانکاری و پاداشتکردن و هەروەها پشتیوانیکردنیان لە بەردەوامی و پێشخستنی هونەری کوردی، ئەو هونەرمەندانەی کە هاوکارو پشتیوانیان بوم و، وەک هاوڕێیەکیش لە گەڵیاندا کارم کردوە بریتین لە شەوکەت رەشید، حەسەن گەرمیانی، عەلی زەنگنە، حەسەن غەریب، عەباس محەمەد، سابیر کوردستانی و.. تاد. لەگەڵ ئەم هونەرمەندانەدا پەیوەندی تایبەتی و باشم هەبوو، تەنانەت هاتووچۆی یەکتریمان دەکرد و بەردەوام ئاگامان لە یەکتری بوو.

کاک هاشم باسی ڕووداوێکی هەوڵی دەستگیرکردنی سابیر کوردستانی دەکات و دەڵێ: سابیر کوردستانی کارمەندی تەلەفزیونی کەرکوک بوو، چونکە نابینا بوو، دەوامی نەدەکرد، مانگانە کاک هاشم دەڵێ من موچەکەم بۆی وەردەگرد، موچەکەی سێ هەزار دیناری تەبع بوو، سابیر تەرحیل کرا بوو بۆ کوردستان، ڕۆژێک بەڕێوەبەرایەتی ئەمن ئاگادارمیان کردەوە کە سابیر کوردستان لە کەناڵی کوردسات گۆرانی تۆمار کردووە، داوایان لێکردم ئەگەر هات بۆ موچەکەی دەمانەوێت ببینین، کاک سابیر هات و تەلەفۆنی بۆم کرد، لە ئەحمەد ئاغا چاوم پێکەوت و ئاگادارم کردەوە کە فەرمانی گرتنی هەیە، ئیتر نەیەت بۆ کەرکوک و باشتر وایە لە ڕێگەی هەولێرەوە بگەڕێتەوە بۆ سلیمانی بۆ ئەوەی نەیگرن.

**کاک هاشم بەشێک لە بیرەوەییەکانیدا باسی هەنەرمەند عەباس محەمەد و خالید دلێر دەکات و دەڵێ:** خالید دلێر لە پشتی پیگەیاندنی هونەرمەند عەباس محەمەدەوە بوو، هەردوو گۆرانی (وەی وەی و، بۆ یەک شەو) ئاوازی ئەم دوو

گۆرانییه هی خالید دلێره، تەنانەت شیعری گۆرانی وەی وەی هی خالید دلێره.

مێژووی تەلەفزیونی کەرکوک، مێژوویەکی دەوڵەمەند و پڕ بایەخە و ئەرشیفی سێ دەیـەی رووناکبیران و هونەرمەندانی کوردە، جگە لە بەرنامە جۆراوجۆرەکانی و گۆرانی و مۆسیقا، پڕە لە حیکایەتی تاڵ و شیرین و قسەی خۆش و نوکتە و قسەی نەستەق، دەیان حیکایەت و قسەی نەستەقی (٣٤) ساڵی تەلەفزیۆنی کەرکوک بوەتە بەشێک لە زاکیرە و بیرەوەریەکانی کاک هاشم جەباری و بوەتە بەشێکی جوانی ئەرشیفی تەلەفزیۆنی جارانی کەرکوک، کاک هاشم جەباری کە دێتە سەر باسی گێرانەوەی بەشێک لە حیکایەت و رووداوەکان، دەڵێ: فایەق داودە یەکێک لەو هونەرمەندانە بوو کە ژیانێکی کولە مەرگی بەسەر دەبرد بە تایبەتی لە سەردەمی شەری عیراق و ئێراندا بارودۆخی ژیانی زۆر دژوار بوو، خەڵکی بە تەواوەتی پشتیان لە زەماوەند و ئاهەنگگێران کردبوو، چەند رۆژێک پێش چەژن فایەق داودەم بینی لە ئەحمەد ئاغا لەسەر سینی هەناری دەفرۆشت، دەربـارەی بارودۆخی ژیانی پرسیارم لێکرد و، وتی: وەزعم زۆر خراپە و لە حاڵەتی ژیان و مردندایە و مناڵەکانم رەش و رووتـن و دەستیشمان زۆر کورتە، پێم وت: هەر چونێک بووە سبەی وەرە بۆ تەلەفزیۆن گۆرانیەک تۆماری بکە بەڵکو برێک پارەت دەدینێ، فایەق رۆژی دواتر هات بۆ تەلەفزیۆن و گۆرانیەکی هێنا، ئاواز و شیعر وتنەکەی بە ناوی خۆیەوە بوو، لەو رۆژگارەدا (٨٠) دینارم بۆ سەرف کرد، روداویکی تر لە فایەق داودە دەگێرێتەوە ودەڵێ: فایەق داودە داوایکرد بیکەینە بێژەر، منیش داوام لێکرد کاری وەرگێران(تەرجەمە) دەزانی؟ وتی: بەڵێ، منیش بابەتێکم دایەو وتم: هەتاوەکو دێمەوە ئەم بابەتە تەرجەمە بکە.. کە گەڕامەوە، فایەق رۆیشتبوو بە لام بە پەروینی بێژەری گوتبوو: «کاک هاشم من وەرناگرێت چونکە دەترسێت جیگاکەی بگرمەوە.»

**کاک هاشم باسی بیرەوەریەکی تاڵی هونەرمەند عەلی عەزیز دەکات** و دەڵێ: هونەرمەند عەلی عەزیز، یەکەم هونەرمەند بوو گۆرانیەکی بە ناو کچی کەرکوک تۆمارکرد، عەلی عەزیز جگە لە گۆرانی، ژەنیارێکی باشی ئامێری (سلسیفۆن) بوو، تەنها هیوای ئەوە بوو ژن بێنێ و منداڵێکی کوڕیان ببێت، دواتر عەلی عەزیز ژنی هێنا و یەکەم منداڵیشیان کوڕ بوو، لە هەموی ناخۆشتر بەسەرهاتێکی ناخۆش بوو کە تێیدا هونەرمەند عەلی عەزیز سەری نایەوە! چیرۆکەکەش بەم شێوەیە بوو: کاتێک کە منداڵەکەیان بوو لە نەخۆشخانە ئیتر ئەم لە نەخۆشخانە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە لە خۆشیا ئەو شەوە کەمێک سەری گەرم دەکات، لە بیری دەچێت و سۆپاکە بکوژێنێتەوە ماڵەکەی گڕی تێپەردەبێت و بە تەاوی دەسوتێت و هونەرمەند عەلی عەزیز دەسوتێت و دەمرێت و بۆ دواجار منداڵەکەی نابینێتەوە!!

**کاک هاشم کە باسی قادر مەردان دەکات، دەڵێ:** قادر مەردان بە تەنها بۆ خۆی قوتابخانەیەک بوو، جگە لە وەی خۆی گۆرانی بێژ بوو، ئاوازدانەرێکی بە تواناش بوو، ئاوازی

بۆ هونەرمەندان دادەنا، دوا هەمین ئاوازی بۆ گۆرانیبێژ هیمن حوسێن دانا بە ناو (دایە). قادر مەردان ئێستا لە ئەورووپا دەژی و نەخۆشە، ماوەیک لە یەكێك لە تیپە بییانیەكان ژەنیار بوو، ئاوازەكانی قادر مەردان، بەردەوام جۆرێك لە نامۆیی تێدایە، لەكۆتایی شەستەكانی سەدەی رابردوو گۆرانی(بێ ئومیدی ) بەجۆریك دەنگی دایەوە لە هەموو جایخانەكانی گەرەكە كوردییەكان رۆژانە چەندین جار لێدەدرا.

**كاك هاشم دێتە سەر هونەرمەند عەلی زەنگنە و دەڵی:** دەركەوتنی عەلی زەنگنە وەک گۆرانی بێژ لە زنجیرە درامای مەرەزە دەركەوت، كە لە دیوەخانی ئاغادا گۆرانی دەوت، لە مەرەزە یەكەم هەنگاوی بەرەو دونیایی گۆرانی نا، كاك هاشم باسی هەڵویستێكی عەلی زەنگنە دەكات لە دوای راپەرینی (١٩٩١)، و دەڵی: عەلی زەنگنە لە قصر كەركوک گۆرانیەكی لە سەر كەركوک و كوردستان وت، لە وێدا عەلی زەنگنە زۆر چووە دڵمەوە، لەوەوە بووینە هاوڕێ، شیعری گۆرانی نەگۆڕاوم بۆی دانا، مەبەستی من لە شیعرەكە ئەوە بوو، كە چۆن كاتی خۆی ئەندام بووم لە ناو باڵی مەكتەبی سیاسی، ئێستاش هەر یەكێتیم، ئاوازی گۆرانیەكە كوڕێک داینا ناوی فەخرەدین بوو.

حەسەن غەریب هونەرمەندێكی بەتوانا ولێهاتوو بوو، باوەری بەخۆی هەبوو، پشتی بەخۆی دەبەست و خۆشەویستیەكەی لەوەدا بوو، كە خۆی خوێ پێگەیان. حەسەن غەریب هەموو جارێک دەیوت: من لە شاگردی نانەواخانەوە خۆم پێگەیاند، كاك هاشم دەڵی: بۆیە زۆر خۆشم دەویست و رێزم لێدەگرت، كاتێک هەڵۆی كورم سجن بوو، شیعرێكم بۆی دانا، حەسەن غەریب ئەو شیعرەی كردە مەقامێكی دوور و درێژ، بەهۆی هەلومەرجی ئەورۆژگارەوە بڵاوی نەكردەوە، بەڵام تا ئێستا لە لام ماوە.

**كاك هاشم جەباری لە بەشێكی بیرەوەرییەكانیدا لە كەركوک و تەلەفزیۆنی كەركوک، باسی وێستگەو خاڵە جیاجیەكانی سەردەمی تەلەفزیون دەكات و دەڵی:** یەكێک لە كۆسپەكانی بەردەم بەشی كوردی تەلەفزیۆنی كەركوک، یەكێك لە بەرێوەبەرەكان بوو، ناوی (محەمەد رەزا كازم) بوو، لە كۆتایی ساڵی (١٩٨٣)، بوە بەرێوەبەری تەلەفزیۆنی كەركوک بە وەكالەت، لە سەرەتاوە تا خوێ جێگیر كرد هەڵس و كەوتی باش بوو، دواتر دەستی كرد بە دروستكردنی كۆسپ و تەگەرە لە بەردەم پەرەپێدانی بەشی كوردی كەناڵەكە، تا گەیشتە ئەوەی هەرەشە لە سڕینەوەی گۆرانیەكانی هونەرمەندی گەورەو دەنگخۆش حەسەن زیرەک بكات بە بیانوی ئەوەی گوایە لەگەڵ داب و نەریتی كۆمەڵگادا ناگو نجێت، ئینجا هەرەشەكردنی لە سەر سڕینەوەی هەموو ئەرشیفی كوردی تەلەفزیۆن! پاساوەكەشی ئەوە بوو گوایە لە خاڵی سفرەوە دەست پێیدەكاتەوە. دواتر كاک هاشم بە هەوڵی خوێ و لە رێگەی ئەمین عامی روشنبیری و لاوانی ناوچەی ئۆتونۆمیەوە روبەروبوەو نەیهێشت ئەرشیفی كوردی بسڕێتەوە. جگە لەو هەوڵانە، هەر ئەم بەرێوەبەرە، نەسرین و پەروین كە دوو بێژەری بە توانا بوون، گواستیانیەوە بۆ هەولێر و سلێمانی.

یەکێکی تر لە بەڕێوەبەرە خراپەکان (عەبدولجەبار ئەحمەد سوڵتان) بوو، ئەمە بەعسیەکی پلە داربوو، خەڵکی موسڵ بوو، یەکێک بوو لە شوڤێنیە بەعسیەکان و دوژمنی کوردبوو، لە ڕۆژی دەستبەکاربونیەوە دەستیکرد بە گواستنەوەی بەشێکی زۆری کارمەندانی کورد و تورکمان و هێنانی خەڵکی موسڵ لە جیاتیان و تەنانەت ئەوانەی لە ناو بارەگای تەلەفزیۆن دەخەواند.

بە پێچەوانەی ئەو دوو بەڕێوەبەرەوە، (تاریق عەلوان) کە خەڵکی بەغدا بوو، زۆر موتفاهیم بوو، هەموو ساڵێک لە نەورۆزدا پێداگری دەکرد لە یادکردنەوەی نەورۆز و ئاهەنگ گێران. تەنانەت لە یەکێک لە ساڵەکان، کۆمەڵێک هونەرمەندی بەغدای هێنا بۆ تەڵەفزیونی کەرکوک بۆ ئاهەنگی نەورۆز لە وانە: (ئەحلام وەهبی، ئەمەل خزەیر، یاسر خزر) ئەم هونەرمەندانە لە گەڵ هونەرمەندە کوردەکان



لە ناو ستودیۆ ئاهەنگی نەورۆزیان گێڕا، هەر لە سەردەمی ئەم بەڕێوەبەرە کۆمەڵێک بەرهەمی کوردی لە گۆرانی و شانۆگەری و زنجیرە درامای کوردی تۆمار کرا، بۆ نمونە زنجیرە درامــای لالۆ کەریم و تۆمارکردنی بەشێک لە گۆرانی گۆرانیبێژەکانی تیپی مۆسیقای باواجی کۆیەو تیپی مۆسیقای سلێمانی و هەولێر . تاریق عەلوانی بەڕێوەبەر، مادەکانی سەمای شەرقی لەکەنالەکە هەڵگرت چونکە پێی وابوو لەگەڵ دابو نەریتی کوردیدا ناگونجێت و لە بری ئەوە هەڵپەڕکێی کوردەواری دانا.

**هاشم جەبـاری لە درێـژەی گێڕانەوەی بیرەوەریەکانیدا باسی روداوێکی تاڵی ئەو رۆژگارە دەکات و دەڵێ:** دوای جەنگی (قادسیە) میهرەجانێکی شیعر خوێندنەوە لە هەولێر دەستی پێکرد بە ئەمادەبوونی (سەرانی بەعس) یەکێک لەو کەسانەی شیعری خوێندەوە کە دەڵێ: دایە کە منداڵ بووم جۆلەکەیەک کەوتە حەوشەکەمانەوە بە برینداری، منیش دان و ئاوم دایەو دواتـر رۆیشت) یەکێک لە کارمەندانی تەلەفزیۆنی ئەو کاتی کەرکوک، بە بەڕێوبەری وتبوو: ئەم شیعرە مانای سیاسی و پشتیوانیکردنی لە کورد تێدایە جۆن رێگەتان داوە لە تەلەفزیۆن بخوێندرێتەوە! ئەم شیعرە لە چوار چێوەی بەرنامەی (رۆژنامـوانی تیڤی)دا هات کە برای بەرێزم (شێرزاد عبدالرحمن) ئامادە وپێشکەشی دەکرد.

دواتر بەڕێوەبەری تەلەفزیۆن تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی: ئەو بەرنامەیەت فەحص کردوە، منیش گوتم: (نەخێر) ئینجا وتی: دوای ئەوەی بەرنامەکە تەواو بوو شیعرەکەم بۆ فەحص بکەو ئاگادارم بکەوە..! دواتر من و ئەو برادەرەی کە خەبەری لێمدابوو، شیعرەکەمان فەحص کرد، من وتم بە لامەوە ئاساییە، بەڵام ئەو وتی: (نەخێر ئاسایی نیە بە مەبەست و بۆ پێشمەرگە وتراوە! منیش وتم بۆ چی بەم جۆرە تەرجەمەی دەکەی، مەبەست لە شیعرەکە کەسێکی فەلەستینی(فدائی فەلەستینە)؟! ئینجا ئەو وتی: شیعرەکە بە کوردی خوێندراوەتەوە! منیش وتم: مامە ریشە، پێش ئەوەی پێشمەرگە بێت فیدائی فەلەستین بوە (مەبەستم لەم نمونەیە ئەوەبوو کە خۆم لەم کێشەیە رزگار بکەم) بەڵام وادیاربو ئەوان هەر سوربون لەسەر ئەم کێشەیەو وازیان لێم نەهێنا، کێشەکەیان گەیاندە دائیرەی ئەمن، ئیتر ئەوەبو هاتنە تەلەفزیۆن بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەم لەگەڵدا بکەن و، دەرەنجام سزای ئیداریمیاندا.

بەڵام من وازم نەهێناو بە دوای ئەم مەسەلەیە رۆیشتم، شێرزاد عەبدوڵڕەحمان ئامادەکارو پێشکەشکاری بەرنامەکەم بینی و کاتێک بۆم دەرکەوت کە خاوەنی شیعرەکە (رۆستەم باجەلان) بەبۆنەی شیعرەکەوە پارچەیەک زەوی لە هەولێر وەرگرتوەو کەچی منیش لەو لاوە لەسەری سزا دراوم، ئیتر کە ئەم مەسەلەیەم زانی زووبەزوو رونکردنەوە(یاداشتێکم) بۆ بەڕێوەبەری گشتی رادیۆ و تەلەفزیۆنی عیراق (ماجد ئەحمەد) بەرزکردەوە و پێم راگەیاند: من بەهۆی ئەو شیعرەوە سزا دراوم و کەچی لەو لاشەوە خاوەنی شیعرەکەتان بە پێدانی پارچەیەک زەوی خەڵات کردوە! ئینجا کە بەمەی زانی، سزاکەی لەسەرم لابردوپاداشتی کردم بە بڕی ١٠٠ دینار کە بۆ ئەوکاتە زۆربوو.

**کاک هاشم جەباری، لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانیدا، دێتە سەر بەشێک لە بەسەرهاتەکانی خۆی لە کەرکوک و دەڵێ:** هەر چەندە خەڵکی کەرکوکم، بەڵام تا دامەزراندنی تەلەفزیۆنی کەرکوک من لە هەولێر بووم، کاتێک لە هەولێر بووین ناوبەناو لە گەل باوکمدا دەهاتم بۆ سەردانی خزمەکانمان لە کەرکوک، کە دەگەیشتنە کەرکوک بە سورای (پەیتون) پەیتون جۆرە عەرەبانەیەکە و دوو ئەسپ رایدەکێشێ، زیاتر حەدیدیەکانی کەرکوک و چەند ماڵێک لە ئیمام قاسم خاوەنی ئەو عەرەبانانە بوون، ئێستایش لە سلێمانی لە بەردەم ئەو خانوەی بۆ کەلەپور دانراوە لە شەقامی سالم ماوە و لە بۆنە نەتەوەییەکاندا بە کاری دێنن، ساڵی(١٩٦٠)، بە تەنیا و بە جل و بەرگی کوردیەوە بۆ کەرکوک بەرێ دەکەوتم،کەگەیشتمە کەرکوک وەک جارانی پێشو ویستم بە پەیتون بچم بۆ گەڕکی شۆڕیجە، بەڵام چەندێک هەوڵمدا سواری یەکێک لەو وبەیتونانە بم، کەچی بە هۆی جلەکانمەوە، هیچ یەکێک لە وبەیتونانە هەڵی نەگرتم، ناچار بە پێ لە لای چایخانەی مەجیدیەوە بەرەو شۆڕیجە رێ کەوتم، لە فولکەی موسەڵا کۆمەڵێک گەنجی تورکمان ڕێیان پێگرتم و شەریان پێی ئەفرۆشتم، منیش بۆدەربازبوونی گیانم پیانم گوت من تورکمانی هەولێرم، ئەوانیش باوەڕیان کرد، دواتر بردمیانە چایخانەکەی موسەڵا ساردیان بۆکڕیم وبەرێزێکی زۆرەوە تاوەکو سنوری گەڕەکی شۆڕ□یجە بە ڕێیان خستم، بۆ ڕۆژی دواتریش لەسەرەتایی گەڕەکی موسەڵا چاوەڕوانیان کردم و تاوەکو گەراجی هەولێربەڕێیان خستم.

سەرەتایی شەستەکانی سەدەی رابردوو، پەیوەندییەکانی نێوان کوردو تورکمان بە هۆی ڕووداوە تاڵەکەی (١٩٥٩)وە زۆر خراپ بوو، لەو سەرو بەندەدا گەنجانی موسەڵا لە هەر جێگایەک فرسەتیان بهێنایە غەدریان لە کورد دەکرد.

دوای کردنەوەی تەلەفزیونی کەرکوک لە کۆتایی شەستەکان، ڕۆژێک لە گەڵ کارمەندە تورکمانەکان باسی ئەو ڕووداوەم کرد، یەکێک لە کارمەندەکان ناوی (ماجد)



**خالید دلێر**

خالید دلێر لە پشتی پێگەیاندنی هونەرمەند عەباس محەممەدەوە بوو، هەردوو گۆرانی (وەی وەی و، بۆ یەک شەو) ئاوازی ئەم دوو گۆرانییە هی خالید دلێرە، تەنانەت شیعری گۆرانی وەی وەی هی خالید دلێرە

بوو، ووتی: من یەکێک لەو گەنجانە بووم، ئیتر لەوەوە بووینە هاوڕێی یەکتر.

**کاک هاشم لە درێژەی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانیدا، باسی ڕۆژی هاتنی خۆی دەکات بۆ تەلەفزیۆن لە ساڵی (١٩٦٩) و دەڵێ:** شوێنی تەلەفزیۆن بە مەسافەی (١٠) کیلۆمەتر لە سەنتەری شارەوە دوور بوو، لە سەر ڕێگای بەغدا-کەرکوک ئەو عەیامە بارەگای تەلەفزیۆن تەنها بینابوو لە شوێنێکی چۆڵدا، چونکە تاوەری پەخشی تەلەفزیۆنەکە زۆر بەرزبوو، (٣٢١) مەتر بەرز بوو بە هۆی ئەو بەرزیەوە بۆ ڕاگەرتنی تاوەرەکە، ڕووبەرێکی زۆری بۆ تەرخانکرا بوو، تاوەری تەلەفزیۆنەکە کۆمپانیایەکی ئەڵمانی دروستی کردبوو، سێ ساڵ جارێک ئەندازیارێکی ئەڵمانی لە کۆمپانیاکەوە دەهات بۆ نوژەنکردن و سیانەکردنی تاوەرەکە، بینای تەلەفزیۆن بریتی بوو لە ژورێک بۆ بەرێوەبەرو ژورێک بۆ موهەندیسەکان و چەند هۆڵێک، یەکێک لە هۆڵەکان تەرخانکرابوو بۆ فیدیۆ، پەخش ژور و هۆڵی خوێ هەبوو، هەروەها بەشەکانی تر، بە دوو شەفت دەوام دەکرا، بەیانیان و ئێواران، ستۆدیۆی هەواڵ ژورێکی زۆر بچوک بوو، کونترۆڵکردنی کامێرای بەشی هەواڵ لە هۆڵێکی ترەوە بوو.

تەنها بەرێوەبەر ئۆتۆمبێلی هەبوو، ئوتۆمبیلەکەی جۆری (ڤولگس واگن) بوو، کارمەندەکان بە سیارەیەکی (١٨)نەفەری جۆری مارسیدس لە بەردەم چایخانەی مەجیدیەوە دەگوازانەوە بۆ تەلەفزیۆن و مانگانە (بودجە)ی تەلەفزیۆنەکە تەنها (٣٠) دیناربوو، بەیانیان کارمەندەکان لە چێشتخانەیەکی بچوکی بەرامبەر چایخانەی مەجیدییە نان وماست و پەنیر و هێلکەمان دەخوارد.

ڕووبەری زەویەکەی تەلەفزیۆن زۆر فراوان بوو ئێمە پێشنیازمان کرد، لەو زەوییە خانوو بۆ کارمەندان دروست بکرێت، بەرێوەبەری تەلەفزیۆن رازی بوو، پارێزگاری ئەو زەمانە (خالید تەبرە) بوو، داوای لیستێکی کرد بە ناوی کارمەندانەوە و داوایکرد ئاماژە بە نەتەوەی کارمەندان بکرێت، کە لیستەکە بۆ پارێزگار بەرز کرایەوە بە هۆی ناوە کوردی و تورکمانیەکانەوە داواکە ڕەتکرایەوەو هەندێک جار پێش وادەی چوونمان دەچوین بۆ چایخانەی مەجیدییە، یاری دۆمینەمان دەکرد لەسەر ژەمەخواردنی چێشتخانەی (سەرکیس) کە یەکێک بوو لە چێشتخانە کۆنەکانی کەرکوک، خاوەنەکەی مەسیحی بوو، شلەو برنجیێکی زۆر بە تام و لەزەتی هەبوو، خەڵکی بۆ دەعواتکردنی یەکتری لە چێشتخانەی سەرکیس نانیان دەخوارد، هەر بە تەنیشت سەرکیسەوە عوسمان کەبابچی بوو کە یەکێک بوو لە کەبابخانە هەرە کۆنەکانی کەرکوک بوو، ماڵە دەوڵەمەندەکان بە پیسکل کەبابیان بۆ دەچوو.

**کاک هاشم دەڵێ:** لەو عەیامە دا بڕی (١٠٠٠) هەزار دینارم هەبوو، ویستم بەو هەزار دینارە سێ پارچە زەوی بگرم، مەتری زەوی بە دینارێک بوو، لە بەر ئەوەی کوردبووم رازی نەبوون زەوی تاپۆ بەناومەوە بکەن، منیش بەو هەزار دینارە ئۆتۆمبیلکی مۆسکوفیجم کری یەکەم کارمەند بووم لە تەلەفزیون ئۆتۆمبیلم هەبێت.



هەواڵنامەی کتێب

# سروشتی مەزندەیی هونەری



د.محمد عبدالحفیظ
وەرگێڕانی بە دەستکارییەوە : سەرتیپ ئـاغا واحد بەگ

وێناکردنی هونەری تەنانەت لە وێناکردنە تاکانەییەکەشیدا بوون دەگرێتە خۆ، لەهەمان کاتیشدا لە خودی خۆیشیدا جیهان ڕەنگی داوەتەوە. تەنانەت دەبینین ئەمە هەمیشە پێوەرێکە پەنای بۆ دەبین بۆ جیاکردنەوە لە نێوان هونەرێکی خاوەن دیدێکی قووڵ و جیاوازو ڕەسەن لەگەڵ هونەرێکی خودان دیدێکی ڕووکەش و شل بۆوەو ناتەواو. کەچی دەبینین تیۆری کۆنی هونەر هەڵە دەکات وەک کرۆچە وای بۆ دەچێت لە ڕاڤەکردنی ئەو مۆرکە هەمەکییەی کە کارە هونەرییەکانی پێ جیادەکرێتەوە. چونکە ئەم هەڵەیە وا یکردووە پەیوەندییە پتەوەکەی هونەر بە ئایین و فەلسەفە بشارێتەوە، بەپێی بیروباوەڕەکەی _ تیۆرە کۆنەکەی فەلسەفەی هونەر _ واتە ئامانجەکانی هونەر بگونجێت لەگەڵ ئایین و فەلسەفەدا، بەو هەوڵە بەردەوامەی کە پەیوەستە بۆ زانینی ڕاستی باڵا. سەیر دەکەین هەڵەی ئەم تیۆرە لە دوو هەڵوێست دایە هەڵوێستی یەکەم تێڕوانینی بۆ زانین تێڕوانینێکی سادەیە– وەک کرۆچە وای بۆ دەچێت – هەندێجار بە مە زندە یەکی پەتیی وێنای دەکات، هەندێ جاری تر بە لۆژیکێکی پەتیی وێنای دەکات، هەندێ جاری تریش بەسۆفیی پەتی، بەبێ ئەوەی لە هەڵوێستیدا هیچ کەم وکوڕیی و جیاوازییەک بەدی بکرێت، بەڵام وا سەیری هەڵوێستی دووەم دەکەین بۆ وێناکردنی ئەو زانینەی کە دەربازی نابێت لە دۆزینەوەی ڕاستییەکی وەستاوو باڵادا، وەها پەی بە مۆرکی گەردوونی, یاخود مۆرکی هەمەکی دەبەن لە وێناکردنی هونەریی، لە هەمان کاتیشدا بێ ئاگان لە توخمی بنچینەیی لە هونەردا، پیت وبەپێزیی گشتی گیانەکی لە هەمووهێزێک دادەماڵن. بۆ دوورکەوتنەوە لەو هەڵەیەی خۆی دەنوێنێ لە هەڵوێستی دووەم کە زانین دۆزینەوەی ڕاستییەکی وەستاوە، لە هەمان کاتدا هەڵکردنە لەگەڵ ئەو هزرە نوێیەی بە هەڵچوونە ناوەکیانەکەی کە بەرهەڵستی پێناکرێت وەک کرۆچە وای بۆ دەچێت بەرەو ئاراستەیی گیانی ڕەهاییدا،هەندێ وا سەیری هونەر دەکەن بیرکردنەوەیەکی عەقڵانیی وەستاو نیە، بەڵکو هەمیشە بڕیارێک دەبێت، یاخود کەمتر بێ بۆ چەمکێک لە هەمان کاتیشدا بڕیاریش بێت،بۆیە مۆرکی هەمەکیی بە سانایی ڕاڤە دەکرێت،چونکە هەموو بڕیارێک لەسەر گشتیش بڕیارە. لەم کاتەشدا هونەر تەنها وێناکردنێکی سادە نابێت بەڵکو بڕیاریشە. ئەو تێڕوانینەی بڕیاردەدات بە هونەریی نامێنێتەوە، چونکە ئەمە بڕیارێکی مێژووییە، لەم کاتەشدا بڕیار,یاخود تێڕوانین دەچێتە جوغزی فەلسەفە،یان ناوی دەنێن (فەلسەفەی مێژوو) وەهەرگیز نابێتە هونەر.لێرەدا خۆمان لەبەردەم پرسیارێک دەبینینەوە ئەو تیۆرە چی بوو کە کرۆچە بەرگری پێکرد بۆ هونەر؟ سەیر دەکەین ئەم تیۆرە لە بنچینەدا لەسەر ئەو واتایە دامەزراوە کە چالاکی هونەریی مە زندە یە (حدس)، گوزارشتە، لەم ڕووەوە کرۆچە وای بۆ دەچێت هونەر مە زندە یەکی پەتییە، یاخود گوزارشتێکی پەتییە، نەوەک مە زندە یەکی عەقڵیی بێت وەک چۆن شلینگ وای بۆچووە، نە مە زندە یەکی لۆژیکییە وەک هیگڵ وای دەبینێت، نە

بڕیارە وەک بیرکردنەوەی مێژوویی وای بۆ دەچێت. بەڵکو مە زندە یەکی تەواو پەتییە لە چەمک و بڕیاردا، هونەر لە دەسپێکیدا وێنەیەکی زانینییە، ئەمە یەکەمین وێنەیەتی کە ناتوانین بەبێ ئەمە لە وێنە ئاڵۆزەکانی دواتر تێبگەین. لە فەلسەفەی جوانیناسی کرۆچەدا کاتێک مە زندە یی جوانی باڵادەست دەبێ بەسەر تێکڕای دڵی هونەرمەند هەردەبێ بگۆڕێت بە گوزارشتێک. بەو واتایەی مە زندە یی دەربڕینە دەربڕینیش مە زندە ییە، وەک کرۆچە دەڵێ _ ئێمە هەموومان شاعیرین، مادامێک هونەر بریتی بێت لە مە زندە یی و مە زندە ییش لە دەربڕین و دەربڕینیش لە زمان بێت و زمانیش _بە واتا فراوانەکەی_بریتی بێت لە شیعر.لە واقیعدا هەموو مرۆڤێک هەندێک لە شاعیری، پەیکەرتاشیی، موزیکیی، وێنەکێشیی، نووسەریی،تیایدا هەیە، جیاوازی نێوان هونەرمەندی ڕاستیی و مرۆڤی ئاسایی تەنها جیاوازی چۆنییەتی نیە بەڵام لە جیاوازی چەندێتیدا دەرناچێت. مە زندە یی ڕاستی دەربڕینە. هەر شتێک نەتوانێت لە ڕواڵەتی دەربڕیندا دەربکەوێت ڕووداو نیە لەم کاتەشدا جێکەوتێکی هەستیی هەیە یا ڕووداوێکی سروستییە. گرنگترین تایبەتمەندی مەزندەیی بریتییە لە وەرگرتنی توانای شێوەی دەربڕینیی. بۆیە لەلای کرۆچە زانینی مەزندەیی زانینێکی دەربڕینیی و گوزارشتییە وبە تەواوی سەربەخۆیە لە لایەنەکانی تێڕوانینی و ئەزموونگەرایی.

مەزندەیی ڕاستی لە هەمان کاتیشدا دەبڕینیشە، ئەوەی لە ڕواڵەتێکی دەربڕینیی شکست بێنێت ناکۆکە لە گەڵ مەزندەیی. سەیردەکەین زۆربەی خەڵک پێیان وایە مەزندەگەلێکیان لە هزردا هەیە، بەڵام بێ دەرەتانن لە دەرخستنیان و دەربڕینیان. کەچی لە واقیعدا ئەمە ڕاست نیە، مرۆڤ بەسروشتی وتەو وشەگەلێکی گونجاو دادەهێنێت بۆ دەربڕینی ئەوەی لە هزریدایە، سەرنەکەوتنیشی لەمەدا واتای وایە خاوەنی ئەم مەزندانە نیە و هەرچییەکی بە مەزندەیی دەربڕیوە جگە لە جۆرێکی خەیاڵ هیچیتر نیە. لەلای کرۆچە وشەی کۆتایی لەم بوارەوە ئەمەیە – هیچ جیاکردنەوەیە ک لە نێوان مەزندەیی و دەربڕیندا بوونی نیە – ئەگەر هەرکەسێک مەزندە لە دەربڕین و گوزارشتکاری جیابکاتەوە،ئەوا ناتوانێت دوای ئەوە، ڕێگایەک ببینێتەوە هەردووکیان کۆ بکاتەوە. بۆیە پێگەیەک بۆ وێناکردنی «مەزندە» بەبێ «دەربڕین» نییە، هەروەها پێگەیەک بۆ وێناکردنی «دەروون» «بەبێ «جەستە» نییە. دەبێت بگەڕێینەوە بۆ واقیع، تاکو دڵنیابین ئێمە جگە لە مەزندەگەلێک کە گوزارشت و دەربڕینیان بۆکرابێت هیچ مەزندەیەکی تر ناناسین. بەڵام لەلای کرۆچە زانینی مەزندەیی بە لێوانلێویی بە پەنهانی و ناڕوونیی ماوەتەوە و ناتوانین لە سەر ڕاستییەکەیدا بوەستین. بۆیە دەیبینین بۆ بەرگریکردن لە هەڵوێستەکەیدا کە هونەر دەربڕینیی گیانە و سەروکاری بە واقیع و گۆڕانی واقیعەوە نیە. لە لای کرۆچەدا زانینی مەزندەیی بەتەواوی دابڕاوە لە هەمووشتێکی دەرەکیدا، ئەم دیدە بەرتەسکە ئایدیاییە لە لای کرۆچەدا

هیچ شتێک لە دەرەوەی چالاکی رۆحییدا نابینێت، بەم پێیە تێکرای واقیع گیانە کرۆچە کۆتایی بە یەکێتیی نێوان هونەر و مەزندەیی دێنێت تاکو ببێتە بەندکراوێکی تاکانەیی و خودیی. کرۆچە وەڵامی ئـەو کەسانە دەداتەوە کە پێیان وایە، هونەر مەزندەیی نیە، بەڵکو سۆزە، یاخود بەتەنها مەزندەیی نیە، بەڵکو بگرە سۆزیشە، وە مەزندەیی پەتی شتێکی ساردوسڕە وهیچ گەرم وگوڕییەکی تێدانیە، لەم کاتەدا بۆمان ڕەخساوە وا ڕوونیبکەینەوە مەزندەیی پەتی پەیوەندیی بە خولیای عەقڵانیی و لۆژیکەوە نیە. سیخناخە بە سۆزو هەڵچوونەکان، وێنەی مەزندەی دەربڕینیی داناماڵێت تەنها لە حاڵەتی دەروونـیـدا نەبێت، واتە پشکۆیەکی گڕگرتوو لەژێر ئـەم ساردوسڕییە دیاردەییە هەیـە، هەمـوو حەزێکی هونـەری ڕاستەقینە بریتییە لە مەندەیەکی پەتیی، بەمەرجێک گۆڕانی چڕاندنێکی پەتیی بێت. کرۆچە دوپاتیدەکاتەوە ئـەم شێوە کاڵە بیرۆکە تەوەرەییە لە دی سانجتیس فێربووە کە بریتییە لە (هونەر کارێک نیە لە کارەکانی تێڕامان و لۆژیک، هەروەک چۆن کارێک نیە لە کارەکانی شارەزایی، بەڵکو شێوەیەکی خەیاڵکردنی خۆکردەییە.

بۆ درێژەدان بەو هەڵوێستەی کرۆچە کە زاڵە بە سەر دیدە خودییەکەیدا بۆ هونـەر سەیردەکەین بەپێی توانا هەوڵ دەدات بەرگری لەو کەسانە بکات کە گۆشەنیگایە خودییەکەی بەهێزدەکەن لە دیدی بۆ هونەر کە ڕەتکەرەوەی هەموو شتێکی کردەییە (لە ڕاستیدا بیرکردنەوە دەتوانێت



وێناکردنی هونەری تەنانەت لە وێناکردنە تاکانەییەکەشیدا بوون دەگرێتە خۆ، لەهەمان کاتیشدا لە خودی خۆیشیدا جیهان ڕەنگی داوەتەوە. تەنانەت دەبینین ئەمە هەمیشە پێوەرێکە پەنای بۆ دەبین بۆ جیاکردنەوە لە نێوان هونەرێکی خاوەن دیدێکی قووڵ و جیاوازو ڕەسەن لەگەڵ هونەرێکی خودان دیدێکی ڕووکەش و شل بۆوەو ناتەواو. کەچی دەبینین تیۆری کۆنی هونەر هەڵە دەکات وەك کرۆچە وای بۆ دەچێت لە ڕاڤەکردنی ئەو مۆرکە هەمەکییەی کە کارە هونەرییەکانی پێ جیادەکرێتەوە

کێشه کردەیی و ڕەوشتییەکانمان تێبپەڕێنێت، بەڵام یەکە بە یەکە و بە تێگەیشتنێکی ڕاستەقینەیی بۆ هەر یەکەیان. کەچی تەنها شیعر ئازادییمان پێدەبەخشێت لە کۆی ئەم ململانێیانەدا. چونکە شیعر زمانی شاعیرە، بەڵام پەخشان زمانی بیرکردنەوەو عەقڵە، شیعر هەیە بەبێ پەخشان، بەڵام پەخشان بەبێ شیعر بوونی نابێت، شیعر بەم جۆرە یەکەم زمانی توخمی مرۆییە. هە وڵی کە سانێک هە یە بۆ بارسوککردنی ڕاددە ی خولیای خودیی و گۆشەگیریی لەلای هونەرمەند بەشێوەیەکی گشتی بەتایبەت لەلای شاعیرلە لای کرۆچە، بەو واتایەی شیعر خودان پێگەیەکی بێ هاوتاو جیاوازە. دیدی کرۆچە وادەکات شاعیر بەژیان و واقیعەوە بلکێت. هیچ دابڕانێک نیە لە نێوان خولانەوەی لەم واقیعەی بیرەداو لە نێوان گەشەی ویژدانی شاعیردا بەو مانایەی ئەستەمە مرۆڤ ببێتە شاعیر بەبێ ئەوەی لە هەمان کاتدا بە بیر فڕچک نەدرابێت، لە قوتابخانەی ژیاندا پەروەردە نەبووبێت، لەم ڕێگایەشداچەندین شارەزایی بەدەست نەهێنابێت، جۆرەها نموونەی باڵای ڕەوشتیی نەزانی بێت. جۆرەها ململانێیە زیندووەکانی لە گۆڕەپانی بوونی مرۆییدا مومارەسە نەکردبێت. ئەمە ئەو هۆکارەیە دەبینین هەمیشە لەلای شاعیرە ڕاستەقینەکان



هونەر مەزندەیی نیە، بەڵکو سۆزە، یاخود بەتەنها مەزندەیی نیە، بەڵکو بگرە سۆزیشە، وە مەزندەیی پەتی شتێکی ساردوسڕە وهیچ گەرم وگوڕییەکی تێدانیە، لەم کاتەدا بۆمان ڕەخساوە وا ڕوونیبکەینەوە مەزندەیی پەتی پەیوەندیی بە خولیای عەقڵانیی و لۆژیکەوە نیە. سیخناخە بە سۆزو هەڵچوونەکان، وێنەی مەزندەی دەربڕینیی داناماڵێت تەنها لە حاڵەتی دەروونیدا نەبێت، واتە پشکۆیەکی گڕگرتوو لەژێر ئەم ساردوسڕییە دیاردەییە هەیە، هەموو حەزێکی هونەری ڕاستەقینە بریتییە لە مەندەیەکی پەتیی، بەمەرجێك گۆڕانی چڕاندنێکی پەتیی بێت.

هەواڵنامەی کتێب

لەهەموو سەردەم و لەلای سەرجەم گەلان دەستەبژێرێک هەیە لە باڵابوونی ئەو گیانییەی هەڵماندەگرێت لەسەر باڵەبەهێزەکانی بۆئاستێکی هەمەکیی. بەڵام تۆ بڵێی ئەمە بگونجێت لەگەڵ فەلسەفەی کرۆچەدا لە ئەنجامی نغرۆبوونی لە خودیی و هەستکردنی بە دژیەکیی لە میانەی ئەو دیدە ئایدیایەی جگە لە ڕەگدانەوەی تاک لە تێڕامانی خودی خۆیدا هیچیتر نابینێت بەو واتایەی کانیاوێکە وشک نابێت وە ئەم کانیاوە بەم شێوەیە ناناسین کە کرۆچە پێشکەشمانی دەکات. بۆیە کرۆچە دەبینین هەوڵ دەدات لە خودیی دەربچێت، کەچی تۆ بڵێی بڕوامان پێبێنێت بەمە، وای بۆ دەچێت لێرەدا مۆرکێکی هەمەکیی گەردوونیی هەیە وێناکردنی هونەریی پێ باس دەکرێت. کرۆچە وەک هەوڵێک کۆمەڵێ پرسیار دەخاتەڕوو بۆ سەلماندنی نەبوونی ناکۆکیی و دژیەکیی لەنێوان خودیی و مۆرکی هەمەکیی کە وێناکردنی هونەریی پێ باس دەکرێت «کەواتە سۆز، یاخود حاڵەتی دەروونی چییە؟ ئایا شتێک هەیە بتوانێت لە هەمەکیی خۆی دابڕێنێت و گەشە بە خۆی بدات؟ ئایا بۆ هەندەکییە یا بۆ هەمەکییە، بۆ تاکە یا بۆ جیهانە، بۆ کۆتایە یا بۆ بێ کۆتاییە، هەر یەکێک لە مانە بوونێکی سەربەخۆی هەیە لە دەرەوەی ئەویتر؟ هەر دابڕانێک یان دوورکەوتنەوەی ڕادەیەک لەویتر کارێکە لە کارەکانی پەتیی کە لە سایەیدا تەنها تاکایەکیی پەتیی هەیە، کۆتاییەکی پەتیی هەیە، یەکانەیەکیی پەتیی و بێکۆتاییەکی پەتیی هەیە. بەڵام مەزندەیی پەتی یا وێناکردنی هونەریی بەهەموو قەوارەیەکی لەم پەتییەتییەدا هەڵدێت. بەڵام هەرگیز لێی هەڵنایەت، چونکە بەتەواوی لێی بێئاگایە، ئامرازێکە بۆ زانین کە ناومانلێناوە بە بەرەبەیان. ژیانی تایبەت لە مەزندەیی بەکۆی ژیان ترپە لێدەدات، وە کۆ لە ژیانی تایبەتدا تەنیوەتەوە، هەموو وێناکردنێکی هونەری پەتیی لە هەمان کاتداخودی خۆیەتی و گەردوون لەم وێناکردنەتاکانەییەدا بریتییە لەم وێنە تاکانەییە کە بە گەردوون دەچێت. بۆ هەڵکردن لەگەڵ هەڵوێستی کرۆچە بۆدیدە هونەرییەکەی کە دایدەماڵێنێت لە تێکرای چالاکییە کردارییەکان وە واسەیری هونەردەکات چالاکییەکی مەزندەیی دەربڕینە، ئەمەیش بۆتە هەڵوێستێکی بەرگریکارلەو دیدگایەی پێی وایە هونەر بۆ هونەرە. گومانی تێدانیە ئەو هەڵوێستەی کرۆچە کە پەیوەستە بە سەربەخۆیی هونەر لەگەڵ فێرگە فەلسەفییەکەیدا دەگونجێت لە دیاریکردنی هەر چوار قۆناغەکەی چالاکیی رۆحی کە بریتیین لە «هونەر یا مەزندەیی، لۆژیک یا وێناکردن، ئابووری یا سوودگەرایی، ڕەوشت یا چاکە، ئێمە دەزانین هەرقۆناغێک لەم قۆناغانە وەستاوەتە سەر قۆناغی پێشووتری، جگە لە قۆناغی یەکەم نەبێت، چونکە هیچ قۆناغێک پێش ئەم قۆناغە نەکەوتووە کە پشتی پێ ببەستین. واقیعیی جوانیناسیی لەناو هەموو واقیعەکانی چالاکی رۆحیدا تاکە چالاکییەکە خاوەن سەربەخۆییەکی ڕاستەقینەبێت، چونکە سەرجەم واقیعەکانی تریش هەر لە زانست، ئابووری، ڕەوشت پشتی پێدەبەستن.



# گرفتار کاکەیی بناسن

ساڵی ١٩٦٧لەکەرکووک لەدایکبووە.
لە ساڵی ١٩٩٢ یەکەمین کاریکاتێری لە ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان بڵاوکردەوە.
لە ساڵی ١٩٩٤ یەکەمین پێشانگەی کاریکاتێری لە هۆڵی میدیای هەولێر پایتەختی هەرێم کردووەتەوە.
لەساڵی ١٩٩٥ پێشانگەیەکی هاوبەش لەگەڵ هونەرمەند بڕوا(ئازا حەسیب قەرداغی) هۆڵی میدیا. هەولێری پایتەخت.
لە ساڵی١٩٩٦ دووەمین پێشانگەی تایبەت . هۆڵی میدیا . هەولێر.

لە ساڵ ١٩٩٨ سێهەمین پێشانگەی تایبەت. هۆڵی میدیا .
لەساڵی ١٩٩٨ چوارەمین پێشانگەی کاریکاریکاتێری(پۆرترێتی کاریکاتێری). هۆڵی میدیا–هەولێر.
لە ساڵی١٩٩٨پێنجەمین پێشانگەی تایبەت. هۆڵی میدیا– هەولێر.لە ساڵی ١٩٩٨ شەشەمین پێشانگەی تایبەت. هۆڵی میدیا – هەولێر.
١٩٩٩حەوتەمین پێشانگەی تایبەت. هۆڵی مۆزەخانە –سلێمانی.
لە ساڵی ٢٠٠١ هەشتەمین پێشانگەی تایبەت. هۆڵی مۆزەخانە

– سلێمانی. لە ساڵی ٢٠٠٢ نۆیەمین پێشانگەی تایبەتی هۆڵی خانەی کاریکاتۆر . تاران – ئێران. لە ساڵی٢٠٠٤ دەیەمین پێشانگەی تایبەت. لە شاری کەرکووک .لە ساڵی٢٠٠٤ یازدەمەین پیسەنگەی کاریکاتێری . هۆڵی کتێبخانە – خانەقین.

لە ساڵی ٢٠٠٥ دوازدەیەمین پێشەنگەی تایبەتی. هۆڵی هونەرمەندانی کوردستان –کەرکووک. لە ساڵی ٢٠٠٦سیازدەمین پێشانگەی تایبەت. هۆڵی سەندیکای هونەرمەندانی.کەرکووک.

ساڵی ٢٠٠٧ چواردەمین پێشانگەی تایبەت . هۆڵی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان –کەرکووک.

لە ساڵی ٢٠٠٨ پازدەمین پێشانگەی تایبەتی. هۆڵی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان. کەرکووک.

لەساڵی ٢٠٠٨ شازدەمین پێشانگەی تایبەتی. هۆڵی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان – کەرکووک.

لە ساڵی ٢٠٠٨ هەڤدەمین پێشانگای تایبەت وێنە بۆ مناڵان. هۆڵی هیجری دەدەی کاکەیی. کەرکووک .

لە ساڵی ٢٠١٠ نمایشی کارەکانم لە واشنتن و نیویورک – ئەمریکا.

لە ساڵی ٢٠١١ هەژدەمین پێشانگەی تایبەتی. هۆڵی میدیا– هەولێر.

لە ساڵی ٢٠١٣ نوزدەمین پێشانگەی تایبەتی. هۆڵی مۆزەخانە – سلێمانی.

لە ساڵی٢٠١٤ پێشانگەیەکی هاوبەشی لەگەڵ هونەرمەندان نامۆ ڕۆستەمی و کیڤان. هۆڵی میدیا– هەولێر.

لە ساڵی ٢٠١٤ بیستەمین پێشانگەی تایبەت. هۆڵی کتێبخانە گشتی. کرکوک.

لە ساڵی٢٠١٧ بەشداری پێشانگایەکی کاریکاتیری تایبەت بە کاریکاتێر. هۆڵی ئەومنە سورەکە – سلێمانی.

لە ساڵی ٢٠٠٢ تا ئێستاش بەشداری سەدان پێشبرکێ و پێشانگەی کاریکاتێری جیهانی کردووە.

دادوەری پێشبرکێی کاریکاتێری سوریا بووە.

لە ساڵی ٢٠١٩ بەشداری کردووە لە پێشانگایەکی شێوەکاری تایبەت بە یادی جینوساید کردنی ئێزیدیکان. هانۆڤەر – ئەڵمانیا .

لە ساڵی٢٠٢٠ بیست و یەکەمین پێشانگەی تایبەتی شێوەکاری و کاریکاتێری لە دوو هۆڵی جیاجیا . شاری لۆبیک– المانیا.

**لە چاپکراوەکانی** :

نۆ چاپکراوی هەیە لە نامیلکە و کتێب و کاتەلۆک. لە بواری شێوەکاری و کاریکاتێر و چیرۆک بۆ مناڵ وەرگێڕان .

شیعر دەنووسێت و نامیلکەیەک شیعری خۆی لە ساڵی١٩٩٩ لە بۆ مناڵان لە پایتەختی کوردستان لەچاپداوە.

شارەزایی لە مۆزیکدا هەیە(ئامێری بزق و عود) و تائێستا ئاوازی بۆ چوار گۆرانی داناوە . سێیان بۆ مناڵانە. دوو گۆرانی بۆ کەناڵە ئاسمانییەکان تۆمار کردووە.

سێ زمان دەزانێت ، کوردی عەرەبی و فارسی لەگەڵ هەندێ ئەڵمانی و تورکی و ئینگلیزی . سەدان بابەتی فارسی و عەرەبی وەرگێڕاوی بڵاوکراوەی لە فارسی و عەرەبییەوە هەیە.

لە بەرهەمە چاپکراوەکانی :

١– Die Reinkarnation. ٢٠٢٠. بەزمانی ئەڵمانی.

٢– ساروخان ..کاریکاتێر بەلایەن بوون. نووسینی مەروان ئەلخەتیب وەرگێران لە عەرەبییەوە. ٢٠١١کەرکووک

٣– گورگ و مرۆڤ. کۆمەڵە چیرۆکێکی وەرگێڕاوە لە عەرەبی و فارسییەوە. ٢٠١٢ کەرکووک.

٤– کەروێشک و ڕێوی. کومکس. ٢٠٠٩ هەولێر.

٥– گورگێکی دڵسۆز. چیرۆکی وەرگێراو بۆ منالآن. ٢٠٠٩ کەرکووک.

٦– دۆشاو. چیرۆک بۆ منالآن.٢٠٠١ سلێمانی.

سکالآ. کۆمەڵە شیعر بۆ منالآن. ١٩٩٩ هەولێر.

٧–کاریکاتێر.کۆمەڵەبەرهەمێکی کاریکاتێرییە.١٩٩٨هەولێر.

٨– مۆدلیانی. وەرگێران لە عەرەبییەوە. کەرکووک.

٩– کاریکاتێر. بەشی دووەم لە کۆمەڵە بە رهەمێکی کاریکاتێر. چاپی کەرکووک.

١٠. نزهة صامتة، کۆمەڵێک بەرهەمی کاریکاتێرییە لە ساڵی ٢٠٢١لە بەغدا چاپکراوە.

هەواڵنامەی کتێب

